# ڕێکخستنی
# پرۆسەی یاساکاری لە هەرێمی کوردستان

# رێکخستنی
# پرۆسەی یاساکاری لە هەرێمی کوردستان

## لە سایەی دەستور، یاسا بەرکارەکان و پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمان

نووسینی
هیوا حامد

چاپی یەکەم
٢٠٢٥



**پەرلەمانی کوردستان**
**سەرۆکایەتی دیوان**
**سەنتەری توێژینەوە**

KURISTAN PARLIAMENT - Presidency of Divan
RESEARCH CENTER

چاپی یەکەم- ٢٠٢٥

| |
|---|
| ناوی کتێب: رێکخستنی پرۆسەی یاساکاری لە هەرێمی کوردستان |
| بابەت: توێژینەوە |
| نووسینی: هیوا حامد، راوێژکاری یاسایی پەرلەمانی کوردستان |
| دیزاین ناوەڕۆک: محمد اسماعیل |
| دیزاین بەرگ: محمد اسماعیل |
| چاپخانەی هەڤاڵی هونەری |
| ژمارەی سپاردن:– 400 /2025 هەولێر – هەرێمی کوردستان |

ناونیشان
هەولێر: پەرلەمانی کوردستان شەقامی ٦٠ مەتری – بەرامبەر پارکی سامی عەبدولرەحمان
Erbil, 60sAvenue, Kurdistan parliament, Iraq
www. parliament.krd
KPI-Research center
E. mail: Researchcenrer@parl.krd

# پەیامی سەنتەر

یەکێك لەبنەما سەرەکیەکانی پەرلەمانە چالاکەکان، پشتیوانیکردن و دەوڵەمەندکردنی سەنتەرەکانی توێژینەوەی پەرلەمانیە، ئەویش بەدابینکردنی پێداویستیە سەرەکیەکانی لە زانیاری و کادری راهێنراوو توێژەری تایبەتمەند و دروستکردنی رایەڵەی پەیوەندی لەگەڵ هاوشێوەکانی لەپەرلەمانەکانی جیهان، چونکە ئەو سەنتەرە سەرچاوەی شیکردنەوەی زانستی سەربەخۆو ناحزبیە و سەکۆیەکی ئەمینە کە لەرێگایەوە سەرجەم پەرلەمانتاران لەسەرجەم حزب و کوتلە سیاسیەکان پرسیارو پێویستیەکانیانی ئاراستە بکەن و وەڵامی جێی باوەڕی لێ وەربگرنەوە. ئەم جۆرەش لەپێدانی زانیاری رێگا خۆشکەری کاری پەرلەمانی یە لەهەردوو بواری یاسادانان و چاودێریکردن، کەدوو ئەرکی سەرەکی هەر پەرلەمانێکن. ئەرکی سەنتەری توێژینەوەشە بەدوای سەرچاوەکانی زانیاریدا بگەڕێ و شیکردنەوەی پێویست لەبواری ئەرکە سەرەکی و بنەڕەتییەکانی کاری پەرلەمانی پێشکەشی پەرلەمانتاران بکات.

د. فوئاد ئەحمەد

بەڕێوەبەری سەنتەری توێژینەوەی

پەرلەمانی کوردستان

# پێرس


| ناوەرۆک | لاپەڕە |
|---|---|
| پێشەکی | 7 |
| **بەشی یەکەم<br>یاسادانان(مێژوو، مەبەست و جۆرەکان)** | 11 |
| لقی یەکەم: مێژووی یاسادانان لە هەرێمی کوردستان | 14 |
| لقی دووەم: ماناو مەبەستی یاسادانان | 30 |
| لقی سێیەم: ئاست و جۆرو شیوازەکانی یاسادانان | 33 |
| **بەشی دووەم<br>پێشنیارکردنی پرۆژە یان پێشنیارە یاساو بریارە یاسا** | 51 |
| لقی یەکەم: لایەنی تایبەتمەند بە دەسپێشخەری یاسادانان | 54 |
| لقی دووەم: پێوەرە بە مەرجگیراوەکانی پرۆژەو پێشنیازە یاساو بریارە یاساکان | 59 |
| **بەشی سێیەم<br>خوێندنەوەی یەکەم** | 69 |
| لقی یەکەم: خستنە بەرنامەی کاری پرۆژە یان پێشنییازە یاساو بریارە یاسا | 72 |
| لقی دووەم: خستنەروو و ئاراستەکردنی پرۆژەو پێشنیازە یاسا و بریار بۆ لیژنەکان | 89 |
| **بەشی چوارەم<br>نوسینی راپۆرت لەلایەن لیژنە تایبەتمەنەدەکان** | 95 |
| لقی یەکەم: لیژنە تایبەتمەند بە نوسینی راپۆرت | 98 |
| لقی دووەم: چۆنیەتی نوسینی راپۆرت | 102 |
| **بەشی پێنجەم<br>خوێندنەوەی دووەم** | 129 |
| لقی یەکەم: بە بنەما وەرگرتنی راپۆرتی لیژنە بۆ گفتوگۆ | 134 |
| لقی دووەم: گفتوگۆی راپۆرتی لیژنەی تایبەتمەندی راستێنراو | 143 |
| **بەشی شەشەم<br>دانیشتنی دەنگدان** | 17٥ |

| | |
|---|---|
| ١٧٨ | لقی یەکەم: ڕێککارەکانی گرێدانی دانیشتنی دەنگدان |
| 18١ | لقی دووەم: پیادەکردنی پرۆسەی  دەنگدان |
| 18٤ | لقی سێیەم: ناردنی یاسا و بریارە یاسا بۆ سەرۆکایەتی هەرێم |
| 18٧ | **بەشی حەوتەم**<br>**دەرچواندنی یاسا** |
| 19٠ | لقی یەکەم: لایەنی تایبەتمەند بە دەرچواندنی یاسا و بریارە یاسا |
| 20٠ | لقی دووەم: شێوازەکانی دەرچواندنی یاساو بریارە یاسا |
| 20٤ | لقی سێیەم: پەڵپ گرتنی سەرۆکی هەرێم لە یاسا و بریارە یاسا |
| 22١ | **بەشی هەشتەم**<br>**بڵاوکردنەوەی یاساو بریارە یاسا** |
| 2٢٥ | لقی یەکەم: گرنگی بڵاوکردنەوەی یاسا |
| 23٠ | لقی دووەم: پیادەکردنی بڵاوکردنەوەی یاسا لەرۆژنامەی فەرمی لە هەرێمی کوردستان |
| 2٣٨ | **کۆتایی و بەرەنجامگیری** |
| 24٢ | **سەرچاوەکان** |

# پێشەکی

ياسادانان یەکێکە لە تایبەتکارییە سەرەکی و بنەرەتییەکانی دەسەڵاتی یاسادانان ، بەڵام لە وڵاتە سیستەم پەرلەمانییەکان کە شێوازی نەرم لە پرەنسیپی لێکجیایی دەسەڵاتەکان پیادە دەکەن، هاوشانی دەسەڵاتی یاسادانان، دەسەڵاتی جێبەجێکردن و لەهەندێک باردا دەسەڵاتی دادوەریش، بە ئاست و ئەندازەی جیاواز، لە قۆناغە جیاوازەکانی پرۆسەی یاساکاریدا هاوبەشی دەکەن. پرۆسەی یاساکاریی لەهەر وڵاتێکدا بەکۆمەڵیک هەنگاوو رێکاری جیاوازدا گوزەر دەکات. لەهەرێمی کوردستان سەرەرای نەبوونی دەستور، بەڵام لەرێگەی کۆمەڵێک یاسای سروشت دەستورییەوە، تایبەتمەندی دەسەڵاتەکان و شێوازی پەیوەندیان رێکخراوە. لەسۆنگەی ئەم یاسایانەوە، دەتوانین لەخانەی سیستەم سروشت پەرلەمانییەکان پۆڵێنی بکەین و لەهەمانکاتدا پرەنسیپی لێکجیایی نەرم لەنێوان دەسەڵاتەکان پیادە دەکرێت، هەربۆیە دەبینین سەرباری ئەوەی پەرلەمانی کوردستان تایبەتمەندە بەیاسادانان، بەڵام دەسەڵاتی جێبەجێکردن و تەنانەت دەسەڵاتی دادوەریش، بەتایبەت هەردوو ئەنجومەنی دادوەری و ئەنجومەنی شورا، بەشدارن لە پیادەکردنی ئەو تایبەتمەندییە، ئەڵبەتە هەریەکەو بەرێژەی جیاواز، بەوهۆیەوە پرۆسەی یاساکاری بە کۆمەڵێک هەنگاوو رێکاری دورو درێژو تا راددەیەک ئاڵۆزدا دەروات، ئەم هەنگاوو رێکارانەش بەشێوەیەکی پەرش و بڵاوو پچرپچر لە چوارچێوەی کۆمەڵێک ماددەو بڕگەی یاسایی لە نێو یاسا بەرکارەکانی هەرێم و پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان رێکخراون، بەجۆرێک بۆ پەرلەمانتارێک لە سەرەتای کاری پەرلەمانیدا ئاسان نییە وێنایەکی پراوپری پرۆسەکە لەزیهنیدا جێگیربکات، تا بتوانێت لە کاری رۆژانەی یاساداناندا بەدروستی پیادەیان بکات. ئەمەش هاندەر بوو بۆ نوسینی ئەم کتێبە تاوەکو ببێتە رێنوێنیکارێک بۆ پەرلەمانتاران، و یارمەتیان بدات لەوەی بتوانن

بەئاسانی وێنای کۆی پرۆسەی یاساکاری بکەن و دواجار قودرەتمەندبن لە پیادەکردنی دروستی هەنگاوو ڕێکارەکانی یاسادانان.

هیوا حامد

## پوختە

لەم پەرتوکەدا پرۆسەی یاساکاری لە هەرێمی کوردستان بۆ هەشت بەش دابەش بووە، لە بەشی یەکەمدا جگە لە خستنەرووی سەرگوزشتەیەکی مێژوویی خێرای قۆناغبەندیە جیاوازەکانی پرۆسەی یاسادانان لەهەرێم، گوزەرێک بەناو ماناو مەبەستەکانی یاسادانان دەکەین و ئاماژە بەجۆرو شێوازە باوەکانی دەکەین لە وڵاتانی جیهاندا. هەرچی بەشی دووەمە تەرخانی دەکەین بۆ تیشکخستنە سەر دەستپێشخەری یاسادانان و چۆنیەتی پێشنیارکردنی پرۆژە یان پێشنیارە یاساو بریارە یاسا، لەو بەشەدا ئاماژە بەو لایەنانە دەکەین کە مافی پێشنیارکردنی پرۆژە یان پێشنیارە یاساو بریارە یاسایان هەیە. لەبەشی سێیەمدا باس لەخوێندنەوەی یەکەمی پرۆژە یان پێشنیارە یاساو بریارە یاسا دەکەین. بەشی چوارەمی ئەم کتێبە بۆ خستنەڕوی وردەکاری نوسینی راپۆرت لەلایەن لیژنە تایبەتمەندەکانی پەرلەمان و لیژنەی یاسایی تەرخان دەکەین. لەبەشی پێنجەمدا تیشک دەخەینە سەر رێکارەکانی گفتوگۆکردنی پەرلەمانتاران لەسەر خودی پرۆژە یان پێشنیارە یاساو بریارە یاسا کە لەپەیرەوی ناوخۆدا بەخوێندنەوەی دووەم ناوزەدکراوە، هەروەها چۆنییەتی ئامادەکردنی راپۆرتی دووەمی هاوبەشی لیژنە تایبەتمەندەکان و لیژنەی یاسایی لەسەر پرۆژە یان پێشنیارە یاساو بریارە یاساکان، بەشی شەشەم تایبەت دەکەین بەخستنەروی وردەکارییەکانی دەنگدانی ئەندامانی پەرلەمان و پەسندکردن یان رەتکردنەوەی پرۆژە یان پێشنییارە یاساو بریارە یاسا، بەشی حەوتەم باس لەدەرچواندنی یاسا دەکەین لەلایەن سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە، جۆرو شێوازەکانی تادەگات بە پەڵپگرتن و گەراندنەوەی یاسا، دوابەشی کتێبەکەش تەرخان دەکەین بۆ رێکاری بڵاوکردنەوەی یاسا. بەئومێدی ئەوەی بتوانین بەرچاو روونییەکی زیاتر بۆ پەرلەمانتاران و هەر کەسێکی دیکە دەستەبەربکەین کە پرۆسەی یاساکاری لە پەرلەمانی

کوردستان بەلایەوە جێگەی بایەخ بێت. لەکۆتاییدا پێویستە سوپاسی هەریەکە لە سەرۆکایەتی دیوان و سەنتەری توێژینەوەی پەرلەمانی کوردستان بکەین کە وەک هەمیشە خەمخۆرانە بۆ خزمەتکردنی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان و باشتر بەڕێوەچونی کاروبارەکانی پەرلەمان و پەخشکردنەوەی رۆشنبیری یاسادانان لە هەرێمی کوردستان ئەرکی بەچاپگەیاندنی ئەم کتێبەیان گرتە ئەستۆ.

# بەشی یەکەم

## یاسادانان

## مێژوو،مانا، مەبەست و جۆرەکان

## دەروازە

یاسادانان نیشاندەری ئاستی پێگەیشتووی هەر کۆمەڵگایەک و دەستەبەری هاوسەنگی ڕێکخستنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابورییە نێوخۆییەکانییەتی. مرۆڤایەتی بەچەندین قۆناغی ڕێکخستنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا گوزەریکردوە تا گەیشتوە بەو فۆرمەی لەئێستادا پیادە دەکرێت. دەوڵەت لە سەردەمی ئەمرۆدا، لەڕێگەی دامەزراوەکانییەوە، یاسادانان وەک ئامرازێک بۆ ڕێکخستنی کۆمەڵگە پیادە دەکات. لەسۆنگەی هەستیاری و گرینگیەکەیەوە چۆنیەتی پیادەکردنی لە دووتوێی چەندین دەقی دەستووری و یاساییدا ڕێکخستوەو، دامەزراوەی تایبەتی بۆ داهێنراوە، تاوەکوو بتوانرێت پرۆسەی بەرهەمهێنانی بەشێوەیەکی ڕەواو و بەپێی کۆمەڵێک پێوەرو لەمیانەی کۆمەڵێک ڕێککارو ڕێوشوێندا بەرێوەبچێت. هەر بۆیە لەم بەشەدا هەوڵدەدەین پێشینەیەکی مێژوویی پرۆسەی یاسادانان لە هەرێمی کوردستان بەرچاوبخەین، دواتر تیشک دەخەینە سەر ماناو مەبەستوو جۆرەکانی یاسادانان و هەوڵدەدەین لەدیدو تێروانینە جیاوزەکانەوە تێگەیشتنی بیرمەندان و شارەزایانی بواری یاسا بۆ چەمکی یاسادانان بخەینەروو، لە هەمانکاتدا ئاماژە بە چوارچێوەی دەستووری و یاسایی پرۆسەی یاسادانان دەکەین لە هەرێمی کوردستانداو، دوا تەوەری ئەم بەشەش تەرخان دەکەین بۆ دیاریکردن و پۆلێنکردنی جۆرو ئاستە جیاوازەکانی یاسادانان و چۆنیەتی سپاردن و دابەشکردنی ئەم تایبەتکارییە بەسەر دەسەڵاتە جیاوازەکاندا.

# لقی یەکەم

# مێژووی یاسادانان لە هەرێمی کوردستان

یاسادانان لە هەرێمی کوردستان بەروارد بە وڵاتانی ناوچەکەو جیهان رەنگە مێژوویەکی هێندە دوورو درێژی نەبێت کە توێژەران و یاسادانەرانی سەردەمی ئەمرۆمان لێی بێ ئاگابن. لەگەڵ ئەوەشدا بەرچاوخستن و پۆلێنبەندکردنی ئەو مێژووە بەشێوەیەکی زانستی، خاڵی نابێت لە خزمەتکردن و باشتر تێگەیستن لە وردەکارییەکانی رەوش و رەوتی پرۆسەی یاسادانان لە هەرێمی کوردستان. بۆ ئەم مەبەستە هەوڵ دەدەین قۆناغبەندییەک بکەین بۆ ئەم مێژووە، بەجۆرێک لەسەرەتادا تیشک دەخەینەسەر یاسادانان بەر لە دروستبوونی قەوارەی هەرێمی کوردستان و دواتر باس لە یاسادانان دەکەین لە سایەی قەوارەی هەرێمی کوردستان و لە کۆتابەشی ئەم لقەدا رەوشی یاسادانان لە دوای روخانی رژێمی پێشووی عیراق لەسەر دەستی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی، شەن و کەو دەکەین.

## یەکەم:

## یـــاســـادانـــان بەر لە دروســـت بـــوونی قـــــەوارەی هەرێمی کوردستان

بەر لە راپەرینی خەڵکی کوردستان لە ١٩٩١\٣\٥، دەستوری کاتی ساڵی١٩٧٠ی هەموارکراوی عیراق، لە ماددەی (٨) برگەی(ج)دا، ئاماژە بەوە دەکات (ئەو ناوچانەی زۆربەی دانیشتوانی کوردن ئۆتۆنۆمی دەدرێتێ بەگوێرەی ئەوەی یاسا دیاری دەکات). لە راستیدا ئەم گۆرانکارییە لە بنەڕەتەوە بەرهەمی رێککەوتننامەی ئازاری ساڵی ١٩٧٠ی دەوڵەتی عیراق و سەرکردایەتی شۆرشی کوردبوو. بەڵام بەهۆی پاشگەزبوونەوەی دەوڵەتی عیراقی لەو بەڵێنانەی لە رێککەوتننامەکەدا بە سەرکردایەتی شۆرش و گەلی کوردستانی دابوو، بە تایبەت ئەوەی پەیوەندی بە بارودۆخی کەرکوکەوە هەبوو، بەدوایدا رێککەوتنامەی جەزائیری نێوان هەردوو دەوڵەتی عیراق و ئێران، وای کرد رێککەوتننامەکە وەک ئەوەی واژوو کرابوو جێبەجێنەکرێت، حکومەتی عیراق، تاکلایەنەو بێ گەرانەوە بۆ لایەنی سەرکردایەتی شۆرشی کورد، لە ١٩٧٤\٣\١١ دەستوری کاتی ساڵی ١٩٧٠ی عیراقی هەموار کردەوەو برگەی(ج)ی بۆ ماددە(٨)ی دەستوورەکە زیاد کرد، کە ئاماژە بە پێدانی ئۆتۆنۆمی دەکات لەو ناوچانەی ژمارەی دانیشتوانیان زۆرینە کوردن، هەر لە هەمان رۆژ یاسای ئۆتۆنۆمی ناوچەی کوردستان ژمارە(٣٣)ی ساڵی١٩٧٤ی دەرکرد. ئەمەش بوە هۆی ئەوەی ئۆتۆنۆمییەکە پێگەیەکی لاوازی دەستووری و یاسایی هەبێت و لە هەمانکات رەوایەتیشی کەوتە ژێر پرسیارەوە، چونکە سەرچاوەی رەوایەتی ناوچەی ئۆتۆنۆمی و دامەزراوەکانی، رێککەوتننامەی ئازاری ساڵی ١٩٧٠ی نێوان دەوڵەتی عیراقی و سەرکردایەتی شۆرشی کوردبوو، نەک تەنها دەستورو یاسا کارپێکراوەکان، ئەم رێککارە تاکلایانانە وای کرد دامەزراوەکانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی، نوێنەرایەتی و بەرجەستەی خواست و ئیرادەی دەوڵەتی عیراقی بکەن، نەک خەڵکی

کوردستان. ئەمەش بوە هۆی ئەوەی گەلی کوردستان ئەم رێککارانەو لێکەوتەکانی رەتبکەنەوەو سەرەنجام دەستییان بەشۆرش و خەبات کردەوەو بارودۆخەکە بەمشێوە درێژەی کێشا تا راپەرینی بەهاری ساڵی ١٩٩١، دواجار بەسوود وەرگرتن لە بارودۆخێکی هەرێمی و نێودەوڵەتی، توانیان لەرێگەی راپەرینێکی جەماوەری سەرتاسەرییەوە بە رابەرایەتی بەرەی کوردستانی، دامەزراوەکانی دەوڵەتی عیراقی بە دامەزراوەکانی دەسەڵاتی ناوچەی ئۆتۆنۆمیشەوە، لەو ناوچە کوردستانیانە وەدەربنێن کە دواتر قەوارەی هەرێمی کوردستانی لەسەر بونیاتنرا. بەدەر لە رەوایەتییەکەی کە لەسەرەوە ئاماژەمان پێداوە، گرنگە وەک دیفاکتۆیەکی یاسایی، بزانین دامەزراوەکانی ئۆتۆنۆمی ناوچەی کوردستان پیادەی تایبەتکاری یاساییان کردوە یاخود نا؟ ئەگەرچی بەپێی یاسای ئۆتۆنۆمی ناوچەی کوردستان ژمارە (٣٣)ی ساڵی ١٩٧٤ و دواتریش یاسای ئەنجومەنی یاسادانانی ناوچەی کوردستان ژمارە(٣٦)ی ساڵی ١٩٧٤، ئەنجومەنێکی یاسادانان دروستکرا، بەڵام ئەگەر لە دەقی ماددەی(٨) برگەی(ج) ی دەستوری کاتی ساڵی ١٩٧٠ و دەقی هەردوو یاسای ئۆتۆنۆمی ناوچەی کوردستان و یاسای ئەنجومەنی یاسادانانی ناوچەی کوردستان وردبینەوە، دەگەینە ئەو ئەنجامەی ئەو ئەنجومەنە تەنها لە رواڵەت و ناونیشانەکەیدا وشەی یاسادانانی پێوەلکێنراوە، ئەگینا لەناوەرۆکداو، بەپێی پێوەرە دەستوری و یاساییەکان، تایبەتمەند نەبوە بە یاسادانان و بەدرێژایی ئەو چەند ساڵەی تەمەنییشی، پیادەی تایبەتکاری یاسادانانی نەکردوە، پاڵپشت بەم بەڵگانەی خوارەوە:

١- دەقی ماددەی(٨) برگە(ج)ی دەستوری کاتی ساڵی١٩٧٠، بەهیچ شێوەیەک ئاماژە بۆ دابەشکردنی دەسەڵاتی یاسادانان ناکات لە نێوان ناوەندو ناوچەی ئۆتۆنۆمی، ئەمەش لە رووی زانستی دەستورناسیەوە ئەوە دەگەیەنێت، دروستکردنی ئەم ناوچەیە

یەکەیەکی کارگێریەو، مەبەست لێی دابەشکارییەکی کارگێرییە نەک سیاسی. یەکە کارگێرییەکانیش تایبەتمەند نین بە یاسادانان.

٢- هەرچەندە ماددەی دوازدەهەمی یاسای ئۆتۆنۆمی ناوچەی کوردستان برگەکانی (ب،ج،د) و ماددەی هەشتەمی یاسای ئەنجومەنی یاسادانانی ناوچەی کوردستان، ئاماژە بەوە دەکەن کە ئەنجومەنی یاسادانانی ناوچەی کوردستان، تایبەتمەندە بە دەرکردنی بریارە یاسا لە چەند بوارێکدا، بەڵام ماددە نۆزدەهەم برگەی(ب)ی یاسای ئۆتۆنۆمی ناوچەی کوردستان جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە نابێت بریارە یاساکانی ئەنجومەنی یاسادانانی ناوچەی کوردستان پێچەوانەی هەریەکە لە (دەستوور، یاسا و پێرەوە) کارپێکراوەکان بن[١]. ئەمەش بەرونی پێگەی یاسایی ئەم بریارانەمان بۆ دیاریدەکات لە پلەبەندی سیستەمی یاسایی دەوڵەتی عیراقی، کە لە خوار دەستورو یاساو تەنانەت پەیرەوە کارپێکراوەکانیشە، واتا رێک هاوتای بریارە کارگێرییەکانە.

٣- لە زانستی دەستورناسی و یاساناسیدا، یاسادانان لەبەردەم لایەنێکی دادوەری یان سیاسی تانەی نادستوری بونی لێدەدەرێت و کارەکانی دەسەڵاتی جێبەجێکردنیش لەبەردەم دادوەری کارگێری تانەی رەوایەتی لێدەدەرێت، هەرچەندە لەو قۆناغەدا عیراق ئاشنا نەبووە بە هیچکام لە دادوەری دەستوری و کارگێری، بەڵام تانە لێدان لە رەوایەتی بریارەکانی هەردوو ئەنجومەنی یاسادانان و جێبەجێکردنی ناوچەی کوردستان لەبەردەم یەک لایەن، هەروەک لە ماددە نۆزدەهەم برگەکانی(أ،ب،ج،و)ی یاسای ئۆتۆنۆمی ناوچەی

---

[١] یاسای ناوچەی ئۆتۆنۆمی کوردستان ژمارە (٣٣) ساڵی ١٩٧٤، ماددە(١٩) برگەی(ب): وەزیری داد یان وەزیری دەوڵەت بۆیان هەیە لەبەردەم لیژنەی چاودێرێدا عەیب لە بریارەکانی دەزگاکانی ئۆتۆنۆمی بگرن، ئەگەر پێچەوانەی دەستوور یان یاساو پێرەوەکان بن، ئەمەش لە ماوەی سی رۆژدا دوای ئەوەی بریارەکان بە وەزیری دەوڵەت راگەیەنران.

کوردستاندا هاتوه[٢]، دەرخەری ئەوەیە، بڕیارەکانی هەردوو دامەزراوەکە (ئەنجومەنی یاسادانانی ناوچەی کوردستان) و (ئەنجومەنی جێبەجێکردنی ناوچەی کوردستان)، هەمان سروشت و پێگەی یاساییان هەیە لە پلەبەندی سیستەمی یاسایی دەوڵەتی عیراقیدا.

لە بەرەنجامی ئەو خوێندنەوە یاساییەدا دەگەینە ئەو رایەی لە ناوچەی ئۆتۆنۆمی کوردستان کە دواتر لەروی جوگرافییەوە بەشێکی قەوارەی هەرێمی کوردستان پێکدەهێنێت، هیچ تایبەتکارییەکی یاسادانان بوونی نەبوە. بەڵکو هەریەکە لە ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش بەپێی مادده(٤٢) برگەی(أ) لە دەستووری کاتی ساڵی ١٩٧٠ عیراق و ئەنجومەنی نیشتمانی بەپێی ماددەکانی (٥٤،٥٣،٥٢)ی هەمان دەستوور تایبەتمەندبوون بە پیادەکردنی تایبەتکاری یاسادانان لە دەوڵەتی عیراق بە ناوچەی ئۆتۆنۆمی کوردستانیشەوە.

---

(٢) یاسای ناوچەی ئۆتۆنۆمی کوردستان ژمارە (٣٣) ساڵی ١٩٧٤، مادده(١٩) برگەی(أ): دادگای تەمییزی عیراقی بەهۆی لیژنەیەکی تایبەتەوە کە لە سەرۆکی مەحکەمەو چوار ئەندام پێکدێ کە ئەندامانی مەحکەمەی تەمییز بۆماوەی سێ ساڵ هەڵیان دەبژێرن و دەتوانرێ تەنها یەکجار تازەبکرێتەوە، چاودێری رەوابوونی بڕیارەکانی دەزگاکانی ئۆتۆنۆمی دەکا. برگەی(و): لێژنەی چاودێری بڕیارەکانی خۆی بەلایەنی عەیبگرتوو وبەسەرۆکی ئەنجومەنی یاسادانان و سەرۆکی ئەنجومەنی جێبەجێکردن رادەگەیەنێ و لەرۆژنامەی رەسمیشدا بڵاودەکرێتەوە.

## دووەم :

## یاسادانان لە دوای راپەرینەوە تا روخانی رژێمی پێشووی عیراق

خەڵکی کوردستان بە رابەرایەتی بەرەی کوردستانی لەبەهاری ساڵی ١٩٩١ و بەدیاریکراوی لە (٣\٥)دا، دژی رژێمی پێشووی عیراق راپەرین و، بە کەمتر لە سێ هەفتە زۆرینەی هەرە زۆری خاکی کوردستانی عیراقیان بە شاری کەرکوکیشەوە، لەدەستی رژێم ئازاد کرد. تەواوی دام و دەزگاکانی سەر بەرژێمیان لەو ناوچە ئازادکراوانە وەدەرنا، دوای کەمتر لە هەفتەیەک رژێم دەستیکرد بە هێرشکردن بۆسەر ناوچە ئازادکراوەکان و توانی شارە گەورەکانی وەک کەرکوک و هەولێرو سلێمانی و دهۆک بخاتەوە ژێر کۆنترۆڵی خۆی، سەرەنجام دانوستتان هاتە ئاراوە لەنێوان سەرکردایەتی بەرەی کوردستان و دەوڵەتی عیراق، دانوستانەکان ئەنجامێکی ئەوتۆیان نەبوو، تاوەکو لە ١٩٩١\١٠\٢٦ رژێم تاکلایەنەو بێ هیچ رێککەوتنێک، تەواوی دامەزراوە سەربازی و کارگێرییەکانی لەو شاروشارۆچکانە کشاندەوە، کە دواتر قەوارەی هەرێمی کوردستانیان لەسەر دروست بوو. لەو وادەیە بەدواوە هەریەکە لە پارێزگاکانی هەولێرو سلێمانی و دهۆك چەند شارۆچکەیەکی دیکەی سنوری پارێزگاکانی وەک نەینەواو کەرکوک و دیالە کەوتنە بۆشایی یاسایی و کارگێرییەوە. بەرەی کوردستانی لەرێگەی پکهاتەو دامەزراوەکانییەوە هەوڵیدا ئەو بۆشاییە پر بکاتەوە. لەو بەروارەوە تا هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لە ١٩٩٢\٥\١٩، بەرەی کوردستانی رۆڵی هەرسێ دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکردن ولە هەندێک رووەوە رۆڵی دەسەڵاتی دادوەریشی دەبینی، هەربۆیە دەتوانین بڵێین پاڵپشت بە رەوایەتی شۆرشگێری و تیۆرەی دیفاکتۆ، سەرکردایەتی بەرەی کوردستانی، یەکەم دامەزراوەی یاسادانان بوە لە هەرێمی کوردستان و دوو گرنگترین یاسا کە دواتر چوارچێوەی دەسەڵاتی سیاسی و یاسایی هەرێمی

کوردستانی لەسەر بونیاتنرا، لەلایەن بەرەی کوردستانییەوە دەرچوێنران. ئەوانیش یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستان-عیراق ژمارە(١)ی ساڵی ١٩٩٢ و یاسای هەڵبژاردنی سەرکردەی بزاڤی رزگاریخوازی کورد ژمارە(٢)ی ساڵی ١٩٩٢. دەرچواندنی ئەم دوو یاسایە لەلایەن بەرەی کوردستانییەوە بەدەستپێکی پرۆسەی یاسادانان لە هەرێمی کوردستان دادەنرێت. بەرمەبنای ئەم یاساکارییە، لە رۆژی ١٩٩٢\٥\١٩ هەلبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان-عیراق ئەنجامدراو، بۆیەکەمجار لە مێژووی دەوڵەتی عیراقی هاوچەرخ، کوردستانی عیراق بوە خاوەنی پەرلەمان و دەسەڵاتی یاسادانانی هەڵبژێرداوی خۆی. لەو بەرواره بەدواوە پەرلەمانی کوردستان وەک دەسەڵاتی یاسادانان لە هەرێمی کوردستان، تایبەتکاری یاسادانانی پیادەکرد، پاڵپشت بە ماددەی(پەنجاو شەشەم) خاڵی(١)ی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستان-عیراق. لەوەش گرنگتر لە رێگەی دەرکردنی بریارە یاسای ژمارە(١١)ی ساڵی١٩٩٢ کە لە ١٩٩٢\٨\٣١ دەریچواند، پەرلەمانی کوردستانی وەک تاکە دامەزراوەی تایبەتمەند بە پیادەکردنی یاسادانان لەهەرێم ناساند. لەو بریارەدا جەختیکردەوە کە کار بەهیچ یاسا و بریارە یاساو پەیرەو و رێنماییەکی دەسەڵاتی ناوەند ناکرێت، مەگەر پەرلەمانی کوردستان بە بەرژەوەندی بزانێت و بەرکاری بکات لە هەرێمی کوردستاندا. ئەمەش بەخاڵی جیاکەرەوەی پرۆسەی یاسادانان دادەنرێت لەو قۆناغەدا. لەروی کردارەکیشەوە هەروایکرد، بەدرێژایی ئەم قۆناغەو تا روخانی رژێمی پێشووی عیراق و دەستبەکاربوونی دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانان، هیچ یاساو بریارە یاسایەکی حکومەتی ناوەندی عیراق لە هەرێمی کوردستان کاری پێ نەکرا.

## سێیەم:

## یاسادانان لەدوای روخانی رژێمی پێشوی عیراق و لەسایەی دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانان

هێزەکانی هاوپەیمانان بە سەرکردایەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە میانەی پرۆسە ئازادی عیراق لە ٢٠٠٣\٣\١٩، هێرشیان کردە سەر عیراق و لە(٤\٩)ی هەمان ساڵ، توانیان رژێمی ئەوسای عیراق بروخێنن. لەسەرەتادا حاکمێکی سەربازیان دانا بۆ بەرێوەبردنی عیراق، کە فەرماندەییەکی سەربازی ئەمریکی بوو بەناوی(جەی گارنر). دواتر پشتبەست بە بریاری (١٤٨٣)ی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی، دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانان پێکهێنراو، لە بەرواری ٢٠٠٣\٥\٦ باڵوێز (پۆڵ بریمەر) وەک بەرێوەبەری ئەو دەسەڵاتە لەلایەن سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە دیاریکرا. لە ٢٠٠٣\٥\١٦ فەرمانی ژمارە (١) کە تایبەت بوو بە پەیرەوی رێکخستنی دەسەڵاتی هاوپەیمانان راگەیەنرا. ئەوەی گرنگە لێرەدا ئاماژەی پێبکەین ئەوەیە، لە خاڵی دووەمی بەشی یەکەمی ئەو پەیرەوەدا، ئاماژە بەوەدەکات، کە دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانان لەرێگەی بەرێوەبەرەکەیەوە، پیادەی تەواوی دەسەڵاتەکانی یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەری دەکات لە عیراق[٣]. لە بەشی سێیەم خاڵی (١)ی ئەو پەیرەوە ئاماژە بەوە دەکات، کە لەپێشینەیی کارپێکردن بۆ فەرمان و پەیرەوەکانی دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانانە، کاتێک تێکگیر دەبن لەگەل یاسا کارپێکراوەکان، لێرەوە باڵاییەتی فەرمان و پەیرەوەکانی دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانانی بەسەر یاساکانی عیراقیدا چەسپاند بە

---

(٣) السلطة الائتلافية المؤقتة/ امر رقم (١) اللائحة التنظيمية ٢٠٠٣ ، الجزء الاول (٢): يُعهد إلى السلطة الائتلافية المؤقتة ممارسة كافة السلطات التنفيذية والتشريعية والقضائية اللازمة لتحقيق أهدافها، وذلك بموجب قرارات مجلس الأمن الدولي ذات الصلة، بما فيها القرار رقم ١٤٨٣ (٢٠٠٣) والقوانين والأعراف المتبعة في حالة الحرب، ويتولى المدير الإداري للسلطة الائتلافية المؤقتة ممارسة تلك السلطات.

یاساکانی هەرێمی کوردستانیشەوە[٤]. پشتبەست بە خوێندنەوەی بڕیاری(١٤٨٣)ی ئەنجومەنی ئاسایشی نێوەدەوڵەتی و پەیرەوی ژمارە (١) دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانان، دەگەیەنە ئەو دەرەنجامە، لەو قۆناغەدا هاوشان لەگەڵ پەرلەمانی کوردستان، دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانییش، لایەنی تایبەتمەندبووە بە پیادەکردنی یاسادانان لە هەرێمی کوردستان، و فەرمان و پەیرەوەکانی، ئەوانەی بۆ کۆی عیراق بوبێت و هەڵاوێردنی نەکردبێت، ئەوا لە هەرێمی کوردستانیش وەک هەر یاسایەک کارپێکراو بووە. ئەنجومەنی شورای هەرێمی کوردستان، لە رایەکیدا کە لە ساڵی (٢٠١١) دەریکردووە، هەمان ئاراستەی گرتۆتە بەر، کاتێک لە وەڵامی پرسیارێکی وەزارەتی دادی حکومەتی هەرێمی کوردستان، سەبارەت بە هێزی یاسایی بڕیارەکانی (ئەنجومەنی حوکم) لە عیراق کە ئەنجومەنێکی دامەزرێنراوبوو لەلایەن دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانان، بەپێی پەیرەوی ژمارە(٦) لە ٢٠٠٣\٧\١٣ دامەزراوەو بەشێوەیەکی لاوەکی بەشداری پرۆسەی یاسادانانی کردووە لە پاڵ دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانان، ئەڵبەت وەک پێشتر ئاماژەمان پێکردووە لەو قۆناغەدا دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانان خاوەنی دەسەڵاتی یاسادانانی سەرەکی بووە لەعیراق و هەر بڕیارو یاسایەک لە هەر لایەکەوە دەرچوبێت پێچەوانەی فەرمان و پەیرەوەکانی ئەوبوبن ئەوە بە هەڵوەشاوە دانراون، لەگەڵ ئەوەشدا،

---

(٤)السلطة الائتلافية المؤقتة/ امر رقم (١) اللائحة التنظيمية ٢٠٠٣ ، الجزء الثالث (١): سوف يبادر المدير الإداري للسلطة الائتلافية المؤقتة بإصدار اللوائح التنظيمية والأوامر كلما دعت الحاجة لذلك في إطار قيامه بتنفيذ السلطات والمسئوليات المعهودة للسلطة الائتلافية المؤقتة. تكون اللوائح التنظيمية هي الأداة المستخدمة لتحديد مؤسسات وسلطات السلطة الائتلافية المؤقتة والتعريف بها. أما الأوامر الصادرة عن السلطة الائتلافية المؤقتة فهي تعليمات ملزمة. وتبقى اللوائح التنظيمية والأوامر الصادرة عن السلطة الائتلافية المؤقتة سارية المفعول حتى يقوم المدير الإداري للسلطة بإلغائها أو حتى تلغيها وتحل محلها التشريعات الصادرة عن المؤسسات الديمقراطية في العراق. وتكون للوائح التنظيمية والأوامر الصادرة عن السلطة الائتلافية المؤقتة أولوية التطبيق وتُرجح على آافة القوانين الأخرى والمنشورات في حالة عدم تماشي تلك القوانين والمنشورات مع اللوائح التنظيمية والأوامر الصادرة عن السلطة الائتلافية المؤقتة. ويجوز للمدير الإداري للسلطة القيام من حين لآخر بإصدار الإعلانات العامة الموجهة للجمهور..

ئەنجومەنی شورای هەرێم جەخت لەوە دەکاتەوە کە بڕیارەکانی ئەنجومەنی حوکم هێزی یاسایان هەیە لە هەرێم و بەرکارن، ئەگەر هەموار یان هەڵنەوەشێنرابنەوە، کەواتە بڕیارەکانی دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانان، لەپێشترن لەبڕیارەکانی ئەنجومەنی حوکم، بۆ ئەوەی ڕاستەوخۆ لە هەرێمی کوردستان بەرکار بوبن. [٥]

---

(٥)المبادئ القانونية في قرارات وفتاوى مجلس شورى اقليم كوردستان لعام ٢٠١١، منشورات مجلس شورى اقليم كوردستان- العراق، مطبعة الحاج هاشم، ط١، اربيل ٢٠١٢، ص٩٢.

## چوارەم:

## یـــــاســــــادان لە هـەرێمی كوردستان لە سایەی یاســـای بەرێوبردنی دەوڵەت

یاسای بەرێوەبردنی دەوڵەت بۆ قۆناغی راگوزەری کە لە بەرواری ٢٠٠٤\٣\٨، لەلایەن ئەنجومەنی حوکم لە عیراق دەرچوێنرا، لە ناوەرۆک و سروشتدا، دەستوری راگوزەری عیراق بوو. ئەم یاسایە بۆ یەکەمجار لە مێژووی هاوچەرخ، شێوەوحوکمڕانی دەوڵەتی عیراقی لە دەوڵەتێکی ناوەندییەوە گۆری بۆ دەوڵەتێکی نا ناوەندی ئیتیحادی فیدراڵی، بەجۆرێک دەسەڵاتەکانی (یاسادانان،جێبەجێکردن، دادوەری) دابەشکرد بۆ سێ ئاست، دەسەڵاتی ئیتیحادی، هەرێمەکان، پارێزگاو یەکە کارگێرییەکان. هەروەک لە مادده(٤) یاساکەدا ئاماژەی پێکراوە[٦].

ئەم یاسایە قۆناغی راگوزەری بۆ دوو ماوە دابەشکرد ئەوانیش[٧]:

---

(٦)قانون ادارة الدولة للمرحلة الانتقالية لسنة ٢٠٠٤، المادة (٤): نظام الحكم في العراق جمهوري، اتحادي (فيدرالي)، ديمقراطي، تعدّدي، ويجري تقاسم السلطات فيه بين الحكومة الاتحادية والحكومات الإقليمية والمحافظات والبلديات والإدارات المحلية. ويقوم النظام الاتحادي على أساس الحقائق الجغرافية والتاريخية والفصل بين السلطات وليس على أساس الأصل أو العرق أو الاثنية أو القومية أو المذهب.

(٧)قانون ادارة الدولة للمرحلة الانتقالية لسنة ٢٠٠٤، المادّة الثانية :

(أ): إنّ عبارة <المرحلة الانتقالية> تعني المرحلة التي تبدأ من ٣٠ يونيو (حزيران) ٢٠٠٤ حتّى تشكيل حكومة عراقية منتخبة بموجب دستور دائم، كما ينصّ عليه هذا القانون، وذلك في موعد أقصاه ٣١ ديسمبر (كانون الأول) ٢٠٠٥، إلاّ في حالة تطبيق المادّة ٦١ من هذا القانون.

(ب): إنّ المرحلة الانتقالية تتألف من فترتين:

١ ـ تبدأ الفترة الأولى بتشكيل حكومة عراقية مؤقّتة ذات سيادة كاملة تتولى السلطة في ٣٠ حزيران ٢٠٠٤، وستتألّف هذه الحكومة وفق عملية تداول واسعة النطاق بتشاور شرائح المجتمع العراقي يقوم بها مجلس الحكم وسلطة الائتلاف المؤقتة، ويمكن التشاور مع الأمم المتحدة بذلك. إنّ هذه الحكومة ستمارس السلطة بموجب هذا القانون، وبضمنها المبادئ والحقوق الأساسية المنصوص عليها في هذا القانون، وملحق يتّفق عليه ويصدر قبل بداية المرحلة الانتقالية ويكون جزءاً لا يتجزّأ من هذا القانون.

٢ ـ تبدأ الفترة الثانية بعد تأليف الحكومة العراقية الانتقالية والتي تتمّ بعد إجراء الانتخابات للجمعية الوطنية، كما هو منصوص عليه في هذا القانون، على ألا تتأخر هذه الانتخابات إن أمكن عن ٣١ كانون

١- بەرواری ٢٠٠٤\٦\٣٠ تاوەکو ٢٠٠٥\١\٣١: لەم قۆناغەدا ئەنجومەنی وەزیران دەسەڵاتی دەرکردنی بریار گەلێکی هەیە کە هێزی یاسایان هەیە، هەرچەندە ئەنجومەنێکی نیشتیمانی بوونی هەبوو، بەڵام زیاتر رۆڵێکی راوێژکاری ئەبینی نەک یاسادانان، هەروەک لە مادده (٢) یاسای بەرێوەبردنی دەوڵەت و بەشی یەکەم و سێیەمی پاشکۆی یاسای بەرێوەبردنی دەوڵەت ئاماژەیان پێکردوە[٨]، ئەنجومەنی وەزیران کە پیادەی دەسەڵاتی یاسادانانیش دەکات، لەپاڵ دەسەڵاتی جێبەجێکردن، لەبەرەنجامی گفتوگۆو راگۆرینەوەی ئەنجومەنی حوکم و دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانان و نێردەی تایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکان دروست دەکرێت، نەک لەلایەن ئەنجومەنێکی یاسادانانی هەڵبژێرداوەوە. لەم قۆناغەدا پاشکۆی یاسای بەرێوەبردن لە بەشی دووەمیدا جەخت لەوە

---

الأول ٢٠٠٤، وعلى كلّ حال قبل ٣١ كانون الثاني ٢٠٠٥. تنتهي المرحلة الثانية عند تأليف حكومة عراقية وفقاً لدستور دائم.

(٨) ملحق قانون ادارة الدولة للمرحلة الانتقالية لسنة ٢٠٠٤، القسم الثاني: مؤسسات الحكومة العراقية المؤقتة وصلاحياتها

تعمل الحكومة المؤقتة طبقا لقانون ادارة الدولة العراقية للمرحلة الانتقالية. وتتكون هذه الحكومة من رئاسة الدولة ( التي تتكون من رئيس ونائبين) ومجلس وزراء بما في ذلك رئيس الوزراء، والمجلس الوطني المؤقت والسلطة القضائية. وباستثناء ما يتعلق بالباب التاسع من قانون ادارة الدولة العراقية او ماهو منصوص عليه خلاف ذلك في هذا الملحق فان ما ورد في قانون ادارة الدولة بشان الحكومة العراقية الانتقالية ومؤسساتها ومسؤولياتها في هذا القانون تنطبق على الحكومة المؤقتة ومؤسساتها ومسؤوليها. وتحترم الحكومة المؤقتة ماهو منصوص عليه في ذلك القانون من الالتزامات التي تعود الى الفترة الانتقالية والمبادئ الاساسية وحقوق الشعب العراقي. وتعمل مؤسسات حكومة اقليم كردستان والمحافظات والبلديات التي تعود الى الحكومة وفقا لهذا القانون. ولمجلس الوزراء وبموافقة رئاسة الدولة بالاجماع اصدار اوامر لها قوة القانون وتبقى سارية المفعول حتى يتم الغاؤها او تعديلها بواسطة حكومات عراقية منتخبة. وتكون لمجلس الوزراء السلطات الممنوحة للجمعية الوطنية في هذا القانون المتعلقة بالتعيينات واستخدام القوات المسلحة العراقية والتصديق على الاتفاقيات الدولية.و تمثل الحكومة المؤقتة العراق في علاقاته الخارجية ولكن سلطاتها في عقد الإتفاقات الدولية ستنحصر في مجالات العلاقات الدبلوماسية و المنح والمساعدات الدولية وإطفاء الديون السيادية. وتعيين اعضاء المحكمة العليا على ان يتم تصديق ذلك من قبل رئاسة الدولة في الحكومة الانتقالية المنتخبة خلال تسعين يوما من توليها السلطة والاجماع.

.

دەکاتەوە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان کە مەبەست لێی(ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستان، ئەنجومەنی وەزیران،دەسەڵاتی دادوەری)یە، بەردەوام دەبێت لە کارەکانی بە پێی یاسای بەێوەبردنی دەوڵەت.

٢- بەرواری ٢٠٠٥\١\٣١ تاوەکو ٢٠٠٥\١٢\٣١: لەم قۆناغەدا دەسەڵاتی یاسادانان دەسپێردرێت بە ئەنجومەنێکی هەڵبژێرداو بە ناوی کۆمەڵەی نیشتیمانی، لەم قۆناغەشدا حکومەتی هەرێم (ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستان، ئەنجومەنی وەزیران، دەسەڵاتی دادوەری) بەردەوام دەبن لە کارەکانیان جگە لەوتایبەکارییانەی کە تەنها تایبەتمەندکراون بە دەسەڵاتی ئیتیحادی. هەروەک لە ماددەی (٥٤) برگە(أ) لە یاسای بەرێوەبردنی دەوڵەت ئاماژەی بۆکراوە.

بەشێوەیەکی گشتی لە قۆناغی راگوزەری و لەسایەی یاسای بەرێوەبردنی دەوڵەت هەریەکە لە ئەنجومەنی وەزیرانی ئیتیحادی لە وادەی یەکەمی قۆناغی راگوزەری و کۆمەڵەی نیشتیمانی ئیتیحادی لە وادەی دووەمی قۆناغی راگوزەری هاوبەشێکی گرنگی دەسەڵاتی یاسادانان بوون لە هەرێمی کوردستان بەدوو شێواز:

١- لەو بوارانەی تایبەتکاری تایبەتمەندی دەسەڵاتی ئیتیحادین، ئەوە تەنها ئەنجومەنی وەزیرانی ئیتیحادی  لە وادەی یەکەمی قۆناغی راگوزەری و کۆمەڵەی نیشتیمانی ئیتیحادی لە وادەی دووەمی قۆناغی راگوزەری، دەتوانن تایبەتکاری یاسادانان پیادەبکەن لە عیراق و هەرێمی کوردستانیش. واتا ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستان(پەرلەمان) ناتوانێت لەو بوارانەدا هیچ یاساکارییەک ئەنجام بدات. وەک ئەوەی لەماددە(٢٥)ی یاسای بەرێوەبردنی دەوڵەت ئاماژەی بۆکراوە.

٢- له بوارەکانی دیکه جگه لەو بوارانەی تایبەتکاری بەتەنهای ئیتیحادین، یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەت ڕێگەی داوه هەریەکه له ئەنجومەنی وەزیرانی ئیتیحادی  له وادەی یەکەمی قۆناغی ڕاگوزەری و کۆمەڵەی نیشتیمانی ئیتیحادی له واددەی دووەمی قۆناغی ڕاگوزەری، یاساکاری ئەنجام بدەن بۆ تەواوی عیراق به هەرێمی کوردستانیشەوە، لەو بوارەشدا تەنها دەسەڵاتی داوه به ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستان هەمواری جێبەجێکردنی ئەو یاسایانه بکات، هەروەک ماددەی (٥٤) برگه (ب) یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەت ئاماژەی پێکردوە[٩]. بێ ئەوەی ئاماژه بۆ ئەوە بکات ئەگەر هاتوو ئەم یاسا ئیتیحادییه تێکگیرا لەگەڵ یاسایەکی هەرێمی کوردستان لەپێشینەیی بۆکامیان دەبێت له جێبەجێکردندا. ئەمەش جۆره ناروونییەکی لای یاسادانەری کوردستان دروستکردوە، هەربۆیه بەدرێژایی ماوەی ڕاگوزەری بەهەردوو قۆناغەکەیەوە یاسادانەر له هەرێمی کوردستان هیچ یاسایەکی ئیتیحادی بەرکار نەکردوەو تەنانەت هەمواری جێبەجێکردنیشی بۆ نەکردون.

(٩)قانون ادارة الدولة للمرحلة الانتقالية لسنة ٢٠٠٤، المادّة الرابعة والخمسون الفقرة (ب) : فيما يتعلّق بتطبيق القوانين الاتحادية في إقليم كردستان، يسمح للمجلس الوطني الكردستاني بتعديل تنفيذ أيٍّ من تلك القوانين داخل منطقة كردستان، ولكن في ما يتعلّق فقط بالأمور التي ليست مما هو منصوص عليه في المادّة (٢٥) وفي المادّة (٤٣-د) من هذا القانون التي تقع ضمن الاختصاص الحصري للحكومة الاتحادية حصراً.

.

## پێنجەم:

## یـــاسادانان لە هەرێمی کوردستان دوای دەرچوونی دەستــووری ساڵی٢٠٠٥ی عیراق.

دەستووری ساڵی٢٠٠٥ی عیراق، لە بەرواری ٢٠٠٥\١٠\١٥، لە پرۆسەیەکی دیموکراسی و گەل سەروەریدا خرایە گشتپرسییەوەو، لەلایەن گەلانی عیراقەوە بە گەلی کوردستانیشەوە دەنگی بۆدرا، لەئەنجامدا زیاتر لە(٧٨٪) حەفتاوهەشت لەسەدای دەنگی (بەڵی) بۆ دەستورەکەی بەدەستهێنا. بەمەش بووە یەکەم دەستوور لە مێژووی هاوچەرخی دەوڵەتی عیراق، کە لەلایەن گەلانی عیراقەوە پەسند بکرێت. ئەم دەستوورە، هاوشێوەی دەسەڵاتەکانی دیکە، دەسەڵاتی یاسادانانی لە عیراق رێکخست بە هەرێمی کوردستانیشەوە، سەرەتا دەبێ ئاماژە بۆ ئەوە بکەین ئەمیش هاوشێوەی یاسای بەرێوەبردنی دەوڵەت، جەختی لەسەر شێوازی حوکمرانی نا ناوەندییەتی ئیتیحادی بۆ عیراق کردەوەو دەسەڵاتەکانی دابەشکرد بۆ سێ ئاست( ئیتیحادی، هەرێمەکان، پارێزگاکانی رێکنەخراو لە هەرێمێکدا)، لە ماددەی(١١٦) دەستووری ساڵی ٢٠٠٥ی عیراق، ئاماژە بەوە دەکات کە سیستەمی ئیتیحادی عیراقی پێکدێت لە پایتەخت ، هەرێمەکان،پارێزگاو یەکە کارگێرییەکان. لە ماددەی(٤٧)ی دەستوورەکەش ئاماژە بۆ دەسەڵاتی ئیتیحادی کراوە کە پێکدێت لە هەرسێ دەسەڵاتی (یاسادانان) و(جێبەجێکردن)و(دادوەری). جگە لەوەی لە ماددەی(١١) برگەی یەکەم دانی ناوە بە هەرێمی کوردستان، لەماددەی (١٢١) برگەی یەکەمیشیدا ئاماژە دەکات بەوەی هەرێمەکان دەسەڵاتەکانی یاسادانان،جێبەجێکردن و دادوەری پیادە دەکەن بەپێی حوکمەکانی ئەم دەستوورە، جگەو لەو بابەتانەی تایبەتمەندکراون بە دەسەڵاتی ئیتیحادی، لە دوای دەرچوونی ئەم دەستوورە، دەسەڵاتی یاسادانان لە هەرێمی کوردستان جگە لەو

ڕەوایەتییە یاساییەی پێشتر هەیبوو، ڕەوایەتییەکی دەستوریشی بۆ دەستەبەر دەبێت. بەڵام هەروەکو ئاماژەمان پێدا لە ماددەی(١٢١) برگەی یەکەم، بەروونی ئاماژە بەوە دەکات کە دەسەڵاتی یاسادانانی ئیتیحادی هاوبەشی دەسەڵاتی یاسادانانی هەرێمە لە پیادەکردنی تایبەتکاری یاسادانان لە چوارچێوەی هەرێمی کوردستان[١٠]، لەو بوارانەی دەستور وەک تایبەتمەندی دەسەڵاتی یاسادانانی ئیتیحادی ناساندونی و ماددەی(١١٠)ی دەستووریش ئەو بوارانەی دیاریکردوە. لە بوارەکانی دیکەدا ئەگەر لە یەک کاتدا بۆ ڕێکخستنی پرسێکی دیاریکراو یاسایەکی ئیتیحادی و یاسایەکی هەرێممان هەبوو، لەپێشینەیی بۆ یاساکەی هەرێمە لە جێبەجێکردندا. هەروەک لە ماددە(١١٥) و ماددە(١٢١) برگەی دووەم ئاماژەی بۆکراوە[١١]. ئەمەش گۆرانکارییەکی بنەرەتی بوو لە پرۆسەی یاسادانان لە هەرێمی کوردستان هاتە ئاراوە، لە کاتێکدا لە پێشترو لە یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەت تایبەتمەندییەکی لەوجۆرە بە یاساکانی هەرێمی کوردستان نەدرابوو.

---

(١٠)دستور العراقي لسنة ٢٠٠٥، المادّة (١٢١) الفقرة (اولا) : لسلطات الاقاليم ،الحق في ممارسة السلطات التشريعية والتنفيذية والقضائية وفقا لأحكام هذا الدستور، باستثناء ما ورد فيه من اختصاصات حصرية للسلطات الاتحادية.

(١١)دستور العراقي لسنة ٢٠٠٥، المادّة (١٢١) الفقرة (ثانيا) : يحق لسلطة الاقليم تعديل تطبيق القانون الاتحادي في الاقليم، في حالة وجود تناقض أو تعارض بين القانون الاتحادي وقانون الاقليم بخصوص مسألةٍ لا تدخل في الاختصاصات الحصرية للسلطات الاتحادية .

# لقی دووەم

# ماناو مەبەستی یاسادانان

لە زانستی دەستورناسی و یاساناسیدا کاتێک بۆ ماناو مەبەستی چەمک و دەستەواژەیەکی یاساییدا دەگەڕێین، سەرەتا لەنێو دەقی دەستوور و یاساکاندا سۆراغی پێناسەکەی دەکەین، خۆ ئەگەر لەوێدا دەستمان نەکەوت پەنا دەبەینە بەر راو بۆچونی دادگاکان، خۆ ئەگەر لەوێشدا پێناسەیەکمان نەدۆزیەوە ئەوا دەگەڕێینەوە بۆ پەرتوک و نوسینەکانی بیرمەندان و توێژەرانی بواری یاسا. بە گوزەرکردنێکی خێرا بەناو یاسا بەرکارو بریارە دادوەرییەکان لە هەرێمی کوردستان، دەبینین پێناسەیەک بۆ یاسادانان نەکراوە، ئەوەی هەیە لە پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمان لە ماددەکانی(٧٧) و(٧٨) جۆرو شێوازەکانی یاسادانانی لە هەرێمی کوردستان هەژمار کردوە. هەربۆیە ناچارین بۆ پێناسەکردنی یاسادانان بچینەوە خزمەتی پەرتوک و نوسراوەکانی بیرمەندانی بواری یاسا. ئەوانیش یەک راو یەک دید نین لە پێناسەکردنیدا، بەڵکو هەریەکەو لەگۆشەنیگایەکەوە پێناسەیان کردووە. هەندێکیان لەروانگەی رێککارو بنەماکانی دەرچواندنیەوە پێناسەیان کردوە، بەمجۆرە( بریتییە لە دەرچواندن و پەسندکردنی رێسای گشتیی و داماڵراو)[١٢].هەندێکی دیکەیان لە روانگەی ئامانجی یاسادانانەوە پێناسەیان کردوە بەمشێوەیە (پەسندکردنی یاساگەلێکە، رەفتاری تاکەکان لە کۆمەڵگەدا رێک دەخات، دەستەبەری مافەکانیان دەکات لە بەرامبەر دەوڵەت،یان تاکەکانی دیکەی نێو کۆمەڵگە) [١٣]. هەندێکی تریشیان لە روانگەی لایەنی دەرچواندنی پێناسەیان کردوە، بەمشێوەیە (ئەو رێسا یاساییە گشتی و داماڵێنراوانەیە کە بەسەر

---

(١٢) الحلو. د ماجد راغب، القانون الدستوري، دار الجامعة الجديدة، الاسكندرية،٢٠٠٦،ص٢٦٨.

(١٣) نجيدة.د. على حسين، مبادئ الشريعة الاسلامية المرجع الرئيسى للتشريع فى مصر، دار النهضة القاهرة، ١٩٩٠،ص٣٠.

گشتدا ئەسەپێنرێت و دەسەڵاتی یاسادانان دەریدەکات، جا ئەو دەسەڵاتە ئەنجومەنەکانی نوێنەران بێت یان حکومەت لەکاتی نەبوونی ئەو ئەنجومەنانەدا، پشبەست بە پێسپاردنێکی رون ورەوان) [١٤]. کۆمەڵێکی دیکەش لەروانگەی رواڵەتەوە پێناسەیان کردوە بەمشێوەیە( ئەو رێسا یاساییە نوسراوانەیە کە لەلایەن دەسەڵاتی یاسادانەنی تایبەتمەندی دەوڵەتەوە دەردەچن) [١٥]. گروپێکی دیکەش هەوڵیان داوە لەکۆی هەموو ئەو پێناسانەدا ، پێناسەیەکی گشتگیر هەڵبگۆزن بەمشێوەیە( ئەو کۆمەڵە رێسا یاساییە گشتی و داماڵێنراوە نوسراوانەیە کە دەسەڵاتی یاسادانانی تایبەتمەند پشتبەست بە دەستوور دەریدەکات، بە مەبەستی رێکخستنی رەفتارو رەویەی تاکەکانی کۆمەڵگەو دەسەڵاتە گشتییەکان، بەجۆرێک ببێتە هۆی راستەرێکردنی پەیوەندییەکان لە کۆمەڵگەدا) [١٦].

لەبەرەنجامی ئەو پێناسانەدا دەتوانین رەگەزو روخسارە جیاکەرەوەکانی یاسادانان هەڵبگۆزین بەمشێوەیە:

١- یاسادانان دەبێت بەشێوەیەکی نوسراو دەربچێت، چونکە پابەندکارە بۆ هەموان و نابێت کەسێک هەبێت نەتوانێت و نەزانێت سنوری پابەندی و ماف و ئەرک و بەرپرسیاریەتییەکانی چین، لە تاکەکانرا بگرە تا دەگاتە دەسەڵاتە گشتییەکان. بەمەش رێساکانی یاسادانان لە رێساکانی ئەخلاق و داب و نەریت جیا دەکرێنەوە، کە نواسراو نین یان بە مەرج نەگیراوە نوسراوبن.

٢- دەبێت گشتی و داماڵراوبن، بەجۆرێک بەیەک ئەندازەو دوری مامەڵە لەگەڵ هەمواندا بکەن، هەربۆیە یاسادانان نابێت بابەتی

---

(١٤) خماس،د.فاروق احمد،هگڤقابة على اعمال الادارة، دار الكتب، الموصل،١٩٨٨،ص٢٠.

(١٥) د.محمد عبدالجواد،بحوث في الشريعة الاسلامية والقانون،منشأة المعارف،الاسكندرية،١٩٩١،ص١١٣.

(١٦) التميمي،د. مهدي سالح عيدان،التشريع وطغيان السلطة، منشأة المعارف،الاسكندرية،٢٠١٩،ص٣١.

کەسێک ڕێکبخات مەگەر لە ڕوانگەی پێگەکەیەوە بێت، بۆنمونە وەختێک بابەتگەلێکی تایبەت بە سەرۆک کۆمار ڕێکدەخات، ڕێکخستنەکە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە پێگەی سەرۆکی کۆمارەوە هەیە نەک کەسەکە.

٣- یاسادانان پێویستە لەلایەن دەسەڵاتی یاسادانانەوە دابنرێت، ئەو دەسەڵاتەش لە بارودۆخی ئاساییدا ئەنجومەنە نوێنەرایەتییە هەڵبژێردراوەکانن، لەهەر وڵاتێک بەپێی سیستەمە سیاسیەکەی ناوێکی لێدەنرێت بۆنمونە لە هەرێمی کوردستان ئەو ئەنجومەنە لە سەرەتای دروستبونیەوە ناوی(ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستان-عیراق) بوو دواتر گۆڕا بۆ (پەرلەمانی کوردستان)و تا ئێستاش بەم ناوەیەوە بەردەوامە لە کارەکانی، لە بارودۆخە نائاساییەکانیش هەندێک جار یاسادانان لەلایەن دەسەڵاتی جێبەجێکردنەوە دائەنرێت. بۆ نمونە لە هەرێمی کوردستان لەبارودۆخێکدا ئاسایشی هەرێم بکەوێتە بەردەم هەرەشەو مەترسییەوەو پەرلەمانی کوردستانیش نەتوانێت کۆببێتەوە، ئەوا سەرۆکی هەرێم کە کەسی یەکەمی دەسەڵاتی جێبەجێکردنە، هەڵدەستێت بە پیادەکردنی تایبەتکاری یاسادانان لەڕێگەی دەرکردنی بڕیارگەلێکەوە کە هێزی یاسایان هەیە، هەرچەند بەردەوام بوون و مانەوەی ئەو بڕیارانە بە کارایی و بەرکاری پەیوەست کراوە بە ڕەزامەندی پەرلەمان لە یەکەم کۆبونەوەیدا دوای دەرچونیان. هەروەک لە ماددەی(دەیەم) برگەی (پێنجەم)ی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان- عیراق هەموارکراو ئاماژەی پێکراوە[17].

---

(١٧) یاسای سەرۆکایەتی هەرێم ژمارە (١) ساڵی ٢٠٠٥ هەموارکراو ماددەی دەیەم برگەی پێنجەم: کاتێ هەرێمی کوردستان و سیستەمە سیاسییەکەی، یان ئاسایشی گشتی هەرێم، یان دامودەزگا دەستووریيەکانی بکەونە مەترسییەکی ئەوتۆوە، هەرەشە لە بوونی بکاو، ئەنجومەنی نیشتمانیش نەتوانێ کۆببێتەوە، ئەوە، لەو بارەدا سەرۆکی هەرێم دوای ڕاوێژو ڕێککەوتن لەگەڵ سەرۆکی ئەنحومەنی نیشتمانی وسەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمدا بڕیارگەلێ دەردەچوێنێ هێزی یاسایان هەیە بە بەمەرجێ ئەو بڕیارانە، لە یەکەم کۆبوونەوەی ئەنجومەنی نیشتمانی هەرێمدا بخرێنە بەردەمی. خۆ

# لقی سێیەم

# ئاست و جۆرو شیوازەکانی یاسادانان

یاسادانان بەپێی باڵایەتی و پلەبەندییەتی سیستەمی یاسایی لە هەر وڵاتێکدا چەند ئاستێکی جیاوازی هەیەو هەریەکەو ناوو رێککارو دەسەڵاتی تایبەتمەند هەیە پیادەی دەکەن. لە هەمانکاتدا بەپێی چالاکی و شیوازی دەرچواندنیشی جۆرگەلێکی جیاوازی هەیە. لەم بەشەدا هەوڵدەدەین ئاماژە بە هەریەکە لە ئاست و جۆرەکانی بکەین.

## یەکەم:
## ئاستەکانی یاسادانان

هەرێمی کوردستان بەوپێیەی بەشێکە لە عێراقی ئیتیحادی و دەستووری عیراقی ساڵی ٢٠٠٥ پێگەو سیستەمی یاساییەکەی رێکخستووە، بۆیە لەروی سیستەمی باڵایەتی یاساییەوە، هەمان سیستەمی پلەبەندی یاسایی عیراق پەیڕەو دەکات ، بەوهۆیەوە یاسادانان لە هەرێمی کوردستان بۆ سێ ئاست دابەش بووە، ئەوانیش یاسادانانی بنەرەتی(دەستووری)، یاسادانانی ئاسایی و لقە یاسادانانە. هەوڵدەدەین بەکورتی ئاماژە بە سروشت و پێگەی هەریەکەیان بکەین لە هەرەمی پلەبەندیی یاسایی و ئاماژە بەو دەسەڵاتە بکەین کە تایبەتمەندە بە پیادەکردنی:

**١- یاسادانانی بنەرەتی:** ئەم جۆرە یاسادانانە یاساکاری دەستوورییە، لە هەرێمی کوردستان بەر لە دەستووری ساڵی ٢٠٠٥ عیراق، بوونی نەبوو، چونکە لە هەرێمی کوردستان دەستوور

ئەگەر هاتو نەخرانە بەردەمی، یان خرانە بەردەمی و ئەنجومەن پەسەندی نەکردن، ئەوا، لەو بارەدا سیفەتی یاساییان نامێنێ.

بوونی نەبووە، ژیانی یاسایی و دەسەڵات و دامەزراوەکان، ماف و ئازادییەکان، سەرجەمیان بە یاسادانانی ئاسایی رێکخرابوون، لەولایشەوە بەر لە روخانی رژێمی پێشووی عیراق هیچ جۆرە پەیوەندی و وابەستەییەکی دەستووری و یاسایی لە نێوان هەرێمی کوردستان و عیراق بوونی نەبووە. ئەگەرچی بەر لە دەستووری ساڵی ٢٠٠٥ی عیراق، دوو هەوڵی یاسادانانی دەستووری هەبوون، یەکەمیان لەرێگەی بریارە یاسای ژمارە(٢٦)ی ساڵی ٢٠٠٢ تایبەت بە بنیاتنانی پرۆژە دەستووری هەرێمی کوردستان و بریارە یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٠٥ تایبەت بە چاوخشاندنەوە بە پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان، بەڵام هەروەک هەوڵێکی یاسادانان مانەوەو نەیانتوانی هەرێمی کوردستان بکەنە خاوەنی دەستوور، وهەرەمی یاسادانان هەر بەناتەواوی مایەوە. بەڵام لە دوای دەرچوونی دەستووری ساڵی ٢٠٠٥ی عیراق، هەرەمی یاسادانان لە هەرێم و عیراق باری ئاسایی خۆی وەرگرت، کاتێک ئەو دەستورە خۆی لە لوتکەی هەرەمی یاسادانان چەسپاندو باڵایەتی بەسەر ئاستەکانی دیکەی یاسادانان یەکلاکردەوە، وایکرد ئاستەکانی دیکەی یاسادانان رەوایەتی لەوەو وەربگرن. هەروەک لە مادده(١٣) برگەی یەکەم و دووەمدا ئاماژەی پێکردوە کە ئەم دەستورە باڵاترین یاسایە لە عیراقدا و نابێت هیچ یاسایەک دەربچێت پێچەوانەبێت لەگەڵ حوکمەکانی. ئەمجۆرە یاسادانانە دەسەڵاتی دامەزراندن(السلطة التأسيسية) پیادەی دەکات، جا ئەو دەسەڵاتی دامەزراندنە ئەنجومەنێکی دامەزراندن (الجمعية التأسيسية) بێت کە راستەوخۆ لەلایەن گەلەوە هەڵدەبژێردرێت تەنها بۆ یاساکاری دەستوور و بە دانانی دەستوور کۆتایی بە بوونی دێت. یانیش ئەنجومەنێکی یاسادانانی هەڵبژێردراوی ئاسایی(پەرلەمان) بێت، ئەم تایبەتکارییەش پیادە دەکات و خۆی دەکات بە دەسەڵاتی دامەزرێنەر و یاساکاری دەستووری ئەنجام دەدادت، هەروەک ئەوەی کۆمەڵەی نیشتیمانی عیراقی کردی لە پاڵ ئەوەی رۆڵی دەسەڵاتی یاسادانانی ئەبینی لە ماوەی کارکردنی، لەهەمانکات

ڕۆڵی دەسەڵاتی دامەزراندنیشی بینی و توانی دەستووری ساڵی ٢٠٠٥ی عیراق دابنێت. ئەمە ئەگەر لە وڵاتێکی دیموکراسیدابوین. خۆ ئەگەر لەوڵاتێکی نا دیموکراسیدابین، ڕەنگە ئیرادەی شاو میرو سەرۆک و ناووناونیشانەکانی دیکە شوێنی دەسەڵاتی دامەزراندن بگرنەوەو پیادەی یاساکاری دەستووری بکەن، هەندێکجاریش وڵاتی داگیرکەر لە وڵاتێکی داگیرکراو ئەم ڕۆڵە دەبینێت، پاڵپشت بە یاساو نەریتە نێودەوڵەتییەکانی شەروو بریارە نێودەوڵەتییەکان. لە دوای ڕودانی کودەتاو سەرگرتنی شۆرشەکانیش شۆرشگێران و کودەتاچییەکان بە پشتبەستن بە تیۆرەی ڕەوایەتی شۆرشگێری و دەسەڵاتی دیفاکتۆ، بەرجەستەی ئەم دەسەڵاتە دەکەن و پیادەی یاساکاری دەستووری دەکەن. بۆ نمونە پاڵپشت بەو تیۆرەیە دەستووری ساڵی ١٩٨٢ لەلایەن کودەتاچییە سەربازییەکانی تورکیاوە دانرا. پەرلەمانی کوردستان لەو بوارەدا هەوڵێکی بێ ئاکامی هەبوو، کاتێک لە ساڵی ٢٠٠٨ پرۆژە یاسای ژمارە(١٦)ی تایبەت بە پەسندکردنی دەستووری هەرێمی کوردستانی دەرچواند و لەماددە(٢)ی ئەم یاسایە ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستان(پەرلەمان)ی وەک دەسەڵاتی دامەزرێنەر ناساند، پاڵپشت بەم یاسایە، یاساکاری دەستووری بۆ پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان ئەنجامداو پەسندیکرد، بەڵام نەتوانرا بخرێتە گشتپرسییەوەو سەرەنجام تاوەکو ئێستاش هەرێمی کوردستان بێ دەستوور ماوەتەوە. بەڵام دەستووری ساڵی٢٠٠٥ی عیراق لەرێگەی ماددەی(١٢٦)ەوە، تایبەتکارییەکی یاسادانانی دەستوری بەخشیوە بە پەرلەمانی کوردستان، کاتێک ئاماژە بەوە دەکات ئەگەر هاتوو هەمواری دەستوری ساڵی ٢٠٠٥ی عیراق کرایەوە، بەجۆرێک ئەو هەموارە ببێتە هۆی کەمکردنەوەی دەسەڵاتی هەرێمەکان، ئەوا

ئەو هەمواره بەرکار نابێت، تاوەکو دەسەڵاتی یاسادانان لەو هەرێمە ڕەزامەندی لەسەر ئەو هەمواره دەستووریە نەدات[١٨].

**٢- یاسادانانی ئاسایی:** ئەو یاساکارییەیە کە دەسەڵاتی یاسادانان لە وڵاتێکدا وەک دەسەڵاتی تایبەتمەند پیادەی دەکات ، لە هەندێک باریشدا هەروەک لە بەشی پێشووی ئەم توێژینەوەیە ئاماژەمان پێکرد دەسەڵاتی جێبەجێکردنیش پیادەی دەکات، بەڵام مانەوەو بەردەوامی یاسا دەرچوێندراوەکە بەندە بە ڕەزامەندی دەسەڵاتی یاسادانان لە یەکەم کۆبونەوەی دوای دەرچوونی. یاسادانانی ئاسایی ڕەوایەتی خۆی لە دەستوورەوە وەردەگرێت و نابێت پێچەوانەی حوکمەکانی بێت، لە ڕێککارەکانی دەرکردنییەوە تاوەکو ناوەڕۆک و جێبەجێکردنی. هەرێمی کوردستان لە ساڵی (١٩٩٢)ەوە ئەم جۆرە یاسادانانە پەیرەو دەکات، هەروەک لە ماددەی (٥٦) خاڵی(١)ی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتیمانی ژمارە(١)ی ساڵی ١٩٩٢ ئاماژەی بۆکراوە[١٩]. لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوە بکەین، باس و بابەتەکانی ئەم توێژینەوەیە تایبەتن بەو جۆرەی یاسادانان کە دواتر لە بەشەکانی دیکە بە درێژی شەن وکەوییان دەکەین.

**٣- لقە یاسادانان:** ئەم جۆرە یاسادانانە خۆی لەیاساکاری بڕیارە ڕێکخەرییەکاندا دەبینێتەوە، بەشێوەیەکی گشتی دەسەڵاتی جێبەجێکردن پیادەی دەکات. لە هەر وڵاتێکدا بڕیارە ڕێکخەرییەکان جۆرو ناونیشانی جیاوازیان هەیە، ئەم یاساکارییە ڕەوایەتی دەرچواندنی لە دەستوورو یاساکانەوە وەردەگرێت، بۆیە ناکرێت هیچ

---

(١٨) الدستور العراقي لسنة ٢٠٠٥. مادة(١٢٦) الفقرة(رابعا) : لايجوز اجراء اي تعديل على مواد الدستور من شأنه أن ينتقص من صلاحيات الاقاليم التي لاتكون داخلة ضمن الاختصاصات الحصرية للسلطات الاتحادية الا بموافقة السلطة التشريعية في الاقليم المعني وموافقة اغلبية سكانه باستفتاء عام.

(١٩) یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتیمانی ژمارە(١)ی ساڵی ١٩٩٢ ماددەی (٥٦) خاڵی(١): ئەنجوومەن ئەو ئەرك و دەسەڵاتانەی خوارەوە جێ بەجێ دەكات: ١- یاسا دانان.

حوکمێک لەخۆبگرێت پێچەوانەی حوکمەکانی دەستوورو یاسا بەرکارەکان بێت ، لە هەرێمی کوردستان دووجۆری سەرەکی ئەم یاسادانانە هەیە، ئەوانیش :

**أ- پەیرەو:** ئەم جۆرە یاساکارییە لە هەرەمی سیستەمی یاساییدا لە هەرێمی کوردستان، لەخوار یاسا ئاساییەکانەوەیە، بەپێی یاسای ئەنجومەنی وەزیران ژمارە(٣)ی ساڵی ١٩٩٢ ماددەی هەشتەم خاڵی(٣)، ئەنجومەنی وەزیران بە تەنها تایبەتمەندە بە پیادەکردنی ئەم جۆرە یاساکارییە[٢٠].

**ب- رێنمایی:** ئەم جۆرە یاساکارییە وەزارەتەکان پیادەی دەکەن، هەروەک لە یاسای ئەنجومەنی وەزیران ژمارە(٣) ساڵی ١٩٩٢ ماددەی هەشتەم خاڵی(٩) ئاماژەی پێکراوە[٢١]. لەهەمانکات لە زۆرینەی یاساکاندا ئاماژە بەو لایەنە دەکرێت کە تایبەتمەندە بە دەرکردنی رێنمایی بۆ جێبەجێکردنی یاساکان. لەگەڵ ئەوەشدا هیچ رێگرییەکی یاسایی نییە ئەنجومەنی وەزیرانیش پیادەی بکات، ئەم جۆرە یاسادانانە لە هەرەمی سیستەمی یاساییدا لە هەرێمی کوردستان، لەخوار پەیرەوە، هەربۆیە نابێت حوکمێک لەخۆ بگرێت پێچەوانەی دەستوور و یاساو پەیرەوە بەرکارەکان.

---

(٢٠) یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان-عیراق هەموارکراو، ژمارە(٣)ی ساڵی ١٩٩٢ ماددەی (هەشتەم) خاڵی(٣): ئەنجوومەن خاوەنی ئەم دەسەڵاتانە دەبێت: ئامادەکردنی پرۆژەی پەیرەوەکان و دەرکردنیان.

(٢١) یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان-عیراق هەموارکراو، ژمارە(٣)ی ساڵی ١٩٩٢ ماددەی (هەشتەم) خاڵی(٩): ئەنجوومەن خاوەنی ئەم دەسەڵاتانە دەبێت: چاودێریکردنی رەوایی ئەو رێنماییانەی وەزارەتەکان و دام و دەزگاکانییان دەریدەکەن.

## دووەم :
## جۆرەکانی یاسادانانی ئاسایی

لەبەشەکانی پێشودا ئاماژەمان کرد بەوەی یاسادانانی ئاسایی لە هەرێمی کوردستان جگە لەو بابەتانەی  مادده(١١٠)ی دەستووری ساڵی٢٠٠٥ی عیراق ئاماژەی پێکردوون، پەرلەمانی کوردستان پیادەیان دەکات. ئەم تایبەتکارییەش هەریەکە لە مادده(١٢١) برگەی یەکەم و دووەمی دەستووری ساڵی٢٠٠٥ی عیراق [٢٢], مادده(٥٦) خاڵی(١)ی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستان-عیراق، ئاماژەیان پێکردوە. لەژێر رۆشنایی ئەم دوو دەقە دەستووری و یاساییانە، پەرلەمانی کوردستان، یاسادانانی لە هەرێمی کوردستان بۆ سێ جۆر پۆلێن کردوە، هەروەک لە مادده(٧٧) برگەکانی یەکەم و دووەم و سێیەمی پەیرەوی ناوخۆی بەرکاری هەموارکراوی پەرلەمانی کوردستان ئاماژەی پێکردوون، ئەوانیش:

**١- دەرکردنی یاساو بریارە یاسا :** ئەم یاساکارییە بەربڵاوترین جۆرەکانی یاسادانانە لە هەرێمی کوردستان. رەنگە لێرەدا پرسیارێک بێتە پێشەوە ئەویش ئەوەیە جیاوازی چییە لە نێوان یاساو بریارە یاسادا، بەر لەوەی وەڵامی ئەو پرسیارە بدەینەوە پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کە ئەم دابەشکارییەی یاسادانان بۆ یاساو بریارە یاسا، رەنگە یەکێک بێت لە تایبەتمەندییەکانی یاسادانان لە هەرێمی  کوردستان و رەنگە هاوشێوەی لە وڵاتاندا زۆر نەبێت. لە عیراق لەسەردەمی رژێمی پێشوو، بریارە یاسا بوونی هەبووەو لەلایەن ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرشەوە، پیادەکراوە،

---

[٢٢] الدستور العراقي لسنة ٢٠٠٥. مادة(١٢١) الفقرة(اولا) : لسلطات الاقليم حق في ممارسة السلطات التشريعية والتنفيذية والقضائية وفقا لاحكام هذا الدستور، باستثناء ماورد فيه من اختصاصات حصرية للسلطات الاتحادية.

وبڕیارەکانی ئەم ئەنجوومەنە هەمان هێزی ئەو یاسایانەی هەبووە کە ئەنجومەنی نیشتیمانی عیراقی دەریکردوون. هەروەک دەستوری ساڵی ١٩٧٠ مادده(٤٢) برگەی(أ) ئاماژەی پێکردوە[٢٣]. ساڵی ٢٠١٨ ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق هەوڵیدا هەمان تایبەتکاری ببەخشێت بەخۆی، کاتێک لە یاسای ئەنجومەنی نوێنەران و پێکهاتەکانی ژمارە (١٣)ی ساڵی ٢٠١٨ لە مادده(١٧) برگەی حەوتەم، ئاماژە دەکات بەوەی، یەکێک لە تایبەتکارییەکانی ئەنجومەنی نوێنەران بریتییە لە دەرکردنی بریارە یاسا. بەڵام دادگای ئیتیحادی لە بریاری ژمارە (١٤٠) و یەکخراوەکانی کە لە ٢٠١٨\١٢\٢٣ دەریکردوە، رەتی دەکاتەوە ئەنجومەنی نوێنەران ئەو تایبەتکارییەی هەبێت و جەخت لەوە دەکاتەوە مادده(٦١) برگە(یەکەم)ی دەستووری عیراقی، تەنها تایبەتکاری دەرکردنی یاسای بە ئەنجومەنی نوێنەران داوە، لەو سۆنگەیەوە برگە(٧)ی مادده(١٧) یاساکەی بە نادەستووری لەقەڵەمداوەو هەڵیوەشاندۆتەوە. ئەگەر بێینەوە سەر جیاوازییەکانی نێوان یاساو بریارە یاسا دەتوانین بڵێین دوو جیاوازی سەرەکی هەن لە نێوانیاندا ئەگینا لە رێککارەکانی یاساکاری و هێزی یاساییاندا هاوتاو هاوشێوەن، جیاوازیەکانیش، **یەکەمیان** رواڵەتییەو تایبەتە بەو لایانانەی پێشنیاری پرۆژە یاساو بریارە یاسا دەکەن بۆ پەرلەمان، هەرچی پرۆژە یاسایە ئەوا جگە لە (١٠) ئەندامی پەرلەمان کە دەتوانن پێشنیازە یاسا پێشکەش بکەن هەریەکە لە ئەنجومەنی وەزیراون و چەند لایەنێکی دیکەش دەتوانن پرۆژە یاسا پێشکەش بکەن کە لە بەشەکانی داهاتووی ئەم توێژینەوەیە بەدرێژی ئاماژەیان پێدەکەین، بەڵام پێشنیارکردنی بریارە یاسا جگە لە(١٠) ئەندامی پەرلەمان، تەنها سەرۆکی هەرێم دەتوانێت پێشنیاری بکات بۆ پەرلەمان، ئەویش تەنها لەبواری کاروباری تایبەت بە

---

(٢٣) الدستور العراقي لسنة ١٩٧٠. المادة(١٢٦) الفقرة(أ) : يمارس مجلس قيادة الثورة الصلاحيات التالية: اصدار القوانين والقرارات التي لها قوة القانون.

سەرۆکایەتی هەرێم. **دووهەم** جیاوازی پەیوەندی بە ناوەرۆکی یاساکارییەوە هەیە، بەشێوەیەکی گشتی لە یاسادا دەتوانرێت زیاد لە بابەتێک رێکبخرێت، لەو روەوە یاسامان هەیە چەندین بابەتی جیاوازی رێکخستووە، بەڵام بریارە یاسا بەشێوەیەکی گشتی تەنها یەک بابەت رێکدەخات.

**٢- هەموارکردنی یاساو بریارە یاسا بەرکارەکان:**
ئەمجۆرەشیان بە شێوەیەکی بەربڵاو لە هەرێمی کوردستان پیادە دەکرێت، ئەگەرچی بە ئەندازەی دەرکردنی یاساو بریارە یاساش نەبێت. یاسا وەک هەر بابەتێکی دیکەی کۆمەڵایەتی ناو کۆمەڵگە، کارلێک لەگەڵ روداوو پێشهاتەکاندا دەکات، و کاریگەر دەبێت بەهەرگۆڕانکارییەک رووبدات، هەر بۆیە لە قۆناغێک لە قۆناغەکانی تەمەنیدا رەنگە پێویست بە هەموارکردنەوەی بەشێک یان چەند بەشێکی بکات، لەم پێناوەشدا وەک پێویستییەکی ژیانیی کۆمەڵگە، زۆربەی وڵاتان هەموارکردنەوەی یاسا بەرکارەکان وەک جۆرێکی سەرەکی یاساکاری پیادە دەکەن. رەنگە لێرەدا هەموارکردنەوەی یاسادانانی ئاسایی جیاوازییەکی هەبێت لەگەڵ هەموارکردنی یاسادانانی بنەرەتی، لە هەموارکردنی یاسادانانی ئاساییدا هەمان رێککارو بەهەمان پرۆسەدا یاساکاری هەموارکردن ئەنجام دەدرێت. بۆ نمونە هەمان ئەو لایەنانەی بۆیان هەیە پێشنیاری یاساو بریارە یاسا بکەن بۆ پەرلەمان بۆیان هەیە پێشنیاری هەمواری یاساو بریارە یاسا بکەن، هەمان ئەو یاسادانەرەی یاساو بریارە یاسای دەرکردوە هەمواری یاساو بریارە یاساش دەکات، تەنانەت رێژەی دەنگی پێویست بۆ دەرچواندنی هەریەکەیان هاوشێوەیە، ئەمەش پشتبەستوو بە بنەمایەکی یاسایی کە پێی دەڵێین(الاشکال المتماثلة). بەڵام لە یاساکاری دەستوریدا کە شێوازی پیادەکردنی یاسادانانی بنەرەتییە ئەم هاوشێوەییە داواکراو نییە، هەموارکردنەوەی دەستوور رەنگە تایبەتمەندی یاسادانانی ئاسایی هەبێت، لە کاتێکدا دانانی دەستوور لە تایبەتمەندی دەسەڵاتی

دامەزرێنەرە، تەنانەت رەنگە رێژەی دەنگی پێویست بۆ هەموار کردنەوەی برگەو ماددەکانی دەستوور، جیاواز بێت لەو رێژە دەنگەی پێویست بووە بۆ دەرچواندنی. هەر ئەمە وایکردوە لەرووی خەسڵەتی هەمواركردنەوە، دەستوورەکان دابەش بوون بۆ دوو جۆر،جۆری **یەکەمیان:** دەستووری چەقبەستوو(جامد) کە هەمواركردنەوەکەی رێژەی دەنگی زیاتر لە هەمواركردنەوەی یاسایەکی ئاسایی پێویستە، یاخوود لەرووی رێککارەکانەوە ئاڵۆزترە لە رێککارەکانی هەمواركردنەوەی یاسایەکی ئاسایی، جۆری **دووەمیان:** دەستووری نەرم (مرن) کە رێککارەکانی هەمواركردنەوەو رێژەی دەنگدان بۆ هەمواركردنەوەی، هاوشێوەی هەمواركردنەوەی یاسایەکی ئاساییە. ئەوەی لێرەدا پرسیار دروست دەکات ئەوەیە، ئایا پێوەرێکی دیاریکراو هەیە بۆ ئەندازەو رێژەی هەمواركردنی بەشەکانی یاسایەک، یان دەتوانرێت کۆی گشتی یاساکە هەموار بکرێتەوە، لە راستیدا هیچ پێوەرێکی دەستووری و یاسایی نییە بۆ ئەم بابەتەو تەنها لەروی مەنتیقەوە دەکرێت بڵێین ئەوکاتەی کەمتر لە نیوەی برگەو ماددەکانی هەر یاسایەک پێویستییان بە گۆرانکاری بوو ئەوکاتە پەنا بۆ پیادەکردنی یاساکاری هەمواركردن ببرێت باشە، لەو رێژەیە زیاتر بوو، یاسایەکی نوێ دەربکرێت باشترە، بۆ سەقامگیری سیستەمی یاسایی لە وڵاتدا.

**٣- بەرکارکردن یان هەمواری کارپێکردنی یاسا ئیتیحادییەکان:** هەرچەندە ئەم جۆرە لە یاسادانانە لە پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان بەیەکجۆر لە یاسادانان ناسێندراون، بەڵام لە راستیدا دووجۆری جیاوازن. خاڵی کۆکەرەوەیان پەیوەندیداربونیانە بە کارکردن بە یاسا ئیتیحادییەکان، لە رووی کرداریشەوە پەرلەمانی کوردستان جاری وا هەبووە هەردوو جۆر یاسادانانەکەی لە یاساکاریەکدا پیادە کردوە، واتا بە جارێ هەم یاسا ئیتیحادییەکەی بەرکار کردوە، هەم هەمواری جێبەجێکردنیشی بۆ کردوە، هەربۆیە ناونیشانی (بەرکارکردن و هەمواری جێبەجێکردن)ی

داوەتە یاسادانانەکە، بۆ نمونە (یاسای ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠٢١،یاسای بەرکارکردن و هەمواری پیادەکردنی یاسای ڕەسمی پولی ئیتیحادی ژمارە (٧١)ی ساڵی ٢٠١٢ لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق) لەم یاساکارییەدا یاسای رەسمی پوولی ئیتیحادی هەم بەرکار کراوە، لەهەمان کاتتدا هەمواری جێبەجێکردنی چەند ماددەیەکی ئەم یاسایە کراوە. ئەگەرنا چوارچێوەی یاسایی هەریەک لەو دووجۆرە یاسادانانە جیاوازن بەمشێوەیەی خوارەوە:

**أ- بەرکاردنی یاسا ئیتیحادییەکان :** سەرەتای پیادەکردنی ئەم یاسادانانە لەروی تیۆری و یاساییەوە، دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٩٢، دوای ئەوەی پەرلەمانی کوردستان بریاری ژمارە (١١)ی لە بەرواری ١٩٩٢\٨\٣١ دەرکرد، خاڵی (دووەمی) ئەم بریارە بەروونی ئاماژە دەکات بەوەی کار بەهیچ یاسایەکی ئیتیحادی ناکرێت لەدوای بەرواری (١٩٩١\١٠\٢٢)ەوە، مەگەر ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستان رەوایەتی پێبدات. هەرچەندە لەروی کردارییەوە تا روخانی رژێمی پێشوو و دەرچونی دەستووری ساڵی ٢٠٠٥ هیچ یاساکارییەک، پاڵپشت بەم بریارە یاسایە ئەنجام نەدراوەو هیچ یاسایەکی حکومەتی ناوەندی ئەوسای عیراق، لە هەرێم بەرکار نەکراوە، بەڵام لە دوای دەرچونی دەستووری ساڵی ٢٠٠٥، پەرلەمانی هەرێمی کوردستان، ئەم یاساکارییەی پیادە کردوە. بۆ نمونە یاسای ژمارە(٢٨)ی ساڵی ٢٠٠٧ یاسای جێبەجێکردنی یاسای کۆمپانیاکانی(فیدراڵی) ژمارە(٢١) ی ساڵی ١٩٩٧ لە هەرێمی کوردستان. یان یاسای ژمارە ژمارە(٦)ی ساڵی ٢٠١٨، یاسای بەرکارکردنی یاسای نەهێشتنی بازرگانی بەمرۆڤ ژمارە(٢٨)ی ساڵی ٢٠١٢ لە هەرێمی کوردستان-عیراق، ئەڵبەتە

ڕەنگە پرسیار بکرێت بۆ لە یاسایەکیان کە ساڵی (٢٠٠٧) دەرچوە دەستەواژەی (جێبەجێکردن) بەکار هاتوە، بەڵام لەو یاسایەی کە لەساڵی ٢٠١٨ دەرچووە، دەستەواژەی (بەرکارکردن) بەکارهاتوە، بەرای ئێمە وەڵامەکەی ئەوەیە بەر لە دانانی پەیرەوی ناوخۆی ساڵی٢٠١٨ی پەرلەمانی کوردستان رێک ئەو وشەیان بەکارهێناوە کە لە بڕیاری ژمارە (١١)ی ساڵی ١٩٩٢دا هاتوە کە (جێبەجێکردی یاسایە)، بەڵام لە پەیرەوی ناوخۆی ساڵی٢٠١٨ی پەرلەمان، ماددە(٧٧) دەستەواژەی( بەرکاردنی یاسای) بەکارهێناوە، بۆیە دەبینین لەو بەروارە بەدواوە لە ناونیشانی یاساکاندا (بەرکارکردنی یاسای ئیتیحادی) بەکارهاتوە، بەر لەو بەروارە ناونیشانی یاساکان بەمشێوەبووە (جێبەجێکردنی یاسای ئیتیحادی). لێرەدا گرنگە ئاماژە بە دوو خاڵ بکەین، **یەکەمیان** ئەوەیە ئەم یاسادانانە لە هەرێمی کوردستان تەنها بۆ ئەو یاسا ئیتیحادییانە دەکرێت کە لەدەرەوەی ماددەی(١١٠)ی دەستوور دەرچوێنراون، بە مانایەکی دیکە، هەر یاسایەکی ئیتیحادی پشبەست بە ماددە(١١٠)ی دەستووری عیراقی دەرچوبێت، لە هەرێمی کوردستانیش هەروەک بەشەکانی دیکەی عیراق، ڕاستەوخۆ کاری پێ دەکرێت، و پێویستی بە بەرکارکردن نییە، بۆ نمونە یاسای کارتی نیشتیمانی ژمارە(٣)ی ساڵی ٢٠١٦ کە پاڵپشت بە ماددە(١١٠)ی دەستووری عیراقی دەرچووە، لەکاتی دەرچوونیەوە لە هەرێمی کوردستان بەرکارە بێ ئەوەی یاسای بەرکاربونی بۆ دەربکرێت. خاڵی دووەم ئەوەیە بابەتی بەرکاردنی یاسای ئیتیحادی سەرچاوەی تەنها لە بڕیاری

ژماره(١١)ی ساڵی ١٩٩٢ی پەرلەمانی کوردستان وەرگرتووە، دەستووری عیراقی بەهیچ جۆرێک ئاماژەی بەو تایبەتکاری یاسادانانە نەکردوە لە هەرێمی کوردستان، لێرەدا ناکرێت ئاماژە بە رایەکی ئەنجومەنی شورای هەرێم نەکەین کە پێچەوانەی واقیعی کرداری ئەم جۆرە یاسادانانەیە کە پەرلەمانی کوردستان پیادەی دەکات، ئەویش ئەو رایەیە کە لە وەڵامی پرسیارێکی ئەجومەنی وەزیراندا لە ساڵی ٢٠١١ داویەتی، کاتێک ئەنجومەنی وەزیران پرسیاریان ئاراستەکردوون سەبارەت بە رایان بۆ راددەی پێویست بوونی بەرکاردنی یاسا ئیتیحادییەکان لەهەرێم، لەوەڵامدا ئەنجومەنی شورای هەرێمی کوردستان پێی وایە کە ئەگەر هاتوو یاسایەکی ئیتیحادی دەرچوو، لە هەمانکات لەهەرێم یاسایەکی تایبەت نەبوو ئەو بابەتەی رێکخستبێت، ئەوا یاسا ئیتیحادییەکە راستەوخۆ لە هەرێم کاری پێدەکرێت، هەرچەندە لە بوارانەش نەبێت کە ماددەی(١١٠) دەستووری ساڵی ٢٠٠٥ی عیراق ئاماژەی بۆ کردوون[٢٤]، بەڵام پەرلەمان کاری بەو رایەی ئەنجومەنی شورا نەکردووەو هەر یاسایەکی ئیتیحادی لەدەرەوەی ئەو بوارانە بووبێت کە ماددەی (١١٠) ئاماژەی پێکردوون، یاسای بەرکار کردنی بۆ دەرچواندوون، جگە لە چەند یاسایەکی کەم نەبێت لە نێوان ساڵەکانی(٢٠٠٦ تاوەکو ٢٠١٠) کە ئەنجومەنی وەزیران بێ

(٢٤)المبادئ القانونية في قرارات وفتاوى مجلس شورى اقليم كوردستان لعام ٢٠١١، منشورات مجلس شورى اقليم كوردستان- العراق، مطبعة الحاج هاشم، ط١، اربيل ٢٠١٢، ص٨٩-٩١.

گەرانەوە بۆ پەرلەمانی کوردستان بەرکاری کردوون. بۆ نمونە یاسای خانەنشینی یەکگرتووی عیراقی ژمارە(٢٧)یساڵی ٢٠٠٦، بێ ئەوەی پەرلەمانی کوردستان بەرکاری کردبێت ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان کاری بەو یاسایە کردووە.

**ب- هەمواری جێبەجێکردنی یاسای ئیتیحادی:** تایبەتمەندی ئەم جۆرە یاسادانانە لەدوای دەرچونی یاسای بەرێوەبردنی دەوڵەت بۆ قۆناغی راگوزەری بە پەرلەمانی کوردستان درا، کاتێک ماددەی(٥٤) برگەی (ب) رێگە دەدات بە ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستان(هەمواری جێبەجێکردنی ئەو یاسا ئیتیحادییانە بکات، کە لە دەرەوەی بوارەکانی ماددە( ٢٥) و ماددە(٤٣\د)ن[٢٥]. دوای ئەویش دەستووری ساڵی ٢٠٠٥ی عیراقی جەختی لەسەر ئەو تایبەتمەندییە کردەوە بۆ پەرلەمانی کوردستان، کاتێک لە ماددە(١٢١) برگەی(دووەم) ئاماژە بەوەدەکات، دەسەڵاتی هەرێم مافی هەمواری جێبەجێکردنی یاساکانی ئیتیحادی هەیە جگە لەوانەی ماددەی(١١٠)ی دەستوور ئاماژەی بۆکردوون[٢٦]. بەڵام لەرووی کردارییەوە ئەم جۆرەی یاسادانان لە ساڵی ٢٠٠٨ەوە بۆ یەکەمجار پیادەکرا، ئەم جۆرە یاسادانانە لە یاسای ژمارە(٩) یاسای هەمواری پیادەکردنی یاسای بەکرێدانی خانوو بەرە ژمارە (٨٧)ی ساڵی ١٩٧٩ی هەموارکراو لە هەرێمی کوردستان پیادەکرا، لێرەدا پێویستە ئاماژە بە بریارێکی دادگای ئیتیحادی بکەین کە لە ساڵی ٢٠٢٣ سەبارەت بە هەموارێکی جێبەجێکردنی یاسای سزاکانی

---

(٢٥) قانون ادارة الدولة للمرحلة الانتقالية، المادة(٥٤) الفقرة(ب) : فيما يتعلّق بتطبيق القوانين الاتحادية في إقليم كردستان، يسمح للمجلس الوطني الكردستاني بتعديل تنفيذ أيٍّ من تلك القوانين داخل منطقة كردستان، ولكن في ما يتعلّق فقط بالأمور التي ليست مما هو منصوص عليه في المادّة (٢٥) وفي المادّة (٤٣ ـ د) من هذا القانون التي تقع ضمن الاختصاص الحصري للحكومة الاتحادية حصراً.

(٢٦) الدستور العراقي لسنة ٢٠٠٥، المادة(١٢١) الفقرة(ثانيا) : يحق لسلطة الاقليم تعديل تطبيق القانون الاتحادي في الاقليم، في حالة وجود تناقض أو تعارض بين القانون الاتحادي وقانون الاقليم بخصوص مسألةٍ لاتدخل في الاختصاصات الحصرية للسلطات الاتحادية.

عیراقی ساڵی١٩٦٩ لە هەرێمی کوردستان دەریکردووە، دادگای ئیتیحادی لە داوای ژمارە ١٧٨ی\ ئیتیحادی\ ساڵی ٢٠٢٣، بریاریداوە بە نادەستووری بوونی یاسای ژمارە(٤٢)ی ساڵی ٢٠٠٤ ی هەرێمی کوردستان کە تیایدا کارکردنی بە برگە(١)ی ماددە (٤٠٨)ی یاسای سزاکانی عیراقی ساڵی ١٩٦٩، راگرتووە، و لە شوێنی ئەو برگەیە دەقێکی دیکەی داناوە، واتا هەمواری جێبەجێکردنی ئەو برگەیەی کردووە، بە پاساوی ئەوەی هەرێم خۆی خاونی یاسایەکی سزایی تایبەت بەخۆی نییە، لێرەوە هاتووە ئەم تایبەتکاریەی یاسادانانی لە هەرێم، مەرجدار کردووە بە دوو مەرج، یەکەمیان: نابێت ئەو یاسایە هەمواری جێبەجێکردنی بۆ دەکرێت لەو بوارانە بێت کە ماددەی (١١٠) ئاماژەی پێکردوون، ئەمەیان ئاساییەو تا راددەیەک لای یاسادانەری هەرێمی کوردستان و شارەزایانی بواری یاسا زانراوە. دووەمیان: دەبێت هەرێم کاتێک دەست بۆ هەمواری جێبەجێکردنی یاسایەکی ئیتیحادی دەبات، لە هەمانکات یاسایەکی هەرێم بوونی هەبێت و تێکگیر بووبێت لەگەڵ یاسا ئیتیحادییەکە یان پێچەوانەی بێت[٢٧]. ئەم مەرجەیان بە تەواوی جێگەی سەرسورمانی شارەزایانی بواری یاسایە. لە راستیدا ئەم مەرجدارکردنە هەرچەند دەقی برگە دەستوورییەکە وای لێدەخوێندرێتەوە، پێچەوانەی دەقی ماددە(١١٥)ی دەستووری عیراقە کە ئاماژە بۆ ئەوەدەکات لە بوارەکانی دەرەوەی ماددەی(١١٠)ی دەستوور، هەر یاسایەکی هەرێمەکان یان پارێزگا رێکنەخراوەکان لەهەرێمێکدا، پێچەوانەی یاسایەکی ئیتیحادی بوو، کەهەمان بابەتی رێکخستبوو، لە پێشینەیی کارپێکردن بۆ یاسای هەرێمەکانە، کەوابێت لە کاتی بوونی دوو یاسا، یەکی ئیتیحادی و یەکی هەرێم لە کاتی پێجەوانەبوونیان، ئەگەر لە پێشینەیی

---

(٢٧) المحكمة الاتحادية العليا، قرار رقم ١٧٨\ الاتحادية\ ٢٠٢٣، .pdf٢٠٢٣_fed_١٧٨https://www.iraqfsc.iq/krarid/

کارکردن بۆ یاساکەی هەرێم بێت؟ چ پێویست دەکات هەرێمەکان پەنا بەرنە بەر هەمواری جێبەجێکردنی یاسا ئیتیحادییەکە! لە کاتێک ماددەی (١١٥)ی دەستوور راستەوخۆ ئاماژە بەوە دەکات یاسای هەرێمەکە جێبەجێ دەکرێت، هاوکات کورتکردنەوەی ئەوەی لە ماددەی(١١٥) دا هاتووە تەنها تایبەتە بەو بوارانەی کە دەسەڵاتی هاوبەشی ئیتیحادی و هەرێمەکانن واتە ماددە(١١٥) مەبەستی پێی ئەو بوارانەیە کە لە ماددەی(١١٤) بە دەسەڵاتی هاوبەش ناسێنراون، هەڵەیەکی دیکەیە چونکە دەقی ماددەی(١١٥) بەرونی دەڵێت هەر تایبەتمەندییەک لە دەرەوەی تایبەتمەندییە حەسرییەکان بێت، واتە لە دەرەوەی ماددەی (١١٠)بیت، هاوبەشە لە نێوان دەسەڵاتی ئیتیحادی و هەرێمەکان و ئەو تایبەتکارییە دەیگرێتەوە کە لە پێشینەیی کارپێکردن بۆ یاسای هەرێمەکانە نەک یاسای ئیتیحادی. تەنانەت ناساندنی هەر ئیختیساسێک لەدەرەوەی ماددەی(١١٠)ی دەستووری عیراقی بە دەسەڵاتی هاوبەش، ئەمەش شرۆڤەکردنێکر لەجێی خۆی نییەو ئەگەر وابێت ئەو بوارانەی هەرێمەکان تایبەتمەندن با یاسادانان کامانان، بە هەرحاڵ سیاقی تێگەیشتنی دادگای ئیتیحادی لەو تایبەتکاریەی یاسادانان لە هەرێمەکان تەواو پێچەوانەی ماددەی (١١٥) ی دەستووری عیراقییەو پێویستی بە راستکردنەوە یان پاشگەزبوونەوە هەیە لەو بریارەی کە داویەتی.

**٤- هەڵپەساردنی کارکردن با یاساو بریارە یاسا:** لە راستیدا ئەمجۆرە یاسادانانە لە ماددە(٧٧) ی پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمان و لەهیچ دەقێکی یاساییدا ئاماژەی پێنەکراوە، کەچی یەکێکە لە دێرینترین جۆرەکانی یاسادانان لە هەرێمی کوردستان، پەرلەمانی کوردستان لەسەرەتای دروست بوونیەوە پیادەی دەکات و چەندین دەستەواژەی جۆراو جۆری بۆ بەکارهاتووە وەک (راگرتنی کارکردن بە یاسا)، (هەڵپەساردنی کارکردن بە یاسا) ، لەراستییدا روون نییە داخۆ پەرلەمان بۆچی ئەمجۆرە یاسادانانەی ریزبەند نەکردوە لە

ماددە(٧٧)ی پەیرەوی ناوخۆ. لە کاتێکدا ئەویش جۆرێکی سەربەخۆیە لە یاسادانان و لەروی کرداریشەوە پیادەکردنی هەیە، خۆ ئەگەر پاساوەکە ئەوەبێت کە وەک دەرکردنی یاساو بریارە یاسایەو لەگەڵ ئەوجۆرەدا پۆلێن کراوە، دەی خۆ هەمواری یاساو بریارە یاساش، هەر هەمان خەسڵەتی هەیە، بۆچی بە جۆرێکی جیاواز لە یاسادانان  هەژمارکراون، بەرای ئێمە ئەمجۆرەو هەموارکردنی یاساش، هاوبەشن لە خاڵێکدا، ئەویش ئەوەیە مەبەست لە یاسادانانەکە، رێکخستنی بابەتێکی تازە نییە لە هەرێم ، بەڵکو هەردوکیان کارکردنە لەسەر یاسایەک کە هەیەو بەرکارە، جۆری یەکەمیان هەمواری دەکاتەوە، جۆری دووەمیان هەڵیدەوەشێنێتەوە یان کارکردن پێی هەڵدەسپێرێت. هەربۆیە دەشێت وەک دوو جۆری جیاواز لە یاسادانان بونیان هەبێت و پێشنیاردەکەین، لە کاتی هەموارکردنەوەی پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمان، ئەو سەرنجە لە بەرچاو بگیرێت. پیادەکردنیشی لە هەرێمی کوردستان زۆرو زەبەندن، بۆ نمونە یاسای ژمارە(١٠)ی ساڵی ١٩٩٧ یاسای وەستاندنی کار بە یاسای ژمارە(٢)ی ساڵی١٩٩٢(یاسای هەڵبژاردنی سەرکردەی بزاڤی رزگاریخوازی کورد)، یان یاسای ژمارە (٦)ی ساڵی٢٠١٢ یاسای راگرتنی کار کردن بە یاسای بەکرێدانی خانووبەرە ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠٠٨ لە هەرێمی کوردستان ـ عیراق.

# بەشی دووەم

## پێشنیارکردنی پرۆژە یان پێشنیارە یاساو بریارە یاسا

## دەروازە

یاسا بەرکارەکانی هەرێمی کوردستان و پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمان لەچوارچێوەی دەقی چەندین ماددەو برگەدا پرۆسەی پێشنیارکردنی پرۆژە یان پێشنیارە یاساو بریارە یاسایان بۆ پەرلەمانی کوردستان رێکخستوە، بەجۆرێک ماف و تایبەتمەندی پێشنیارکردنی پرۆژە یان پێشنیارە یاساو بریارە یاسایان سنوردارکردوە بەچەند لایەنێکی دیاریکراو، لەپاڵ ئەمەشدا کۆمەڵێک پێوەر، بەمەرج گیراون کەدەبێت لە هەر پرۆژە یان پێشنیارە یاساو بریارە یاسایەکدا هەبێت، تا یارای قەبوڵکردن بێت لە پەرلەمان، و تەنانەت لەروی کاتیشەوە وادەی پێشنیارکردنی پرۆژە یان پێشنیارە یاساو بریارە یاسا کراوە نییەو سنوردار کراوە بە وادەیەکی دیاریکراو. بەمەبەستی رونکردنەوەی هەریەک لەو پرسانەو بەریزبەندی تیشک دەخەینەسەر وردەکاری رێکخستنیان:

# لقی یەکەم

## لایەنی تایبەتمەند بە دەسپێشخەری یاسادانان

هەروەک لەسەرەوە ئاماژەمان پێدا یاسا بەرکارەکان و پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمان تایبەتمەندی پێشنیارکردنی پرۆژە یان پێشنیارە یاساو بریارە یاسایان سنوردارکردوە بە چەند لایەنێکی دیاریکراو ئەوانیش:

**١- سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان :** هەریەکە لە یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ژمارە(١) ساڵی ٢٠٠٥ ی هەموارکراو، هەروەها پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، تایبەتمەندی پێشنیارکردنی پرۆژە یاساو بریارە یاسایان داوە بە سەرۆکایەتی هەرێم لە بوارەکانی تایبەت بە خۆیان[٢٨]. کەواتە دەتوانین بڵێین سەرۆکایەتی هەرێم لەچوارچێوەیەکی سنوردار ئەم تایبەتمەندیە پیادەدەکات.

**٢- ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان:** ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بەپێی یاسای ئەنجومەنی وەزیران ژمارە(٣)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو، و پەیرەوی ناوخۆی ساڵی ٢٠١٨ی هەموارکراوی پەرلەمان، تەنها تایبەتمەندی پێشنیارکردنی

(٢٨)- یاسای سەرۆکایەتی هەرێم ژمارە (١) ساڵی ٢٠٠٥ هەموارکراو ماددەی دەیەم برگەی یەکەم خاڵی(١): پێشنیارکردنی پرۆژەی یاساو بریارەکانی تایبەت بە سەرۆکایەتی هەرێم بۆ پەرلەمانی کوردستان- عیراق.
- پەیرەوی ناوخۆی هەموارکراوی پەرلەمانی کوردستان ساڵی٢٠١٨،ماددەی ٧٨ برگەی یەکەم : ئەو پرۆژە یاساو بریارانەی تایبەتن بە سەرۆکایەتی هەرێم و لە بواری تایبەتمەندی خۆیان پێشکەش دەکرێن.

پرۆژە یاسای هەیە بۆ پەرلەمانی کوردستان [٢٩]، بەڵام چوارچێوەی تایبەتمەندییەکەی فراوانەو جگە لەو بابەتانەی دەکەونە چوارچێوەی دەسەڵاتە حەسرییەکانی حکومەتی ناوەند کە ماددەی ١١٠ی دەستوری عیراقی دیاریکردوون، دەتوانێت لە تەواوی بوارەکانی دیکەدا پرۆژە یاسا پێشنیاربکات بۆ پەرلەمانی کوردستان.

**٣- دەسەڵاتی دادوەری :** دەسەڵاتی دادوەری تازەترین ئەو لایەنانەیە کە لەهەرێمی کوردستان، تایبەتمەندی پێشنیارکردنی پرۆژەی یاسایان پێدراوە، ئەویش دوای دانانی پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستانی ساڵی٢٠١٨، کە بۆ یەکەمجار ئەم تایبەتمەندییە بەخشرایە دەسەڵاتی دادوەری[٣٠]، وتایبەتمەندیەکەشیان سنوردارە بە بواری کاری خۆیان، واتا تەنها دەتوانن لە بواری رێکخستنی کاروباری دەسەڵاتی دادوەری، پرۆژە یاسا پێشنیار بکەن بۆ پەرلەمانی کوردستان.

**٤- دەستەی دەستپاکی هەرێمی کوردستان:** یەکێک لەو دەستە سەربەخۆیانەی لە هەرێمی کوردستان تایبەتمەندی پێشنیارکردنی پرۆژە یاسای پێدراوە لە بواری تایبەت بە کاری خۆیان ، دەستەی دەسپاکییە لە هەرێم، کە بەپێی یاسای دەسپاکی

---

(٢٩) - یاسای ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٣) ساڵی ١٩٩٢ هەموارکراو، ماددەی هەشتەم خاڵی(٢): پێشنیازکردنی پرۆژەی یاساکان و پێشکەشکردنیان بە پەرلەمانی کوردستان- عیراق بۆ بریاردان لەسەریان.

- پەیرەوی ناوخۆی هەموارکراوی پەرلەمانی کوردستان ساڵی٢٠١٨،ماددەی ٧٨ برگەی دووەم : ئەو پرۆژە یاسایانەی لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشکەش دەکرێن.

(٣٠) پەیرەوی ناوخۆی هەموارکراوی پەرلەمانی کوردستان ساڵی٢٠١٨،ماددەی ٧٨ برگەی سێیەم : ئەو پرۆژە یاسایانەی لەلایەن دەسەڵاتی دادوەرییەوە، لەو بابەتانەی پەیوەندیدارن بەخۆیان، پێشکەش دەکرێن.

ژمارە (٣) ساڵی٢٠١١ی هەموارکراو، تایبەتمەندی پێشنیارکردنی پرۆژە یاسای پێبەخشراوە لە بواری کاری خۆیدا[٣١].

**٥- کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی کوردستان:** بەر لە دەرچونی بریاری دادگای ئیتیحادی ژمارە (٨٣) لە ٢٠٢٤/٢/٢١، کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی کوردستان تایبەتمەندی پێشنیارکردنی پرۆژە یاسای تایبەت بە بواری هەڵبژاردنی هەبوو بۆ پەرلەمانی کوردستان[٣٢]، بەڵام لە دوای دەرچونی ئەو بریارە، ئەو تایبەتمەندییە جێگەی مشتومرە، چونکە دەقی برگە دووی بریارەکەی دادگای ئیتیحادی جگە لە بە نادەستوری ناساندنی دارشتنی دەقی برگەی یەکەمی ماددەی شەشەمی دوبارە، لە یاسای هەلبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، کە تیایدا هاتوە کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەلبژاردنەکانی بەغدا شوێنی دەستەی باڵای هەلبژاردنەکانی هەرێم دەگرێتەوە تاوەکو کۆمسیۆنی بالای سەربەخۆی هەلبژاردنەکانی هەرێم پێکدەهێنرێت. جەخت لەوە دەکاتەوە کە کۆمسیۆنی بالای سەربەخۆی هەڵبژاردن لە بەغدا بەتەواوی شوێنی دەستەی باڵای هەڵبژاردن دەگرێتەوە[٣٣]. ئەمەش وا دەکات کۆمسیۆنی باڵای

---

(٣١) - یاسای دەستەی دەسپاکی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣) ساڵی ٢٠١١ی هەموارکراو ماددەی پێنجەم برگەی یازدەیەم: پێشنیارکردنی ئەو پرۆژەی یاسایانەی دەکەونە بواری خۆپاراستن لە گەندەڵی یان روبەروبونەوەی.

- پەیرەوی ناوخۆی هەموارکراوی پەرلەمانی کوردستان ساڵی٢٠١٨،ماددەی ٧٨ برگەی چوارەم : ئەو پرۆژە یاساو بریارانەی لەلایەن دەستە سەربەخۆکان و هەر دامەزراوەیەک کە بەپێی یاسا کارپێکراوەکان مافی هەیە، پێشکەش دەکرێن.

(٣٢) - یاسای کۆمسیۆنی بالای سەربەخۆی هەڵبژاردن و راپرسی ژمارە (٤) ساڵی ٢٠١٤ی هەموارکراو ماددەی حەڤدەیەم: ئەنجومەن مافی ئەوەی هەیە کە پێشنیازی ئەو یاسایانە بکا بۆ پەرلەمان کە پەیوەندیان بە هەڵبژاردنەکان و راپرسیەکان هەیە.

- پەیرەوی ناوخۆی هەموارکراوی پەرلەمانی کوردستان ساڵی٢٠١٩،ماددەی ٧٨ برگەی چوارەم : ئەو پرۆژە یاساو بریارانەی لەلایەن دەستە سەربەخۆکان و هەر دامەزراوەیەک کە بەپێی یاسا کارپێکراوەکان مافی هەیە، پێشکەش دەکرێن.

(٣٣) قرار المحكمة الاتحادية رقم(٨٣) في ٢٠٢٤/٢/٢١ الفقرة ثانيا: عدم دستورية عبارة (بموجب احكام الفقرة ٤ من المادة ٢ من قانون المفوضية العليا المستقلة للانتخابات رقم ١١ لسنة ٢٠٠٧ لحين تشكيل الهيئة العليا المستقلة للانتخابات والاستفتاء لكردستان العراق) الواردة في المادة (السادسة مكرر/

سەربەخۆی هەڵبژاردن لە هەرێمی کوردستان، سەرەکیترین تایبەتمەندی خۆی لەدەست بدات کە سەرپەرشتیکردنی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانەو لەبەرەنجامی ئەوەش تایبەتمەندی پێشنیارکردنی پرۆژە یاساش لەلایەن کۆمسیۆنەوە دەکەوێتە ژێر پرسیارولانیکەم دەبێت پەرلەمانی کوردستان وەڵامی ئەو پرسیارە بداتەوەو پیادەکردنی ئەو تایبەتمەندیەی کۆمسیۆن کارابکاتەوە، ئەگینا لەسایەی ئەو دۆخە یاساییە بریاری دادگای ئیتیحادی لە هەرێم دروستی کردوە، ئەم تایبەتکارییەی کۆمسیۆن یارای پیادەکردن نییە.

**٦- ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان:** پەیرەوی ناوخۆی هەموارکراوی ساڵی ٢٠١٨ تایبەتمەندی پێشنیارکردنی پێشنیازە یاساو بریارە یاسای داوە بە ئەندامانی پەرلەمان، بەجۆرێک (١٠) دە ئەندام پەرلەمان و زیاتر دەتوانن بەیەکەوە پێشنیازە یاسا پێشکەشی پەرلەمانی کوردستان بکەن[٣٤]. ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەم تایبەتمەندییەی ئەندامانی پەرلەمان لەچوارچێوەیەکی دیاریکراودا سنوردار نەکراوە، واتە جگە لەو بوارانەی دەستوری عیراقی بە دەسەڵاتی حەسری ناساندونی لە ماددەی (١١٠) ی دەستوری ساڵی ٢٠٠٥ عیراقی . ئەندامانی پەرلەمان دەتوانن لە تەواوی بوارەکاندا پێشنیازە یاساو بریارە یاسا پێشکەشی پەرلەمانی کوردستان بکەن، جگە لە پێشنیازکردنی یاسای بودجە چونکە پرۆژە یاسای بودجە تەنها لە تایبەتمەندی ئەنجومەنی

---

اولا) من قانون انتخاب برلمان كردستان العراق رقم (١ ) لسنة ١٩٩٢ المعدل ليصبح النص كالاتي: (اولاً- تحل المفوضية العليا المستقلة للانتخابات محل الهيئة العليا لانتخابات برلمان كردستان العراق الواردة في هذا القانون للاشراف على انتخابات البرلمان وادارتها) وعدم دستورية (البند رابعا) من المادة (السادسة مكرر) . https://www.iraqfsc.iq/krarid/83_fed_2023.pdf.

[٣٤] پەیرەوی ناوخۆی هەموارکراوی پەرلەمانی کوردستان ساڵی٢٠١٨ ماددەی ٧٨ برگەی پێنجەم : ئەو پێشنیازی یاسا، یان بریارانەی، کەلانی کەم لەلایەن (١٠) دە ئەندامەوە پێشکەش دەکرێن.

وەزیرانی هەرێمی کوردستانە، کە دەستپێشخەری یاسایی بۆ بکات[٣٥].

---

(٣٥) پەیرەوی ناوخۆی هەموارکراوی پەرلەمانی کوردستان ساڵی٢٠١٨ ماددەی ٩٨ برگەی یەکەم : لەسەر ئەنجومەنی وەزیران پێویستە، لە سەرەتای مانگی تشرینی یەکەمی هەموو ساڵێك و بەر لەساڵی دارایی، بە مەبەستی گفتوگۆ، پڕۆژە بودجە بۆ پەرلەمان بنێرێت.

## لقی دووەم

# پێوەرە بە مەرجگیراوەکانی پرۆژەو پێشنیازە یاساو بریارە یاساکان

پێشنیارکردنی پرۆژەوپێشنیازە یاساو بریار، تایبەتکارییەکی رەهای بێ کۆت و بەندی ئەو کەس و لایەن و دامەزراوانە نییە کە لە لقی یەکەمی ئەم بەشەی توێژەنەوەکەماندا ئاماژەمان پێداون، بەڵکو کۆمەڵێک پێوەر بەمەرج گیراون بۆ رەچاوکردن و پابەندی پێوەیان، بەر لە پێشکەشکردنیان، هەندێک لەو مەرجانە گشتیین و بۆ هەموو لایەیەکیانە،و هەندێکیشیان تایبەتن و پەیوەستن بە کەس و لایەن و دامەزراوەیەک بەدیاریکراوی، هەوڵدەدەین لێرەدا بە وردی بیانخەینەروو:

### یەکەم :
### پێوەرو پێشمەرجە گشتییەکان

کۆمەڵێک مەرج هەن بۆ تێکرای کەس و لایەن و دامەزراوەکان هاوشێوەو وەک یەکن، پێویستە هەمولایەکیان رەچاوی بکەن و پێوەی پابەندبن لە کاتی پێشکەشکردنی پرۆژەوپێشنیازە یاساو بریارە یاسا، ئەوانیش بریتین لە :

١- پرۆژەو پێشنیازە یاساو بریارە یاساکان، نابێت بابەتێکی رێکخستبێت کە لەو بوارانەبێت مادەی (١١٠) دەستوری عیراقی رێکیخستوون[٣٦]، چونکە رێکخستنی ئەو بوارانەی لە مادەە (١١٠)ی

---

[٣٦] دەستوری عیراق ساڵی (٢٠٠٥)،مادەی(١١٠): ئەم دەسەڵاتانەی خوارەوە تایبەتن بە حکومەتی فیدرالیەوە:
یەکەم: ڕەنگڕێژکردنی سیاسەتی دەرەوەو نوێنەرایەتی دبلۆماسیو ئەنجامدانی دانوستان لەسەر پەیماننامەو ڕێکەوتنە نێودەوڵەتیەکان و سیاسەتی قەرزکردن و واژۆکردن لەسەریان و یەکلاکردنەوەو ڕەنگڕێژکردنی سیاسەتە ئابووری و بازرگانیە دەرەکیە سەروەریەکان.
دووەم: دانان و جێبەجێکردنی سیاسەتی ئاسایشی نیشتمانی لەوانەش پێکهێنان و بەڕێوەبردنی هێزێکی چەکدار بەمەبەستی دڵنیابوون لە پاراستن و مسۆگەرکردنی ئاسایشی سنوورەکانی عێراق و

دەستوری عیراقی ئاماژەیان بۆ کراوە، لە بنەرەتەوە لە دەرەوەی تایبەتمەندی یاسادانانی دەسەڵاتی یاسادانانی هەرێمەکانن و تەنها دەسەڵاتی یاسادانانی ئیتیحادی بۆی هەیە یاساکاری لەو بوارانەدا بکات.

٢- پرۆژەوپێشنیازە یاساو بریارە یاساکان نابێت پێچەوان، ماددەکانی هەردوو دەروازەی یەکەم و دووەمی دەستوری عیراقی بێت، ئەوانیش دەروازەی بنەما گشتی و ماف و ئازادییەکانن. چونکە ماددەی (١٣) لە دەستوری عیراقی بە رونی ئاماژەی بەوە کردوە کە نابێت هیج یاساو تەنانەت دەستوری هەرێمەکانیش لە عیراق دەربچێت، پێچەوانەی ئەم دەستورە بێت[٣٧]. ئەوەی پەیوەندی بە دەروازەکانی دیکە هەیە، بەتایبەت دەروازەکانی تایبەت بە رێکخستنی دەسەڵاتەکانی یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەری، ئەوا ماددەی (١٢٠) ی دەستوری عیراقی ئەو تایبەتمەندییەی داوە بە هەرێمەکان لەرێگەی دەستوری هەرێمەکانەوە رێکیبخەن[٣٨].

---

بەرگریکردن لێیان.
سێیەم: ڕەنگڕێژکردنی سیاسەتی دارایی و گومرگ و دەرکردنی دراوو ڕێکخستنی سیاسەتی بازرگانی لەسەر سنووری هەرێم و پارێزگاکانی عێراق و دانانی بودجەی گشتی دەوڵەت و ڕەنگڕێژکردنی سیاسەتی دراوو دامەزراندن و بەڕێوەبردنی بانکێکی ناوەندی.
چوارەم: ڕێکخستنی کاروباری پێوەرو پێوان و کێشان.
پێنجەم: ڕێکخستنی کاروباری ڕەگەزنامەوبەهاوڵاتی بوون (تجنس)و نیشتەجێبوون و مافی پەنابەرێتی سیاسی.
شەشەم: ڕێکخستنی سیاسەتی لەرەلەرەکانی پەخشکردن و پۆستە.
حەوتەم: دانانی پڕۆژەی بودجەی گشتیو وەبەرهێنان.
هەشتەم: پلاندانانی تایبەت بە سیاسەتی ئەو سەرچاوە ئاویانەی لە دەرەوەی عێراقەوە دێن و مسۆگەرکردنی گەیشتنی بڕە ئاوی پێویست بۆ ناو عێراق بەگوێرەی یاساو نەریتە نێودەوڵەتیەکان.
نۆهەم: ئامارو سەرژمێری گشتیی دانیشتوان

(٣٧) دەستوری عیراقساڵی (٢٠٠٥)،مادەی(١٣):
یەکەم: ئەم دەستورە بە یاسای باڵآو هەرە بەرز دادەنرێت لە عێراقداو، پێویستە لە هەموو شوێنێکی عێراقدا پابەندبن پێوەی بە بێ جیاوازی.
دووەم: نابێت یاسایەك دابنرێت پێچەوانەی ئەم دەستورە بێت.

(٣٨) دەستوری عیراق ساڵی (٢٠٠٥)،مادەی(١٢٠):هەرێم دەستوورێك بۆخۆی دادەڕێژێت، هەرەمی دەسەلأتەکانی هەرێم و میکانیزمی بەکارهێنانی ئەو دەسەلأتانە دیاریدەکات بەمەرجێك ناکۆك نەبێت لەگەلَ ئەم دەستوورەدا.

٣- پێشکەشکردنی پرۆژەو پێشنیازە یاساو بریارە یاساکان دەبێت بەزمانی کوردی بێت. بەر لە دەرچونی یاسای زمانە فەرمییەکان ژمارە (٦) ی ساڵی ٢٠١٤، پێشکەشکردنی پرۆژەو پێشنیازە یاساو بریارە یاساکان بەزمانی عەرەبی لەناو هۆڵی پەرلەمان گفتوگۆو دەنگدانییان لەسەر دەکرا، بەڵام دوای دەرچونی ئەم یاسایە، ئیدی هەموو ئەو کەس و لایەن و دامەزراوانە پابەندکران کە پرۆژەوپێشنیازە یاساو بریارە یاساکان بەزمانی کوردی پێشکەش بکەن، چونکە ماددە (٤)ی یاساکە بەرونی ئاماژە بەوەدەکات کە پرۆژە یاساو بریارەکان دەبێت بەزمانی کوردی ئامادە بکرێن و دەربکرێن[٣٩].

٤- بوونی بابەتێکی گشتی، بۆشاییەکی یاسایی یان کەم و کوڕی لە دەقەکانی یاسایەکدا هەبێت، بەجۆرێک پێویست بەوە بکات یاسایەکی تازەی بۆ دابنرێت یان یاسایەکی بەرکاری بۆهەموار بکرێتەوە. ئەگەرچی وەک دەقێکی یاسایی تەنها لە پەیرەوی ناوخۆی هەموارکراوی پەرلەماندا ئاماژە بۆ ئەم پێوەرە کراوە، ئەویش بۆ پێشنیازە یاساو بریارە یاسا دانراوە کە لەلایەن ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشنیار دەکرێت [٤٠]، بەڵام لەراستیدا ئەم مەرجە پێویستییەکی بنەرەتی یاسادانانەو بۆ هەموو کەس و لایەن و دامەزراوەکان هەمان پابەندی هەیە. چونکە ئەگەر لە پرۆسەی یاساکاریدا ئەم پێشمەرجە لەبەرچاو نەگیرێت، ئەوا پاشاگەردانی و ناسەقامگیری یاسایی لە هەرێمدا بەرهەم دێنێت.

٥- لەرووی رواڵەتییەوە پێویستە پرۆژە و پێشنیازە یاساو بریارە یاسا لانیکەمی مەرجە رواڵەتیەکانی رەشنوسێکی یاسا لە خۆ بگرێت، هەرچەندە ئەم مەرجەش لە پەیرەوی ناوخۆی هەموارکراوی

---

(٣٩) یاسای زمانە فەرمییەکان لە هەرێمی کوردستان-عێراق ژمارە(٦) ساڵی ٢٠١٤، ماددەی(٤): پرۆژە یاساو بریارو پەیرەوو رێنماییەکان لە هەرێمدا بەزمانی کوردی ئامادە دەکرێن و دەردەکرێن.

(٤٠) پەیرەوی ناوخۆی هەموارکراوی پەرلەمانی کوردستان ساڵی ٢٠١٨،ماددەی (٧٩) برگەی دووەم خاڵی (١): هەبونی بابەتێکی گشتی، یان بۆشاییەکی یاسایی، یان بونی کەم و کوری لە دەقەکانی یاسایەک یان بریارێک، کە پێویست بێت یاسایەک یان بریارێکی بۆ دەربچێت.

پەرلەمانی کوردستان تەنها بۆ پێشنیازە یاساکە لەلایەن ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەش دەکرێت، بە مەرج گیراوە[٤١]، بەڵام دیسانەوە دوپاتی دەکەینەوە لە راستیدا ئەمە مەرجێکی بنەرەتیە بۆ هەموو ئەو پرۆژەو پێشنیازە یاسایانەی کە پێشکەشی پەرلەمان دەکرێن و ناردنی رەشنوسی پرۆژە یاساکان لەلایەن وەزارەتەکان و ئەنجومەنی وەزیرانەوە بۆ ئەنجومەنی شورای هەرێمی کوردستان بە مەبەستی دارشتن و پێداچونەوەو وردبینی کردنی، باشترین بەڵگەیە لەسەر ئەم بۆچونەمان، مەرجە رواڵەتیەکانیش بریتین لە:

أ- پرۆژە و پێشنیازە یاساو بریارە یاسا پێویستە بەشێوەی ماددەو برگەو خاڵ نوسرابێتەوە.

ب- پرۆژە و پێشنیازە یاساو بریارە یاسا پێویستە ناونیشانی هەبێت بەجۆرێک جیای بکاتەوە لە هەر یاسایەکی دیکەی بەرکار.

ج- پرۆژە و پێشنیازە یاساو بریارە یاسا پێویستە هۆیەکانی دەرچواندن لەخۆ بگرێت، تاوەکو یاسادانەر راددەی پێویستبونی پرۆژە و پێشنیازە یاساو بریارە یاساکە هەڵبسەنگێنێت.

## دووەم:
## پێشمەرجەکانی پەیوەست بە ئەنجومەنی وەزیران

ئەنجومەنی وەزیران لە کاتی پیادەکردنی تایبەتمەندی پێشنیارکردنی پرۆژە یاسا چەند مەرجێکی بۆ دانراوە کە پێویستە پێیانەوە پابەند بێت ئەوانیش بریتین لە:

١- پێویستە پرۆژە یاسا بەر لە پێشنیارکردنی بۆ پەرلەمانی کوردستان لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە، بنێردرێت بۆ ئەنجومەنی

---

(٤١) پەیرەوی ناوخۆی هەموارکراوی پەرلەمانی کوردستان ساڵی ٢٠١٨،ماددەی (٧٩) برگەی یەکەم: پێشنیازی یاساو بریار،پێویستە مەرجە رواڵەتی و بابەتیەکانی پێشنیازە یاساو بریار لەخۆ بگرێت.

شوورای هەرێمی کوردستان بەمەبەستی دارشتن و وردبینی کردن و پێداچونەوەی[٤٢]. رەنگە لەبارەی ئەم پێوەرەوە رای جیاواز هەبێت، هەندێک پێیان وایە ئەم پێوەرە پابەندکار نییە، بەڵام لە هەمواری یەکەمی یاساکە کە لە ساڵی ٢٠٢٢ یاساکاری بۆ کرا، یاسادانەر لە هەموارکردنەوەی ماددەی شەشەمی یاساکەدا، بەرونی بەو ئاراستەیەدا رۆیشتوە، کە پێویستە ئەو پرۆژانەی لە ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشنیار دەکرێن بەر لە ناردنیان بۆ پەرلەمان، بنێردرێن بۆ ئەنجومەنی شورای هەرێمی کوردستان بە مەبەستی دارشتنەوە، وردبینکردن و پێداچونەوەیان[٤٣].

٢- پێویستە پرۆژە یاسا لە دانیشتنی ئەنجومەنی وەزیران و بە دەنگدانی زۆرینەی سادەی ئەندامەکانی پەسند بکرێت، هەروەک لە یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان، هەموارکراوی ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ دا ئاماژەی پێکراوە [٤٤].

---

(٤٢) یاسای ئەنجومەنی شورای هەرێمی کوردستان-عیراق هەموارکراوی ژمارە(١٤) ساڵی ٢٠٠٨، ماددەی حەوتەم برگەی یەکەم :
ئەنجومەن لە بواری یاساکاریدا ئەم ئەرکانەی دەگرێتە ئەستۆ: یەکەم: ئامادەکردن و دارِشتنی پرۆژەی یاساکان لە هەرێمدا و، ئەمەش لەسەر داوای ئەنجومەنی وەزیران یاخود وەزارەتە تایبەتمەندەکان یان لایەنەکانی کە نەبە ستراونەتەوە بە وەزارەت دەبێ.

(٤٣) یاسای هەمواری یەکەمی یاسای ئەنجومەنی شورای هەرێمی کوردستان-عیراق هەموارکراوی ژمارە(١٧) ساڵی ٢٠٢٢، ماددەی چوارەم :
دەقی ماددەی (شەشەم)ی یاساکە هەموار دەکرێتەوە و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە: ئەنجومەن تایبەتمەند دەبێت بە ئەرکەکانی دادوەریی کارگێڕیی، ڕاوێژ و دارِشتن و ئامادەکردن و پێداچوونەوە و ووردبینیکردنی پڕۆژە یاساکان، و دەربڕینی ڕا و بۆچوون لەو پرسە یاساییانەی کە دامەزراوەکانی هەرێم ئاراستەیان دەکەن.

(٤٤) یاسای ئەنجومەنی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان-عیراق هەموارکراوی ژمارە(٣) ساڵی ١٩٩٢، ماددەی هەشتەم برگەی (٢) : ئەنجوومەن خاوەنی ئەم دەسەڵاتانە دەبێت، پێشنیاز کردن و ئامادە کردنی پرۆژە یاساکان و پێشکەش کردنیان بە ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان بۆ بڕیار لەسەر دانیان.
ماددەی دوازدەیەم: گفتو گۆی ئەنجومەن نهێنی دەبێ، بڕیارەکانی بە زۆربەی دەنگ و بە ئامادەبوونی زۆربەی ئەندامانی دەردەکا، ئەگەر ژمارەی دەنگەکان وەك یەك بوون بڕیاری ئەو لایە جێگر دەبێ کە سەرۆکی لەگەڵدا دەبێ، ئاشکرا کردنی بڕیارەکانیشی بە رێ و شوێنێك دەبێت کە خۆی دەستنیشانی دەکا.

٣- نابێت پرۆژە یاساکە لە هەمان خولی گرێدانی پەرلەمان، بەدەنگی ئەندامانی پەرلەمان رەتکرابێتەوە هەروەک لە مادده(٥٣)ی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ژمارە(١)ی ساڵی١٩٩٢ی هەموارکراودا هاتوە[٤٥].

---

[٤٥] یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ژمارە(١) ساڵی ١٩٩٢هەموارکراو،ماددەی(پەنجاو سێیەم): دەسەڵاتی جێبەجێکردن کە لە ئەنجومەن هەڵقوڵاوە، یان دە ئەندام لە ئەندامەکانی بۆیان هەیە پرۆژەکانی یاساکان پێشنیاز بکەن، پرۆژەی یاسایش وتووویژی لەسەر ناکرێ بەر لەوەی لیژنەی تایبەتی و پسپۆر سەیری بکات، هەر پرۆژەیەکیش پەرلەمان رەتی بکاتەوە، لەمیانەی هەمان دەورەی بەستنی پەرلەمان پێشکەش ناکرێتەوە.
ماددەی هەشتەم برگەی (٢) : ئەنجوومەن خاوەنی ئەم دەسەڵاتانە دەبێت: ٢- پێشنیاز کردرن و ئامادە کردنی پرۆژە یاساکان و پێشکەش کردنیان بە ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان بۆ بڕیار لەسەر دانیان.

## سێیەم :
## پێشمەرجەکانی پەیوەست بە ئەندامانی پەرلەمان:

ئەندامانی پەرلەمان لە کاتی پیادەکردنی تایبەتمەندی پێشنیازکردنی پێشنیارە یاسا پێویستە رەچاوی کۆمەڵێک پێوەرو مەرج بکات و پێیانەوە پابەند بێت، ئەوانیش بریتین لە :

١- پێویستە پێشنیازە یاساو بریارە یاسا بە واژوی لانیکەم (١٠) ئەندامی پەرلەمانی کوردستان بۆ پەرلەمان پێشنیارکرابێت[٤٦].

٢- وەرگرتنی رەزامەندی ئەنجومەنی وەزیران سەبارەت بەو پێشنیازە یاسایانەی لێکەوتەی داراییان دەبێت بۆ حکومەت [٤٧].

٣- پێشنیازە یاساو بریارە یاسای پێشکەشکراو، نابێت هەمان ناوەرۆکی پرۆژەو پێشنیازە یاساو بریارە یاسایەکی دیکەی هەبێت، کە لە قۆناغی نوسینی راپۆرت دابێت لەلایەن لیژنەی تایبەتمەندەوە[٤٨].

٤- پێشنیازە یاساو بریارە یاسا پێشکەشکراو نابێت لەهەمان وەرزی یاسادانان لەلایەن ئەندامانی پەرلەمان رەتکرابێتەوە، دوای خوێندنەوەی یەکەم بۆی لە هۆڵی پەرلەمان[٤٩]. بەڵام ئاساییە

---

[٤٦] پەیرەوی ناوخۆی هەموارکراوی پەرلەمانی کوردستانساڵی ٢٠١٨،ماددەی (٧٨) برگەی پێنجەم : ئەو پێشنیازی یاسا، یان بریارانەی، کە لانیکەم لەلایەن (١٠) ئەندامەوە پێشکەش دەکرێن.

[٤٧] پەیرەوی ناوخۆی هەموارکراوی پەرلەمانی کوردستان ساڵی ٢٠١٨،ماددەی (٧٩) برگەی دووەم خاڵی (٢) : ئەگەر بوە مایەی لێکەوتەی دارایی لەسەر حکومەت پێش خوێندنەوەی یەکەم ئاراستەیان دەکرێت بۆ وەرگرتنی رەزامەندی سەبارەت بەو لێکەوتە داراییەی کە لە ئەنجامی دەرچواندنی یاساکە دەکەوێتە ئەستۆیان.

[٤٨] پەیرەوی ناوخۆی هەموارکراوی پەرلەمانی کوردستان ساڵی ٢٠١٨، ماددەی (٨١) برگەی یەکەم : هیچ پرۆژە پێشنیازێك، وەرناگیرێت، ئەگەر هەمان ناوەڕۆکی هەبێت، لەگەڵ پرۆژە پێشنیازێکی تر، کە لەژێر دەستی لیژنەی تایبەتمەند دایە بۆ راپۆرت نووسین.

[٤٩] پەیرەوی ناوخۆی هەموارکراوی پەرلەمانی کوردستان ساڵی ٢٠١٨،ماددەی (٨١) برگەی چوارەم : ئەگەر پێشنیازی یاسا رەتکرایەوە، لە هەمان وەرزی یاسادananda، پێشکەش ناکرێتەوە.

هەمان پێشنیازە یاساو بریار، لە وەرزێکی دیکە و بۆ جارێکی دیکە پێشکەش بە پەرلەمان بکرێتەوە.

٥- پێشکەشکردنی پێشنیازە یاساو بریارە یاسا لە مانگی یەکەمی سەرەتای وەرزەکانی یاسادانان دەبێت، تەنیا لە بارێکدا نەبێت کە دۆخێکی تایبەت بێتە پێشەوە، کە پێویست بکات یاسا یان بریارە یاسایەکی بەپەلەی بۆ دەربچوێندرێت، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان لایەنی تایبەتمەندە بە هەڵسەنگاندنی ئاستی پێویستبون و بەپەلەیی یاساو بریارەکە[٥٠]. لەخولی پێنجەمی پەرلەمان بەهۆی پەتای جیهانی کۆرۆناوە پەرلەمان نەیتوانی لە سەرەتا وەرزی گرێدانی یەکەمی ساڵی دووەمی خولی پێنجەم، دەوامی ئاسایی بکات، ناچاربوو لەرێگەی بریارە یاسایەکەوە، هەڵاوێردکرنێک بۆ تەنها یەکجار لەم ماددەیە بکات، کاتێک رێگەی دا تەنها بۆ یەکجارو لەدەرەوەی ئەو ماوە دیاریکراوە، ئەندامانی پەرلەمان بۆیان هەبێت پێشنیازە یاساو بریارە یاسا پێشنیار بکەن[٥١].

---

(٥٠) پەیرەوی ناوخۆی هەموارکراوی پەرلەمانی کوردستان ساڵی ٢٠١٨،ماددەی (٨٢):لە هەر وەرزێکی یاسادانانداتەنیا لە مانگی یەکەمی وەرزی یاسادانانەدا، ئەندامانی پەرلەمان، دەتوانن پێشنیازی یاسا، پێشکەش بکەن تەنیا لەو حاڵەتەدا نەبێت کە دۆخێکی تایبەت بێتە پێش و پێویستیی بە یاسا، یان بڕیارێکی بەپەلە هەبێت و لەوبارەش دەستەی سەرۆکایەتی هەڵسەنگاندن بۆ پێویستیی و بە پەلەیی یاسا یان بڕیارەکە دەکات.

(٥١) بڕیاری ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠٢٠ ، یەکەم: بەدەر لە حوکمی ماددەی (٨٢) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان - عیراق، ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان، لە رۆژی دەرچوونی ئەم بڕیارەوە، بۆماوەی (٣٠) سی رۆژ، دەتوانن پێشنیازە یاسا و بڕیار پێشکەش بکەن. دووەم: حوکمی خاڵی (یەکەم)ی ئەم بڕیارە، تەنها بۆ وەرزی گرێدانی یەکەم (خولی بەهارە) لە ساڵی دووەمی خولی پێنجەمی هەڵبژاردن و تەنها بۆ یەك جار، جێبەجێدەکرێت. سێیەم: کار بە هیچ دەقێکی پەیڕەوی ناوخۆ ناکرێت کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم بڕیارە ناکۆك بێت. چوارەم: ئەم بڕیارە لە ڕۆژی دەرچوواندنییەوە جێبەجێ دەکرێت و لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) بڵاو دەکرێتەوە.
لەبەر ئەوەی پەرلەمانی کوردستان لەسەرەتای وەرزی گرێدانی یەکەمی ساڵی دووەمی خولی پێنجەم، بەهۆی پەتای جیهانی کۆرۆناوە دەوامی ئاسایی نەکردووە، بۆ ئەوەی نوێنەرانی گەل لە پەرلەمان دەرفەتی یەکسان و گونجاویان لە کاری پەرلەمانی بۆ برەخسێت بۆ پێشکەش کردنی پێشنیازە یاسا و بڕیارەکان، لە پێناو خزمەتی بەرژەوەندی گشتی ئەم بڕیارە پەسەندکرا. بروانە https://legislation.krd/law-detail/?id=4888 .

هەرچی پەیوەندی بە سەرۆکایەتی هەرێم و دەسەڵاتی دادوەری و دەستە سەربەخۆکانەوە هەیە تاکە مەرجی پێشوەختەی پرۆژە یاساکانیان بەر لە خوێندنەوەی یەکەم دوای رەچاوکردن و پابەندبوون بە مەرجە گشتییەکان کە لەسەرەتای ئەم بەشەی توێژینەوەکەمان ئاماژەمان بۆ کردون ئەوەیە، کە دەبێت پرۆژە یاساکە بابەتێک رێکبخات پەیوەست بێت بە دامەزراوەو کاری دامەزراوەکەی خۆیانەوە. بە واتایەکی دیکە تایبەتمەندی ئەوان لە پێشنیارکردنی پرۆژە یاسادا بۆ پەرلەمان سنوردارکراوە بە کاری دامەزراوەکەی خۆیان و ناتوانن لە بواری دیکەدا پرۆژە یاسا پێشکەش بکەن.

# بەشی سێیەم

# خوێندنەوەی یەکەم

## دەروازە

یەکەم قۆناغی پرۆسەی یاساکاری لە نێو پەرلەمانی کوردستان، بریتیە لە ئەنجامدانی خوێندنەوەی یەکەم بۆ پرۆژە یان پێشنییارە یاساو بریارە یاسا. بەداخەوە پەیرەوی ناوخۆ لەهیچ برگەو ماددەیەکیدا پێناسەی نەکردوە مەبەست لە خوێندنەوەی یەکەم چییە، لە کاتێکدا کۆمەڵێک پرۆسەو رێککاری یاسایی لەژێر ئەم ناونیشانەدا کۆبونەتەوە، هیوادارم لە هەمواری ئایندەی پەیرەوی ناوخۆ، پێناسەیەکی ئەم چەمکە یاساییە بکرێت. هەروەک ئاماژەمان پێدا ئەم بەشەی پرۆسەی یاساکاری هەنگاو و وردەکاری زۆر لەخۆ دەگرێت. هەوڵدەدەین بەپێی ریزبەندی هەنگاوو رێکارەکان تیشکیان بخەینەسەر. یەکەم هەنگاو لەم قۆناغە بریتیە لە خستنە بەرنامەی کاری خوێندنەوەی یەکەمی هەر پرۆژە یان پێشنییارە یاساو بریارە یاسایەک. ئەڵبەتە ئەم هەنگاوەش وردەکاری زۆر لە خۆی دەگرێت، بۆ نمونە ئەو لایەنەی لە نێو پەرلەمانی کوردستاندا دەسەڵاتی خستنە بەرنامەی کاری پرۆژە یان پێشنییارە یاساو بریارە یاسای هەیە، جیاوزی رێککارەکانی خستنە بەرنامەی کاری پرۆژە وپێشنیارەیاسا و بریارە یاسا، هەنگاوی دووەم خۆی لە خستنەرووی پرۆژە یان پێشنییارە یاساو بریارە یاسادا دەبینێتەوە، بۆ بەردەوامبوونی پەرلەمان لە ئەنجامدانی پرۆسەی یاساکاری لەسەر پرۆژە یان پێشنیارە یاساو بریارە یاساکە. هەنگاوی سێیەم بریتیە لە ئاراستەکردنی پرۆژە یان پێشنیارە یاساو بریارە یاساکە بۆ لیژنە تایبەتمەندیەکانی پەرلەمانی کوردستان، ئەمەش دوای رەزامەندبوونی ئەندامانی پەرلەمان بۆ بەردەوام بوون، لەسەر پرۆسەی یاساکاری تایبەت بە پرۆژە یان پێشنییارە یاساو بریارە یاساکە.

# لقی یەکەم

## خستنە بەرنامەی کاری

## پرۆژە یان پێشنیازە یاساو بریارە یاسا

هەنگاوی یەکەمی خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژە یان پێشنیارە یاساو بریارە یاسا لە پەرلەمانی کوردستان، بە خستنە بەرنامەی کاری دانیشتنی پەرلەمانی کوردستانی پرۆژە یان پێشنیارە یاساو بریارە یاسا دەست پێدەکات. ئەم هەنگاوەش چەند رێکارێک لەخۆی دەگرێت، هەوڵدەدەین بەپێی ریزبەندی بیانخەینە بەر باس و گفتوگۆ، بەمشێوەی خوارەوە:

سەرەتا پێویستە ئاماژە بەوە بکەین، بەشێوەیەکی گشتی پەیرەوی ناوخۆی هەمووارکراوی پەرلەمانی کوردستان، تایبەتمەندی دانانی بەرنامەی کاری سپاردوە بە دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان، هەروەک لە برگەی یەکەمی ماددەکانی ١٦ و ٤٧ دا جەختی لێکردۆتەوە، کە دەستەی سەرۆکایەتی ئەو لایەنە تایبەتمەندیە بە دانانی بەرنامەی کاری دانیشتنەکانی پەرلەمانی کوردستان[٥٢]. بەڵام ئەم تایبەتمەندییە بۆ دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان رەها نییەو لە هەندێ باری دیاریکراودا لایەنی دیکە هاوبەشی دەکەن لە پیادەکردنیدا، لەوانە:

**١- سەرۆکی پەرلەمان:** بەبێ گەرانەوە بۆ دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان، سەرۆکی پەرلەمان لە بارێکی دیاریکراودا دەتوانێت بانگهێشتی پەرلەمان بکات بۆ دانیشتنی نائاسایی و

(٥٢) پەیرەوی ناوخۆی هەموارکراوی پەرلەمانی کوردستان ساڵی ٢٠١٨، ماددەی ١٦: ئەرک ودەسەڵاتەکانی دەستەی سەرۆکایەتی، دەستەی سەرۆکایەتی ئەم ئەرک و دەسەڵاتانەی هەیە، یەکەم : دانان و رێکخستنی بەرنامەی کاری دانیشتنەکانی پەرلەمان، بەپێی حوکمەکانی ئەم پەیرەوە.
ماددەی ٤٧: یەکەم: دەستەی سەرۆکایەتی بەرنامەی کاری دانیشتنەکانی پەرلەمان دادەنێت.

دانیشـتنەکەش تایبەت دەبێت بەو بابەتەی کە لە بانگهێشـتکردنەکەدا ئاماژەی پێکراوە[٥٣]. بە وردبونەوە لە دەقی ئەم ماددەیەی پەیرەوی ناوخۆی هەموارکراوی پەرلەمان، سەرۆک کاتێک بتوانێت بانگهێشـتی پەرلەمان بۆ دانیشـتنێکی نا ئاسایی بکات سەبارەت بە بابەتێکی دیاریکراو، لەو دانیشـتنەش تەنها ئەو بابەتە گفتوگۆی لەسـەر بکرێت، ئەوە بەو مانایەدێت کە سـەرۆکی پەرلەمان لە بارێکی دیاریکراودا بەشێوەیەکی ناراسـتەوخۆ بوە هاوبەشـی دەسـتەی سـەرۆکایەتی پەرلەمان لە دانانی بەرنامەی دانیشـتنی پەرلەمان.

٢- **ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان:** پەیرەوەی ناوخۆی هەموارکراوی پەرلەمان لە چوار باری جیاوازدا ئەندامانی پەرلەمانی هاوبەشکردوە لەگەڵ دەسـتەی سـەرۆکایەتی پەرلەمان، لە تایبەتمەندی دانانی بەرنامەی کاری دانیشـتنی پەرلەمان، ئەوانیش:

**أ- سێیەکی ئەندامانی پەرلەمان (٣/١)، بۆ ئەنجامدانی دانیشتنی نائاسایی:** ئەندامانی پەرلەمانی کوردسـتان لەرێگەی واژووی سێیەکی ژمارەی ئەندامانی پەرلەمانەوە دەتوانن بانگهێشـتی پەرلەمانی کوردسـتان بکەن بۆ گرێدانی دانیشـتنێکی نا ئاسایی، لەو دانیشـتنەدا تەنها ئەو بابەتە گفتوگۆی لەسـەر دەکرێت کە لە بانگهێشـتکردنەکەدا ئاماژەی بۆ کراوە[٥٤]. هەروەک لە پێشـودا ئاماژەمان بۆ کرد، ئەمەش هاوبەشـی کردنی ئەندامانی پەرلەمان دەگەیەنێت لە تایبەتمەندی سـەرۆکایەتی پەرلەمان، بۆ دیاریکردنی بەرنامەی کاری دانیشـتنەکانی پەرلەمانی کوردسـتان، لە بارو سـنورێکی دیاریکراودا. جێگەی خۆیەتی لێرەدا ئاماژە بە گرفتێکی

---

(٥٣) پەیرەوی ناوخۆی هەموارکراوی پەرلەمانی کوردستان ساڵی ٢٠١٨، ماددەی ٨: سەرۆک یان لانیکەم(٣/١)،سێیەکی ژمارەی ئەندامان دەتوانن، بانگهێشتی دانیشتنی نائاسایی بکەن، دانیشتنەکە، تەنیا بۆ تێروانینی ئەو بابەتە دەبێت کە لە بانگهێشتەکەدا دیاریکراون.

(٥٤) پەیرەوی ناوخۆی هەموارکراوی پەرلەمانی کوردستان ساڵی ٢٠١٨، ماددەی ٨: سەرۆک یان لانیکەم(٣/١)،سێیەکی ژمارەی ئەندامان دەتوانن، بانگهێشتی دانیشتنی نائاسایی بکەن، دانیشتنەکە، تەنیا بۆ تێروانینی ئەو بابەتە دەبێت کە لە بانگهێشتەکەدا دیاریکراون.

کرداری و یاسایی پیادەکردنی ئەو تایبەتمەندییەی ئەندامانی پەرلەمان بکەین، ئەویش ئەوەیە کە لە کاتی پابەند نەبوونی سەرۆکی پەرلەمان بە ئەنجامدانی دانیشتنی نائاسایی لەسەر بانگهێشتی سێیەکی ئەندامانی پەرلەمان، لێکەوتەکانی چی دەبن، لە کاتێکدا کردنەوەی دانیشتنەکانی پەرلەمان، سەرۆکایەتی کردن، کۆتاییپێهێنان، دواخستن و دەستنیشانکردنی کاتی ئەنجامدانیان، لەئەرک و دەسەڵاتەکانی سەرۆکی پەرلەماندایە[٥٥]. بەشێوەیەکی کرداری لەچەند وێستگەیەکی کاری پەرلەمانی لە هەردوو خولی چوارەم و پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان، هەوڵی پیادەکردنی ئەم تایبەتمەندییە دراوە، بەڵام بە هۆی ئەوەی سەرۆکی پەرلەمان ئامادەنەبوە دانیشتنەکە ئەنجامبدات، پیادەکردنی ئەم تایبەتمەندییە ئاستەنگی بۆ دروستبووە، لە بارێکی ئاواشدا، پەیرەوی ناوخۆ رێوشوێنێکی دیارینەکردوە بۆ چارەسەرکردنی ئەو ئاریشەیە، بۆیە تاوەکو ئێستا ئەم تایبەتمەندییەی ئەندامانی پەرلەمان وەک مەرەکەبی سەر کاغەز ماوتەوە، بە ئومێدی ئەوەی لە خولەکانی داهاتوداو لە میانی هەموارکردنەوەی پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمان رێوچارەیەکی بۆ بدۆزرێتەوە.

**ب- (١٠) دە ئەندام پەرلەمان، لە خستنەروی بابەتێک بۆ گفتوگۆ:** پەیرەوی ناوخۆی هەموارکراوی پەرلەمانی کوردستان، ئەو مافەی داوە بە دە ئەندامی پەرلەمان بەیەکەوە، لەرێگەی واژۆکانیانەوە، داوا لە دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بکەن، بابەتێک بخرێتە بەرنامەی کاری پەرلەمان بۆ گفتوگۆ لەسەرکردن، بەمەش جۆرێک لە هاوبەشیان پێدەدات لەگەڵ دەستەی

[٥٥] پەیرەوی ناوخۆی هەموارکراوی پەرلەمانی کوردستان ساڵی ٢٠١٨ ، ماددەی ١٨: ئەرک و دەسەڵاتەکانی سەرۆک، سێیەم : کردنەوەی خول و دانیشتنەکانی پەرلەمان، و سەرۆکایەتیکردنیان، کۆتاییپێهێنانیان و دواخستنییان، دەستنیشانکردنی کاتی ئەنجامدانییان.

سەرۆکایەتی لە تایبەتمەندی دانانی کارنامەی دانیشتنی پەرلەمانی کوردستان[٥٦].

**ج- (٥/١) پێنج یەکی ژمارەی ئەندامان، لە پرساندنی سەرۆک وەزیران:** بارێکی دیکەی هاوبەشی کردنی ئەندامانی پەرلەمان لەگەڵ دەستەی سەرۆکایەتی، لە تایبەتمەندی دانانی بەرنامەی کار، کە پەیرەوی ناوخۆی هەموارکراوی پەرلەمان ئاماژەیپێکردوە، ئەوەیە کە ئەندام پەرلەمانێک، پاڵپشت بە واژوی (٥/١) پێنج یەکی ژمارەی ئەندامان، دەتوانێت داوای دانیشتنی تایبەت بە پرساندنی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بکات[٥٧].

**د- (٦/١) شەش یەکی ژمارەی ئەندامان، لە پرساندنی ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران:** ئەندامێکی پەرلەمانی دەتوانێت، بە پاڵپشی واژوی(٦/١) شەش یەکی ژمارەی ئەندامان، داوای پرساندنی ئەندامێکی ئەنجومەنی وەزیران بکات ئەمەش بارێکی دیکەی هاوبەشی کردنی ئەندامانی پەرلەمان لە تایبەتمەندی دانانی کارنامەی دانیشتنی پەرلەمان لەگەڵ دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان[٥٨].

**ە - (١٠) دە ئەندام، لە زیادکردنی برگەیەک بۆ کارنامەی دانیشتنێکی راگەیەنراو:** لەم بارەیاندا پەیرەوی ناوخۆ، مافی بە (١٠) دە ئەندامی پەرلەمان داوە، کە داوای زیادکردنی بابەتێک بکەن بۆ کارنامەی دانیشتنی پەرلەمان، بەمەرجێک داواکارییەکە (٢٤)

---

(٥٦) پەیرەوی ناوخۆی هەموارکراوی پەرلەمانی کوردستان ساڵی ٢٠١٨، ماددەی ٦٦ برگەی یەکەم: (١٠) دە ئەندام، دەتوانن، داوایەک پێشکەشی دەستەی سەرۆکایەتی بکەن بۆ ئەوەی بابەتێکی گشتی بخرێتەروو، بۆگفتوگۆ، لەنێوان پەرلەمان و حکومەتدا، بۆ بەدیهێنانی بەرژەوەندی گشتی.
(٥٧) پەیرەوی ناوخۆی هەموارکراوی پەرلەمانی کوردستان ساڵی ٢٠١٨، ماددەی ٦٩ برگەی یەکەم: هەر ئەندامێک، بەواژوی (٥/١) پێنج یەکی ژمارەی ئەندامان دەتوانێت داوای پرساندن، لە سەرۆک وەزیران بکات.
(٥٨) پەیرەوی ناوخۆی هەموارکراوی پەرلەمانی کوردستان ساڵی ٢٠١٨، ماددەی ٦٩ برگەی دووەم: هەر ئەندامێک، بەواژوی (٦/١) شەش یەکی ژمارەی ئەندامان دەتوانێت داوای پرساندن، لە ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران بکات.

بیست و چوار کاتژمێر بەر لە وادەی دانیشتنەکە، ئاراستەی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان کرابێت و لە هەمانکات بابەتەکە گشتی و بە پەلە بێت، بەجۆرێک دواخستنی ببێتە هۆی لەدەستدانی گرنگییەکەی[٥٩]. بەڵام پێدانی ئەم تایبەتمەندییە لەروی دارشتنی یاساییەوە کەم و کورتی زۆری تێدایە، سەرەتا دیاری نەکراوە داواکارییەکە ئاراستەی سەرۆک دەکرێت یان دەستەی سەرۆکایەتی. هەرچەند لەرووی کردەییەوە لە خولی پێنجەم، داواکارییەکە ئاراستە دەستەی سەرۆکایەتی دەکرا، پاشان هیچ وردەکارییەکی لەخۆنەگرتوە دەربارەی ئەوەی دەستەی سەرۆکایەتی دەسەڵاتی رەتکردنەوەی داواکارییەکەیان هەیە یاخود نا، خۆ ئەگەر سەرۆکایەتی ئەو مافەی بەخۆیداو داواکارییەکی لەوجۆرەی رەتکردەوە، لێکەوتەکانی ئەو رەتکردنەوەیە چی دەبن، بە ئومێدی ئەوەی لە هەمواری دووەمی پەیرەوی ناوخۆی هەموارکراوی پەرلەمان، لە داهاتوودا ئەم کەم و کورتیانە چارەسەر بکرێن.

**و- یەک ئەندام، بۆ زیادکردنی خستنەروی بیرۆکە لە کارنامەی دانیشتن:** هەر ئەندامێکی پەرلەمان مافی هەیە بەر لە (٤٨) کاتژمێر لە ئەنجامدانی دانیشتنی پەرلەمان، داواکارییەک پێشکەشی دەستەی سەرۆکایەتی بکات بۆ زیادکردنی برگەیەک بۆ بەرنامەی کار، ئەویش بریتیە لە خستنە رووی بیرۆکەیەک، بەو مەرجەی بیرۆکەکە بەشێوەی نوسراوبێت و پەیوەست بێت بەکێشەیەکی گشتی و پێشنیازی چارەسەریش لەخۆ گرتبێت[٦٠].

---

(٥٩) پەیرەوی ناوخۆی هەموارکراوی پەرلەمانی کوردستان ساڵی ٢٠١٨، ماددەی ٤٨ برگەی چوارەم: سەرۆکی فراکسیۆن، یان نوێنەری پێکهاتەیەک، یان لانیکەم (١٠) دە ئەندام، بەر لە (٢٤) بیست و چوار کاتژمێر لەوادەی دانیشتنەکە، دەتوانێت داوای زیادکردنی بەبەتێک بۆ بەرنامەی کار بکات، بابەتەکە گشتی و بە پەلە بێت و دواخستنی ببێتە هۆی لەدەستدانی گرینگی داواکارییەکە.

(٦٠) پەیرەوی ناوخۆی هەموارکراوی پەرلەمانی کوردستان ساڵی ٢٠١٨ ماددەی (٤٩) برگەی یەکەم خاڵی (٢):هەر ئەندامێك، مافی هەیە لە ماوەیەك کە لە (١٠) دە خولەك تێپەڕ نەکات، بیرۆکەیەك بەم مەرجانە بخاتەڕوو:

ئەگەر لە بارەکانی هاوبەشیکردنی ئەندامانی پەرلەمان بۆ هاوبەشیکردنی دەستەی سەرۆکایەتی لە تایبەتمەندی دانانی بەرنامەی کار ورد ببینەوە، دەبینین کۆمەڵێک جیاوازی لە نێوانیاندا هەیە، دەتوانێن جیاوازیەکان لەچەند خاڵێکدا کورتبکەیەنەوە، **جیاوازی یەکەم ، خۆی لە ڕێژەو ژمارەی ئەندامانی پەرلەماندا دەبینێتەوە**، دەبینین لە باری یەکەمدا واژوی (٣/١) سێیەکی ژمارەی ئەندامان و لەباری دووەم و پێنجەمدا تەنها واژوی (١٠) ئەندامی پەرلەمان و لە باری سێیەمدا واژوی (٥/١) پێنج یەکی ژمارەی ئەندامان و لە باری چوارەمدا واژوی(٦/١) شەش یەکی ژمارەی ئەندامان لە باری شەشەمدا واژوی تەنها یەک ئەندامی پەرلەمانی پێویستە. **جیاوازی دووەم**، **خۆی لە ئاسایی بون و نائاسایی بونی دانیشتنی داواکراوی پەرلەماندا دەبینێتەوە**، بەجۆرێک لە باری یەکەمدا داواکاری ئەندامانی پەرلەمان بۆ گرێدانی دانیشتنی نا ئاساییە، بەڵام لە بارەکانی دووەم و سێیەم و چوارەمدا، داواکارییەکە بۆ گرێدانی دانیشتنی ئاسایی پەرلەمانە، هەرچی پەیوەندی بە باری پێنجەم و شەشەمەوە هەیە داواکاریەکە بۆ ئەنجامدانی دانیشتن نییە بەڵکو داواکارییە بۆ زیادکردنی برگەیەکە بۆ کارنامەی دانیشتنێکی ڕاگەیەنراوی پێشوەختە. **جیاوازی سێیەم، خۆی لە لایەنی داوالێکراو بۆ گرێدانی دانیشتنی پەرلەماندا دەبینێتەوە**، لە باری یەکەمدا داواکاری ئەنجامدانی دانیشتن ئاراستەی سەرۆکی پەرلەمان دەکرێت، بەڵام لە بارەکانی دووەم و سێیەم و چوارەم و شەشەمدا داواکارییەکە ئاراستەی دەستەی سەرۆکایەتی دەکرێن، لە باری

---

أ. (٤٨) چل و هەشت کاتژمێر پێش دانیشتنی پەرلەمان، داوایەك پێشکەشی دەستەی سەرۆکایەتی بکات.
ب. بیرۆکەکە نوسراو بێت.
ج. ئەندام بەناوەرۆکی نوسراوەکە پابەند دەبێت.
د. بیرۆکەکە، بەکێشەیەکی گشتییەوە پەیوەست بێت و پێشنیاز و چارەسەری لەخۆگرتبێت.

پێنجەمدا پەیرەوی ناوخۆ ئاماژەی بەوە نەکردوە داواکارییەکە ئاراستەی کێ دەکرێت. **جیاوازی چوارەم، پەیوەندی بە هێزی پابەندکاری داواکاریەکانەوە هەیە**، لەباری یەکەمدا ئەگەرچی ئاماژەمان بۆ ئەوەکرد کە لەرووی کردارییەوە دەقی ماددەکە یارای جێبەجێکردن نییە، ئەگەر سەرۆکی پەرلەمان ژێربار نەبوو بۆ جێبەجێکردنی داواکارییەکە، بەڵام خودی دەقی مادەکە پێمان دەڵێت داواکارییەکە پابەندکارە بۆ سەرۆکی پەرلەمان و پێویستە سەرۆکی پەرلەمان وەک ئەرکی یاسای هەڵبستێت بە جێبەجێکردنی داواکارییەکە، هەرچی تایبەتە بە باری دووەم، پەیرەوی ناوخۆی هەموارکراوی پەرلەمان، دەسەڵاتی پەسندکردن و رەتکردنەوەی داواکارییەکەی داوە بە دەستەی سەرۆکایەتی و ئەگەر دەستەی سەرۆکایەتی داواکەی رەتکردەوە، ئەوا داواکە دەخرێتە بەردەم ئەندامانی پەرلەمان و بە دەنگدان چارەنوسی داواکارییەکە یەکلا دەکرێتەوە[٦١]. لەباری سێیەم و چوارەم، خوێندنەوەی دەقی ماددەکانی پەیرەو، ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن، کە داواکارییەکان بۆ دەستەی سەرۆکایەتی پابەندکارن و دەستەی سەرۆکایەتی دەسەڵاتی رەتکردنەوەی داواکارییەکانی پێنەدراوە، لە باری پێنجەم و شەشەمدا، هیچ ئاماژەیەک بۆ هێزی پابەندکاریی داواکە نەکراوە. **جیاوازی پێنجەم، پەیوەندیدارە بە چوارچێوەی کارنامەی ئەو دانیشتنەی ئەندامانی پەرلەمان داوای گرێدانیان کردوە**، لەباری یەکەمدا، کارنامەی دانیشتنە نا ئاساییەکەی پەرلەمان تەنها تایبەت دەبێت بەو بابەتەی لە بانگهێشکردنەکەدا ئاماژەی بۆ کراوە، بەڵام لە بارەکانی دووەم و سێیەم و چوارەمدا، مەرج نییە کارنامەی دانیشتنەکەی پەرلەمان تەنها ئەو بابەتە لە خۆ بگرێت کە لە داواکاری ئەندامانی پەرلەماندا ئاماژەی پێکراوە، لە باری پێنجەم و شەشەمدا، بەدڵنیاییی بابەتی

---

(٦١) پەیرەوی ناوخۆی هەموارکراوی پەرلەمانی کوردستان ساڵی ٢٠١٨، ماددەی ٦٧ برگەی دووەم: ئەگەر دەستەی سەرۆکایەتی لە خستنەرووی ئەوبابەتە گشتیە بۆ گفتوگۆ رازینەبوو ئەو ئەندامانەی واژۆیانکردوە پێداگریانکرد، بابەتەکە دەخرێتە بەردەم پەرلەمان بۆ یەکلایکردنەوەی.

داواكارییەكە تەنها بابەتی نێو كارنامەی دانیشتنی پەرلەمان نابێت، چونكە لە بنەرەتدا كارنامەی دانیشتنی پەرلەمان پێشوەختە راگەیەنراوەو داواكاریەكە تەنها بۆ زیادكردنی برگەیەكی تازەیە بۆی. **جیاوازی شەشەم، خۆی لە ماوەی دیاریكراو بۆ گرێدانی دانیشتنەكەی پەرلەماندا دەبینێتەوە**، بەجۆرێك لە باری یەكەمدا، هێچ وادەیەك بۆ سەرۆكی پەرلەمان دەستنیشان نەكراوە بۆ گرێدانی كۆبونەوەكە ، لە باری دووەمدا، ماوەی (١٤) رۆژ بۆ دەستەی سەرۆكایەتی دیاریكراوە بۆ گرێدانی كۆبونەوەكە[٦٢]،هەرچی تایبەتە بە باری سێیەم و چوارەم، پەیرەوی ناوخۆ، دەستەواژەی (نزیكترین دانیشتنی) بەكارهێناوە، بۆ ئەوەی دەستەی سەرۆكایەتی تاوەكو بابەتی پرساندنەكە بخاتە بەرنامەی كاری دانیشتنی پەرلەمانەوە[٦٣]، لە باری پێنجەمدا، دانیشتنەكە وادەی دیاریكراوەو تەنها دوای تێپەربوونی (٢٤) بیست و چوار كاتژمێر بەسەر داواكاریەكە، دانیشتنەكە ئەنجام دەدرێت، لە باری شەشەمیشدا، دانیشتنەكە وادەی دیاریكراوەو تەنها دوای تێپەربوونی (٤٨) چل و هەشت كاتژمێر بەسەر داواكاریەكە، دانیشتنەكە ئەنجام دەدرێت.

**٣- سەرۆكی هەرێم:** یەكێكی دیكە لەولایەنانەی هاوبەشی دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان دەكات بەشێوەیەكی ناراستەوخۆ لە دانانی بەرنامەی كاری دانیشتنەكانی پەرلەمان، سەرۆكی هەرێمە. كاتێك پەیرەوی ناوخۆ ئەو تایبەتمەندییەی پێداوە بانگهێشتی پەرلەمان بكات بۆ گرێدانی دانیشتنێكی نا ئاسایی،

---

(٦٢) پەیرەوی ناوخۆی هەمواركراوی پەرلەمانی كوردستان ساڵی ٢٠١٨، ماددەی ٦٦ برگەی سێیەم: دەستەی سەرۆكایەتی دەبێت لە ماوەیەكدا كە لە(١٤) چواردە رۆژ تێپەرنەكات، وادەی ئەو دانیشتنە دیاری بكات.

(٦٣) پەیرەوی ناوخۆی هەمواركراوی پەرلەمانی كوردستان ساڵی ٢٠١٨، ماددەی ٧٠ برگەی چوارەم: دەستەی سەرۆكایەتی پرساندن و وەڵامەكەی، لەبەرنامەی كاری نزیكترین دانیشتنیدا، دادەنێت،ئەگەر وەڵامی پرساندنەكە، لەكاتی دیاریكراودا، نەگەیشتە پەرلەمان ئەوا تەنیا پرساندنەكە، دەكرێتە بابەتی گفتگۆی دانیشتنی تەرخانكراو.

بەرنامەی کاری ئەو دانیشتنەش تەنها ئەو بابەتە دەبێت کە سەرۆکی هەرێمی لە پێناویدا بانگهێشتی پەرلەمان دەکات بۆ کۆبونەوە. کەواتە بەشێوەیەکی ناراستەوخۆ سەرۆکی هەرێم دەبێتە هاوبەشی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان، لە دانانی بەرنامەی کاری دانیشتنەکانی پەرلەمانی کوردستان[٦٤]. لەبارێکی دیکەشدا سەرۆکی هەرێم تایبەتمەندی بانگهێشتکردنی پەرلەمانی بۆ کۆبونەوە پێسپێردراوە، بەڵام پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمان، لەمیانی چەند ماددەو برگەیەکەوە، کارنامەی ئەو دانیشتنەی دیاریکردوە کە سەرۆکی هەرێم بانگهێشتی پەرلەمان دەکات بۆی، ئەویش یەکەم دانیشتنی پەرلەمانە دوای هەڵبژاردنی[٦٥]. بۆیە لەم بارەیاندا سەرۆکی هەرێم نابێتە هاوبەشی دەستەی سەرۆکایەتی لە دانانی بەرنامەی کاری دانیشتنی پەرلەمان.

**٤- سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران:** پەیرەوی ناوخۆی هەموارکراوی پەرلەمانی کوردستان، لەدوو باردا سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی کردۆتە هاوبەش لەگەڵ دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان لە تایبەتمەندی دانانی بەرنامەی کار، **یەکەمیان** تایبەتە بە دانیشتنی نا ئاسایی کاتێک سەرۆکی پەرلەمان لەسەر داوای سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بانهگێشتی پەرلەمان دەکات بۆ گرێدانی دانیشتنێکی نا ئاسایی[٦٦]، **دوهەمیان** دانیشتنی ئاساییە، کاتێک پەیرەوی ناوخۆی هەموارکراوی

(٦٤) پەیرەوی ناوخۆی هەموارکراوی پەرلەمانی کوردستان ساڵی ٢٠١٨، ماددەی ٨ برگەی دووەم : سەرۆک،لەکاتی پێویستدا، لەسەر داوای سەرۆکی هەرێم یان سەرۆک وەزیران، بانگهێشتی دانیشتنێکی نا ئاسایی دەکات.

(٦٥) پەیرەوی ناوخۆی هەموارکراوی پەرلەمانی کوردستان ساڵی ٢٠١٨، ماددەی ٣: پەرلەمان، دانیشتنی یەکەمی خۆی، لەسەر بانگهێشتی سەرۆکی هەرێم، لەماوەی(١٠) ڕۆژدا، لەڕێکەوتی پەسندکردنی ئەنجامە کۆتاییەکانی هەڵبژاردن دەبەستێت. لەکاتی ئاراستەکردنی بانگهێشتنامەکەدا، پەرلەمان بەشێوەیەکی ئاسایی لە کاتژمێر(١٢)ی نیوەڕۆی دوای ماوەی ئاماژەپێکراو، کۆدەبێتەوە.

(٦٦) پەیرەوی ناوخۆی هەموارکراوی پەرلەمانی کوردستان ساڵی ٢٠١٨، ماددەی ٨ برگەی دووەم : سەرۆک،لەکاتی پێویستدا، لەسەر داوای سەرۆکی هەرێم یان سەرۆک وەزیران، بانگهێشتی دانیشتنێکی نا ئاسایی دەکات.

پەرلەمانی کوردستان ئەو مافەی پێداوە، داوا لە پەرلەمانی کوردستان بکات بۆ ئەوەی بابەتێک بۆ گفتوگۆ بە ئامادەبونی خۆی یان یەکێک لە ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران بخاتە بەرنامەی کاری دانیشتنی پەرلەمانەوە[٦٧]. جیاوازی نێوان هەردوو بارەکە لە چوار خاڵدا کۆدەبێتەوە، **خاڵی یەکەم**، **خۆی لە ئاسایی بون و نائاسایی بوونی دانیشتنەکەدا دەبینێتەوە**، بەجۆرێک لە باری یەکەمدا، سەرۆک وەزیران داوای ئەنجامدانی دانیشتنی نائاسایی دەکات، بەڵام لە باری دووەمدا، داواکارییەکەی بۆ خستنە بەرنامەی کاری بابەتێکە بۆ گفتوگۆ، لە کارنامەی دانیشتنێکی ئاسایی پەرلەماندا. **خاڵی دووەم**، **تایبەتە بە چوارچێوەی کارنامەی دانیشتنەکەی پەرلەمان** ، بەجۆرێک لە باری یەکەمدا، سەرۆک وەزیران کە داوای گرێدانی دانیشتنی نا ئاسایی دەکات، ئەوا بەرنامەی کاری دانیشتنەکەی پەرلەمان تەنها بریتی دەبێت لەو بابەتەی کە لە بانگهێشتەکەدا ئاماژەی بۆکراوە، هەرچی باری دووەمە، مەرج نییە کارنامەی دانیشتنەکەی پەرلەمان تەنها ئەو بابەتە لەخۆبگرێت کە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران داوای کردوە گفتوگۆی لەسەر بکرێت. **خاڵی سێیەم**، **پەیوەستە بە لایەنی ئاراستەکردنی داواکەی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**، لە باری یەکەمدا، داوای بانگهێشتی دانیشتنەکەی پەرلەمان، ئاراستەی سەرۆکی پەرلەمان دەکرێت و هەر ئەویش بانگهێشت بۆ دانیشتنەکە دەکات، بەبێ گەرانەوە بۆ دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان، بەڵام لەباری دووەمدا سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران داواکاری خستنە بەرنامەی کاری بابەتێک بۆ گفتوگۆ لە دانیشتنێکی پەرلەمان ئاراستەی دەستەی سەرۆکایەتی دەکات، هەروەک لە مادده ٦٦ برگەی سێیەمی پەیرەوی ناوخۆی هەموارکراوی

[٦٧] پەیرەوی ناوخۆی هەموارکراوی پەرلەمانی کوردستان ساڵی ٢٠١٨، ماددەی ٦٦ برگەی دووەم : سەرۆک وەزیران، دەتوانێت داوا لە پەرلەمان بکات بۆ ئەوەی بابەتێک، بۆگفتوگۆکردن بە ئامادەبونی خۆی خۆی، یان یەکێک لە ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران بخرێتە روو.

پەرلەماندا ئاماژەیپێکراوە[٦٨]. **خاڵی چوارەم، پەیوەندیدارە بە ماوەی دیاریکردنی دانیشتنەکەی پەرلەمانەوە**، لە باری یەکەمدا، پەیرەوی ناوخۆی هەموارکراوی پەرلەمان، هیچ وادەیەکی بۆ سەرۆکی پەرلەمان دیاری نەکردوە، تا وەڵامی داواکارییەکی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بداتەوە، بەڵام لە باری دووەمدا، پەیرەوی ناوخۆی هەموارکراوی پەرلەمان، ماوەی(١٤) رۆژی دیاریکردوە بۆ دەستەی سەرۆکایەتی تا وادەی ئەو دانیشتنە دیاری بکات، کە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران داوی کردوە تا بابەتێک بۆ گفتگۆ لەسەرکردنی بخرێتە بەرنامەی کارییەوە[٦٩].

**٥- سەرۆکی فراکسیۆن:** پەیرەوی ناوخۆی هەموارکراوی پەرلەمان، سەرۆکی فراکسیۆنی لە بارێکدا کردۆتە هاوبەشی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان لە تایبەتمەندی دانانی بەرنامەی کار، بەجۆرێک دەتوانێت (٢٤) بیست و چوار کاتژمێر بەر لە لە وادەی دانیشتنەکە، داوایەک ئاراستەی دەستەی سەرۆکایەتی بکات بۆ زیادکردنی بابەتێک بۆ کارنامەی دانیشتنەکە، بەو مەرجەی بابەتەکە گشتی و بە پەلەبێت و دواخستنی ببێتە هۆی لەدەستدانی گرنگی بابەتەکە[٧٠]. پیادە کردنی ئەم تایبەتمەندییە لەروی دەقی یاساییەوە چەند کەم و کورتییەکی هەیە، **یەکەمیان**، خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کەلە پەیرەودا دیاری نەکراوە داواکارییەکە ئاراستەی کێ دەکات، سەرۆکی پەرلەمان یان دەستەی سەرۆکایەتی؟ **دوهەمیان**، لە پەیرەودا نەهاتوە داوکاری سەرۆکی فراکسیۆن پابەندکارە بۆ ئەو لایەنەی ئاراستەی دەکات، جا سەرۆکی پەرلەمان بێت یان

---

(٦٨) پەیرەوی ناوخۆی هەموارکراوی پەرلەمانی کوردستان ساڵی ٢٠١٨، ماددەی ٦٦ برگەی سێیەم: دەستەی سەرۆکایەتی دەبێت لە ماوەیەکدا کە لە(١٤) چواردە رۆژ تێپەرنەکات، وادەی ئەو دانیشتنە دیاری بکات.

(٦٩) هەمان سەرچاوەی پێشوو.

(٧٠) پەیرەوی ناوخۆی هەموارکراوی پەرلەمانی کوردستان ساڵی ٢٠١٨ ، ماددەی ٤٨ برگەی چوارەم: سەرۆکی فراکسیۆن، یان نوێنەری پێکهاتەیەک، یان لانیکەم (١٠) دە ئەندام، بەر لە (٢٤) بیست و چوار کاتژمێر لەوادەی دانیشتنەکە، دەتوانێت داوای زیادکردنی بابەتێک بۆ بەرنامەی کار بکات، بابەتەکە گشتی و بە پەلە بێت و دواخستنی ببێتە هۆی لەدەستدانی گرینگی داواکارییەکە.

دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان یاخود نا، بەو مانایەی ئەوان لەبەردەم جێبەجێکردنی ئەرکێکی یاساییدا دەبن، بۆ خستنە بەرنامەی داوکاری سەرۆکی فراکسیۆن لە دانیشتنی پەرلەمان، کاتێک مەرجە یاساییەکانی تێدا فەراهەم بوو، یان دەسەڵاتیکی تەقدیرییان هەیەو دەتوانن رەتی بکەنەوە، هەروەک چۆن دەتوانن قەبوڵی بکەن، **سێهەمیان**، لە بارێکدا سەرۆکی پەرلەمان یان دەستەی سەرۆکایەتی ئەو مافەیان بەخۆیاندا لەسایەی نارونی دەقی پەیرەوی ناوخۆ کە دەسەڵاتی رەتکردنەوەی داواکارییەکەیان هەیە، ئایا سەرۆکی فراکسێۆن دەتوانێت پەسندکردن و رەتکردنەوەی داواکارییەکەی بخاتە بەردەم ئەندامانی پەرلەمان بۆ دەنگدان لەسەری. بۆیە دەتوانین بڵێین رێکخستنی ئەم تایبەتمەندییە بۆ سەرۆکی فراکسیۆنی پەرلەمانی لەروی دەقی یاساییەوە کەم و کورتی زۆری تێدایەو پێویستە لە هەموارەکانی داهاتووی پەیرەوی ناوخۆدا رەچاو بکرێت.

**٦- نوێنەری پێکهاتەیەک:** پەیرەوی ناوخۆی هەموارکراوی پەرلەمانی کوردستان هاوشێوەی سەرۆکی فراکسیۆنێکی پەرلەمان، تایبەتمەندی هاوبەشیکردنی دانانی بەرنامەی کاری داوە بە نوێنەری پێکهاتەیەک[٧١]، تەواوی رێکارو مەرجەکانی ئاراستەکردنی داواکاریەکە بۆ زیادکردنی بابەتێک بۆ بەرنامەی کاری دانیشتنێکی پێشوەختە راگەیەنراوی پەرلەمان هاوشێوەی رێکارو مەرجەکانی پێشکەشکردنی داواکاری سەرۆکی فراکسیۆنە کە لە خاڵی پێشودا ئاماژەمان پێکرد بۆیە لێرەدا دوبارەی ناکەینەوە.

**٧- لیژنە تایبەت و هەمیشەییەکانی پەرلەمان:** پەرلەمانی کوردستان بەپێی پەیرەوی ناوخۆی هەموارکراوی پەرلەمانی

(٧١) پەیرەوی ناوخۆی هەموارکراوی پەرلەمانی کوردستان ساڵی ٢٠١٨ ماددەی ٤٨، برگەی چوارەم: سەرۆکی فراکسیۆن، یان نوێنەری پێکهاتەیەک، یان لانیکەم (١٠) دە ئەندام، بەر لە (٢٤) بیست و چوار کاتژمێر لەوادەی دانیشتنەکە، دەتوانێت داوای زیادکردنی بەبەتێک بۆ بەرنامەی کار بکات، بابەتەکە گشتی و بە پەلە بێت و دواخستنی ببێتە هۆی لەدەستدانی گرینگی داواکارییەکە.

کوردستانی ساڵی٢٠١٨، چەندین لیژنەی هەمیشەیی لەخۆ دەگرێت، کە ژمارەیان (١٩) نۆزدە لیژنەیە، هەروەک لە مادده (١٩)ی پەیرەوی ناوخۆدا ئاماژەی بۆ کراوە، هەروەها ماددەی ٤٢ی پەیرەوی ناوخۆ مافی دروستکردنی لیژنەی تایبەتی داوە بە پەرلەمان، لە کاتی گرێدانی وەرزی یاسادانان، دەستەی سەرۆکایەتیش لەدەرەوەی وەرزی گرێدان بۆ بەدواداچون و پشکنین و گەران بەدوای راستی روداوەکان یان هەر بابەتێک. ئەم لیژنە تایبەت و هەمیشەییانە دەتوانن لەماوەی (٤٨) کاتژمێر بەر لە دانیشتنی پەرلەمان داوا لە دەستەی سەرۆکایەتی بکەن گفتوگۆی دیاردەیەک یان روداوێک یان بارێکی گشتی بخرێتە بەرنامەی کارەوە[٧٢].

ئەمەی خستمانەروو پەیوەست بوو بە چۆنیەتی رێکخستن و دانانی بەرنامەی کار، رون بویەوە کە بەشێوەیەکی گشتی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان لایەنی تایبەتمەندی دانان و رێکخستنی بەرنامەی کارەو، لە هەندێک باری تایبەتیشدا تایبەتمەندییەکە گۆراوە بە ئەرک و، لایەنی دیکە هاوبەشی دەکەن لە پیادەکردنیدا، ئێستا کاتی ئەوەیە ئاماژە بەوە بکەین کە دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان چۆن مامەڵە لەگەڵ خستنە بەرنامەی کاری پرۆژە وپێشنیارەیاسا و بریارە یاسادا دەکات ، کاتێک سەرنج لە دەقی ئەو برگەو ماددانەی پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمان دەدەین کە ئەو بابەتەیان رێکخستوە، دەبینین جیاوازی هەیە لە نێوان خستنە بەرنامەی کاری پرۆژە یاساو پێشنیازە یاسادا، بۆیە لێرەدا بەجیا ئاماژە بە هەردوکیان دەکەین و جیاوازییەکانیش دەخەینەروو:

---

(٧٢) پەیرەوی ناوخۆی هەموارکراوی پەرلەمانی کوردستان ساڵی ٢٠١٨ ماددەی ٤٨، برگەی چوارەم: سەرۆکی فراکسیۆن، یان نوێنەری پێکهاتەیەک، یان لانیکەم (١٠) دە ئەندام، بەر لە (٢٤) بیست و چوار کاتژمێر لەوادەی دانیشتنەکە، دەتوانێت داوای زیادکردنی بەبەتێک بۆ بەرنامەی کار بکات، بابەتەکە گشتی و بە پەلە بێت و دواخستنی ببێتە هۆی لەدەستدانی گرینگی داواکارییەکە.

١- **خستنە بەرنامەی کاری پرۆژە یاسا:** پەیرەوی ناوخۆی هەموارکراوی پەرلەمان ساڵی ٢٠١٨، ئاماژەی بەوەکردوە ئەو پرۆژەو یاساو بریارانەی لەلایەن حکومەتەوە ئاراستەی پەرلەمان دەکرێن، راستەوخۆ لە یەکەمین دانیشتنی پەرلەمان، دوای گەیشتنیان دەخرێنە بەرنامەی کاری دانیشتنی پەرلەمانەوە[٧٣]. لە میانەی وردبونەوە لە دەقی برگەی یەکەمی ماددەی (٨٣)ی پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمان، بۆمان روندەبێتەوە کە دەستەی سەرۆکایەتی تایبەتمەندییەکەی لە هەمبەر خستنە بارنامەی کاری ئەو پرۆژە یاساو بریارانەی لە حکومەتەوە ئاراستەی پەرلەمان دەکرێن، خۆی لە جێبەجێکردنی ئەرکێکی یاساییدا دەبینێتەوە تا دەسەڵاتێک، چونکە دەقی برگەکە رونە، پێویستە لەسەر دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان، دوای گەیشتنی پرۆژە یاساو بریارەکان راستەوخۆ لەیەکەمین دانیشتندا بیخاتە بەرنامەی کاری دانیشتنی پەرلەمانەوە بۆ خوێندنەوەی یەکەم. بەو مانایەی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان، نەک مافی رەتکردنەوەی پرۆژە یاساکەیان نییە، بەلکو دەبێت لە یەکەمین دانیشتن دوای گەیشتنی بیخەنە بەرنامەی کارەوە، ئەوەی جێگەی سەرنج و تێرامان بێت بەکارهێنانی دەستەواژەی ( حکومەت)ە، کاتێک دەڵێت "ئەو پرۆژەو یاساو بریارانەی لەلایەن حکومەتەوە ئاراستەی پەرلەمان دەکرێن" ، ئایا مەبەست تەنها لەو پرۆژانەیە کە لە ئەنجومەنی وەزیرانەوە ئاراستەی پەرلەمان دەکرێن، یان مەبەست لێی سەرۆکایەتی هەرێم و دەستە سەربەخۆکانیشە، ئەڵبەت دەقی ماددەکە گومان هەڵناگرێت لەوەی، لانیکەم سەرۆکی هەرێمیشی مەبەستە لە پاڵ ئەنجومەنی وەزیران، چونکە لە دەقەکەدا دەڵێ (ئەو پرۆژە یاساو بریارانەی) ئەمەش بەرونی ئاماژەیە بۆ سەرۆکی هەرێم، چونکە

---

[٧٣] پەیرەوی ناوخۆی هەموارکراوی پەرلەمانی کوردستان ساڵی ٢٠١٨ ،ماددەی (٨٣) برگەی یەکەم: ئەو پرۆژە یاساو بریارانەی لەلایەن حکومەت پێشکەش دەکرێن، راستەوخۆ لە یەکەمین دانیشتن دوای گەیشتنیان بە پەرلەمان ، خویندنەوەی یەکەمیان بۆ دەکرێت.

ئەنجومەنی وەزیران تەنها تایبەتمەندی ئاراستەکردنی پرۆژە یاسای هەیە نەک پرۆژە بریار[٧٤]، جگە لە ئەندامانی پەرلەمان، تەنها سەرۆکی هەرێم تایبەتمەندی ئاراستەکردنی پرۆژەی بریارە یاسای بۆ پەرلەمان هەیە[٧٥]، لە دەقەکەشدا دەڵێت (ئەو پرۆژە یاساو بریارانەی لە حکومەتەوە پێشکەش دەکرێن)، بەڵام ئەوەی رون نییەو جێگەی پرسیارە ئەوەیە، ئایا دەستە سەربەخۆکان و ئەنجومەنی دادوەریش دەچنە چوارچێوەی ئەم دەقەوە، چونکە لەماوەی خولی پێنجەمدا، بە کردەیی لایەن هەبوە لەنێو ئەو دامەزراوانەی مافی پێشکەشکردنی پرۆژە یاسایان هەیە بۆ پەرلەمان، جگە لە ئەنجومەنـــی وەزیـــران و سەرۆکی هەرێـــم، لە کاتی پێشنیارکردنی پرۆژەکەیان بۆ پەرلەمان، نەک هەر لە یەکەمین دانیشتن دوای گەیشتنی بۆ پەرلەمان نەخراوەتە بەرنامەی کار، بەڵکو دەستەی سەرۆکایەتی بە درێژایی خولەکە، رەتیکردۆتەوە بیخاتە بەرنامەی کار، لەو سۆنگەیەوە پێمان وایە هێزی پابەندکاری تایبەتمەندی دامەزراوەکانی دیکە لەروی یاساییەوە بۆ دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان، پێویستی بە رونکردنەوەو رێکخستنەوەی زیاتر هەیە.

٢- **خستنە بەرنامەی کاری پێشنیازە یاسا:** سەرەتا دەبێت ئاماژە بەوە بکەین کە دەستەی سەرۆکایەتی تەنها لایەن نییە کە تایبەتمەندی خستنە بەرنامەی کاری پێسنیازە یاساو بریارە یاسای

---

(٧٤) - یاسای ئەنجومەنی وەزیران ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو ماددەی (٨) خاڵی ٢: پێشنیارکردن و ئامادەکردنی پرۆژەی یاساکان و پێشکەشکردنیان بە پەرلەمانی کوردستان- عیراق بۆ بریار لەسەردانیان.

- پەیرەوی ناوخۆی هەموارکراوی پەرلەمانی کوردستان ساڵی ٢٠١٨ ماددەی (٧٨) برگەی دووەم : ئەو پرۆژە یاسایانەی کە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە، پێشکەش دەکرێن.

(٧٥) - یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ساڵی ٢٠٠٥ی هەموارکراو ماددەی (١٠) برگەی یەکەم خاڵی ١: پێشنیارکردنی پرۆژەی یاساو بریارەکانی ، تایبەت بە سەرۆکایەتی هەرێم بۆ پەرلەمانی کوردستان- عیراق.

- پەیرەوی ناوخۆی هەموارکراوی پەرلەمانی کوردستان ساڵی ٢٠١٨ ماددەی (٧٨) برگەی یەکەم : ئەو پرۆژە یاساو بریارانەی تایبەتن بە سەرۆکایەتی هەرێم و لە بواری تایبەتمەندی خۆیان، پێشکەش دەکرێن.

هەبێت، کە لەلایەن (١٠) دە ئەندامی پەرلەمان یان زیاتر پێشنیار کرابێت، بەڵکو لیژنەی یاسایی هاوبەشی دەکات لەو تایبەتمەندییە، بەجۆرێک دەستەی سەرۆکایەتی ناتوانێت راستەوخۆ هیچ پێشنیازە یاساو بریارێک بخاتە بەرنامەی کار، تاوەکو لیژنەی یاسایی تێروانینی بۆ نەکات، بە مەبەستی دڵنیابوون، لە هەبونی تەواوی پێوەرە بە مەرج گیراوەکان، لە هەر پێشنیازە یاساو بریارێک، نەک هەر ئەوەندە بەڵکو ئەنجومەنی وەزیرانیش هاوبەشی دەکات لەو تایبەتمەندییە، ئەگەر هاتوو پێشنیازە یاسا یان بریارەکە، لێکەوتەی دارایی لەسەر حکومەت دروست بکات[٧٦]. سەبارەت بە هێزی پابەندکاری پێشنیازە یاسا، کە لەلایەن (١٠) ئەندام پەرلەمانەوە پێشنیار دەکرێت، ئەوا دەستەی سەرۆکایەتی دەسەڵاتی رەتکردنەوەی هەیە، ئەگەر هاتوو دوای تێروانینی پێشنیازە یاساو بریارەکە بە هەماهەنگی لەگەل لیژنەی یاسایی، بۆیان دەرکەوت یەکێک لەو پێوەرانەی تێدا نییە کە لە ماددەی (٧٩) ی پەیرەوی ناخۆدا ئاماژەیان پێکراوە[٧٧]. بەڵام ئەم دەسەڵاتەی دەستەی سەرۆکایەتی بنبر نییەو ئەگەر ئەو ئەندامانەی پێشنیاری پێشنیازە یاساو بریارەکەیان کردوە، رای دەستەی سەرۆکایەتی و لیژنەی یاساییان لەلا پەسند نەبوو، ئەوا پێشنیازە یاساو بریارەکە دەخرێتە بەردەم ئەندامانی پەرلەمان بۆ

---

[٧٦] پەیرەوی ناوخۆی هەمواركراوی پەرلەمانی كوردستان ساڵی ٢٠١٨ ماددەی ٧٩، برگەی دووەم: لە ماوەی (١٤) رۆژ لە رێكەوتی پێشكەشكردنیەوە، لەلایەن لیژنەی كاروباری یاسایی بە هەماهەنگی لەگەڵ دەستەی سەرۆكایەتی، بریار دەدرێت خوێندنەوەی یەكەمی بۆ بكرێت لەسەر بنەمای گونجاندنی لەگەڵ ئەم پێوەرانەی خوارەدا:

١- هەبوونی بابەتێكی گشتی یان بۆشاییەكی یاسایی، یان بوونی كەم و كوری لە دەقەكانی یاسایەك یان بریارێك، كە پێویست بێت یاسایەك یان بریارێكی بۆ دەربچێت.

٢- ئەگەربووە مایەی لێكەوتەی دارایی لەسەر حكومەت، پێش خوێندنەوەی یەكەم، ئاراستەیان دەكرێت بۆ وەرگرتنی رەزامەندی سەبارەت بەو لێكەوتە داراییەی كە لە ئەنجامی دەرچواندنی یاساكە دەكەوێتە ئەستۆیان.

[٧٧] پەیرەوی ناوخۆی هەمواركراوی پەرلەمانی كوردستان ساڵی ٢٠١٨ لە ماددەی ٩٠ برگەی یەكەمدا هاتووە: دوای تێڕوانینی پێشنیازی یاسا یان بڕیارەكە، لەلایەن دەستەی سەرۆكایەتی و لیژنەی یاساییەوە، ئەگەر دەركەوت یەكێك لەو پێوەرانەی تێدانییە كە لە مادده (٧٩)ی ئەم پەیرەوەدا، هاتووە، رەتدەكرێتەوە و خوێندنەوەی یەكەمی، بۆ ناكرێت.

یەکلاکردنەوەی چارەنوسی[٧٨]. هەرچی پەیوەندی بەکاتی خستنە بەرنامەی کاری پێشنیازە یاساو بریارەوە هەیە، ئەوا پەیرەوی ناوخۆ، ئاماژەی بەوە کردوە کە لیژنەی یاسایی و بە هەماهەنگی دەستەی سەرۆکایەتی، دەبێت لە ماوەی (١٤) رۆژ تیروانینی بۆ بکەن، ئەگەر رەزامەندییان لەسەردا، ئەوا لە یەکەمین دانیشتنی پەرلەمان دوای رەزامەندیدانەکەیان، دەخرێتە بەرنامەی کاری دانیشتنی پەرلەمانەوە[٧٩].

---

(٧٨) پەیرەوی ناوخۆی هەموارکراوی پەرلەمانی کوردستان ساڵی ٢٠١٨ لە ماددەی ٩٠ برگەی دووەم هاتووە: لەکاتێکدا ئەندامانی پەرلەمان، کە پێشنیازی یاسا یان بڕیارەکەیان پێشکەشکردووە، ڕای دەستەی سەرۆکایەتی، و لیژنەی یاسایی بۆیان بڕوا پێهێنەرنەبوو، بابەتەکە دەخرێتە بەردەم پەرلەمان بۆ بریاردان لەسەری.

(٧٩) پەیرەوی ناوخۆی هەموارکراوی پەرلەمانی کوردستان ساڵی ٢٠١٨ لە ماددەی ٩٠ برگەی چوارەمدا هاتووە: کاتێك پرۆژە، یان پێشنیازەکە، لە لایەن دەستەی سەرۆکایەتی و لیژنەی یاساییەوە، رەزامەندی لەسەر دەدرێت، لە یەکەم دانیشتنی دوای رەزامەندییەکە، دەخرێتە بەرنامەی کارەوە.

# لقی دووەم

## خستنەڕوو و ئاراستەکردنی پرۆژەو پێشنیازە یاسا و بریار و بۆ لیژنەکان

لە دوای خستنە بەرنامەی کاری پرۆژەو پێشنیازە یاسا و بریار، هەنگاوی دووەمی خوێندنەوەی یەکەم دەستپێدەکات کە بریتیە لە خستنەرووی ناوەرۆک و پوختەی پرۆژەو پێشنیازە یاسا و بریارەکە بۆ ئەندامانی پەرلەمان و ئاراستەکردنی بۆ لیژنە تایبەتەکان بەمشێوەی خوارەوە:

بەرلەوەی پرۆژەو پێشنیازە یاسا و بریار ئاراستەی لیژنە تایبەتمەندەکان بکرێت پێویستە بۆ ئەندامانی پەرلەمان بخرێتە روو، بەمەبەستی ئاگاداربوونیان لە ناورۆکەکەی و کێن ئەو کەس و لایەن و دامەزراوەی ناردویەتی. لەراستیدا یاساکانی بەرکار لە هەرێمی کوردستان و پەیرەوی ناوخۆی بەرکاری پەرلەمان، خاڵین لە دەقێکی یاسایی کە ئەم رێکارو هەنگاوەی رێکخستبێت، ئەمەش بۆخۆی بە کەم و کورتی یاسادانان دادەنرێت، و پێویستی بە چارەسەر کردن هەیە، بە گەرانەوە بۆ کۆنوسی دانیشتنەکانی پەرلەمان بۆمان دەردەکەوێت لە خوێندنەوەی یەکەمداو لەنێو هۆڵی پەرلەمان، لیژنەی یاسایی تەنها ناونیشانی یاساکەو ناوی ئەو لایەنەی کە ناردویەتی یان ئەو ئەندام پەرلەمانانەی واژویان لەسەرکردوە بە مەبەستی پێشکەشکردنی دەخوێنێتەوە، بێ ئەوەی ناوەرۆکی پرۆژە یان پێشنیازە یاسا و بریارەکە بخوێنێتەوە، تەنانەت دەقێکی یاسایی پابەندکاریشمان نییە بە دانانی وێنەیەکی پرۆژەو پێشنیازە یاسا و بریارەکە لە سندوقی تایبەت بە ئەندامانی پەرلەمان، لە وادەیەکی دیاریکراو بەر لە ئەنجامدانی کۆبونەوەکە، ئەگەرچی بە کردارەکی بەو شێوەیە دەکرێت و وێنەیەکی پرۆژەو پێشنیازە یاسا و بریارەکە هاوپێچی بەرنامەی کاری دانیشتنی پەرلەمان دەکرێت و

٤٨ کاتژمێر بەر لە ئەنجامدانی کۆبونەوەی پەرلەمان، ئەندامانی پەرلەمانی لێ ئاگادار دەکرێتەوە. بۆ نمونە پەرلەمانی کوردستان لە دانیشتنی ژمارە(١١)ی خولی گرێدانی دووەم، ساڵی یەکەمی خولی چوارەم، لە رۆژی چوارشەمە بەرواری ٢٠١٤/١١/١٩، خوێندنەوەی بۆ پرۆژە یاسای (راکێشانی مایە لەرێگەی قەرزکردن لە هەرێمی کوردستان-عێراق) کردوە، کە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە ئاراستەیان کراوە، بەمشێوەیە خوێندنەوەی یەکەمی بۆکراوە:

**" بەرێز سەرۆکی پەرلەمان، پرۆژە یاسای دووەم/ پرۆژە یاسای راکێشانی مایە لەرێگەی قەرزکردن لە هەرێمی کوردستان-عێراق،ئەم پرۆژە یاسایە لە (١٧) ماددەوهۆکارەکانی دەرچواندن پێکهاتووە، لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانی کوردستان لە کۆبونەوەی ئاساییاندا ژمارە (٦) لە رێکەوتی ٢٠١٤/١٠/١٩ پەسندکراوەو ئاراستەی پەرلەمانی کوردستان کراوە، داوا لە بەرێزتان دەکەم ئەم پرۆژە یاسایەش ئاراستەی لیژنە پەیوەندیدارەکان بکرێت ،زۆر سوپاس.**

**سەرۆکی پەرلەمان، زۆر سوپاس، ئەم پرۆژە یاسایەش ئاراستەی لیژنەی کاروباری یاسایی و لیژنەی دارایی و کاروباری ئابوری و وەبەرهێنان و لیژنەی ئەوقاف و کاروباری ئاینی دەکرێت لەگەڵ سەرجەم ئەندامانی پەرلەمان." [٨٠].**

نمونەیەکی دیکەی پێشنیازە یاسایەک کە لەلایەن ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەشکراوە، پەرلەمانی کوردستان، لە دانیشتنی ژمارە (٦)ی ساڵی یەکەم، لە خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان، کە لە رۆژی دووشەمە بەرواری ٢٠٢٠/٠٧/٢٧،

(٨٠) بڵاوکراوەی پرۆتۆکۆلەکانی ساڵی ٢٠١٤ی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (١٠١)، چاپی یەکەم ساڵی ٢٠١٩،ل ١٠١.

ئەنجامدراوە، تیایدا خوێندنەوە بۆ پێشنیازە یاسایەک دەکات، کە لەلایەن ژمارەیەک ئەندامی پەرلەمانی کوردستانەوە پێشکەشکراوە، بەم شێوەیە:

**" بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، پێشنیازی یاسای ڕێکخستنی میدیای ئەلیکترۆنی لە هەرێمی کوردستان-عیراق، لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەشکراوە، ئەم پێشنیازە یاسایە لە (٢٢) مادده پێکهاتووە لەگەڵ هۆیەکانی دەرچواندنی، ناوی ئەندامانی پەرلەمان ئەوانەی کە واژویان لەسەرکردوە(سلمی فاتح،جلال پەرێشان، محسن دۆسکی،گۆران عمر علی، مەم بورهان قانیع، پێشەوا هەورامی، روپاک احمد، گولیزار رشید، ازاد اکرم، لقمان حمەساڵح، ارشد حسێن ژیان طاهر،زیاد جبار، کاروان گەزنەیی، رزگار عیسی سوار، جلال محمدامین، فیصل عباس، شمۆل ئاشتی، عبدالناصر احمد، بهجت علی ابراهیم، سارا دڵشاد، چیا مجید شریف، لیزا فلک الدین کاکەیی، شنۆ اشقی، جمال هەروتەیی، هەژان حسن، زیکری زێباری، هیڤیدار احمد، بختیار شکری، شادی نەوزاد، باڵانبۆ احلد، علی حمەصالح، سۆران عمر، رزگار محمد، شایان کاکەصالح، شیرین امین، یاسین خضر، شاخەوان رؤوف، بەڵێن اسماعیل، مسلم عبداللە،حکمت محمد، حسیبە سعید گەردی، د. زێدان رشید، بژار کۆچەر، گلستان سعید، هێرش سعید، دکتۆرە گەلاوێژ عبید، راهی رەهبەر، رۆژان شەهید حمەرەش، شیرین یونس، سەرکۆ ئازاد گەڵالی، ئاشنا عبداللە، سیروان بابان، دیاری نوری).**

**سەرۆکی پەرلەمان: بەڵێ بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان،لەبەر ئەوەی ئەم پرۆژە یاسایە گرینگەو یەکەمجارە دەچێتە سیستەمی تەشریعی ئێمەوە،جگە لەوەی ئاراستەی لیژنەکانی رۆشنبیری و کاروباری یاسایی**

**و سەرجەم ئەندامانی پەرلەمانی دەکەین،پێویست بە هەندێک ئامەدەکاری هەیە، بۆیە دەبێت سەنتەری توێژینەوەی پەرلەمان رابسپێردرێ بۆ ئەنجامدانی وۆرکشۆپێک، دوای ئەوە راپۆرتەکانی تر دەنوسین، زۆر سوپاس ، بەرێزان لە لیژنەی یاسایی دەتوانن بچنەوە شوێنەکانی خۆتان"[٨١].**

ئەگەرچی لە پەیرەوی ناوخۆی هەموارکراوی هەڵوەشاوەی پەرلەمانی کوردستان ساڵی ١٩٩٢دا، دەقێکی رونمان هەیە ئاماژە بەوە دەکات پێویستە پرۆژە یاساکان دوای گەیشتنیان بە پەرلەمان بەسەر ئەندامان دابەش بکرێت و لە یەکەم دانیشتندا پوختەکەی دەخوێندرێتەوەو بەبێ گفتوگۆکردن رەوانەی لیژنە تایبەتمەندەکان دەکرێت[٨٢]. سەرەرای ئەوەش ئاستی پابەندی سەرۆکایەتییەکانی پەرلەمان لە خولە جیاوازەکان بە دەقی ئەم ماددەیەی پەیرەو چۆنییەک نییەو، بەجۆرێک لە هەندێک خول و لەسایەی هەندێک لە سەرۆکایەتییەکانی پەرلەمان، پەیرەوی ئەم دەقە یاساییە کراوەو لە هەندێکیشیان پێوەی پابەند نەبوون. بۆ نمونە لە خولی دووەمی پەرلەمانی کوردستان تا رادەیەک ئەم مادەیەی پەیرەو وەک خۆی جێبەجێکراوە، ئەگەر سەرنجی دانیشتنی ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٩ بدەین کە لەرۆژی سێشەممە بەرواری٢٠٠٩/٠٣/٣١ لە پەرلەمانی

---

(٨١) بڵاوکراوەی پرۆتۆکۆلەکانی ساڵی ٢٠٢٠ی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (١١٤)، چاپی یەکەم ساڵی ٢٠٢٢،ل ٢٥٠.

(٨٢) پەیرەوی ناوخۆی هەموارکراوی هەڵوەشاوەی پەرلەمانی کوردستان ساڵی ١٩٩٢، لە ماددەی (٧١) برگەی (٢) هاتووە: ئەو پرۆژە یاساو بریارانەی دەگەنە پەرلەمان لەگەڵ لیستی هۆیە پێویستکارەکانی بەسەر ئەندامان دابەش دەکرێت و لە یەکەم دانیشتن پوختەکەی دەخوێندرێتەوە بەبێ گفتوگۆکردن و ئینجا رەوانەی لیژنەی تایبەتمەند دەکرێت. بروانە پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان/عیراق و هەموارکردنەکانی، کۆکردنەوەو ئامادەکردنی عەونی بەزاز جێگری سەرۆکی لیژنەی کاروباری یاسایی لە پەرلەمانی کورستان، هەولێر، چاپخانەی رۆژهەڵات، چاپی یەکەم،٢٠١٣.ل٥١ .

کوردستان ئەنجامدراوە، دەبینین بەمشێوەیە ئەم دەقەیان پیادەکردوە:

**"ئێستا داوا لە لیژنەی یاسایی و لیژنەی ناوخۆ دەکەم کە خاڵی یەکەم لە بەرنامەی کار بخوێننەوە بکەونە باسکردنی(خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژە یاسای هەموارکردنی دووەمی یاسای بەرەنگاربونەوەی جگەرەکێشان لە هەرێمی کوردستان ژمارە(٣١)ی ساڵی ٢٠٠٧)، ئەوە لە حکومەتەوە هاتووە بۆیە بیخوێننەوە بە کوردی و بە عەرەبییەکەی، فەرموو کاک اخر.**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان، یاسای ژمارە ( ) ساڵی ٢٠٠٩، یاسای هەمواری دووەمی یاسای بەرەنگاربونەوەی جگەرەکێشان لەهەرێمی کوردستان-عیراق ژمارە ٣١ی ساڵی ٢٠٠٧، ماددەی یەکەم: برگەی (٢) لە ماددەی (٥) هەموار دەکرێتەوە، و بەوشێوەیە دەخوێندرێتەوە: ٢- ئاگادارکردنەوەیەکی تەندروستی بەیەکێک لە زمانە بیانییەکان بەپیی بەرزەفتکارییەکانی رێکخراوی تەندروستی جیهانی. ماددەی دووەم: پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن. ماددەی سێیەم: ئەم یاسایە لە٢٠٠٩/٠١/١ەوە جێبەجێ دەکرێ و لە رۆژنامەی وەقایعی کوردستان بڵاو دەکرێتەوە.**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان، ئەم پرۆژەیە لەلایەن حکومەتەوە هاتووە ئاراستەی لیژنەی یاسایی و لیژنەی تەندروستی و لیژنەی ناوخۆ و یەکە یەکەی ئەندامان**

**دەکەین بۆ ئەوەی بۆچونی خۆیان تیروانین و راپۆرتی خۆیان حازر بکەن"[٨٣].**

بە سەرنجدان و وردبونەوە لە شێوازی پیادەکردنی ئەم رێککارەی پرۆسەی یاساکاری لە هەرێمی کوردستان و تەنانەت لەروی رێکخستنی یاساییەوە بۆمان دەردەکەوێت، جگە لە زیادکردنی ئەڵقەیەکی بێسود بۆ پرۆسەکە هیچ لێکەوتەیەکی ئەرێنی نییە بۆ پرۆسەی یاساکاری لە هەرێمی کوردستان، چونکە وەک ئاماژەمان پێدا هیچ دەنگدانێک ئەنجام نادرێت بۆ قەبوڵکردن یان رەتکردنەوەی لەرووی مەبدەئیەوە، لە هەمان کات دەقی پرۆژەو پێشنیازە یاسا و بریارەکەش ناخوێندرێتەوە لە ناو هۆڵی پەرلەمان. بابەتەکە سنوردار کراوە لە نێوان دەستەی سەرۆکایەتی و لیژنەی یاسایی. کەوابوو بەرای ئێمە ئەم رێککارە وەک پەیرەوی ناوخۆی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراقی رێکخرابوایە باشترو دروستتر بوو، کاتێک لەبری خوێندنەوەی یەکەم لە ناو هۆڵی ئەنجومەنی نوێنەران، راستەوخۆ دوای بەدەستگەیشتنی پرۆژە یاساکان دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نوێنەران لەلای خۆیەوە پرۆژەکە ئاراستەی لیژنە تایبەتمەندەکانی دەکات بە مەبەستی تاوتوێکردن و دەربرینی بۆچون لەسەریان پێش ئەوەی لە دانیشتنی ئەنجومەنی نوێنەران گفتوگۆیان لەسەر بکرێت[٨٤]. سەرباری ئەوەش لە دانیشتنی ئەنجومەنی نوینەران بەر لە گفتوگۆکردن لەسەری، پرۆژەکە دەخریتە دەنگدانەوە تاوەکوو ئەندامانی ئەنجومەن دەنگبدەن لەسەر پەسند کردن یان رەتکردنەوەی پرۆژە یاساکە لەرووی مەبدەئیەوە، خۆ ئەگەر ئەندامانی ئەنجومەن لە بنەرەتەوە پرۆژەکە رەتبکەنەوە

---

(٨٣) بڵاوکراوەی پرۆتۆکۆلەکانی ساڵی ٢٠٠٩ی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (٥١)، چاپی یەکەم، ساڵی ٢٠٠٩،ل ٢٦١.

(٨٤) پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراقی ساڵی ٢٠٢٢، ماددەی ١٢٩:يحيل رئيس مجلس النواب مشروعات القوانين المقدمة من السلطة التنفيذية الى اللجان المختصة لدراستها وابداء الرأي فيها قبل عرضها على المجلس لمناقشتها على ان يجري ذلك بحضور اللجنة مقدمة للمشروع.

ئەوا پرۆژە یاساکە بە ڕەتکراوە دادەنرێت و گفتووگۆی لەسەر ناکرێت[٨٥].

# بەشی چوارەم

# نوسینی راپۆرت لەلایەن لیژنەی تایبەتمەند

(٨٥) پەیرەوی ناوخۆی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراقی ساڵی ٢٠٢٢، ماددەکانی ١٣٣،١٣٤ (تبدأ المداولة بمناقشة المبادئ والاسس العامة للمشروع اجمالا، فاذا لم يوافق المجلس على المشروع اجمالا باغلبية عدد اعضائه عد ذلك رفضا لمشروع). (ينتقل المجلس بعد الموافقة على المشروع من حيث المبدأ الى مناقشة مواده مادة مادة بعد تلاوة كل منها يؤخذ الرأي في كل مادة على حدة،ثم يؤخذ الرأي على المشروع في مجموعه بعد اكتمال تلاوة المشروع كاملة) .

# دەروازە

بە وردبونەوە لە دەقی یاسا کارپێکراوەکان و پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان رون دەبێتەوە کە قۆناغی نوسینی راپۆت دەربارەی پرۆژەو پێشنیازە یاساو بریارەکان لەلایەن لیژنە تایبەتمەندەکان، لە پرۆسە یاساکاریدا بەشێوەیەکی ورد رێکنەخراوە، ئەوە ئەگەر هەر نەڵێین بە ئەستەم دەقێکی یاسایی دەدۆزیتەوە کە ئەم قۆناغەی رێکخستبێت، جگە لە دیاریکردنی هەندێک وادە بۆ لیژنەکان تا لەو ماوەیەدا راپۆرتی خۆیان بنوسن، بۆیە ئێمە هەوڵدەدەین لە رێگەی کۆنوسی دانیشتنەکانی پەرلەمانی کوردستان و هەندێک دەقی یاسادانانی وڵاتانەوە بەتایبەت عیراق، وردەکارییەکانی ئەو قۆناغەو چۆنیەتی ئامادە کردنی راپۆرتی لیژنە تایبەتمەندەکان لەو بەشەدا بخەینە روو، سەرەتا ئاماژە بەوە دەکەین کامانەن ئەو لیژنانەی تایبەتمەندی نوسینی راپۆرتیان هەیە دواتر وردەکارییەکانی چۆنێەتی نوسینی راپۆرت، و جیاوازی کاری لیژنە تایبەتمەندەکان و لیژنەی کاروباری یاسایی، سەبارەت بە نوسینی راپۆرت، دەربارەی پرۆژەو پێشنیازە یاساو بریارەکان دەخەینەروو.

# لقی یەکەم

# لیژنەی تایبەتمەند بە نوسینی راپۆرت

لە پەرلەمانی کوردستان دوو جۆر لیژنەی کاری پەرلەمانی بوونی هەیە:

**١- لیژنە هەمیشەییەکان:** ئەو لیژنانەن کە لە پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ناویان هاتوەو ئاماژەیان بۆکراوە[٨٦]، لە ماوەی (٢٥) رۆژ دوای کۆتاییهاتنی یەکەم دانیشتنی پەرلەمان بەدەنگی زۆرینەی ئەندامانی پەرلەمان پێکدەهێنرێن[٨٧]. ژمارەی ئەندامەکانیان لە نێوان (٥) تاوەکو(١١) ئەندام دەبێت، واتا نابێت ژمارەی ئەندامەکانی لە(٥) ئەندام کەمتربێت و لە (١١) ئەندامیش زیاتر نەبێت[٨٨]. لیژنە هەمیشەییەکان دەستەیەکی سەرۆکایەتییان هەیە

---

(٨٦) پەیرەوی ناوخۆی هەموارکراوی پەرلەمانی کوردستان ساڵی ٢٠١٨ لە ماددەی ٢٩ دا هاتووە: پەرلەمان، لەم لیژنە هەمیشەییانە پێك دێت:
یەکەم: لیژنەی کاروباری یاسایی. دووەم: لیژنەی دارایی وکاروباری ئابووری. سێیەم: لیژنەی پێشمەرگە . چوارەم: لیژنەی ناوخۆ و ئاسایش و ئەنجومەنە خۆجێییەکان .پێنجەم:لیژنەی کشتوکاڵ و ئاودێری. شەشەم: لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی. حەوتەم:لیژنەی کاروباری تەندروستی و ژینگە و مافی بەکاربەر. هەشتەم:لیژنەی کاروباری شەهیدان و جینۆساید و زیندانیانی سیاسی. نۆیەم:لیژنەی پەیوەندییەکان و ڕەوەندی کوردستانی. دەیەم:لیژنەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم. یازدەم:لیژنەی وزە و سامانە سروشتییەکان و پیشەسازی و بازرگانی. دوازدەم:لیژنەی شارەوانی و گواستنەوە و گەیاندن و گەشتوگوزار. سێزدەم:لیژنەی ئاوەدانکردنەوە و وەبەرهێنان. چواردەم:لیژنەی رۆشنبیری و کۆمەڵگەی مەدەنی و وەرزش و لاوان. پازدەم:لیژنەی دەسپاکی. شازدەم: لیژنەی کاروباری پەرلەمان و سکاڵا. حەڤدەم:لیژنەی ئەوقاف و کاروباری ئایینی. هەژدەم: لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی و داکۆکیکردن لە مافی مرۆڤ. نۆزدەم:لیژنەی داکۆکیکردن لە مافی ئافرەت .

(٨٧) پەیرەوی ناوخۆی هەموارکراوی پەرلەمانی کوردستان ساڵی ٢٠١٨ لە ماددەی ٢٨ برگەی دووەمدا هاتووە: لیژنە هەمیشەییەکان، لە ژمارەیەك ئەندام پێکدێن کە نابێت لە (٥) پێنج ئەندام کەمترو لە (١١) یازدە ئەندام زیاتر بن، کە نوێنەرایەتی فراکسیۆنەکانی ناو پەرلەمان دەکەن بەپێی ڕێژەی نوێنەرایەتیان لە پەرلەمان.

(٨٨) پەیرەوی ناوخۆی هەموارکراوی پەرلەمانی کوردستان ساڵی ٢٠١٨ لە ماددەی ٢٨ برگەی یەکەمدا هاتووە: لیژنە هەمیشەییەکان، لە ماوەی (٢٥) بیست و پێنج ڕۆژدا، لە ڕێکەوتی کۆتایی هاتنی یەکەم دانیشتنی پەرلەمان، بەدەنگی زۆرینەی ئامادەبوانی پەرلەمان، هەڵدەبژێردرێن.

که پێکدێت له سەرۆک و جێگرو بریاردەر، دوای یەک هەفته له دیاریکردنی ئەندامەکانی له نێو خۆیانداو لەسەر بانگهێشتی سەرۆکی پەرلەمان هەڵیاندەبژێرن. فەرمانبەرێکی پەرلەمانیش دەبێت به سکرتێری لیژنه[٨٩]. بۆ گرێدانی کۆبونەوەکانی پێویستی به ئامادەبونی زۆرینەی رەها واتا لانیکەم نیوه زیاتری ئەندامانی لیژنه هەیەو بریارەکانیشی به زۆرینەی ساده واتا نیوه زیاتری ئامادەبوان، دەردەکرێن [٩٠]. ئەم لیژنانه هەریەکەو لەبواری تایبەتمەندی خۆی رۆڵی گرینگ دەبینن له پرۆسەی یاسادانان، لەرێگەی نوسینی راپۆرت دەربارەی پرۆژەو پێشنیازه یاساو بریارەکان. لێرەدا پێویسته سەرنجێک بخەینەروو لەسەر وشەی هەمیشەیی، ئەویش ئەوەیه که ئەم دەستەواژەیه بەو مانایه نایەت که هەرگیز ئەم لیژنانه له ژمارەو پێکهاتەو ناونیشانیان و تایبەتمەندیانەوه گۆرانییان بەسەردا نایەت بۆ هەمیشه، بەڵکو بەپێچەوانەوه له زۆرینەی خولەکانی پەرلەمان ژمارەو ناو وناونیشان و تایبەتمەندییان گۆرانکاری بەسەردا هاتوه، بۆ نمونه له خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان ژمارەیان (٢٢) لیژنەبوو نەک (١٩)لیژنه، وەک ئەوەی له خولی پێنجەمدا بوونیان هەیه. بەڵام بەشیوەیەکی گشتی جگه لەوەی ناویان له پەیرەودا هاتووه جۆرێک له بەردەوامییەتی و سەقامگیریش له

(٨٩) پەیرەوی ناوخۆی هەموارکراوی پەرلەمانی کوردستان ساڵی ٢٠١٨ له ماددەی ٢٨ برگەی یەکەمدا هاتووە: هەر لیژنەیەکی پەرلەمان، لەسەر بانگهێشتی سەرۆك، لەدوای یەك هەفتە، له دیاریکردنی ئەندامەکانی (سەرۆك و جێگر و بڕیاردەر) بۆ خۆی هەڵدەبژێرێت و یەکێك له فەرمانبەرانی پەرلەمان یان زیاتر دەبێت بە سکرتێری لیژنە.

(٩٠) پەیرەوی ناوخۆی هەموارکراوی پەرلەمانی کوردستان ساڵی ٢٠١٨ له ماددەی ٣٠ برگەی چوارەمدا هاتووە: رێژەی یاسایی کۆبوونەوەی لیژنە، بە ئامادەبوونی زۆرینەی ئەندامان، تەواو دەبێت. بڕیارەکان بە زۆرینەی دەنگی ئامادەبوان دەدرێن، لەکاتی یەکسانبوونی دەنگەکاندا، ئەو لایەنەی دەنگی سەرۆکی لیژنە لەگەڵیەتی زۆرینە دەبێت.

بونیاندا هەیەو گۆرینیان پێویستی بە هەموارکردنەوەی پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان هەیە.

**٢- لیژنە تایبەتییەکان:** ئەو لیژنانەن کە لەلایەن پەرلەمانەوە لە وەرزی یاسادانان، یان لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان، لە دەرەوەی وەرزی یاسادانان، دروست دەکرێن، بە مەبەستی ئامادەکردنی راپۆرت سەبارەت بە بابەتێکی دیاریکراو[٩١]. ژمارەی ئەندامەکانی هەر لیژنەیەک جیاوزەو دەوەستێتە سەر ئەو بابەتەی لیژنەکەی بۆ دروستکراوە، بە کۆتاییهاتنی ئەو کارەی لیژنەکەی بۆ دروستکراوە، لیژنەکەش کۆتایی دێت. واتە تەمەنی لیژنەکە وابەستەیە بە کۆتایی هاتنی ئەو کارو بابەتەی لیژنەکەی لەپێناودا دروستکراوە[٩٢]. جگە لە لیژنە تایبەتییەکان، لیژنەی لاوەکیشمان هەیە، کە لەلایەن لیژنە هەمیشەییەکانەوە دروست دەکرێن، کە هەمان سروشتی کاری لیژنە تایبەتییەکانیان هەیەو بۆ باتێکی دیاریکراو دروست دەکرێن و بە کۆتایی هاتنی ئەرکەکەیان لیژنەکە کۆتایی دێت[٩٣]. ئەم جۆرە لە لیژنەکان بەشێوەیەکی راستەوخۆ پەیوەندییەکی ئەو تۆیان نییە بە پرۆسە یاسادانانەوە، بەهیچ شێوەیەک راناسپێردرێن بۆ نوسینی راپۆرت دەربارەی پرۆژە یان

---

(٩١) پەیرەوی ناوخۆی هەموارکراوی پەرلەمانی کوردستان ساڵی ٢٠١٨ لە ماددەی ٤٣ برگەی یەکەم و دووەمیدا هاتووە: (پەرلەمان، لیژنەی کاتی بەمەبەستی ئامادەکردنی ڕاپۆرت، سەبارەت بە بابەتێکی دیاری کراو، لەسەر پێشنیاری دەستەی سەرۆکایەتی، یان (٤/١)ی چواریەکی ژمارەی ئەندامان، بەدەنگی زۆرینەی ئامادەبووان لە کاتی پێویستدا پێکدەهێنێت.). (دەستەی سەرۆکایەتی، لە دەرەوەی وەرزەکانی یاسادانانیدا، دەسەڵاتی پێکهێنانی لیژنەی تایبەتیی هەیە).

(٩٢) پەیرەوی ناوخۆی هەموارکراوی پەرلەمانی کوردستان ساڵی ٢٠١٨ لە ماددەی ٤٦ دا هاتووە: کاری لیژنە تایبەتییەکان، بەکۆتایی هاتنی کاتی دیاریکراو، یان ئەو ئەرکەی پێیان سپێردراوە، کۆتایی دێت.

(٩٣) پەیرەوی ناوخۆی هەموارکراوی پەرلەمانی کوردستان ساڵی ٢٠١٨ لە ماددەی ٣٠ برگەی یەکەمیدا هاتووە: هەر لیژنەیەکی هەمیشەیی لەچوارچێوەی جێبەجێکردنی کارەکانیدا دەتوانێت لەنێو ئەندامەکانیدا لیژنەی لاوەکی پێکبهێنێت، بۆکارێکی دیاریکراو لەسەر پێشنیاری (٣/١)ی سێ یەکی ئەندامانی لیژنە، کاری لیژنە لاوەکیەکان کۆتایی دێت بەکۆتایی هاتنی کارەکە.

پێشنیازە یاساو بڕیار و بەدەر دەبن لەو تایبەتمەندییەی ئێمە لەو بەشەی توێژینەوەکەماندا قسەو باسی لەسەر دەکەین.

# لقی دووەم

# چۆنیەتی نوسینی راپۆرت

هەروەک لە لقی یەکەمی ئەم بەشەدا ئاماژەمان پێدا تەنها لیژنە هەمیشەییەکان تایبەتمەندن بە نوسینی راپۆرت دەربارەی پرۆژە یان پێشنیازە یاساو بریار، هەوڵدەدەین لێرەدا وردەکاری رێککارەکانی نوسینی راپۆرت لەلایەن لیژنە هەمیشەییەکانەوە بخەینە روو، بەمشێوەیە:

**١- رۆڵ و گرینگی راپۆرتی لیژنەکان:** رەنگە لەگەڵ بیستنی وشەی راپۆرت هەمان وێنای راپۆرتی ئاسایی هەر لیژنەیەک لە بیرو هۆشماندا سەربارەت بە راپۆرتی لیژنەکانیش دروستبێت، بەڵام لەراستیدا راپۆرتی لیژنە بەتایبەمەند دیاریکراوەکانی پەرلەمان رۆڵی سەرەکی و گرینگ دەبینن لە پرۆسەی یاساکاریدا لە هەرێمی کوردستان، ئەویش لەدوو روەوە:

**أ-** بەرفراوانی دەسەڵات و تایبەتمەندی لیژنەکان لە پێشنیارکردنی راو بۆچون دەربارەی پرۆژەو پێشنیازە یاساکان، بەجۆرێک دەتوانن لەرێگەی پێشنیارکردنی راو بۆچونەکانیانەوە گۆرانکاری ریشەیی لەسەرلەبەری پرۆژەو پێشنیازە یاساکاندا بێننە ئاراوە. هەر لە ناونیشانی پرۆژەو پێشنیازە یاساکانڕا تادەگات بە هۆکارەکانی دەرچواندن، ئەمەش بە درێژی لە بەشەکانی داهاتوودا رون دەکەینەوە.

**ب-** بە بنەما وەرگرتنی راپۆرتی لیژنە بەتایبەتمەند دیاریکراوەکان لەبری خودی پرۆژەو پێشنیازە یاساکان، لە خوێندنەوەی دووەمدا، لە زۆرینەی هەرە زۆری جارەکاندا ئەگەر نەڵێین هەموو جارەکان، ئەمەش وامان لێدەکات کە بڵێین لە رووی کردارییەوە قۆناغی

دووەمی پرۆسەی یاساکاری لە هەرێم دوای نوسینی راپۆرتی لیژنەکان دەست پێدەکات و بەتایبەت دوای ئەوەی بەدەنگدان ئەندامانی پەرلەمان، راپۆرتی لیژنەکان دەکەنە بنەما بۆ گفتوگۆکردن، و سەرەنجام بەجۆرێک لە جۆرەکان، راو سەرنجی لیژنەکان کە لە راپۆرتەکانیاندا پێشنیاردەکرێن- ئەگەر جیاواز بن- دەبنە شوێنگرەوەی خودی پرۆژەو پێشنیازە یاساکان، وردەکاری و درێژەی ئەم گرنگیەی راپۆرتی لیژنەکان لە بەشەکانی داهاتوی ئەم توێژینەوەیە دەخەینەروو.

**٢- گرێدانی کۆبونەوەی لیژنە بۆ نوسینی راپۆرت :**

پێش ئەوەی باس لە نوسینی راپۆرت بکەین لەلایەن لیژنەی تایبەتمەندەوە، پێویستە ئاماژە بە وردەکاری و رێککارەکانی کۆبونەوەی لیژنە سەبارەت بە راپۆرت نوسین بکەین. چونکە لە هەندێک روەوە جیاوازی هەیە لە کۆبونەوەکانی دیکەی لیژنە، بەگشتی دەتوانین بڵێین، دانیشتنی لیژنە بۆ نوسینی راپۆرت دەربارەی پرۆژە یان پێشنیازە یاساو بریار، لە چوارچێوەی ئەم رێککارانەدا رێکخراون:

**أ-** لیژنە دوای راسپاردنی لەلایەن سەرۆکی پەرلەمانەوە بە نوسینی راپۆرت، دەتوانێت کۆبونەوەی راپۆرت نوسین دەربارەی پرۆژە یان پێشنیازە یاساو بریار ئەنجام بدات. بەو واتایەی لیژنە تاوەکو رانەسپێردرێت بە راپۆرت نوسین لەلای خۆیەوە ناتوانێت کۆبونەوە بۆ ئەم مەبەستە ئەنجام بدات، بە پێچەوانەی کارەکانی دیکەی لیژنە لە بواری چاودێری کارەکانی دەسەڵاتی جێبەجێکردن، کە دەتوانێت لەلای خۆیەوە بێ راسپاردنی لەلایەن هەچ کەس و لایەنێکەوە، بەو کارە هەڵبستێت. بەداخەوە هەروەک لەبەشەکانی پێشودا خستمانەروو، پەیرەوی ناوخۆی هەموارکراوی بەرکاری پەرلەمانی کوردستانی ساڵی ٢٠١٨، دەقێکی تێدا نییە ئەم بابەتەی

ڕێکخستبێت، بە پێچەوانەی پەیرەوی ناوخۆی هەڵوەشاوەی پەرلەمانی کوردستان، کە بەرونی ئەو بابەتەی ڕێکخستبوو[٩٤].

**ب-** وادەی کۆبونەوەی لیژنە بە مەبەستی نوسینی ڕاپۆرت دەربارەی پرۆژە یان پێشنیازە یاساو بڕیار دیاریکراوەو کراوە نییە لەروی کاتەوە، بە پێچەوانەی کۆبونەوەکانی دیکەی لیژنە کە بۆی دیاریکراوە، بەجۆرێک لە باری ئاساییدا لیژنە بەتایبەتمەند دیاریکراوەکان، دەبێت لەماوەی (٢١) ڕۆژ دوای ڕاسپاردنیان لەلایەن سەرۆکی پەرلەمانەوە کۆبونەوەکانی خۆیان بۆ ئەو مەبەستە ئەنجام بدەن، خۆ ئەگەر پەرلەمان بەدەنگدان خەسڵەتی بەپەلەی بەخشییە پرۆژە یان پێشنیازە یاساو بڕیارەکە، ئەوا دەبێت لیژنە لە ماوەی (٧) ڕۆژدا، کۆبونەوەکانی بە مەبەستی ڕاپۆرت نوسین ئەنجام بدات. لە بارێکدا لیژنەی بە تایبەتمەند دیاریکراو نەیتوانی لەو ماوەیەی بۆی دیاریکراوە ڕاپۆرتەکە بنوسێت، دەبێت لە ماوەی (٤) ڕۆژ دوای ئاگادارکردنەوەیان لەلایەن جێگری سەرۆکی پەرلەمانەوە بە ڕاپۆرتێک هۆیەکانی دواکەوتنیان لە ئامادەکردنی ڕاپۆرت ڕون بکەنەوە.

**ج-** کۆبونەوەی لیژنە بۆ نوسینی ڕاپۆرت بە ئامادەبونی زۆرینەی رەهای ئەندامان گرێ دەدرێت. هەر ئەندامێکی دیکەی پەرلەمان لەدەرەوەی لیژنەی بەتایبەتمەند دیاریکراو، دەتوانێت بەشداری کۆبونەوەکە بکات[٩٥]. ڕاوێژکارانی پەرلەمان بەپێی پسپۆری و

---

(٩٤) پەیرەوی ناوخۆی هەمواركراوی هەڵوەشاوەی پەرلەمانی كوردستان ساڵی ١٩٩٢، لە ماددەی (٧١) برگەی (٢) هاتووە: ئەو پرۆژە یاساو بڕیارانەی دەگەنە پەرلەمان لەگەڵ لیستی هۆیە پێویستكارەكانی بەسەر ئەندامان دابەش دەكرێت و لە یەكەم دانیشتن پوختەكەی دەخوێندرێتەوە بەبێ گفتوگۆكردن و ئینجا ڕەوانەی لیژنەی تایبەتمەند دەكرێت. بڕوانە پەیروەی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان/عیراق و هەمواركردنەكانی، كۆكردنەوەو ئامەدەكردنی عەونی بەزاز جێگری سەرۆكی لیژنەی كاروباری یاسایی لە پەرلەمانی كورستان، هەولێر، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، چاپی یەكەم،٢٠١٣، ل٥١.

(٩٥) پەیرەوی ناوخۆی هەمواركراوی پەرلەمانی كوردستان ساڵی ٢٠١٨ لە ماددەی ٣٢ برگەی یەكەمیدا هاتووە: پاش ئاگاداركردنەوەی سەرۆكی لیژنە هەر ئەندامێك دەتوانێت لەكۆبوونەوەی هەر لیژنەیەك ئامادەبێت و ڕاو سەرنجی خۆی پێشكەش بكات بەبێ بوونی مافی دەنگدان.

دابەشکردنیان بەسەر لیژنەکان، ئامادەی کۆبونەوەی لیژنە دەبن[٩٦]، هەروەها لیژنە دەتوانێت داوای ئامادەبونی لایەنی تایبەتمەند، یان هەر کەسێک بکات کە پێی وایە سودی بۆ نوسینی راپۆرتی لیژنە دەبێت، بەڵام جگە لە ئەندامانی لیژنە هیچ کام لەوانەی ئاماژەمان بۆ کردن، مافی دەنگدانیان نییە لەسەر نوسینی رای لیژنە لە راپۆرتەکەدا.

**د-** کۆبونەوەی هاوبەشی لیژنەکان بۆ نوسینی راپۆرت، هەندێک لە پرۆژەو پێسنیازە یاساو بریار لە تایبەتمەندی زیاد لە لیژنەیەکی هەمیشەییە، هەربۆیە سەرۆکی پەرلەمان بەمەبەستی نوسینی راپۆرت دەربارەی، ئاراستەی زیاد لە لیژنەیەکی دەکات، چۆنییەتی نوسینی راپۆرت سەبارەت بە پرۆژەو پێسنیازە یاساو بریارەکان لە پەیرەوی ناوخۆی هەموارکراوی بەرکاری ساڵی ٢٠١٨، بەجۆرێک رێکخراوە کە هەر لیژنەو راپۆرت دەربارەی ئەو بەشەی پەیوەستە بەخۆی ئامادە بکات و پێویست بە کۆبونەوەی هاوبەش ناکات[٩٧]، بەڵام لەراستیدا لە خولی پێنجەمی پەرلەمانیش کە ئەم پەیرەوەی تیا دەرچووە، لەروی کردارەکییەوە کەمتر پەیرەوی لەو شێوازە کراوە، بەڵکو هەر بە شێوازی پێشوو راپۆرت بە هاوبەشی ئامادە دەکرا لەنێوان لیژنە بەتایبەتمەند دیاریکراوەکان. بۆ نمونە پەرلەمانی کوردستان لە خولی پێنجەممداو لەدانیشتنی ژمارە( ١٣)، کە لە رۆژی یەکشەممە بەرواری ٢٠٢٠/٠١/١٢ ئەنجامیداوە، راپۆرتی لیژنە

---

(٩٦) پەیرەوی ناوخۆی هەموارکراوی پەرلەمانی کوردستان ساڵی ٢٠١٨ لە ماددەی ٣٢ برگەی دووەمیدا هاتووە: راوێژکارەکانی پەرلەمان بە پێی پسپۆریی بەشداری کۆبوونەوەی لیژنەکان دەکەن، بەبێ بوونی مافی دەنگدان.

(٩٧) پەیرەوی ناوخۆی هەموارکراوی پەرلەمانی کوردستان ساڵی ٢٠١٨ لە ماددەی ٨٣ برگەی دووەمیدا هاتووە: ئەگەر پرۆژەکە یان پێشنیازەکە لە تایبەتمەندیی زیاتر لە یەك لیژنە بوو، دەستەی سەرۆکایەتی، بەهەماهەنگی، لەگەڵ لیژنەی یاسایی، بریار دەدات بە بەشکردنی پرۆژە یان پێشنیازەکە و ناردنی هەر بەشەو بۆ لیژنەی تایبەتمەند، لیژنەش تەنیا لە سەر ئەو بەشە راپۆرت ئامادە دەکات کە ئاڕاستەی کراوە.

هاوبەشـەكانی بەمجۆرە خسـتۆتەروو**"بەرێز سـەرۆكی پەرلەمان ئەمە دەقی راپۆرتی هەرشەش لیژنەی هاوبەشە، بۆ سەرۆكایەتی پەرلەمان / بابەت راپۆرتی هاوبەش، لیژنەی یاسایی و لیژنەی دارایی و كاروباری ئابوری و لیژنەی كاروباری پەرلەمان و لیژنەی كاروباری پێشمەرگەو لیژنەی ناوخۆو ئاسایش و ئەنجومەنە خۆجێیەكان و لیژنەی كاروباری شەهیدان و جینۆسایدو زیندانیانی سیاسی، رۆژی پێنجشەممە رێكەوتی ٢٠٢٠/٠١/٠٩ كاتژمێر(١١) كۆبونەوەی هاوبەشیان ئەنجامدا"[٩٨].** هەروەها پەرلەمانی كوردسـتان لە خولی چوارەممدا لە دانیشـتنی ژمارە(٨)،كە لە رۆژی سـێشـەممە بەرواری٢٠١٤/١٠/٢٨ ئەنابمدراوە، راپۆرتی لیژنە هاوبەشـەكانی بەمجۆرە خسـتۆتەروو**"بەرێز سـەرۆكی پەرلەمان/ بابەت راپۆرتی هاوبەش سەبارەت بە پرۆژە یاسای زمانە فەرمییەكان لەهەرێمی كوردستان-عیراق، لیژنەی كاروباری یاسایی و رۆشنبیری و راگەیاندن و هونەر و پەروەردەو خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی رۆژی (سێشەممە٢٢ی رەزبەر)ی كوردی بەرامبەر بە(٢٠١٤/١٠/١٤)ی زاینی، كۆبونەوەی ئەنجامدا بۆ تاوتوێ كردنی پرۆژە یاسای (زمانە فەرمییەكان لە هەرێمی كوردستان)، كە لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشكەشكراوە دوای خوێندنەوەی یەكەمی لە دانیشتنی ژمارە (٤) ی رۆژی چوارشەممە بەرواری ٢٠١٤/٠٥/١٤ رەوانەی لیژنەكان كراوە دوای گفتگۆكردن و تاوتۆێ كردن لیژنەكان گەیشتنە ئەم ئەنجامەی خوارەوە"[٩٩].** بەشێوەیەكی گشتی نە لەپەیرەوی ناوخۆی

---

[٩٨] بڵاوكراوەی پرۆتۆكۆلەكانی ساڵی ٢٠٢٠ی پەرلەمانی كوردستان ژمارە (١١٣)، چاپی یەكەم، ساڵی ٢٠٢١،ل ٧٢.

[٩٩] بڵاوكراوەی پرۆتۆكۆلەكانی ساڵی ٢٠١٤ی پەرلەمانی كوردستان ژمارە (١٠٠)، چاپی یەكەم، ساڵی ٢٠١٤،ل ١٠٠.

هەمواركراوى بەركارى ساڵى ٢٠١٨، نە لە پەيرەوى ناوخۆى هەمواركراوى هەڵوەشاوەى ساڵى ١٩٩٢ ڕێككارەكانى ئەنجامدانى ئەو جۆرە كۆبونەوانەو شێوازى بەڕێوەبردنيان و ڕێژەى پێويست بۆ گرێدانيان رونەكراوەتەوە. لەرووى ڕێساى گشتيەوە پەيرەوى ناوخۆى هەمواركراوى بەركارى ساڵى ٢٠١٨، دەقێكى تيايە كە جێگرى سەرۆكى پەرلەمان سەرۆكايەتى كۆبونەوەى هاوبەشى نێوان ليژنە هەميشەييەكان دەكات[١٠٠]. بەڵام لەروى كردارەكييەوە لانيكەم لە بوارى نوسينى راپۆرت دەربارەى پرۆژەو پێسنيازە ياساو بڕيارەكان، لە خولى پێنجەمى پەرلەماندا كۆبونەوە هاوبەشەكان بەمشێوەيە بەڕێوە نەبراون، بەڵكو زۆربەى كات بە سەرۆكايەتى سەرۆكى پەرلەمان كۆبونەوە هاوبەشەكان ئەنجام دەدران، هەرچەندە لە كۆنوسى دانيشتنەكان ئاماژە بەوە نەكراوە، بەڵام ئەگەر بگەرێينەوە بۆ وێبسايتى پەرلەمان چەندين هەواڵ بەردەستن، كە ئاماژە بۆ ئەوە دەكەن سەرۆكى پەرلەمان لە خولى پێنجەمدا، سەرپەرشتى كۆبونەوە هاوبەشەكانى نێوان ليژنە هەميشەييەكانى دەكرد، بە مەبەستى نوسينى راپۆرت دەربارەى پرۆژەو پێشنيازە ياساكان. بۆ نمونە ئەمە هەواڵيكە لە وێبسايتى پەرلەمان، كە تيايداهاتووە **" ئەمڕۆ سێشەممە ٢٠٢٢/٨/٢ ، بەسەرپەرشتيى د. ڕێواز فائق، سەرۆكى پەرلەمانى كوردستان، كۆبوونەوەى هاوبەشى نێوان هەردوو لێژنەى كشتوكاڵ و ئاودێرى و لێژنەى شارەوانى و گواستنەوە و گەياندن و گەشتوگوزار، بەئامادەبوونى سەرۆك و و جێگر و بڕياردەر و ئەندامانى هەردوو لێژنەكە و ڕاوێژكارانى پەرلەمان و نوێنەرانى هەردوو وەزارەتى كشتوكاڵ و سەرچاوەكانى ئاو و وەزارەتى شارەوانى و گەشتوگوزار**

---

(١٠٠) پەيرەوى ناوخۆى هەمواركراوى پەرلەمانى كوردستان ساڵى ٢٠١٨ لە ماددەى ١٩ برگەى چوارەميدا هاتووە: دەسەڵاتەكانى جێگرى يەكەمى سەرۆكى پەرلەمان: سەرۆكايەتيكردنى كۆبوونەوەى هاوبەشى نێوان ليژنە هەميشەييەكان.

**بەڕێوەچوو. لە کۆبوونەوەکەدا گفتوگۆی تێروتەسەل لەبارەی پڕۆژەیاسای ڕێکخستنی مامەڵەکردن لەگەڵ ئاژەڵاندا (یاسای پاراستنی ئاژەڵە ماڵی و بێلانەکان) کرا، هاوکات تاووتوێی سەرجەم مادە و بڕگەکانی نێو پڕۆژەیاساکە کرا. "**[101] سەبارەت بەڕێژەی نیوە زیاتری ئەندامانی لیژنەکانیش لەبەرچاو گیراوە، بەجۆرێک نیوە زیاتری ئەندامانی هەر لیژنەیەک، بەشداری کۆبونەوەی نوسینی راپۆرتی هاوبەش بووە، دەنگدانیش بە زۆرینەی ئەندامانی ئامادەبوی کۆبونەوەی هاوبەش بووە.

**٣- نوسینی راپۆرت لە لیژنە بە تایبەتمەند دیاریکراو:**

چۆنیەتی نوسینی راپۆرت لە پەیرەوی ناوخۆ بە وردی رێکنەخراوە، هەربۆیە لێرەدا هەوڵدەدەین پشتبەست بەو شێوازانەی لەرابردودا پیادەکراوە، کۆمەڵێک بنەماو رێسای گشتی بۆ چۆنیەتی نوسینی راپۆرت دەربارەی پرۆژەو پێسنیازە یاساو بریار هەڵبگۆزین، کە بەشێوەیەکی گشتی خۆیان لە کۆمەڵە رێسایەکی گشتی بۆ نوسینی راپۆرت، چوارچێوە و دەسەڵاتی لیژنە لە نوسینی راپۆرت، کۆت و بەندەکانی تایبەت بە نوسینی راپۆرت و راستاندنی راپۆرت لەلایەن لیژنەی یاساییدا دەبینێتەوە، ئەگەر لیژنەی بە تایبەتمەند دیاریکراو لیژنەی یاسایی لەگەڵدا نەبوو ، لێرەدا بەمشێوەیە دەیانخەینە روو:

**أ- بنەما گشتییەکانی نوسینی راپۆرت:**

---

(١٠١) بروانە وێبسایتی پەرلەمان، https://www.parliament.krd/news/posts/2022/august/drewaz-sarparshtye-ko-h-lkshtukal-u-lsharawani-dakat.

ڕاپۆرتی لیژنەی بە تایبەتمەند دیاریکراو دەربارەی پرۆژەو پێسنیازە یاساو بڕیارەکان، پێویستە ئەم بنەمایانە لەخۆ بگرێت:

- ڕاپۆرت دەبێت بەشێوەی نوسراو بێت، بەدەر لە درێژی و کورتی ڕاپۆرتەکە یان ڕێژەو ئەندازەی بوونی ڕای جیاوازو سەرنج لەسەر پرۆژەو پێسنیازە یاساو بڕیارەکە، پێویستە ڕاپۆرتی لیژنەکان بەشێوەی نوسراو بێت. واتە تەنانەت ئەگەر هیچ ڕاو سەرنجێکیش نەبوو پێویستە پشتگیری و پشتیوانی لیژنە بەنوسراو ئاراستەی سەرۆکی پەرلەمان یان دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بکرێت. بۆ نمونە پەرلەمانی کوردستان، لە دانیشتنی ژمارە (٥) ی ڕۆژی **٢٠٠٢/٤/٩** ڕاپۆرتی لیژنەی یاسایی، کە لیژنەی تایبەتمەندبوە لەو پرۆژە بڕیارە یاسایە، بەمجۆرە خستۆتە ڕوو **" ئێستا دەقی ڕای لیژنەی یاسایی لەبابەت پرۆژەکە دەخوێنمەوە، الى رئاسة المجلس الوطني لكوردستان العراق المحترم/ م/ رأي اللجنة ، كتابكم المرقم (١٢) في ٢٠٠٢/٣/٢٨، اجتمعت اللجنة القانونية لمناقشة مشروع القرار الخاص بقانون الخدمة المدنية وانقطاع الموظف عن دائرته وبعد دراسته قررت اللجنة بالاجماع تأييد القرار مع اضافة تعديل الى نهاية الفقرة الاولى بعبارة (يعتبر مستقيلا) راجين عرض القرار على المجلس لابداء الرأي المناسب بصدده"**[١٠٢]**.**
- چوارچێوەی نوسینی ڕاپۆرت، ناونیشانی پرۆژە یان پێشنیازە یاساو بڕیارەکەوە تا دەگاتە هۆیەکانی دەرچواندن دەگرێتەوە، بەو مانایەی گفتوگۆو تاوتوێکردنی لیژنە، تەنها سنوردار نیە بە برگەو مادەکانی پرۆژ یان پێشنیازە یاساو بڕیارەکە، بەڵکو لە ناونیشانی پرۆژ یان پێشنیازە یاساو بڕیارەکەوە دەستپێدەکات، تا دەگاتە هۆیەکانی دەرچواندن . بۆ نمونە لیژنەی یاسایی کاتێک ڕاسپێرداوە بە نوسینی ڕاپۆرت دەربارەی پێشنیازە یاسای(حماية التملك الفكري والفني في

(١٠٢) بڵاوکراوەی پرۆتۆکۆلەکانی ساڵی ٢٠٠٢ی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (٣٠)، چاپی یەکەم، ساڵی ٢٠٠٢،ل ١٢٥.

اقلیم کوردستان- عراق)، له راپۆرتەکەیاندا که پێشنیاری گۆرینی ناونیشانی یاساکەیان کردوه بۆ (قانون حقوق المؤلف والحقوق المجاورة لها في اقليم كوردستان العراق) [١٠٣]. هەروەها لیژنەی یاسایی کاتێک راسپێرداون بە نوسینی راپۆرت دەربارەی پرۆژە یاسای هەموارکردنەوەی سێیەمی یاسای سەرۆکایەتی هەرێم، پێشنیازیان کردوە بە گۆرینی دارشتنی هۆیەکانی دەرچونی پرۆژە یاساکە، بەمشێوەیە **" ٥- سەبارەت بە هۆکاری دەرچوونی یاساکە پێشنیاز دەکەین بەمشێوەیە دابرێژرێت،.. بەمەبەستی گونجاندن لەگەڵ سیستمی سیاسی و دیموکراسی ئەم یاسایە دەرچوێندرا"** . له کاتێکدا دەقی هۆکاری دەرچون له پرۆژە یاساکە بەمشێوەبوە **" هۆکارەکانی دەرچوواندنی ئەم یاسایە، ئەوەی باوە لە وڵاتانی دیموکراسیدا تەنها سەرۆک وەزیران ناو ئەنرێ و رائەسپێردی بۆ پێکهێنانی کابینە. دواترئەو خۆی بۆخۆی جێگر دادەنێ، ئەوەی لە یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان هەیە تایبەتە بە ناونان و راسپاردنی سەرۆکی حکومەت و جێگرەکەی، یەکێکە لە سیماو دەرەنجامەکانی دوو ئیدارەیی لە هەرێمی کوردستان، لە پێناوی کەمکردنەوەو نەهێشتنی ئەم سیمایە، پێکهێنانی حکومەتێکی بنکە فراوانی یەکگرتوو کە بتوانت دەستەڵاتی لە هەموو پارێزگاکانی هەرێمەکە پیادە بکات ئەم یاسایە دانرا"**[١٠٤].

- پێویستە راپۆرتی لیژنەی بە تایبەتمەند دیاریکراو دەربارەی پرۆژە و پێشنیازە یاساو بریارەکان بەزمانی کوردی بێت، لەخولی چوارەمی پەرلەمانەوەو بەدیاریکراوی دوای دەرچونی یاسای زمانە

---

(١٠٣) بروانە بڵاوکراوەی پرۆتوکۆلەکانی ساڵی ٢٠١٢ی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (٨٥)، چاپی یەکەم، ساڵی ٢٠١٣،ل ٣٣٥.

(١٠٤) بروانە بڵاوکراوەی پرۆتوکۆلەکانی ساڵی ٢٠١٤ی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (٩٤)، چاپی یەکەم، ساڵی ٢٠١٤،ل ١٩٠.

فەرمییەکانی ژمارە(٦)ی ساڵی ٢٠١٤ کە بەرونی ئاماژە بەوەدەکات یاساو بڕیارەکان بە زمانی کوردی ئامادە دەکرێن و دەردەکرێن[١٠٥]، بێگومان نوسینی راپۆرتی لیژنە هەمیشەییەکانیش، بەشێکە لە پرۆسەی ئامادەکردنی یاسا بۆ دەرکردن. هەربۆیە دوای دەرچوونی ئەم یاسایە، راپۆرتی لیژنە هەمیشەییەکان دەربارەی پرۆژەو پیشنیازە یاساو بڕیارەکان تەنها بەزمانی کوردی نوسراوەو ئامادەکراوە، بەپێچوانەوە بەر لەدەرچونی ئەم یاسایە راپۆرتی لیژنە هەمیشەییەکان بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی نوسراون و ئامادەکراون.

- راپۆرتی لیژنە هەمیشەییەکان دەربارەی پرۆژە و پێشنیازە یاساو بریار، ئاراستەی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان دەکرێت، هەرچەندە سەرۆکی پەرلەمان لیژنەکان رادەسپێرێت بۆ نوسینی راپۆرت، بەڵام بەوپێیەی دانانی بەرنامەی کار، لە تایبەتمەندی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانە، بۆیە لەسەرجەم خولەکانی پەرلەمان، راپۆرتی لیژنەکان ئاراستەی دەستەی سەرۆکایەتی کراون.
- پێویستە واژوی ئەندامانی ئامادەبوی کۆبونەوەی نوسینی راپۆرت هاوپێچی راپۆرتەکە بکرێت و بنێردرێت بۆپەرلەمان، ئەوەش لەپێناوی دڵنیابوون لە بوونی رێژەی یاسایی ئەندامان، لەکاتی گرێدانی کۆبونەوەکەو هەروەها ئاگاداربون لەو سەرنج و تێبینیانەی ئەندامانی لیژنە هەیانبوە لەسەر راپۆرتەکە، چونکە ئەندامی لیژنەی ئامادەبوو لە کۆبونەوەی نوسینی راپۆرت، مافی ئەوەی هەیە لەپاڵ واژوەکەیدا، هەر سەرنجێک بنوسێت کەلەسەر رای لیژنەکە هەیەتی و بەزۆرینەی دەنگی ئەندامان تێپەرێندراوە. هەرچەندە واژوی ئەندامانی ئامادەبوی کۆبونەوەی نوسینی راپۆرتی لیژنەی بەتایبەتمەند دیاریکراو هاوپێچی راپۆرتی لیژنەیە، کە بەسەر ئەندامان دابەش دەکرێت، بەڵام بەداخەوە لەناو هۆڵی پەرلەمان

(١٠٥) یاسای زمانە فەرمییەکان لە هەرێمی کوردستان-عێراق ژمارە(٦) ساڵی ٢٠١٤، ماددەی(٤)، پرۆژە یاساو بریارو پەیرەوو رێنماییەکان لە هەرێمدا بەزمانی کوردی ئامادە دەکرێن و دەردەکرێن.

ناخوێندرێتەوە، هەر لەبەر ئەوەشە ئەگەر بۆ کۆنوسی دانیشتنەکانی پەرلەمان بگەڕێینەوە، ئەوا واژوی ئەندامانی ئامادەبوی لیژنە کە هاوپێچی راپۆرتەکەیە بەرچاو ناکەوێت.

**ب- چوارچێوەی دەسەڵات و تایبەتمەندی لیژنە لە نوسینی راپۆرت:**

بەگەرانەوە بۆ یاسا بەرکارەکان و پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، دەقێکی یاسایی بەرچاو ناکەوێت ئاماژە بە ڕێکخستنی سنوری دەسەڵات و تایبەتمەندی لیژنەکان بکات لە نوسینی راپۆرت، دەربارەی پرۆژە و پێشنیازە یاساو بریار، ئەمەش کەموکورتییەکی زەقە لەرووی یاسادانانەوە، چونکە راپۆرتی لیژنەکان بەرادەییەک گرینگە، کە لەزۆرینە هەرە زۆری جارەکاندا ئەگەر نەڵێین هەمووجارو هەمیشە، ئەو دەبێتە بنەمای گفتوگۆی ئەندامان لەناو هۆڵی پەرلەمان. ئەمەش لەروی کردارییەوە ئەوە دەگەیەنێت کە بەئەندازەیەکی زۆر لە قۆناغی خوێندنەوەی دووەم راپۆرتی لیژنە تایبەتمەندەکان شوێنی پرۆژەو پێشنیازە یاساو بریارەکان دەگرێتەوە. بە پێچەوانەی هەرێمی کوردستان، پەیرەوی ناوخۆی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراقی بە رونی ئەم بابەتەی رێکخستوە[١٠٦]. هەربۆیە ناچارین لێرەدا بۆ خستنەرووی چوارچێوەی دەسەڵات و تایبەتمەندی لیژنەکان سەبارەت بە نوسینی راپۆرت، پەنا بۆ ئەو نەریتە پەرلەمانیانە بەرین کە لەسەرەتای دروستبونی پەرلەمانی هەرێمی کوردستانەوە پیادەکراون، ئەوانیش بریتین لە:

- پێشنیارکردنی لابردنی هەر ماددەو برگەیەک کە لە پرۆژە و پێشنیازە یاساو بریارەکەدا هاتوە، لەمبارەیەوە لیژنە بە تایبەتمەند

(١٠٦) النظام الداخلي لمجلس النواب العراقي المعدل النافذ، المادة ١٣٠ : لكل عضو عند النظر في مشروعات القوانين ان يقترح التعديل بالحذف او الاضافة او التجزئة في المواد فيما يعرض من تعديلات و ويجب ان يقدم التعديل مكتوبا لرئيس اللجنة قبل الجلسة التي ستنتظر فيها المواد التي يشملها التعديل باربع وعشرين ساعة على الاقل.

دیاریکراوەکان، تایبەتمەندی ئەوەیان هەیە پێشنیاری لابردنی هەر برگەو مادەیەک بکەن، کە ئەوان پێیان وایێت ناکۆکە لەگەڵ بەرژەوەندی گشتی یان خزمەت بە سیاسەتی گشتی هەرێمی کوردستان ناکات، یان لەبەر هەر پاساوێکی دیکە کە ئەوان بەرەوای دەزانن. بۆ نمونە گەر سەیری راپۆرتی هاوبەشی لیژنە تایبەتمەندەکان بکەین سەبارەت بە پێشنیازە یاسای رێکلامی بازرگانی کە لە دانیشتنی ژمارە (٩)ی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان لە رۆژی سێشەممە بەرواری ٢٠١٩/١٢/١٠ خراوەتەروو، دەبینین لیژنە پێشنیاری لابردنی کۆمەڵێک ماددەی کردوە بەجۆرێک یاساکەی کورتکردۆتەوە بۆ (٨) ماددە، لەکاتێکدا پێشنیازە یاساکە لە بنەرەتەوە (١٥) ماددە لەخۆ دەگرێت، بۆ نمونە ماددەی (١١) لەنێو پێشنیازە یاساکە باس لە رێکخستنی مافەکان دەکات، لە نێو راپۆرتی هاوبەشی پێشنیار کراوی لیژنەکان بەتەواوی ئەو ماددەیە لابراوە[١٠٧].

- پێشنیارکردنی هەمواروگۆرینی حوکمی ماددەو برگەیەک یان زیاتری نێو پرۆژە و پێشنیازە یاساو بریارەکان، بەجۆرێک جیاوز یان تەواو پێچەوانەی ئەو حوکمەبێت کە لەبنەرەتدا لە پرۆژە و پێشنیازە یاساو بریارەکەدا بوونی هەبوە. بۆ نمونە لیژنە تایبەتمەندەکان لە راپۆرتی تایبەت بە یاسای بەرەنگاربونەوەی بەقاچاخ بردنی نەوت و لێدەرهێنراوەکانی کە لەدانیشتنی ژمارە (١) خولی پێنجەمی پەرلەمان کە لەرۆژی یەکشەمە بەرواری ٢٠٢٠/٣/١ خراوەتە روو، پێشنیاری گۆرینی حوکمەکانی چەند ماددەو برگەیەکی کردوە، لەوانە ماددەی چوارەمی یاساکە کە سزای سەرپێچییەکانی دیاریکردوە بەمشێوەیە **" ماددەی چوارەم ١- هەرکەسێک سەرپێچی حوکمەکانی ماددەی(١،٢) ئەم یاسایە بکات بە بەندکردن لەساڵێک کەمتر نەبێت یان زیندانیکردن،**

---

(١٠٧) بروانە بڵاوکراوەی پرۆتۆکۆلەکانی ساڵی ٢٠١٩ی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (١١٢)، چاپی یەکەم، ساڵی ٢٠٢٢،ل ٢٢-٣٠.

**پێبژاردنی چوارهێندەی بەهای کەرەستە بەقاچاخ براوەکە سزا دەدرێت ، جا چ بکەری سەرەکی یان هاوبەش بێت لە ئەنجامدانی تاوانەکە."** کەچی لە راپۆرتی لیژنەی هاوبەش ئەم ماددەیە بەمشێوە پێشنیارکراوە**"ماددەی (٥) یەکەم: هەرکەسێک یەکێک لەم کردەوانە ئەنجام بدات کە لە ماددەی دووی ئەم یاسایە دەقنوسکراون بە بەندکردن کە لە سێ ساڵ کەمتر نەبێت و لە حەوت ساڵ زیندانیکردن زیاتر نەبێت، بە پێبژاتردنێک کە چوارهەندەی بەهای کەرەستەی بە قاچاخ براوەکەبێت سزا دەدرێت"** [١٠٨] .

- پێشنیاری زیادکردنی ماددەو برگەیەک کە لیژنە بەپێویستی بزانێت بۆ پرۆژە یان پێشنیازە یاساو بریارەکە، بۆ نمونە راپۆرتی لیژنەی تایبەتمەند سەبارەت بە پێشنیازە یاسای ماف و ئەرکەکانی نەخۆش لە هەرێمی کوردستانی عیراق کە لە دانیشتنی ژمارە (٢)ی خولی پێنجەمی کوردستان کە لە رۆژی پێنجشەممە بەرواری ٢٠٢٠/٩/٣ خراوەتە روو، زیادکردنی چەند برگەیەک بۆ ماددەی یەکەمی پرۆژە یاساکە، کە تایبەتە بە پێناسەکان زیاد کراوە، لەوانە برگەکانی (١٢- یاساو رێساکانی پیشە)، (١٣- هێزکاری تەندروستی)،(١٤-لیژنەی لێکۆڵینەوەی هەمیشەیی)، لە کاتێکدا هیچکام لەم دەستەواژانە لە بنەرەتدا لە پێشنیازە یاساکەدا بوونیان نییە، بەڵکو لیژنە تایبەتمەندەکان پێشنیاری زیادکردنیان کردوون بەمشێوەیە **" ماددەی / مەبەستی ئەم یاسایە لەم وشەو دەستەواژانەی خوارەوە ماناکانی بەرامبەریانە، ١٢- یاساو رێساکانی پیشە : ئەو رێساو یاسایانەن کەبۆ دەستدانە کاری چارەسەری پزیشکی و تەندروستی لەهەرێم بەرکارن. ١٣- هێزکاری تەندروستی: هەموو ئەو کەسانەن کە پیشەی پزیشکی و تەندروستی پیادە دەکەن بەگوێرەی**

---

(١٠٨) بروانە بڵاوکراوەی پرۆتۆکۆلەکانی ساڵی ٢٠٢٠ی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (١١٤)، چاپی یەکەم، ساڵی ٢٠٢٢،ل ١٣،١٦.

**یاسا بەرکارەکان. ١٤- لیژنەی لێکۆڵینەوەی هەمیشەیی: لیژنەیەکی پیشەییە کە لێکۆڵینەوە لەو کێشەو پرسانەی لە ئەنجامی هەڵەی پزیشکی و تەندروستییەکان دروست دەبن ئەنجام دەدات"**[١٠٩].

- پێشنیاری دارشتنەوەی دەقی ماددەو برگەکانی پرۆژە یان پێشنیازە یاساو بریار، بەتایبەتی ئەگەر لەروی دارشتنی یاسایی و زمانەوانییەو لیژنە پێی وابێت کەمو کورتی تێدایە. بۆ نمونە راپۆرتی لیژنەی تایبەتمەند سەبارەت بە پێشنیازە یاسای ماف و ئەرکەکانی نەخۆش لە هەرێمی کوردستانی عیراق کە لە دانیشتنی ژمارە (٢)ی خولی پێنجەمی کوردستان کە لە رۆژی پێنجشەممە بەرواری ٢٠٢٠/٩/٣ خراوەتە روو، لیژنەی تایبەتمەند لە راپۆرتەکەیان دوبارە دارشتنەوەیان بۆ چەندین ماددەو برگەی پێشنیازە یاساکە پێشنیار کردوە لەوانە، لە ماددەی یەکەمی پێشنیازە یاساکە پێناسەی دامەزراوەی تەندروستی بەمشێوەیە کراوە **" دامەزراوەی تەندروستی: هەموو ئەو شوێنانەی سەر بە وەزارەتی تەندروستین یان لەژێر چاودێری وەزارەتی تەندروستی خزمەتگوزاری پێشکەش بە نەخۆش دەکەن، چ لە نۆرینگە یان بنکەی تەندروستی یان نەخۆشخانە، هەروەها هەموو ئەو دامەزراوانەی کەسەر بە وەزارەتی تەندروستی خزمەتگوزاری تەندروستیان تێدا پێشکەش دەکریت"**، بەڵام لە راپۆرتی لیژنەی تایبەتمەند دەقی پێناسەی پێشنیار کراو بۆ دامەزراوەی تەندروستی ئەم دارشتنەیە **" دامەزراوەی تەندروستی: هەموو ئەو شوێنانەن خزمەتگوزاری پێشکەش بە نەخۆش دەکەن، چ لە کەرتی گشتی یان تایبەت بێت".** هەر لە هەمان ماددە لە پێشنیازە یاساکە پێناسەی کەس و کاری نەخۆش بەم شێوەیە کراوە **" کەس و کاری**

---

(١٠٩) بروانە بڵاوکراوەی پرۆتۆکۆلەکانی ساڵی ٢٠٢٠ی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (١١٥)، چاپی یەکەم، ساڵی ٢٠٢٢،ل ٣٢،٣٣، ٣٩، ٤٠.

**نەخۆش: هاوژین و هەموو ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە پەیوەندی خزمایەتیان لە پلەی یەکەوە تا پلەی سێیە بەگوێرەی یاسا بەرکارەکان"**[١١٠]. بەڵام لە راپۆرتی لیژنە جگە لە پێشنیارکردنی گۆرینی دەستەواژەی (کەس و کاری نەخۆش) بۆ (هاوەڵی نەخۆش)، دارشتنەوەیەکی جیاوازیشی بۆ پێناسەکەی پێشنیارکردوە بەمشێوەیە**" هاوەڵی نەخۆش: هەر کەسێک بەحوکمی یاسا یان پلەی خزمایەتی رێگەپێدراوبێ بە واژووکردن لەجیاتی نەخۆش لەکاتێکدا نەخۆشەکە لەبەر هۆکاری سەختی نەخۆشیەکەی یان کەمی تەمەن نەتوانێت واژوو بکات"**[١١١].

- پێشنیاری دوبارە ریزبەندی و زنجیربەندکردنەوەی ماددەو برگەکان: لیژنە لە کاتێکدا پێی وابێت پرۆژە و پێشنیازە یاساو بریارەکە نەنگی و کەم کورتییەکی هەیە لە ریزبەندی و زنجیربەندی ماددەو برگەکانی ، دەتوانێت پێشنیاری سەرلەنوێ ریزبەندیکردنەوە بکات لە راپۆرتەکەیدا بەو ئەندازەیەی بە پێویستی دەزانێت، بۆ راست و دروستکردنەوەی پرۆژە و پێشنیازە یاساو بریارەکە. بۆنمونە لیژنەی تایبەتمەند لە راپۆرتی خۆیدا دەربارەی یاسای ئەنجومەنی راژەی گشتی لەهەرێمی کوردستان- عیراق کە لە دانیشتنی ژمارە (٢٦)ی خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان لە رۆژی چوارشەممە بەرواری ٢٠١١/١١/١٥ خستویەتیەروو، پێشنیاری دوبارە رێکخستنەوەی ریزبەندی و زنجیربەندکردنەوەی کۆمەڵێک ماددەو برگەی کردوە لەوانە، لەماددەی پێنجەمی راپۆرتەکەیان بەمجۆرە پێشنیاریان کردوە**"لیژنە پێشنیار دەکات ئەم ماددەیە هەڵبوەشێتەوەو زنجیرەی ماددەکان بەوپێیە بگۆردرێت، (ماددەی شەشەم دەبێتە ماددەی پێنجەم) هیچ تێبینی**

---

(١١٠) بروانە بڵاوکراوەی پرۆتۆکۆلەکانی ساڵی ٢٠٢٠ی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (١١٥)، چاپی یەکەم، ساڵی ٢٠٢٢،ل ٣٢،٣٣، ٣٩.

(١١١) هەمان سەرچاوەی پێشوو،ل ٣٣، ٤٠.

**لەسەر نییە،(ماددەی حەوتەم دەبێتە ماددەی شەشەم) هیچ تێبینیەکی لەسەر نییە"**[112]. هەر لەراپۆرتەکەیان دەربارەی هەمان یاساو لە ماددەی دەیەم برگەی سێیەم، پێشنیار دەکەن برگەیەکی ئەم ماددەیە لەشوێنی خۆی لابیردرێت و بکرێتە ماددەیەکی سەربەخۆ بەمشێوەیە **" سێیەم: ئەم برگەیە بگوازرێتەوە بۆ ماددەیەکی سەربەخۆی کۆتایی، چونکە ئەم ماددەیە پێکهاتەکانی ئەنجومەن لەخۆ دەگرێت"** لە هەمان ماددەو لە برگەی چوارەمیشیدا بەمشێوەیە پێشنیاری سەرلەنوێ ریزبەندییەکی تازەی کردوە **" چوارەم: ئەم برگەیە لابرێ پێشنیاز دەکەین دوو ماددەی دیکە بەزنجیرەی ماددەی دەیەم و یازدەیەم بخرێتە سەری و زنجیرەی ماددەکان بەمشێوەی خوارەوە بگۆردرێت"**[113]. نمونەیەکی دیکە هەر سەبارەت بەم بابەتە، لیژنە تایبەتمەندەکان لە راپۆرتی هاوبەشیان دەربارەی یاسای ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستانی-عیراق کە لە دانیشتنی ژمارە(١١)ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن، کە لەرۆژی دووشەممە بەرواری ٢٠١١/٥/٢ ئەنجامدراوە، پێشنیاری گۆرینی ریزبەندی چەند برگەیەکیان کردوە بەمشێوەیە **"ماددەی چوارەم : تێبینی لەسەر نییە، بێ لەگۆرینی ریزبەندی برگەکان بە(١،٢،٣) لەبری یەکەم و دووەم و سێیەم"** [114].

- پشتگیریکردنی هەموو یان بەشێکی یاساکە، هەروەک چۆن لیژنەی تایبەتمەند، تایبەتکاری و دەسەڵاتی پێشنیاری راو سەرنجی جیاواز لە دەق و ناوەرۆکی پرۆژەو پێشنیازە یاساو بریارەکە هەبوو، بە هەمانشێوە دەتوانێت پشتگیری بەشێک یان کۆی پرۆژەو پێشنیازە یاساو بریارەکە وەک خۆی بکات، بۆ نمونە لیژنەی یاسایی لە

---

(١١٢) بروانە بڵاوکراوەی پرۆتۆکۆلەکانی ساڵی ٢٠١١ی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (٦٩)، چاپی یەکەم، ساڵی ٢٠١١،ل ٣٣٢.

(١١٣) هەمان سەرچاوە پێشوو ،ل ٣٣٥.

(١١٤) بروانە بڵاوکراوەی پرۆتۆکۆلەکانی ساڵی ٢٠١١ی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (٦٧)، چاپی یەکەم، ساڵی ٢٠١١،ل ٢٠.

راپۆرتی خۆیدا دەربارەی یاسای خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندیکردن، کە لە دانیشتنی پەرلەمان ژمارە (٢٥) خولی دووەمی هەڵبژاردن کە لە رۆژی چوارشەممە بەرواری ٢٠٠٧/١١/٢١ ئەنجامدراوە، خراوەتە روو، تیایدا لیژنەی یاسایی بە تەواوی پشتگیری پرۆژە یاساکە دەکات بێ ئەوەی تەنها یەک سەرنج و رای جیاوازی هەبێت دەربارەی پرۆژە یاساکە بەمشێوەیە**"الى رئاسة المجلس الوطني لكوردستان-العراق، م: تقرير اللجنة القانونية، اجتمعت اللجنة القانونية وملحق ٢٧ (گەڵارێزان) ٢٧٠٧ كوردي ليوم ٢٠٠٧/١١/١٨ ولدراسة قانون معاقبة اساءة استعمال اجهزة الاتصالات المقدمة العدد القانوني لاعضاء البرلمان والمحال اليها بعد القراءة الاولى له بجلسته الاعتيادية رقم ١٩ والمؤرخة في ٢٠٠٧/١١/١٥ وبعد المناقشة والمداولة تؤيد اللجنة المشروع لاسبابه الموجبة، راجين التفضل بالاطلاع وعرض المشروع ورأي اللجنة القانونية بشأنه على المجلس للمناقشة وابداء الرأي المناسب بصدده مع التقدير"[١١٥].**

**ج- کۆت و بەندی سەر تایبەتمەندی دەسەڵاتی لیژنەکان :**

لە خاڵی پێشودا ئاماژەمان بە چوارچێوەی دەسەڵات و تایبەتمەندیی لیژنەکان کرد لە بواری نوسینی راپۆرت، ئەڵبەتە پێویستە لێرەدا ئاماژە بەوە بکەین ئەو دەسەڵات و تایبەتمەندیانە بەشێوەیەکی رەها نین و هەندێ کۆت و بەند هەن بەجۆرێک لەجۆرەکان سنورداریان دەکەن، بەشێوەیەکی گشتی، کۆت و بەندەکان خۆیان لەمانەدا دەبیننەوە:

- لیژنە تایبەتمەندەکان بۆیان نییە لە کاتی نوسینی راپۆرت دەربارەی هەر پرۆژەو پێسیازە یاساو بریارێک، بارگرانی دارایی بۆ حکومەت

---

(١١٥) بروانە بڵاوکراوەی پرۆتۆکۆلەکانی ساڵی ٢٠٠٧ی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (٤٤)، چاپی یەکەم، ساڵی ٢٠٠٨،ل ٤٤١.

دروستبکەن، ئەمەش وەک رێسایەکی گشتی کە هەر لەبنەرەتەوە پەرلەمان ئەو تایبەتمەندییەی نییە، بارگرانی دارایی بۆ حکومەت دروست بکات لە رێگەی یاساو بریارەکانیەوە، تەنها لە بارێکدا نەبێت کە حکومەت خۆی رەزامەند بێت ، ئەم رێسایە بەسەر نوسینی راپۆرتی لیژنەکان و قۆناغەکانی دیکەی یاسادانانیش جێبەجێ دەبێت. هەربۆیە لەکاتی بوونی راو سەرنجێکی لەوجۆرە دەبێت بەنوسراوی فەرمی ئەنجومەنی وەزیران ئاگاداربکەنەوە، سەبارەت بەوەی داخۆ رازین بەوەی  ئەو بارگرانییە داراییە لە ئەستۆ بگرن کە لیژنە دەیەویت لەرێگەی پێشنیارکردنی راو بۆچونەکانیەوە لە راپۆرتیان دەربارەی پرۆژەو پێسیازە یاساو بریار ئاراستەی پەرلەمانی بکەن، یاخود رەتی دەکەنەوە، لە بارێکدا ئەنجومەنی وەزیران رەتیکردەوە ئەو بارگرانییە داراییە لە ئەستۆ بگرێت، ئەوا دەبێت لیژنەی تایبەتمەند دەستبەرداری ئەو راو بۆچونەیان بن کە بارگرانی دارایی لەسەر حکومەت دروست دەکات[١١٦].

- لە یاسای بودجەدا لیژنەکان بۆیان نییە رێژەی پارەی تەرخانکراو بۆ هیچ کام لە دامەزراوەو سێکتەرەکان زیادبکەن لەدەرەوەی ئەو برو رێژەیەی کە ئەنجومەنی وەزیران بۆی تەرخان کردوون[١١٧]. بەڵکو تەنها دەتوانێت رێژەی تەرخانکراوی بودجە بۆ دامەزراوەیەک یان بوارێکی دیاریکراو کەم بکاتەوە یان هەر بەتەواوی بری تەرخانکراو هەڵوەشێنێتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانێت بری تەرخانکراو لە ماددەیەک بۆ ماددەیەکی تر یان لە بەشێک بۆ بەشێکی دیکە یان لەدەروازەیەک بۆ دەروازەیەکی دیکە بگوازێتەوە.

---

(١١٦) پەیرەوی ناوخۆی هەموارکراوی بەرکاری ساڵی ٢٠١٨، ماددەی (٧٩) برگەی دووەم خاڵی ٢: ئەگەر بوە مایەی لێکەوتەی دارایی لەسەر حکومەت پێش خوێندنەوەی یەکەم، ئاراستەیان دەکرێت بۆ وەرگرتنی رەزامەندی سەبارەت بەو لێکەوتە داراییەی کە لە ئەنجامی دەرچواندنی یاساکە دەکەوێتە ئەستۆیان .

(١١٧) پەیرەوی ناوخۆی هەموارکراوی بەرکاری ساڵی ٢٠١٨، ماددەی (١٠٣) برگەی دووەم: پێشنیازی زیادکردنی تەرخانکراوی پرۆژە بودجە، یان هێنانەکایەی تێچووی نوێ یان کەمکردنەوەی داهاتەکان، پەسند ناکرێت، تەنیا لەو بارەوە نەبێت کە پەرلەمان بتوانێت بڕوا بە حکومەت بهێنێت.

- هەروەک چۆن دەستوری عیراقی باڵایەتی هەبوو بەسەر قۆناغی پێشنیارکردنی پرۆژەو پێشنیازە یاساو بریار کە نابێت دژیەکبوون لە نێوان حوکمەکانی پرۆژەو پێشنیازە یاساو بریارە پێشنیارکراوەکەو دەستوری عیراقیدا هەبێت، بەهەمانشێوە لیژنەکان بۆیان نییە هیچ راو سەرنجێک پێشنیاربکەن، پێچەوانەی حوکمەکانی دەستوری عیراقی بێت لە راپۆرتەکانیان، دەربارەی هەر پرۆژەو پێشنیازە یاساو بریارێک بێت[118].

**د- راستاندنی راپۆرتی لیژنەی تایبەتمەند لەلایەن لیژنەی یاساییەوە :**

دوای ئەوەی لیژنەی تایبەتمەند راپۆرتی خۆیان دەنوسن دەربارەی پرۆژە یان پێشنیازە یاساو بریارەکە، بەر لەوەی ئاراستەی دەستەی سەرۆکایەتی بکرێت بۆ خوێندنەوەی دووەم، لیژنەی یاسایی راستاندنی بۆ دەکات بەمەبەستی پاڵفتەکردنی لە هەر خەوشییەک، لەروی دارشتنی یاسایی و دژیەک نەبوونی لەگەڵ دەستورو رێسا گشتییەکانی یاسا[119]. بەمشێوەیەی خوارەوە:

**أ-** پێداچونەوەی راپۆرتی لیژنەکان لەرووی دارشتنی یاساییەوە: بەشێوەیەکی گشتی لیژنە تایبەتمەندەکانی پەرلەمان بێجگە لە لیژنەی یاسایی، تەنها لەرووی بابەتییەوە دەروانن پرۆژەو پێشنیازە یاساو بریارەکان و تاوتوێیان دەکەن و راو سەرنجی خۆیان دەربارەیان لە راپۆرتەکەیاندا تۆماردەکەن، مەرج نییە راو بۆچونەکانیان لەرووی دارشتنی یاساییەوە تەواو بێ خەوشو پێوەری بێت، چونکە ئەوان

---

(١١٨) دستور جمهورية العراق لسنة ٢٠٠٥، المادة ١٣، الفقرة الاولى : يعد هذا الدستور القانون الاسمى والاعلى في العراق، ويكون ملزما في انحائه كافة وبدون استثناء. ثانيا: لايجوز سن قانون يتعارض مع هذا الدستور، ويكون باطلا كل نص يرد في دساتير الاقاليم او اي نص قانوني اخر يتعارض معه.

(١١٩) پەیرەوی ناوخۆی هەموارکراوی بەرکاری ساڵی ٢٠١٨، ماددەی (٨٥) برگەی سێیەم: راپۆرتی لیژنەی تایبەتمەند، خوێندنەوەی دووەمی بۆ ناکرێت، تا لەڕووی دەستووریی و یاسا کارپێکراوەکان، لەلایەن لیژنەی یاساییەوە راستاندنی بۆ نەکرێت.

تایبەتمەند نین بە دارشتنی یاسایی راو سەرنجەکانیان و رەنگە پسپۆرییەتی یاسا لەناوئەندامانی لیژنەکەدا هەر بوونی نەبێت، هەربۆیە پەیرەوی ناوخۆ ئەم ئەرک و تایبەتمەندییەی سپاردوە بە لیژنەی یاسایی[١٢٠]. نەک هەر ئەوەندە بەڵکو تا لیژنەی یاسایی راستاندن بۆ راپۆرتی لیژنە بە تایبەتمەند دیاریکراوەکان نەکات، نانێردرێن بۆ دەستەی سەرۆکایەتی بەمەبەستی خستنە بەرنامەی کاری دانیشتنی پەرلەمان بۆ ئەنجامدانی خوێندنەوەی دووەم بۆی.

ب- پشتراستکردنەوەی راپۆرتی لیژنەکان دەربارەی پرۆژەو پێشنیازە یاساو بریارەکان، کە دژبەری و ناکۆک نییە لەگەڵ حوکمەکەکانی دەستوری عیراقیساڵی ٢٠٠٥، و ئەو یاساو رێسا یاساییانەی لە هەرێمی کوردستان بەرکارن، ئەگەر مەبەست لێی هەموار کردنەوەیان نەبێت. ئەمەش لەرێگەی ئەنجامدانی وردبینیکردن و پرۆسەیەکی بەراوردکاریەوە ئەنجام دەدرێت. بۆ نمونە لیژنەی یاسایی لە راپۆرتی خۆیاندا جگە لە راستاندنی راپۆرتی لیژنەی شارەوانی و گواستنەو گەیاندن و گەشتوگوزار دەربارەی پێشنیازە یاسای تۆرو بنچینەکانی ئاوو ئاوەرۆ لە هەرێمی کوردستان، جەخت لە دوبارە دارشتنەوەی یاساییانەی راپۆرتی لیژنەی تایبەتمەند دەکەنەوە بەمشێوە **" بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان/ بابەت لیژنەی تایبەتمەند کە راستاندنی بۆکراوە لەلایەن لیژنەی کاروبای یاسایی، لیژنەی کاروباری یاسایی رۆژی دوشەممە رێکەوتی ٢٠٢١/٢/٨ کاتژمێر (١١) کۆبونەوەی خۆی ئەنجامدا، بەمەبەستی پێداچونەوەو دارشتنی یاسایی و دڵنیابوون لە دژنەبوونی دەقەکان لەگەڵ دەستوورو یاسا کارپێکراوەکان بەپێی حوکمانی**

---

(١٢٠) پەیرەوی ناوخۆی هەموارکراوی بەرکاری ساڵی ٢٠١٨، ماددەی (٨٥) برگەی یەکەم: راپۆرتی لیژنەی تایبەتمەند، دەدرێتە لیژنەی یاسایی بۆ پێداچوونەوەی راپۆرتەکە، لە ماوەی (١٠) دە رۆژ لە رێکەوتی گەیشتنی، تەنیا لە رووی دارشتنەوەی یاسایی و دڵنیابوون لە دژنەبوونی دەقەکان، لە گەڵ دەستور و یاسا کارپێکراوەکان.

**ماددەی(٨٥) برگەکانی یەکەم و سێیەم، سەبارەت بە راپۆرتی لیژنەی شارەوانی و گواستنەوەو گەیاندن و گەشتوگوزار تایبەت بەخوێندنەوەی دووەم بۆپێشنیازە یاسای پاراستنی تۆرو بنچینەکانی ئاوو ئاوەرۆ لە هەرێمی کوردستان- عیراق، ئەنجامی کۆبونەوە، لیژنەی یاسایی ئەم دارشتنەی پەسند کرد"[١٢١].**

ئەوەی جێگەی سەرنجە لێرەدا بیخەینەروو ئەوەیە، ئەم تایبەتمەندییەی لیژنەی یاسایی لە پەیرەوی ناوخۆی بەرکاری پەرلەمانی کوردستان ساڵی ٢٠١٨ بریاری لێدراوەو لە پەیرەوی هەڵوەشاوەی پێشودا بونی نەبوە، ئەمەش وایکردوە لە خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان تەنها یەک راپۆرتی لیژنەی تایبەتمەند یان راپۆرتی هاوبەشی لیژنە تایبەتمەندەکان کەلەلایەن لیژنەی یاسایی راستاندن و دارشتنەوەی یاسایی بۆکراوە، بهێنرێتە ناو هۆڵی پەرلەمان بۆ خوێندنەوەی دووەم، کە لەراستیدا دەکرێت بەپێشکەوتنێکی بەرچاو دابنرێت لەروی یەکخستن و پوختەکردنەوەی راپۆرتی لیژنە تایبەتمەندەکان، چونکە لە خولەکانی پێشودا هەرچەند لە پەیرەودا جەخت لەوە کراوەتەوە کە دەتوانرێت لیژنە تایبەتمەندەکان بە هاوبەشی لەگەڵ لیژنەی یاسایی راپۆرت بنوسن، بەڵام خۆیان بە پابەند نەزانیوەو جار هەبوە راپۆرتی سەربەخۆی خۆیان هەبوە، ئەمەش وای کردوە چەند راپۆرتێکی لیژنەکان لە هۆڵی پەرلەمان بخرێتە روو، کە سەرەنجام پرۆسەی بە بنەما وەرگرتنی خودی پرۆژە یاساکە یان راپۆرتێک لە راپۆرتەکانی لیژنەی تایبەمەند ئاڵۆزبووە. بۆ نمونە گەر سەیری راپۆرتی لیژنە تایبەتمەندەکانی پەرلەمان بکەین دەربارەی پرۆژە یاسای خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندیکردن، کە لە دانیشتنی ژمارە(١٨)ی خولی دووەمی پەرلەمان کە لەرۆژی دوشەممە

---

[١٢١] بروانە بڵاوکراوەی پرۆتۆکۆلەکانی ساڵی ٢٠٢٠ی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (١١٧)، چاپی یەکەم، ساڵی ٢٠٢١،ل ٢٣٧.

بەرواری ٢٠٠٨/٥/١٩ خراوەتە روو، دەبینین زیاد لە راپۆرتێکی لیژنە تایبەتمەندەکان بەرچاو دەکەون، بەجۆرێک هەریەکە لە لیژنەکانی (یاسایی)،(کاروباری ناوخۆ)،(شارەوانی گواستنەوەو گەیاندن) و (لیژنەی مافی مەرۆڤ) راپۆرتی سەربەخۆی پێشنیار کردوە، بەمشێوەیە **" الى رئاسة المجلس الوطني لكوردستان-العراق، م: تقرير اللجنة القانونية، اجتمعت اللجنة القانونية وملحق ٢٧ (گەڵارێزان) ٢٧٠٧ كوردي ليوم ٢٠٠٧/١١/١٨ ولدراسة قانون معاقبة اساءة استعمال اجهزة الاتصالات"، " السيد رئيس المجلس الوطني الكردستاني المحترم،م.تقرير لجنة الشؤون الداخلية حول مشروع القانون معاقبة اساء استعمال اجهزة الاتصالات"، " الى رئاسة المجلس الوطني لكوردستان-العراق، م: تقرير اللجنة،اجتمعت لجنة البلديات والاتصالات والمواصلات بكامل اعضاءها، لدراسة قانون معاقبة اساء استعمال اجهزة الاتصالات"، " بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستان،بابەت/ راپۆرتی لیژنەی مافی مرۆڤ، رۆژی٢٠٠٨/٥/١٥ لیژنەکەمان لیژنەی مافی مرۆڤ کۆبونەوەیەکی گرێدا بەمەبەستی تاوتوێکردنی پرۆژە یاسای خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەدیکردن و گەیاندن"[١٢٢].** لەلایەکی دیکەشەوە هەر بەهۆی تایبەتمەندی راستاندن و دوبارە دارشتنەوەی یاسایی بۆ راپۆرتی لیژنە تایبەتمەندەکان لەلایەن لیژنەی یاساییەوە، گۆرانکارییەکی گەورە لە شێوازی نوسینی راپۆرت هاتۆتە کایە، ئەویش خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کە راپۆرتی لیژنەی تایبەتمەندی راستێنراو لەلایەن لیژنەی یاساییەوە شێوازی رەشنوسێکی یاسای وەرگرتوە، بە واتایەکی دی، راپۆرتەکە وەک پێشوتر تەنها بریتیە نیە لە چەند

---

(١٢٢) بروانە بڵاوکراوەی پرۆتۆکۆلەکانی ساڵی ٢٠٠٨ی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (٤٧)، چاپی یەکەم، ساڵی ٢٠٠٨،ل ٤٤١ تا ٤٤٤.

راووسەرنجێکی پەرش و بڵاوو پچرپچر، بەڵکو راپۆرتەکە ناونیشانی یاساکە تا دەگاتە هۆکارەکانی دەرچواندنی لەخۆ دەگرێت، بە رەچاوکردنی ئەو راو سەرنجانەی لیژنە تایبەتمەندەکان هەیانبوە، ئەمەش وادەکات کاتێک لەنێو هۆڵی پەرلەمان لەگەڵ خودی پرۆژە یاسا یان پێشنیازە یاساو بریارەکە بەدوای یەکدا دەخوێندرێتەوە، ئەندامی پەرلەمان بە ئاسانی بتوانێت بەراوردکاری نێوانیان بکات، و کاتێک دەنگدرا بەوەی راپۆرتەکە دەکرێتە بنەمای گفتوگۆ، وەک ئەوە وایە درافتێکی یاسایی تێهەڵکێش لەنێوان ئەو ماددەو برگانەی یاساکە کە راوو سەرنجی جیاواز لەبارەیانەوە نەبوە، لەگەڵ ئەو راو سەرنجانەی لیژنە تایبەتمەندەکان کە بەشیوازێکی پێوەری و یاساییانە دارێژراوەتەوە، لەبەردەست دەبن و گفتوگۆکردن لەبارەیانەوە، لەلایەن ئەندامانی پەرلەمان زۆر سادەو ئاسان دەبێت. بۆ نمونە دوو راپۆرتی لیژنەی یاسایی دەخەینەروو کە هەردوکیان کورتن و دەربارەی پرۆژە یاسایەکی چەند ماددەیی کورت نوسراون ، راپۆرتی یەکەمیان لەخولی دووەم نوسراوە، دەبینین دەقی راپۆرتەکە تەنها چەند راو سەرنجێکی لیژنە دەخاتەروو کاتێک ئەندامان دەنگدەدەن راپۆرتەکە ببێتە بنەما، جارێکی دیکە دەبێ لە کاتی گفتووگۆ بگەرێنەوە بۆ دەقی پرۆژە یاساکەو لەهەمانکات راوو سەرنجەکانی لیژنەی یاسایی، ئەمەش جۆرێک لە ئاڵۆزی و تێکەڵی بۆ ئەندامان دروست دەکات. بەڵام راپۆرتی دووەم لە خولی پێنجەم پێشنیار کراوە، راستەوخۆ لیژنە راو سەرنجەکانی تێکهەڵکێش کردوە لەگەڵ ئەو ماددەو برگانەی هیچ سەرنجی لەسەریان نەبوەو راپۆرتەکە وەک رەشنوسی پرۆژە یاسایەکی تەواو دێتە بەرچاو، کاتێ بەدوای یەک لەگەڵ دەقی پرۆژە یاسا بنەرتیەکە دەخوێندرێنەوە ئەندامانی پەرلەمان راستەوخۆ دەتوانن بەراوردکاری نیوانیان بکەن و کاتێکیش دەنگیاندا راپۆرتەکە بکرێتە بنەمای گفتوگۆ، ئەوا هیچ پێویست ناکات دەقی پرۆژەکە لەبەردەست بێت، چونکە وەک ئاماژەمان پێدا راپۆرتەکە تەواوی ئەو برگەو ماددانەی یاسا بنەرەتیەکە لەخۆ دەگرێت کە لیژنە راوو سەرنجی لەسەریان نەبوە.

ڕاپۆرتی لیژنەی یاسایی لە خولی دووەمی پەرلەمان سەبارەت بە پرۆژە یاسای پەسندکردنی دەستووری هەرێمی کوردستان " **...لیژنەی یاسایی پشتگیری لە پرۆژە یاساکە دەکات و ڕاپۆرتەکەشی بەم ڕاسپاردەو پێشنیارانە سەبارەت بە پرۆژەکە دەخاتەڕوو بەمشێوەیەی خوارەوە: ١- لیژنە لەڕوی ڕواڵەتیەوە، پێشنیازی هەڵوەشاندنەوەی ئەو دەروازەبەندیە دەکات، کەلەپرۆژەی ئەم یاسایەدا هاتووە بەشێوەیەک کەتەنها زنجیرەی ماددەکانی بگرێتەخۆ. ٢- (ماددەی یەکەم)، لیژنە پێشنیار دەکات هەردوو برگەی سێیەم و چوارەمی ماددەکە هەمواربکرێ و بەمشێوەیەی خوارەوەی لێبێت :سێیەم/ پرۆژە: پرۆژە دەستوری هەرێمی کوردستان. چوارەم/ لیژنە: لیژنەی تایبەتمەندی چاوپێخشاندنەوە بە پرۆژەی دەستوور کە بەبڕیاری ئەنجومەن ژمارە (٥) لەرۆژی(٢٠٠٥/٢/٨) پێکهێنراوە"**[١٢٣]**.**

ڕاپۆرتی لیژنەی یاسایی لەخولی پێنجەم سەبارەت بە پێشنیازە یاسای هەمواری دووەمی یاسای دەستەی دەسپاکی هەرێمی کوردستان-عیراق ژمارە (٣) ساڵی ٢٠١١ **"... لیژنەی یاسایی ئەم دارشتنەوەیەی خوارەوەی پێ پەسندە . سەبارەت بە ناونیشان، پێشنیازی یاسای هەمواری دووەمی یاسای دەستەی دەسپاکی هەرێمی کوردستان-عیراق ژمارە (٣) ساڵی ٢٠١١، ماددەی یەکەم: هەریەک لە برگەکانی یەکەم و دووەم لە ماددەی حەوتەمی یاساکە هەڵدەوەشێتەوەو سەرلەنوێ ریزبەندی بۆ برگەکانی تری ماددەکە دەکرێتەوە. ماددەی دووەم: کار بەدەقی هیچ یاساو بریارێک ناکرێت کەلەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە ناکۆک بێت. ماددەی سێیەم: ئەم یاسایە لەرۆژی دەرچواندنیەوە**

---

(١٢٣) بروانە بڵاوکراوەی پرۆتۆکۆلەکانی ساڵی ٢٠٠٨ی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (٥٠)، چاپی یەکەم، ساڵی ٢٠٠٩،ل ٣٠٩.

**جێبەجێدەکرێت و لەرۆژنامەی فەرمی وەقائعی کوردستان بڵاودەکرێتەوە. هۆیەکانی دەرچواندن، بۆ نەهێشتنی دژییەکی(التناقض) لەنێوان ماددەی شەشەم و برگەکانی یەکەم و دووەم لە ماددەی حەوتەمی یاساکە کە بەهۆی یاسای هەمواری یەکەمی یاسای دەستەی گشتی دەسپاکی لە هەرێمی کوردستان-عیراق ژمارە(٣) ساڵی ٢٠١١ دروست بووەو لەپێناو جێبەجێکردنی یاساکە بەشێوەیەکی گونجاوو دروست ئەم یاسایە دەرچوێنرا"**[١٢٤].

دو سەرنجی گرینگ هەن کە پێویستە بێت لیرەدا سەبارەت بە راستاندنی راپۆرتی لیژنە تایبەتمەندەکانەوە لەلایەن لیژنەی یاساییەوە بیخەینەروو، یەکەمیان ئەوەیە، کە پەیرەوی ناوخۆی هەموارکراوی بەرکاری پەرلەمانی ساڵی ٢٠١٨ ماوەیەکی بۆ لیژنەی یاسایی دیاریکردوە تا ئەم ئەرک و تایبەتمەندییەی پیادە بکات ئەویش ماوەی (١٠)رۆژە لەدوای گەیشتنی راپۆرتی لیژنەی تایبەتمەند ئەوە لەباری ئاسایی[١٢٥]، خۆ ئەگەر پەرلەمان خەسڵەتی بەپەلەی دابێتە پرۆژە یان پێشنیازە یاساو بریارەکە ئەوا دەبێت راپۆرتی راستاندن و دوبارە دارشتنەوەکەی لە ماوەی(٥) رۆژ، دوای گەیشتنی راپۆرتی لیژنەی تایبەتمەند ئەم ئەرک و تایبەتمەندییە بەجێبگەیەنێت[١٢٦]. دوهەمیشیان پەیوەستە بە راپۆرتی لیژنەی تایبەتمەند بە پرۆژە یاسای بودجە، پەیرەوی ناوخۆی بەرکاری پەرلەمان تایبەتمەندییەکی جیاوازی داوەتە راپۆرتی هاوبەشی

---

(١٢٤) بروانە بڵاوکراوەی پرۆتۆکۆلەکانی ساڵی ٢٠٢١ی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (١٢٢)، چاپی یەکەم، ساڵی ٢٠٢٣،ل ٤٨ تا ٤٩.

(١٢٥) پەیرەوی ناوخۆی هەموارکراوی بەرکاری ساڵی ٢٠١٨، ماددەی (٨٥) برگەی یەکەم : راپۆرتی لیژنەی تایبەتمەند، دەدرێتە لیژنەی یاسایی بۆ پێداچوونەوەی راپۆرتەکە، لە ماوەی (١٠) دە رۆژ لە رێکەوتی گەیشتنی.

(١٢٦) پەیرەوی ناوخۆی هەموارکراوی بەرکاری ساڵی ٢٠١٨، ماددەی (٨٥) برگەی دووەم: ئەگەر پرۆژە، یان پێشنیازی یاسا و بڕیارەکە، بە (خەسلەتی پەلە) ئاراستە کرابێت دەبێ لیژنەی یاسایی، لە ماوەی (٥) پێنج رۆژدا، پێداچوونەوەی خۆی بکات.

لیژنەی تایبەتمەند سەبارەت بە پرۆژە یاسای بودجە، بەجۆرێک لە باری ئاساییدا لیژنەی دارایی و کاروباری ئابوری هەڵدەستێت بە کۆکردنەوەی راپۆرتی سەرجەم لیژنە تایبەتمەندەکان و پاشان یەکخستنیان و ئاراستەکردنی راپۆرتەکە بۆ دەستەی سەرۆکایەتی[١٢٧]. لە بارێکدا ئەگەر لیژنەی دارایی و کاروباری ئابووری نەیتوانی لە ماوەی دیاریکراوی خۆیدا کە (٢١) رۆژەو لە ماوەی زیادکراویش کە (١٠) رۆژە، سەرباری ماوە بنەرەتیەکەی خۆی، ئەوا بەشێوەیەکی هەڵاوێردی، لێژنەی یاسایی لەبری لیژنەی ئابوری و کاروباری کارگێری هەڵدەستێت بە کۆکردنەوەی و یەکخستنی راپۆرتی لیژنەکان و ئاراستەکردنی بۆ دەستەی سەرۆکایەتی[١٢٨].

---

(١٢٧) پەیرەوی ناوخۆی هەموارکراوی بەرکاری ساڵی ٢٠١٨، ماددەکانی(١٠١) برگەی یەکەم: لەسەر لیژنەی دارایی و کاروباری ئابووری، ڕاپۆرتی بودجە و ژمێرەی کۆتایی خۆی، دەربارەی پڕۆژەکە لە ماوەیەکدا لە (٢١) بیستویەك رۆژ، دوای گەیشتنی ڕاپۆرتی لیژنەکان، پێشکەش بە دەستەی سەرۆکایەتی بکات. هەروەها ماددەی(١٠٢) برگەی دووەم: ڕاپۆرتی لیژنەی دارایی و کاروباری ئابووری، کۆکەرەوەی سەرجەم راپۆرتی لیژنە پەیوەندیدارەکان و رای کۆتایی لیژنەی دارایی و ئابووری دەبێت.

(١٢٨) پەیرەوی ناوخۆی هەموارکراوی بەرکاری ساڵی ٢٠١٨، ماددەی(١٠١) برگەکانی یەکەم: لەسەر لیژنەی دارایی و کاروباری ئابووری، ڕاپۆرتی بودجە و ژمێرەی کۆتایی خۆی، دەربارەی پڕۆژەکە لە ماوەیەکدا لە (٢١) بیستویەك رۆژ، دوای گەیشتنی ڕاپۆرتی لیژنەکان، پێشکەش بە دەستەی سەرۆکایەتی بکات.هەروەها برگەی سێیەم: ئەگەر ئەو ماوەیە بەسەرچوو، لیژنەکە نەیتوانی ڕاپۆرت پێشکەش بکات، دەستەی سەرۆکایەتی، دەتوانێت ماوەیەکی تری پێبدات لە (١٠) دە ڕۆژ تێپەرنەکات، ئەگەر لەو ماوەیشدا، ڕاپۆرتی پێشکەش نەکرد، بە پشت بەستن بە راپۆرتی لیژنە پەرلەمانییەکان، دوای رێکخستنیان، لەلایەن لیژنەی یاساییەوە گفتوگۆی لەبارەوە دەکرێت.

# بەشی پێنجەم

# خوێندنەوەی دووەم

## دەروازە

پەیرەوی ناوخۆی هەموارکراوی بەرکاری ساڵی ٢٠١٨، پێناسەیەکی نەکردوە تاوەکوو بە وردی بزانین مەبەست لە دەستەواژەی خوێندنەوەی دووەم چییە، بەڵام لەرێگەی وردبینی کردنی ئەو برگەو ماددانەی خوێندنەوەی دووەمیان رێکسختووە، بۆمان روونەبێتەوە کە خوێندنەوەی دووەم، بریتیە لە رێککارەکانی بە بنەما وەرگرتنی راپۆرتی لیژنەکان، گفتووگۆی راپۆرتی راستینراوی لیژنە تایبەتمەندەکان و ئامادەکردنی راپۆرتی دەنگدان. هەوڵدەدەین بەپێی ریزبەندی رێککارەکان و هەریەکەو لەلقێکی جیاوازدا وردەکارییەکانیان بخەینەروو. ئەوەی جێگەی سەرنجە لێرەدا بیخەینەروو ئەوەیە، خوێندنەوەی دووەم لە پەیرەوی ناوخۆی هەموارکراوی بەرکاری پەرلەمانی ساڵی ٢٠١٨ هاتۆتە کایەوەو، بەر لەو وادەیەو لە سایەی پەیرەوی هەموارکراوی هەڵوەشاوەی ساڵی ١٩٩٢، شتێکمان نییە بەناوی خوێندنەوەی دووەم. بەڵکو دانیشتنی گفتوگۆو دەنگدان بەیەکەوە کراوە. واتا هەر لەو دانیشتنەی گفتوگۆی یاساکە کراوە، لەهەمان دانیشتن دەنگدانیش کراوە، بەجۆرێک دانە دانە ماددەی پرۆژە یاساکە گفتوگۆی سەبارەت کراوەو بەکۆتاییهاتنی گفتوگۆ، راستوخۆ ئەو ماددەییە خراوەتە دەنگدان، ئینجا ماددەیەکی دیکە خراوەتە بەر گفتوگۆ، بەوشێوەیە تەواوی ماددەکان بەدوای یەکدا گفتوگۆو دەنگدانیان بۆ کراوەو لەکۆتایی دانیشتنەکەو دوای کۆتایی هاتنی گفتوگۆو دەنگدان لەسەر یەکە بەیەکەی کۆی ماددەکانی، کۆی پرۆژەکە لە ناونیشانەوە تا دەگاتە هۆکارەکانی دەرچواندن دەنگی بۆدراوە[١٢٩]. بەپێچەوانەی پەیرەوەی هەموارکراوی

(١٢٩) پەیرەوی ناوخۆی هەموارکراوی هەڵوەشاوەی ساڵی ١٩٩٢، ماددەی(٧٢) خاڵی (٣) :پەرلەمان دەستدەکات بەگفتوگۆکردنی راپۆرتی لیژنەی تایبەتمەندو لیژنەی کاروباری یاسایی دەربارەی پرۆژە یاسا پێشنیارکراوەکە ئینجا دەستدەکرێت بەگفتوگۆکردنی پرەنسیپەکانی و لەکاتی بریاردان لەسەریدا دەچنە سەرگفتوگۆکردنی ماددەکانی پێشنیارکراوو دەنگدان لەسەریدا ماددە بەماددە .هەروەها ماددەی(٧٤): سەرۆک پاش تەواوبونی دواین داواکارانی قسەکردن لەوانەی ناویان نوسراوە دەرگای گفتوگۆ دادەخات و بابەتەکە دەخاتە بەردەنگدان

بەرکاری ساڵی٢٠١٨، کە خوێندنەوەی دووەمی تەرخانکردوە تەنها بۆ گفتوگۆکردن لەسەر راپۆرتی لیژنەی تایبەتمەند، ئەگەر بەبنەما وەرگیرا، دەنگدان لەسەر پرۆژە یان پێشنیازە یاساکە خراوەتە دانیشتنێکی دیکە کە پەیرەوی ناوخۆ بەشێوەیەکی سەربەخۆرێکیخستوە. هەربۆیە گەر سەیری بەرنامەی کاری دانیشتنەکانی پەرلەمان بکەین لەخولەکانی یەکەم هەتا چوارەمی پەرلەمان بەر لەدەرچونی پەیرەوی بەرکاری ساڵی ٢٠١٨، دەستەواژەی (خوێندنەوەی دووەم) بەرچاو ناکەوێت، بەڵکوو لەبری ئەوە (خستنەروو گفتوگۆکردنی پرۆژە یاساکان دەبینرێت)، کە مەبەست لێی دانیشتنی گفتگۆو دەنگدانە لەسەر پرۆژە یاساکان. بۆ نمونە گەر سەیری کارنامەی دانیشتنی ژمارە (١)ی نائاسایی خولی یەکەمی پەرلەمان ساڵی ١٩٩٧ بکەین، کە لە رۆژی یەکشەممە رێکەوتی ١٩٩٧/٧/٦ ئەنجامدراوە، بەرنامەی کارەکەی بەمجۆرە خراوەتەروو" **بەرنامەی کار،١-گفتوگۆکردن لەسەر پرۆژە یاسای دەزگای شەهید،٢- گفتوگۆکردن لەسەر پرۆژە یاسای راگرتنی سەرلەنوێ تۆمارکردن لە هەرێمی کوردستان-عیراق، ٣-گفتوگۆکردن لەسەر پرۆژە یاسای (ارجاء النظر بالالتزامات الحكومية السابقة)"**[١٣٠]. یان کارنامەی دانیشتنی ژمارە (٥)ی خولی یەکەمی پەرلەمان، ساڵی یازدەهەم ٢٠٠٢، کە لە رۆژی سێشەممە رێکەوتی ٢٠٠٢/٤/٩ ئەنجامدراوە، بەرنامەی کارەکەی بەمجۆرە خراوەتەروو" **بەرێزان بەرنامەی کاری ئەمرۆ لەپێنج خاڵ پێکهاتووە، ١- خستنەروو گفتوگۆکردنی پرۆژەی بریاری تایبەتی بەغیابی فەرمانبەرو دابرانی لە وەزیفەکەی، کەلەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشکەشکراوە"**[١٣١]. هەروەها لە کارنامەی دانیشتنی ژمارە (٩)ی

---

(١٣٠) بروانە بڵاوکراوەی پرۆتۆکۆلەکانی ساڵی ١٩٩٧ی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (١٤)، چاپی یەکەم، ساڵی ١٩٩٨،ل ٣٧٥.

(١٣١) بروانە بڵاوکراوەی پرۆتۆکۆلەکانی ساڵی ٢٠٠٢ی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (٣٠)، چاپی یەکەم، ساڵی ٢٠٠٢،ل ١٢٤.

خولی سێیەمی پەرلەمان کە لە رۆژی چوارشەممە رێکەوتی ٢٠١٠/٥/١٢ ئەنجامدراوە، بەرنامەی کارەکەی بەمجۆرە خراوەتەروو**"١- خستنەروو گفتوگۆکردنی پرۆژە یاسای دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستان-عیراق"[١٣٢].** بەڵام ئەگەر سەیری بەرنامەی کاری دانیشتنی دەسپێک ژمارە (١)ی ساڵی یەکەمی خولی پێنجەمی پەرلەمان کە لە رۆژی یەکشەممە رێکەوتی ٢٠٢٠/٣/١ ئەنجامدراوە، لەبەرنامەی کارەکەیدا ئاماژە بە خوێندنەوەی دووەم دەکات لەبری خستنەروو گفتوگۆکردن، بەمشێوەیە**"چوارەم: خوێندنەوەی دووەمی پێشنیازی یاسای بەرەنگاربونەوەی بەقاچاخ بردنی نەوت لە هەرێمی کوردستان عیراق، بەپێی ماددەکانی ٨٧، ٨٨، ٨٩ لە پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان-عیراق"**[١٣٣].

## لقی یەکەم

## بە بنەما وەرگرتنی راپۆرتی لیژنە بۆ گفتوگۆ

---

(١٣٢) بروانە بڵاوکراوەی پرۆتۆکۆلەکانی ساڵی ٢٠١٠ی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (٥٨)، چاپی یەکەم، ساڵی ٢٠١٠،ل ٩٢.

(١٣٣) بروانە بڵاوکراوەی پرۆتۆکۆلەکانی ساڵی ٢٠٢٠ی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (١١٤)، چاپی یەکەم، ساڵی ٢٠٢٢،ل ٦.

یەکەم هەنگاو لە قۆناغی خوێندنەوەی دووەم بریتیە لە دەنگدانی ئەندامانی پەرلەمان، تاوەکو یەکلای بکەنەوە، داخۆ راپۆرتی لیژنە تایبەتمەندەکانی راستێنراو لەلایەن لیژنەی یاسایی دەکەن بە بنەما بۆ گفتو گۆکردن، یاخود راپۆرتەکە رەتدەکەنەوەو خودی پرۆژە یان پێشنیازە یاساو بریارەکە دەکەنە بنەما بۆ گفتو گۆکردن. بەر لە پرۆسەی دەنگدان و یەکلاکردنەوەی ئەم پرسە چەند رێککارێک هەن دەبێت بگیرێتە بەر، لێرەدا پێویستە ئاماژەیان پێبکەین، ئەوانیش :

**١-** پێویستە راپۆرتی لیژنەی تایبەتمەندی راستێنراو لەلایەن لیژنەی یاساییەوە (٤٨) کاتژمێر بەرلەئەنجامدانی دانیشتنی پەرلەمان بگەیەنرێتە دەستی ئەندامانی پەرلەمان و ئەم ئەرکەش لە ئەستۆی سکرتێری پەرلەمانە. لێرەدا دەبینین دەقێکی رونمان هەیەو سکرتێری پەرلەمان پابەند دەکات بەوەی دەبێت بەر لە دانیشتنی خوێندنەوەی دووەم، راپۆرتەکە بگەیەنرێتە دەستی ئەندامانی پەرلەمان. بە پێچەوانەی دانیشتنی خوێندنەوەی یەکەم کە لە دەقی پەیرەودا تەنها ئاماژە بۆ ئەوە کراوە کارنامەی دانیشتن بنێردرێت بۆ پەرلەمان و بەرونی ئاماژەی بۆ ئەوە نەکردوە دەبێت پرۆژە یان پێشنیازە یاساو بریارەکانیش هاوپێچ لەگەڵ کارنامەی دانیشتنەکە بۆ ئەندامان بنێردرێت. هەرچەندە لەروی کردارییەوە لەزۆربەی کاتەکان بەمشێوە کراوە[١٣٤]. بەرای ئێمە دەقنوسکردنی ئەم بابەتە لە پەیرەوی ناوخودا گرینگییەکی زۆری هەیە، چونکە لە دانیشتنی خوێندنەوەی دووەمدا ئەندامانی پەرلەمان دەنگدەدەن لەسەر ئەوەی راپۆرت یان خودی پرۆژە یان پێشنیازە یاساکە ببێتە

(١٣٤) پەیرەوی ناوخۆی هەموارکراوی بەرکاری ساڵی ٢٠١٨، ماددەی (٨٦): دەبێ سکرتێری پەرلەمان، (٤٨) چل و هەشت کاتژمێر پێش خوێندنەوەی دووەم، راپۆرتی راستێندراوی لیژنەی تایبەت بۆ ئەندامان دەستەبەر بکات.

بنەمای گفتوگۆ، ئەمەش ناکرێت تاوەکو هەردوکیانی لەبەردەستدا نەبێت و بەر لە دانیشتنی پەرلەمان بەراوردیکارییەکی نەکردیێت کە داخۆ کامیان گونجاترە تا دەنگی پێ بدات. بەپێچەوانەی دانیشتنی خوێندنەوەی یەکەم کە هەروەک لە بەشەکانی پێشووی ئەم توێژینەوەیە رونمان کردبۆوە، ئاراستەکردنی پرۆژە یان پێشنیازە یاساو بریارەکان بۆ لیژنە تایبەتمەندەکان راستەوخۆ لەلایەن سەرۆکی پەرلەمان دەکرێت و ئەندامان رۆڵێکیان تێیدا نییە. بۆ نمونە لەیەکێک لە دانیشتنەکانی پەرلەمان تایبەت بە خوێندنەوەی دووەمی پرۆژە یاسای هەمواری سێیەمی یاسای سەرۆکایەتی هەرێم ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ کە لەساڵی ٢٠١٤و لەسایەی پەیرەوی ناوخۆی هەڵوەشاوەی پێشودا ئەنجامدراوە، (بۆچی ئاماژە بەوە دەکەم لەسایەی پەیرەوی هەڵوەشاوەی پێشودا ئەنجامدراوە چونکە ئاماژە بەچەند ماددەیەک دەکەین هی ئەو پەیرەوەیە تا خوێنەر لێی تێکەڵ نەبێت)، بەر لە دانیشتنی خوێندنەوەی دووەم راپۆرتی لیژنەی تایبەتمەند، بەدەستی هەندێک لە ئەندامانی پەرلەمان نەگەیشتووە، مشتومری توند لەسەر رەوایەتی بەردەوامبوون لەسەر گفتوگۆکردنی راپۆرتەکە دروست بوەو ئەو ئەندامانەی راپۆرتیان بەدەست نەگەیشتوە داوای دواخستنی گفتوگۆکردن دەکەن لەسەر ئەو برگەیەی بەرنامەی کار، تا بتوانن بیخوێننەوەو رای پێشوەختەی خۆیانی لەسەر ئامادە بکەن. بەمشێوەیە **" گۆران ئازاد ، بەرێز سەرۆکی پەرلەمان ، تێبینیەکەی من نیزامییە، یەعنی من نازانم خۆم راپۆرتەکەم وەرنەگرتوە، ئەگەر هەڵەبم، ئەگەر ئەندامان وەریان گرتووە حەقی موناقەشە ئەمەشتێکە. بەڵام ئەگەر وەریان نەگرتبێت بەپێی ماددە (٧٢) پەیرەوی ناوخۆ ئەسڵەن ئەڵێ ئەبێ پرۆژەو راپۆرت لەلای ئەندامانی پەرلەمان نەبێ، چونکە ئەندامی پەرلەمان کە دێتە هۆڵ خۆی بۆ حازر ئەکا راپۆرتەکە ئەباتەوە مولاحەزەی قانونی خۆی ئەکا، ئەوکاتە**

**موناقەشە ئەکا، یەعنی راپۆرت شتێکی هاکەزایی نییە لەناو هۆڵدا دابەش بکرێت"**[١٣٥].

**٢-** پێویستە پرۆژە یان پێشنیازە یاساو بریارە پێشنیارکراوەکە لەگەڵ راپۆرتی لیژنەی تایبەتمەندی راستێنراو لەلایەن لیژنەی یاساییەوە، هەردوکیان بەدوای یەکدا بخوێندرێنەوە، تا جارێکی دیکە، ئەندامانی پەرلەمان دڵنیابن لەوەی پێشتر گەیەنراوەتە دەستیان هەمان راپۆرتە کە لەهۆڵدا دەخرێتە دەنگدانەوە[١٣٦]. بەهۆی گرینگیەکەیەوە پەیرەوی ناوخۆی هەموارکراوی ساڵی٢٠١٨، بەدەق ئاماژەی پێکردوە. واتا سەرەتا خودی پرۆژە یاسا یان پێسنیازە یاساو بریارەکە لە ناونیشانەکەیەوە تا دەگاتە هۆکارەکانی دەرچواندن. بۆ ئەندامانی پەرلەمان دەخوێندرێتەوە، پاشان بەدوایدا دەقی راپۆرتی لیژنەی تایبەتمەندی راستێنراو لەلایەن لیژنەی یاساییەوە لەسەرەتاوە تا کۆتایی بۆ ئەندامان دەخوێندرێتەوە. بۆ نمونە پەرلەمانی کوردستان لە دانیشتنی ژمارە (١٢)ی رۆژی سێشەممە رێکەوتی ٢٠١٩/١٢/٢٤، سەبارەت بە خوێندنەوەی دووەمی پێشنیازە بریاری (رۆژانی بۆنە فەرمیەکانی نەتەوەی تورکمان) بەمشێوەیە هەم پێشنیازە بریارەکەو هەم راپۆرتی لیژنەی تایبەتمەندی راستێنراو خوێندراوەتەوە **" بەرێز هێمن احمد حمەصاڵح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان، زۆر سوپاس بەرێزان ئێستا دەست بەجێبەجێکردنی خاڵەکانی بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (١٢) دەکەین، کە برگەی یەکەمی بریتیە لە خوێندنەوەی دووەمی پێشنیازە بریاری رۆژانی بۆنە**

---

(١٣٥) بروانە بڵاوکراوەی پرۆتوکۆلەکانی ساڵی ٢٠١٤ی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (٩٤)، چاپی یەکەم، ساڵی ٢٠١٤،ل ٩٤.

(١٣٦) پەیرەوی ناوخۆی هەموارکراوی بەرکاری ساڵی ٢٠١٨، ماددەی (٨٧) برگەی یەکەم: خوێندنەوەی دووەم، بە خوێندنەوەی دەقی پرۆژە، یان پێشنیازەکە، دەستپێدەکات، دواتر راپۆرتی لیژنەی تایبەتمەند، دەخرێتەڕوو.

**فەرمیەکانی نەتەوەی تورکمان "**[١٣٧]. سەرەتا پێشنیازە بریارەکە خوێندراوەتەوە بەمجۆرە **" بەرێز محسن حسێن، بەرێز سەرۆکی پەرلەمان/ پێشنیازی بریاری رۆژانی بۆنە فەرمیەکانی نەتەوەی تورکمان، یەکەم / ئەو بۆنانەی لای خوارەوە بەبۆنەی فەرمی دادەنرێت بۆ نەتەوەی تورکمان: أ- (١٧)ی تشرینی دووەمی هەرساڵێک بەرۆژی زمان و کەلتوری تورکمانی دادەنرێت. ب- (٢٤)ی شوباتی هەرساڵێک بەرۆژی رۆژنامەگەری تورکمان دادەنرێت. دووەم/ دەبێ ئەنجومەنی وەزیران و لایەنی پەیوەندیدار ئەم بریارە جێبەجێبکەن. سێیەم/ ئەم بریارە لەرۆژی دەرچونییەوە جێبەجێدەکرێت و لەرۆژنامەی وەقائیعی کوردستان بڵاودەکرێتەوە. هۆیەکانی دەرچواندن ، بۆ زیندوکردنەوەی بۆنە نەتەوەیی و کەلتوری پێکهاتەی تورکمان و پتەوکردنی دەوڵەمەندی و فرە کەلتوری هەرێمی کوردستان ئەم بریارە دەرچوێنرا"**[١٣٨]. بەدوای ئەودا لەهەمان دانیشتن راپۆرتی لیژنەی تایبەتمەندی راستێنراو لەلایەن لیژنەی یاساییەوە دەخوێندرێتەوە" **بەرێز هێمن احمد حمەصاڵح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان، بەڵێ زۆر سوپاس ئەوەی خوێندرایەوە دەقی ئەو پێشنیازە یاسایەبوو کەلەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستانەوە پێشکەشکراو خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کرابوو، ئێستا داوا لە بەرێزان لە لیژنەی تایبەتمەند دەکەین راپۆرتی لیژنە هاوبەشەکانیش بخوێننەوە. بەرێز بژار خالد عبداللە، بەرێز سەرۆکی پەرلەمان، ئەوە دەقی راپۆرتی لیژنەی هاوبەشە، بۆ/ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان،**

---

(١٣٧) بروانە بڵاوکراوەی پرۆتۆکۆلەکانی ساڵی ٢٠١٩ی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (١١٢)، چاپی یەکەم، ساڵی ٢٠٢١،ل ٣٦٣.

(١٣٨) هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٦٣.

بابەت/ راپۆرتی هاوبەش ، لیژنەی کاروباری یاسایی و لیژنەی رۆشنبیری و کۆمەڵگەی مەدەنی و وەرزش و لاوان، رۆژی دوشەممە رێکەوتی (٢٠١٩/١٢/٢٣) کاتژمێر(١٠) پێشنیوەرۆ کۆبونەوەی هاوبەشیان ئەنجامدا بەمەبەستی نوسینی راپۆرتی هاوبەش سەبارەت بە پێشنیازی بڕیاری رۆژانی بۆنە فەرمیەکانی پێکهاتەی تورکمان لە هەرێمی کوردستان-عیراق بۆ خوێندنەوەی دووەم کە لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان پێشنیارکراوە، دوای خوێندنەوەی یەکەم لە دانیشتنی ژمارە (٩)ی ئاسایی لەرۆژی سێشەممە رێکەوتی(٢٠١٩/١٢/١٠) رەوانەی لیژنەکەمان کرا، دوای گفتوگۆکردن و تاوتوێکردن، لیژنەکان گەیشتنە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە: پێشنیازی بڕیاری رۆژانی بۆنە فەرمیەکانی پێکهاتەی تورکمان، یەکەم / ئەو بۆنانەی لای خوارەوە بەبۆنەی فەرمی دادەنرێت بۆ پێکهاتەی تورکمان: ١- (١٧)ی مانگی(١١)ی هەمووساڵێک بەرۆژی زمان و کەلتوری پێکهاتەی تورکمانی دادەنرێت. ٢- (٢٤)ی مانگی(٢)ی هەموو ساڵێک بەرۆژی رۆژنامەگەری پێکهاتەی تورکمان دادەنرێت.دووەم/ پێویستە ئەنجومەنی وەزیران و لایەنی پەیوەندیدار ئەم بڕیارە جێبەجێبکەن. سێیەم/ ئەم بڕیارە لەرۆژی دەرچونییەوە جێبەجێدەکرێت و لەرۆژنامەی وەقائیعی کوردستان بڵاودەکرێتەوە. هۆیەکانی دەرچواندن ، بۆ بەفەرمیکردنی بۆنە نەتەوەیی و کەلتوری پێکهاتەی تورکمان و پتەوکردنی دەوڵەمەندی و فرە کەلتوری لەهەرێمی کوردستان ئەم بڕیارە دەرچوێنرا"[١٣٩].

(١٣٩) سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٦٤.

**٣-** دەنگدان بۆ بە بنەما وەرگرتنی راپۆرتی لیژنەی تایبەتمەندی راستێنراو لەلایەن لیژنەی یاساییەوە ئەگەر دارشتنێکی نوێی پێشنیاز کردبێت بۆ پرۆژە یان پێشنیازە یاساو بریارەکە[١٤٠]. دوای خوێندنەوەی هەریەکە لە پرۆژە یان پێشنیازە یاساو بریارە یاسا بەدوای یەکدا، هەنگاوێکی دیکەی گرینگی پرۆسەی یاساکاری لە پەرلەمانی کوردستان دەستپێدەکات، ئەویش دەنگدانی ئەندامانی پەرلەمانە لەسەر بە بنەما وەرگرتنی یەکێک لەو دوانە، راپۆرتی لیژنەی تایبەتمەندی راستێنراو لەلایەن لیژنەی یاساییەوە یان خودی پرۆژە یان پێشنیازە یاساو بریارە یاساکە، تاببێتە بنەما بۆ گفتوگۆی ئەندامان لەنێو هۆڵی پەرلەماندا. بەوپێیەی لە پەیرەوی ناوخۆدا ئاماژە بەوە نەکراوە دەنگدان لەسەر بە بنەما وەرگرتنی راپۆرتی لیژنەی تایبەتمەندی راستێنراوە بە چی رێژەیەک دەبێت، بۆیە دەگەرێینەوە بۆ دەقێکی گشتی کە لە نێو پەیرەودا هاتووەو ئاماژە دەکات بۆ ئەوە، کە پەرلەمان یاساو بریارەکانی بەزۆرینەی دەنگی ئامادەبوان پەسند دەکات، جگە لەو حاڵەتانەی زۆرینەیەکی تایبەتیان پێویستەو لە یاسا بەرکارەکان یان پەیرەوی ناوخۆ دەقنوسکراون[١٤١]. لەدوای دەنگدانی ئەندامانی پەرلەمان لەسەر بە بنەما وەرگرتنی راپۆرتی لیژنەی تایبەتمەندی راستێنراو لەلایەن لیژنەی یاساییەوە. ئەگەر پێشنیازی دارشتنێکی نوێی بۆ پرۆژە یان پێشنیازە یاساو بریارە یاساکە لەخۆ گرتبوو ئەوا بە ئەندازەی گۆرانکارییەکانی نێو راپۆرتەکە، دابران دروست دەبیت لەگەل خودی پرۆژە یان پێشنیازە یاساو بریارە یاساکە. واتە ئەگەر راپۆرتی لیژنەی تایبەتمەند

---

(١٤٠) پەیرەوی ناوخۆی هەموارکراوی بەرکاری ساڵی ٢٠١٨، ماددەی (٨٧) برگەی دووەم: ئەگەر راپۆرتی لیژنەی تایبەتمەند، دارشتنێکی نوێی پێشنیاز کردبێت بۆ پرۆژە یان پێشنیازەکە، بەدەنگدان بڕیار لە سەر وەرگرتنی ئەو دارشتنە بە بنەما بۆ گفتوگۆکردن دەدرێت.

(١٤١) پەیرەوی ناوخۆی هەموارکراوی بەرکاری ساڵی ٢٠١٨، ماددەی (٩٣) برگەی یەکەم: یاسا و بڕیارەکان، بە زۆرینەی ژمارەی ئامادەبووان، پەسەند دەکرێن، جگە لەو حاڵەتانەی پێویستییان بە زۆرینەی تایبەت هەیە.

پێشنیاری گۆرانکاری لە  تەواوی پرۆژە یان پێشنیازە یاساو بریارە یاساکەدا کردبوو، ئەوا دابرانێکی تەواوەتی لەگەڵ پێشنیازە یاساو بریارە یاساکەدا رودەدات، ئەگەر گۆرانکارییەکەش رێژەیی بوو، ئەوا بێگومان دابرانەکە بە ئەندازەی رێژەی گۆرانکارییەکە دەبێت. لەو بارەیەوە نمونەی جۆراو جۆرمان هەیە، بۆ نمونە ئەگەر سەیری پێشنیازی بریارە یاسای رۆژانی بۆنە فەرمیەکانی پێکهاتەی تورکمان بکەین کە لە خاڵی پێشودا ئاماژەمان بۆکردوە، دەبینین لە ناونیشانی پرۆژە بریارەکەوە تا دەگاتە تەواوی ماددەوبرگەگاکان و تەنانەت هۆکاری دەرچواندنیش گۆرانکاری تێدا ئەنجامدراوە، کاتێک ئەنداماں دەنگدەدەن لەسەر بە بنەما وەرگرتنی راپۆرتەکە واتا پێشنیازە بریارەکە بەتەواوی لە پرۆسەی یاساکاریدا وەلادەنرێت و راپۆرتی لیژنەکە شوێنی دەگرێتەوە. هەربۆیە دەبینین لە دانیشتنی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (١٢)ی رۆژی سێشەممە رێکەوتی ٢٠١٩/١٢/٢٤ سەبارەت بە خوێندنەوەی دووەمی پێشنیازە بریاری (رۆژانی بۆنە فەرمیەکانی نەتەوەی تورکمان) دوای خوێندنەوەی هەریەکە لە  پێشنیازە بریارەکەو راپۆرتی لیژنەی تایبەتمەندی راستێنراو، بەمشێوەیە دەنگدان بۆ بە بنەما گرتنی یەکێکیان بۆ گفتوگۆ ئەنجام دەدرێت" **بەرێز هێمن احمد حمەصاڵح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان، بەڵێ زۆر سوپاس، بەرێزان ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان، وەک تێبینیتان کرد دەقی پێشنیازە یاساکە لەگەڵ دەقی ئەو راپۆرتە هاوبەشەی کە لەلایەن لیژنەی تایبەتمەندەوە ئامادەکراوە، دیارە هەندێک دارشتنی نوێی تێدایە، بۆیە بەپێی حوکمی برگەی دووەم لەماددەی(٨٧) ئێستا ئێوەی بەرێز لەسەر ئەسڵی پێشنیازە یاساکە یان راپۆرتی لیژنە هاوبەشەکە دەنگ بدەین بۆ ئەوەی یەکێکیان بکەین بە بنەمای گفتوگۆ، بۆیە ئێستا بەرێزان دەقی دارشتنی یەکەم بابڵێین پێشنیازە یاساکە ئەوەی لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان پێشنیارکرابوو وەک خۆی دەیخەینە دەنگدان، چەند کەس**

**لەگەڵ ئەوەیە کە دەقی پێشنیازە یاساکە وەک خۆی بکرێتە بابەتی گفتوگۆ دەست بەرز بکاتەوە؟ کەسی لەگەڵ نییە. چەند کەس لەگەڵ ئەوەیە دەقی راپۆرتی هاوبەشی لیژنەی تایبەتمەند بکرێتە بنەما بۆ گفتوگۆ؟ بەدەنگی (٧٢) پەرلەمانتار راپۆرتی لیژنە هاوبەش دەکەینە بنەما بۆ گفتوگۆ"**[١٤٢]**.**

ئەوەی جێگەی سەرنجەو پێویستە لێرەدا ئاماژەی پێبکەین ئەوەیە، پەیرەوی ناوخۆی هەموارکراوی ساڵی ٢٠١٨، ریزبەندییەکی دیکەی دەقنوسکردوە بۆ دەنگدان لەسەر چارەنوسی پرۆژە یان پێشنیازە یاساو بریارەکان لە کاتی گفتوگۆکردندا، بەجۆرێک کۆمەڵیک گریمانەی لەبەرچاوگرتوون، بەدرێژایی خولی پێنجەمی پەرلەمان پیادەکردنیمان نەبینیوە. ئەویش ئەوەیە سەرەتا دەنگدان بۆ پێشنیازی رەتکردنەوەی پرۆژە یان پێشنیازە یاساو بریارەکە بکرێت، کە لەراستیدا دەبوایە ئەم دەنگدانە لە دانیشتنی تایبەت بە گفتوگۆکان نەبوایە، بەڵکو شوێنی ئەو دەنگدانە دانیشتنی تایبەت بەخوێندنەوەی یەکەمی پرۆژە یان پێشنیازەکەیە، هەربۆیە بەداخەوە تەنها بۆجارێکیش لایەنی کردەیی پیادەکردنی ئەم برگەیەمان نەبینیووە، دواتر پێشنیازی گەراندنەوەی پرۆژەکە بۆ حکومەت دەخرێتە دەنگدانەوە، ئەمەشیان وەک برگەی پێشوو هەردەبوایە لە دانیشتنی خوێندنەوەی یەکەم پیادە بکرایە شوێنی دانیشتنی تایبەت بە گفتوگۆنییە، هەربۆیە بەداخەوە پیادەکردنی کرداری ئەم برگەیەشمان بەدی نەکردوە بەدرێژایی خولی پێنجەمی پەرلەمان، بەدوای ئەودا پێشنیازی گەراندنەوەی پرۆژە یان پێشنیازەکە بۆ لیژنەی تایبەتمەند کە راپۆرتی ئامادەکردوە، ئەم گریمانەیان ئەگەرچی لەروی شوێنەوە لەدانیشتنی گفتگۆکردندا جێگەی دەبێتەوە بەڵام ئەمیشیان ئەگەری رودانی کەمە هەربۆیە

---

(١٤٢) بروانە بڵاوکراوەی پرۆتۆکۆلەکانی ساڵی ٢٠١٩ی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (١١٢)، چاپی یەکەم، ساڵی ٢٠٢١،ل ٣٦٤،٣٦٥.

پیادەکردنی کردارەکیمان نەبینیوە لە خولی پێنجەمدا، دواهەمینیان خستنە دەنگدانی دواخستنی گفتوگۆکردنە سەبارەت بە پرۆژە یان پێشنیازە یاساو بریار ئەمەیان ئەگەری روودانی هەیە هەرچەندە لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردن پیادە نەکراوە[١٤٣].

(١٤٣) پەیرەوی ناوخۆی هەمواركراوی بەركاری ساڵی ٢٠١٨، ماددەی (٩٣): لەكاتی گفتوگۆكردندا، لەسەر هەر پرۆژە و پێشنیازی یاسا و بڕیارێك ئەگەر رای جیاواز سەبارەت بە پەسەندكردن دروست بوو، ئەولەویەت لە دەنگدان بە پێی ئەو رێزبەندیە دەبێت:
یەكەم: پێشنیازی رەتكردنەوەی پرۆژە یان پێشنیازەكە.
دووەم: پێشنیازی گەڕاندنەوەی پڕۆژەكە بۆ حكومەت.
سێیەم: گەڕاندنەوەی پڕۆژە یان پێشنیازەكە بۆ لیژنەی تایبەتمەند، كە راپۆرتی ئامادە كردوە.
چوارەم: پێشنیازی دواخستنی گفتوگۆ بۆ دانیشتنێكی تر.

# لقی دووەم

## گفتوگۆی راپۆرتی لیژنەی تایبەتمەندی راستێنراو

یەکێک لە قۆناغە گرینگ و هەستیارەکانی پرۆسەی یاساکاری لە هەرێمی کوردستان، بریتیە لە قۆناغی گفتوگۆکردن لەسەر راپۆرتی لیژنەی تایبەتمەند لەنێو هۆڵی پەرلەماندا، چونکە لێرەوە پرۆسەکە لەچوارچێوەکی داخراوی بەرتەسکی لیژنەکانەوە دەگوازرێتەوە بۆ چوارچێوەیەکی بەرفراوانی گشتی و، ئەندامانی پەرلەمان، بە بەرچاوی رای گشتی و گەلی کوردستانەوە لە دانیشتنی ئاشکرادا، کە لەئێستادا بەشێوەیەکی راستەوخۆ لە کەناڵەکانی راگەیاندنەوە پەخش دەکرێت- تەنها ئەو دانیشتنانە نەبن کە پەرلەمان بەپێویستیان دەزانن نهێنی بن یان لەوکاتانەی سەرۆکی پەرلەمان بریار دەدات پەخشی راستەوخۆی دانیشتنەکان بوەستێنرێت- راوو سەرنج و پێشنیاری خۆیان لەسەر ماددەو برگەکانی راپۆرتەکە دەخەنەروو[١٤٤]. لەبارە گرینگی گفتوگۆکردنی پەرلەمان، دکتۆر منذر الشاوی دەڵێت"گفتوگۆی پرۆژە یاساکان لە پەرلەماندا، کرۆک و پێوەری سیستەمی نوێنەرایەتی پەرلەمانییە"[١٤٥]. هەربۆیە پەیرەوی ناوخۆی بەرکار بەوردەکاری زۆرەوە چۆنیەتی ئەم قۆناغەو

---

(١٤٤) پەیرەوی ناوخۆی هەمواركراوی بەركاری ساڵی ٢٠١٨، ماددەی (٩): یەكەم: دانیشتنەكانی پەرلەمان، بە ئاشكرا دەبن. دووەم: دەكرێت، دانیشتنەكانی پەرلەمان، لەسەر داوای سەرۆك، یان (٤/١) چواریەكی ئەندامان و بە رەزامەندیی پەرلەمان، نهێنی بن. سێیەم: لەكاتی پێویستدا دەكرێت، دانیشتنەكانی پەرلەمان، لەسەر داوای سەرۆكی هەرێم، یان سەرۆك وەزیران، بەرەزامەندیی پەرلەمان، نهێنی بن.

(١٤٥)د.منذر الشاوي، دولة القانون ، دار الذاكرة للنشر والتوزيع،بغداد،ط١، سنة ٢٠١٣،ص٦١.

ڕێککارەکانی ڕێکخستوەو ئێمەش هەوڵدەدەین لێرەدا بەپێی ریزبەندی هەنگاوەکان بیانخەینەروو.

**١- ڕێوشوێن و بنەماکانی گفتوگۆکردن سەبارەت بە راپۆرتی لیژنە تایبەتمەندەکان:**

بۆ ڕێکخستنی چۆنیەتی گفتوو گۆکردن سەبارەت بە راپۆرتی لیژنە تایبەتمەندەکان، پەیرەوی ناوخۆ دەقنوسی کۆمەڵێک ڕێوشوێن و بنەمای کردوە، هەندێکی دیکەش هەن کە بەهۆی لەمێژینەیی پیادەکردنییانەوە بونەتە نەریتێکی پەرلەمانی لەپەرلەمانی کوردستان، بێ ئەوەی دەقێکی یاسایی ئاماژەی پێکردبن، بەمشێوەیەی خوارەوە:

**أ-** گفتوگۆکردن لەسەر راپۆرتی لیژنەی تایبەتمەند لە ناونیشانی پرۆژە یان پێشنیازە یاساو بریارەکە دەستپێدەکات و پاشان ماددە بە ماددە دەخرێتە گفتوگۆوە، بە خستنە گفتوگۆی هۆیەکانی دەرچواندن، قۆناغی گفتووگۆکردن لەسەر راپۆرتی لیژنەی تایبەتمەند کۆتایی پێدێت. ئەگەرچی لە پەیرەوی ناوخۆدا دەقێکی تایبەتمان نییە ئاماژەی بەوە کردبێت، بەڵام پیادەکردنی ئەم ڕێوشوێنە بەشێوەی کردارەکی بۆماوەیەکی دورودرێژ کەدەتوانین بڵێین هەرلەسەرەتای کاری پەرلەمانی کوردستانەوە بەجیاوازی خولەکانی، ماددە بە ماددە گفتوگۆی پرۆژەوپێشنیازە یاساو بریار یان راپۆرتی لیژنەی تایبەتمەند کراوە. بۆ نمونە ئەگەر سەیری کۆنوسی دانیشتنی دەسپێک ژمارە (١)ی ساڵی یەکەمی خولی پێنجەمی پەرلەمان کە لە رۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٣/١ ئەنجامدراوە، گفتوگۆکردن لەسەر راپۆرتی لیژنەی تایبەتمەندی راستێنراو لەلایەن لیژنەی یاساییەوە سەبارەت بە پێشنیازە یاسای بەقاچاخ بردنی نەوت لەهەرێمی کوردستان-عیراق بەمشێوەیە ئەنجامدراوە **"فەرموون گفتوگۆکردن بە ناونیشانی پێشنیازە یاساکە دەست پێدەکەین، وەک ئەوەی لەناو راپۆرتەکەدا هاتووە،**

**ناونیشانەکە بخوێنەوە، بەڕێز سەرکۆ ئازاد، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، پێشنیازی یاسای بەقاچاخبردنی نەوت و لێدەرهێنراوەکانی لە هەرێمی کوردستان-عیراق. بەڕێز د. ڕێواز فایەق سەرۆکی پەرلەمان،بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان داواتان لێدەکەین پابەندی کات بن لەکاتی قسەکردندا، بۆ ئەوەی بتوانین پرۆژەکە یان پێشنیازەکە ماددەکانی زۆرن، بتوانین دەست بەگفتوگۆکردن بکەین لەبارەیەوە، هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان لەسەر ئەو ناونیشانە قسەیەکی هەیە بفەرموێت ناوی خۆی بنوسێت"[١٤٦].** سەبارەت بە ماددەی یەکی هەمان پێشنیازە یاساش دوای خوێندنەوەی ماددەکە، دەرگای گفتوگۆ بەمشێوەیە والاکراوە **"بەڕێزان دەرگای گفتوگۆ دەکەینەوە، هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان دەیەوێت قسە بکات لەسەر ماددەی یەک، فەرموو ناوی خۆی تۆماربکات، ئەم بەڕێزانە ناوی خۆیان تۆمارکردوە(د.ڕێبوار، کاک مەم، کاک ابوبکر، کاک شێخ ظاهر، کاک مسلم، کاک حاجی سفین، کاک لقمان، سلمە خان)، کاک مەم فەرموو"[١٤٧].** بەمشێوەیە گفتوگۆکردن دەربارەی ئەم پێشنیازە یاسایە بەردەوام دەبێت تا دەگاتە هۆکارەکانی دەرچواندن، سەبارەت بە هۆکارەکانی دەرچواندنیش بەمشێوەیە دەرگای گفتووکردن والادەکرێت**"دەچینە سەر هۆکارەکانی دەرچواندن، تکایە بیخوێنەوە فەرموو..، هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان دەیەوێت قسە بکات لەسەر هۆکاری دەرچواندن، کێ دەیەوێت قسە بکات،کاک د. کاظم فەرموو"**[١٤٨].

---

(١٤٦) بروانە بڵاوکراوەی پرۆتۆکۆلەکانی ساڵی ٢٠٢٠ی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (١١٤)، چاپی یەکەم، ساڵی ٢٠٢٢،ل ١٩.

(١٤٧)هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٢١.

(١٤٨)هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٦٦، ٦٧.

**ب-** دەبێت ئەندام گفتوگۆکانی چڕ بکاتەوە لەسەر ئەو ماددەیەی کە خراوەتەڕوو بۆ گفتوگۆکردن. تاوەکو گفتوگۆکردن لەسەر ماددەیەک تەواو نەبێت، گفتوگۆکردن لەسەر ماددەی دواتری ڕاپۆرتی لیژنەی تایبەت دەستپێناکات، هەروەها ئەگەر گفتوگۆکردن دەربارەی ماددەیەکیش کۆتایی هات، ئەوا دەرگای گفتوگۆکردن سەبارەت بەو ماددەیە دادەخرێت و جارێکی دیکە ڕێگە نادرێت گفتوگۆ دەربارەی ئەو ماددانە بکرێتەوە کە گفتوگۆکردن لەسەریان تەواو بوە[١٤٩]. خۆ ئەگەر ئەندامێک لەسنوری گفتگۆی تایبەت بەو ماددەیەی خراوەتەڕوو بۆ گفتوگۆکردن دەرچوو، ئەوا سەرۆکی پەرلەمان بۆی هەیە لەقسەکردن بیوەستێنێت[١٥٠].

**ج-** ئەندامی پەرلەمان تەنها یەکجار و بۆماوەی (٢) خولەک دەتوانێت ڕاوو سەرنج بخاتەڕوو لەسەر هەر ماددەیەک، واتا گەر بەشداریکرد لە گفتوگۆکردنی ماددەیەک جارێکی دیکە بۆی نییە ڕاوو سەرنج پێشکەش بکاتەوە لەسەر هەمان ماددە[١٥١]. ئەگەر هاتوو ئەندام لەو ماوەی بۆی دیاریکراوە زیاتر قسەی کرد ئەوا سەرۆکی پەرلەمان بۆی هەیە قسەکەی پێ ببڕێت[١٥٢]. پێویستە لێرەدا ئاماژە بەوە بکەین تەنها لە گفتوگۆکردنی پرۆژە یاسای بودجە ئەندامی پەرلەمان بۆی

---

(١٤٩) پەیرەوی ناوخۆی هەموارکراوی بەرکاری ساڵی ٢٠١٨، ماددەی (٥٤) برگەی چوارەم خاڵی ٣- دەبێت ئەندام ئاخاوتنەکانی لەسەر ئەو بابەتە چڕبکاتەوە کە خراوەتەڕوو و نابێت بگەڕێتەوە سەر بابەتێك کە دەنگی لەسەر دراوە، یان گفتوگۆ لەبارەیەوە کۆتایی هاتووە.

(١٥٠) پەیرەوی ناوخۆی هەموارکراوی بەرکاری ساڵی ٢٠١٨، ماددەی (٥٤) برگەی پێنجەم: سەرۆك، دەتوانێت ڕێگە لەبەردەوام بوونی ئەندام لەسەر ئاخاوتنەکەی بگرێت، ئەویش لە یەکێك لەم ئەگەرانە،٦- ئەگەر لە بابەتی گفتوگۆ دەرچوو.

(١٥١) پەیرەوی ناوخۆی هەموارکراوی بەرکاری ساڵی ٢٠١٨، ماددەی (٥٤) برگەی چوارەم خاڵی ٤- هەرئەندامێك دەتوانێت تەنها یەك جار لەسەر هەر بابەتێك بدوێت. ماددەی(٨٨): ئەو ئەندامەی ناوی تۆمارکراوە، دەتوانێت، لەسەر هەر ماددەیەك تەنیا یەکجار بدوێت و نابێت لە (٢) دوو خولەك، تێپەر بکات.

(١٥٢) پەیرەوی ناوخۆی هەموارکراوی بەرکاری ساڵی ٢٠١٨، ماددەی (٥٤) برگەی پێنجەم: سەرۆك، دەتوانێت ڕێگە لەبەردەوام بوونی ئەندام لەسەر ئاخاوتنەکەی بگرێت، ئەویش لە یەکێك لەم ئەگەرانە،٥- ماوەی دیاریکراوی ئاخاوتنی، کۆتایی هاتبێت.

هەیە زیاتر لە(٢) خولەک قسە بکات، ئەویش بەمجۆرە، بەر لەخستنە گفتوگۆی مادده بە ماددەی پرۆژە یاسای بودجەو بەدیاریکراوی، دوای خوێندنەوەی پرۆژەکە لەلایەن وەزیری دارایی و راپۆرتی لیژنەی تایبەتمەندیش لەلایەن لیژنەی داراییەوە، هەر ئەندامێک بۆی هەیە (١٠) خولەک لەسەر کۆی پرۆژە یاسای بودجە بەگشتی قسە بکات[١٥٣]، هەروەها لەکاتی گفتوگۆکردنی ماددەکانی پرۆژە یاسای بودجەش هەر ئەندامێک بۆی هەیە(٣) خولەک قسە بکات لەبری (٢) خولەک کە بۆ قسەکردن لەسەر پرۆژەو پێشنیازە یاساو بریاری ئاسایی دیاریکراوە[١٥٤].

**د-** بەشداری کردن لە گفتوگۆکان لەسەر هەر ماددەیەک بەرمەبنای خۆ تۆمارکردنی ئەندام دەبێ، دوای ئەوەی لەلایەن سەرۆکی پەرلەمانەوە دەرگای ناو تۆمارکردن رادەگەیەنرێت بۆ بەشداریکردن لە گفتوگۆکردن سەبارەت بەهەر ماددەیەک[١٥٥]. سەرۆکی پەرلەمان بۆ دڵنیایی بەر لەداخستنی ناوی هەموو ئەو ئەندامانە دەخوێنێتەوە کە خۆیان تۆمارکردوە بۆ بەشداریکردن لە گفتوگۆکان، ئەگەر ئەندامی دیکە جگە لەوانەی ناویان دەخوێندرێتەوە داوای زیادکردنی ناویان نەکەن بۆ لیستی ئەندامانی تۆمارکراو، سەرۆکی پەرلەمان دەرگای خۆ تۆمارکردن دادەخات و دواتر جگە لەو ئەندامانەی ناویان تۆمارکردوە، هیچ ئەندامێکی دیکە مافی بەشداریکردنی نابێت لە

---

(١٥٣) پەیرەوی ناوخۆی هەموارکراوی بەرکاری ساڵی ٢٠١٨، ماددەی (١٠٤) برگەی دووەم: ڕاپۆرتەکان، بە شێوەیەکی گشتی، گفتوگۆیان لەبارەوە، دەکرێت پێش چوونەسەر گفتوگۆکردنی دەروازەکانی پڕۆژە بودجە و بڕیاردانی بەندەکانی، هەر ئەندامێك دەتوانێت بۆ ماوەیەك لە (١٠) دە خولەك تێپەڕ نەکات، بە شێوەیەکی گشتی گفتوگۆ لەسەر ڕاپۆرتەکان بکات.

(١٥٤) پەیرەوی ناوخۆی هەموارکراوی بەرکاری ساڵی ٢٠١٨، ماددەی (١٠٥) برگەی دووەم : هەرئەندامێك دەتوانێت لەسەر هەر ماددەیەك بۆ ماوەیەك لە (٣) خولەك تێپەڕنەکات، گفتوگۆبکات.

(١٥٥) پەیرەوی ناوخۆی هەموارکراوی بەرکاری ساڵی ٢٠١٨، ماددەی (٥٤) برگەی دووەم : لەگەڵ خستنەڕووی هەر بڕگەیەك، لە بڕگەکانی بەرنامەی کار بۆ گفتوگۆکردن، سەرۆك داوا لە جێگری دووەمی دەکات ناوی داواکارانی مۆلەتی ئاخاوتن، تۆمار بکات.

گفتوگۆکاندا[١٥٦]. بۆ نمونە گەر سەیری کۆنوسی دانیشتنی ژمارە (١٠) خولی پێنجەمی هەڵبژاردن بکەین، کە لە رۆژی دوشەممە رێکەوتی ٢٠١٩/١٢/١٦ ئەنجامدراوە، چۆنیتی ناوتۆمارکردن بەمجۆرە خراوەتەروو **" زۆر سوپاس بەرێزان ئەندامانی پەرلەمان هەربەرێزێک دەیەوێت گفتوگۆ بکات سەبارەت بە ماددەی یەکەمی پرۆژە یاساکە بابفەرموێت با دەست بەرزکاتەوە؟ بەرێز هێمن احمد حمه صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان: بەرێزان ئەندامان ئەم پەرلەمانتارە بەرێزانە داوایان کردووە گفتوگۆبکەن لەسەر ئەو ماددەی سەرۆکی لیژنەی یاسایی خوێندیەوە (کاک دیاری، د. اسماعیل، کاک کاروان، ئاشنا خان، کاک مەم، کاک سیروان، کاک زانا، خدیجە خان، گولیزارخان، د. شێرکۆ، سەرچنارخان) کەسی تر هەیە؟ "[١٥٧]**. پێویستە لێرەدا ئاماژە بەوە بکەین جگە لە ئەندامانی پەرلەمان، وەزیری پەیوەندیدار ئەگەر ئامادەی دانیشتنەکانی پەرلەمان بوو، بۆی هەیە لەسەر هەر ماددەیەک (٢) خولەک قسە بکات[١٥٨].

**٥-** دوای خۆ تۆمارکردن، ئەندام بۆ بەشداری کردنی لە گفتوگۆکانی تایبەت بە پرۆژە یان پێشنیازە یاساو بریار یان راپۆرتی بە بنەما وەرگیراو، دەبێت مۆڵەتی سەرۆکی پەرلەمان بۆ ئاخاوتن وەربگرێت، ئینجا دەتوانێت راوو سەرنجەکانی پێشکەش بکات، تا سەرۆکی

---

(١٥٦) پەیرەوی ناوخۆی هەموارکراوی بەرکاری ساڵی ٢٠١٨، ماددەی (٥٤) برگەی سێیەم : سەرۆك بەڕەچاوکردنی ریزبەندی تۆمارکردنی ناوی ئەندامان رێگە بەئەندامان دەدات ئاخاوتن بکەن.

(١٥٧) بروانە بڵاوکراوەی پرۆتۆکۆلەکانی ساڵی ٢٠١٨ی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (١١٢)، چاپی یەکەم، ساڵی ٢٠٢٢،ل ١٥٨ ، ١٥٩.

(١٥٨) پەیرەوی ناوخۆی هەموارکراوی بەرکاری ساڵی ٢٠١٨، ماددەی (٨٨) برگەی دووەم : ئەگەر لە کاتی گفتوگۆکردنی پرۆژە یان پێشنیازەکە، وەزیری پەیوەندیدار ئامادەبوو، دەتوانێت لە بارەی هەر ماددەیەکەوە (٢) دوو خولەك بدوێت.

پەرلەمان بانگهێشتی نەکات بۆ ئاخاوتن، بۆی نییە لەخۆیەوە قسەبکات[١٥٩]. هەروەها لە کاتی ئاخاوتنیش دەبێت راوو سەرنجەکانی ئاراستەی سەرۆکی پەرلەمان بکات[١٦٠].

**٢- چوارچێوەی گفتوگۆی ئەندامی پەرلەمان سەبارەت بە راپۆرتی بە بنەما وەرگیراو یان خودی پرۆژە یان پێشنیازە یاساو بریارەکە:**

لە گفتوگۆی تایبەت بەخوێندنەوەی دووەم، هەروەک گفتوگۆی ناولیژنەکان ئەندام دەتوانێت پێشنیاری(**دوبارە دارشتنەوە**، **سەرلەنوێ ریزبەندی و خاڵبەندی کردنەوە**، **زیادکردنی برگەو ماددە**، **لابردنی برگەو ماددە**، **گۆرینی ماددەیەک بە ماددەی تازە لەشوێنی بکات**)، سەرباری ئەمانە، لە دانیشتنی تایبەت بەخوێندنەوەی دووەم ئەندامی پەرلەمان دەتوانێت تایبەتمەندییەکی دیکەش پیادە بکات کە تاراددەیەک کاریگەرەو لە دانیشتنی لیژنە تایبەتمەندەکانیش ئەو تایبەتمەندییەی نەبووە، ئەویش**(پشتگیری کردنی راوو بۆچونی ئەندامێکی دیکەی پەرلەمانە)**، لەبارێکدا ئەگەر دوو ئەندامی پەرلەمان یان زیاتر پشتگیریان لە رای ئەندامێکی دیکە کرد ئەوا راستەوخۆ ئەو رایە دەبێتە پێشنیارێکی سەربەخۆو لەراپۆرتی دەنگدان دەچەسپێندرێت و لە دانیشتنی دەنگدان دەخرێتە بەردەستی ئەندامانی پەرلەمان بۆ پەسندکردن یان رەتکردنەوەی[١٦١]. رەنگە چوارچێوەی

---

(١٥٩) پەیرەوی ناوخۆی هەموارکراوی بەرکاری ساڵی ٢٠١٨، ماددەی (٥٤) برگەی یەکەم : ئەندام، بەمۆڵەتی سەرۆك، لەوجێگەیەی دانیشتووە، یان لەو سەکۆیەی بۆ مەبەستی ئاخاوتن ئامادەکراوە دەدوێت.

(١٦٠) پەیرەوی ناوخۆی هەموارکراوی بەرکاری ساڵی ٢٠١٨، ماددەی (٥٤) برگەی چوارەم : ئەندام، ئاخاوتنەکانی ئاڕاستەی سەرۆك دەکات.

(١٦١) پەیرەوی ناوخۆی هەموارکراوی بەرکاری ساڵی ٢٠١٨، ماددەی (٩١) برگەی سێیەم : لە خستنە دەنگدانی رایەکان پێویستە ئەو ڕایەی دەخرێتە دەنگدان بەلایەنی کەم (٣) سێ ئەندام پشتگیریی ڕایەکە بکات، جگە لەو (٢) دوو ئەندامەی بۆ ئاخاوتن دەکەونە ریزبەندی کۆتایی.

بەشداریکردنی ئەندامی پەرلەمان لەگفتوگۆکانی لیژنەی تایبەتمەندو گفتوگۆکانی تایبەت بە خوێندنەوەی دووەم لە رواڵەتدا زۆر لەیەک بچن، بەڵام وەختێک لێیان ورد دەبینەوە، دەبینین لەوردەکاریدا جیاوازی لە نێوانیاندا هەیە ، چونکە هەریەکە لەو تایبەتمەندیانە لەهەر یەک لەم دوو قۆناغەدا بە رێکارو رێوشوێنی تایبەت بەخۆیان پیادە دەکرێن تا رادەیەک جیاوازن. هەربۆیە لەم بەشەدا بەر لەوەی بەشێوەیەکی کرداری چۆنیەتی پیادەکردنی ئەو تایبەتمەندیانە بخەینەروو ، هەوڵدەدەین جیاوازیەکانیان بخەینەروو:

**أ-** گفتوگۆی خوێندنەوەی دووەم، لە ناو هۆڵی پەرلەمان ئەنجام دەدرێت و تەواوی ئەندامانی پەرلەمان، ئەڵبەت ئەوانەی خوازیاری بەشداریکردن لە گفتوگۆ و ناویان تۆمار دەکەن، دەتوانن راوو سەرنج سەبارەت بە راپۆرتی بە بنەما وەرگیراو یان خودی پرۆژە و پێشنیازە یاساو بریارەکە پێشنیار بکەن ، بەڵام گفتوگۆکانی لیژنەی تایبەتمەند سنوردارە تەنها بەو ئەندامانەی لە لیژنەی تایبەتمەندن و هەر ئەندامێکی دیکەی پەرلەمان بیەوێت بەشدار بێت لەو گفتوگۆیانە، راوو سەرنجەکانی خەسڵەتی پابەندییان نییە بۆ لیژنە، سەرەرای ئەوەش مافی دەنگدانی نییە لەچەسپاندنی راوو سەرنجەکانی لە راپۆرتی لیژنەی تایبەتمەنددا.

**ب-** گفتوگۆی ئەندامانی لیژنەی تایبەتمەندو راوو سەرنجەکانیان بەمەبەستی ئامادەکردن و نوسینی راپۆرتی لیژنەی تایبەتمەندە بۆ خوێندنەوەی دووەم، بەڵام گفتوگۆ و راوو سەرنجی ئەندامانی پەرلەمان لە خوێندنەوەی دووم و لەناوهۆڵی پەرلەمان، بە مەبەستی ئامادەکردنی راپۆرتی دەنگدانە. ئەو راپۆرتەی لە دانیشتنێکی دیکەدا کە بەدانیشتنی دەنگدان ناوزەد دەکرێ دەخرێتە دەنگدانەوە. ئەوەی گرینگەو پێویستە لێرەدا ئاماژەی پێبکەین ئەوەیە، راپۆرتی دەنگدان لەدوای دەرچونی پەیرەوی هەمورکراوی بەرکاری ناوخۆی پەرلەمان لە ساڵی ٢٠١٨ هاتە کایەوە، تەنها لە خولی پێنجەمدا پیادەکراوەو لەخولەکانی پێشوودا

بونی نەبوە، چونکە لەسایەی پەیرەوی ناوخۆی هەڵوەشاوە و لە خولەکانی یەکەم تا چوارەمی پەرلەمان، لەهەمان دانیشتنی تایبەت بە گفتوگۆی راپۆرتی لیژنەکان راستەوخۆ دوای گفتوگۆکردن لەسەر هەر ماددەیەک دەخرایە دەنگدانەوەو بە کۆتایی هاتنی گفتوگۆکانیش کە بە گفتوگۆکردن لەسەرهۆکارەکانی دەرچواندن کۆتایی دەهات، راستەوخۆ تەواوی یاساکە دەخرایە دەنگدانەوەو پرۆسەی یاساکاری لە نێو هۆڵی پەرلەماندا کۆتایی پێدەهات، دوای ئەم رێککارە یاسا پەسندکراوەکە دەنێردرا بۆ سەرۆکایەتی هەرێم بەمەبەستی دەرچواندنی. بەڵام لە ئێستادا جیاوازە، لە دانیشتنی خوێندنەوەی دووەم، کە گفتوگۆی ئەندامان لەخۆ دەگرێت سەبارەت بە راپۆرتی بە بنەما وەرگیراو یان خودی پرۆژە و پێشنیازە یاساو بریارەکە، دەنگدان ئەنجام نادرێت و پرۆسەی یاساکاری لێرەدا کۆتایی نایەت[١٦٢]. بەڵکو گفتوگۆکانی خوێندنەوەی دووەم بە ئامانج و مەبەستی بەشداریکردنی ئەندامانی پەرلەمانە لە ئامادەکردنی راپۆرتی دەنگدان، کە لیژنە تایبەتمەندەکان لەسایەی ئەوگفتوگۆیانەی ئەندامان بەشداریان تێداکردوەو پاڵپشت بە پەیرەوی ناوخۆ ئامادەی دەکەن. لە بەشەکانی دیکەی ئەم توێژینەوەیە وردەکارییەکانی چۆنیەتی نوسین و ئامادەکردنی دەخەینەروو.

**ج-** راوو سەرنجی ئەندامان بۆ ئەوەی لە راپۆرتی لیژنەی تایبەمەند ببێتە پێشنیارو لە راپۆرتەکەدا دەقنووس بکرێت، پێویستی بە پشتیوانی زۆرینەی ئەندامانی ئامەدەبوو لە کۆبونەوەی لیژنە دەبێت. بەڵام راوو سەرنجی ئەندامی پەرلەمان لە کاتی گفتوگۆکانی دانیشتنی تایبەت بەخوێندنەوەی دووەم لەناو هۆڵی پەرلەمان،

(١٦٢) پەیرەوی ناوخۆی هەموارکراوی بەرکاری ساڵی ٢٠١٨، ماددەی (٨٩) برگەی یەکەم : لەو دانیشتنەی بۆ خوێندنەوەی دووەم تەرخانکراوە، دەنگدان لەسەر پرۆژە، یان پێشنیازەکە ناکرێت.

پێویستی بە پشتگیری تەنها دوو ئەندامی دیکەی پەرلەمان دەبێت بۆ ئەوەی وەک پێشنیار لە راپۆرتی دەنگدان دەقنوس بکرێت.

**د-** ئەندامی پەرلەمان لە کاتی بەشداری کردندا لە گفتوگۆکانی تایبەت بەخوێندنەوەی دووەم، وابەستەی کۆمەڵێک رێککارە. بۆنمونە کاتی دیاریکراو کە تەنها ماوەی (٢) خولەک بۆی هەیە قسە بکات لەسەر هەر ماددەیەک، یان تەنها یەکجار بۆی هەیە قسە لەسەر هەر ماددەییەک بکات. بەڵام لە گفتوگۆکانی راپۆرت نوسین بە هۆی جیاوازی سروشتی گفتوگۆکانەوە کە تا رادەیەکی زۆر پسپۆریەتیی وردی پێوە دیارە، جاری واهەیە گفتوگۆکردن لەسەر هەر ماددەیەک چەند کاتژمێر دەخایەنێت، ئەندامی لیژنەی تایبەتمەند بۆی هەیە چەندان خولەک قسە لەسەر هەر ماددەیەک بکات تاوەکو راوو سەرنجەکانی بە وردی بۆ ئامادەبوان رونبکاتەوە، هەروەها ئەگەر پێویستیش بکات دەتوانێت زیاد لەجارێک بەشداری گفتوگۆی تایبەت بە هەر ماددەیەک بکات.

**ە-** لە گفتوگۆی لیژنە تایبەتمەندەکان، بەرەزامەندی و لەسەر داوای لیژنە، دەکرێت کەسانی پەیوەندیدارو شارەزا لەبواری ئەو پرۆژە یان پێشنیازە یاساو بریارە بەشداری بکەن لە گفتوگۆکان، بەمەبەستی رونکردنەوەی رەهەندە جیاوازە شاراوەکانی پرۆژە یان پێشنیازە یاساو بریارەکە لای ئامادەبون، بێ ئەوەی مافی دەنگدانییان هەبێت، بۆ نمونە وەزیر یان نوێنەری وەزارەتە پەیوەندیدارەکان، مامۆستایانی زانکۆ، نوێنەری رێکخراوە ناحکومییەکان..هتد. بەڵام لە گفتوگۆی تایبەت بە خوێندنەوەی دووەم، جگە لە وەزیری پەیوەندیدار، کە مافی ئەوەی هەیە تەنها بۆ ماوەی (٢) خولەک لەسەر هەر ماددەیەک، راوو سەرنجی حکومەت بخاتەروو، کەسی

دیکە بۆی نییە بەشداری گفتوگۆکان بکات، تەنانەت ئەگەر ڕێگەشیان پێدرابێت ئامادەی دانیشتنەکەبن[١٦٣].

**و-** ڕاوو سەرنجەکانی ئەندامی پەرلەمان، لە کاتی پەسندکردنی لەلایەن زۆرینەی ئەندامانی لیژنەی تایبەتمەندەوە لەڕێگەی دەنگدانەوە، دەبنە پێشنیاری لیژنەو لە ڕاپۆرتی لیژنەی تایبەتمەندا دەچەسپێندرێت و شوێنەواری ئەو ئەندامەی بەسەرەوە نامێنێت کە پێشنیاری کردوە. هەربۆیە کاتێک ڕاپۆرتی لیژنەی تایبەمەندی ڕاستێنراو لە خوێندنەوەی دووەم دەخرێتە ڕوو بۆ گفتوگۆ کردن، جگە لە ڕای لیژنەی تایبەتمەند سەبارەت بەو ماددەیە، هیچ ڕایەکی دیکە لەنێو ڕاپۆرتی لیژنەی تایبەتمەند بونی نییەو نابینرێت، بەڵام ڕاوو سەرنجی ئەندامی پەرلەمان لە گفتوگۆکانی خوێندنەوەی دووەم ئەگەر پشتگیری دوو ئەندام پەرلەمانی دیکەی هەبێت، ئەوا لە ڕاپۆرتی دەنگدان وەک پێشنیارێکی سەربەخۆ دەچەسپێندرێت و بەجیا دەنگدانی لەسەر دەکرێت لەناو هۆڵی پەرلەمان، بەمەبەستی پەسندکردن یان ڕەتکردنەوە. بۆنمونە ئەگەر سەیری کۆنوسی دانیشتنی ژمارە (٢) خولی پێنجەمی هەڵبژاردن بکەین کە لەڕۆژی پێنجشەممە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٩/٣ ئەنجامدراوە، یان هەر کۆنوسێکی دیکە کە خوێندنەوەی دووەمی پرۆژە یان پێشنیازە یاسایەکی تێدا تۆمارکرابێت، دەبینین لە پێشەکی ڕاپۆرتی لیژنەی تایبەتمەند ئاماژە بەدەستەواژەیەک دەکرێت ئەویش ئەوەیە، کە لیژنەی یاسایی یان لیژنەی تایبەتمەند دوای گفتوگۆو ڕاگۆڕینەوە ئەم دارشتنەی پێ پەسندە. بەمشێوەیە" **دوای کۆبونەوە لیژنەی**

---

(163) پەیرەوی ناوخۆی هەمواركراوی بەركاری ساڵی ٢٠١٨، ماددەی (٥٣) برگەی یەكەم:
١- سەرۆك وەزیران و ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران، لەسەرداوای خۆیان، دەتوانن ئامادەی دانیشتنەكانی پەرلەمان بن و لەگفتوگۆكانیدا بەشداری بكەن، بێ ئەوەی مافی دەنگدانیان هەبێت
٢- ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران، دەتوانن فەرمانبەرانی وەزارەتەكانیان بۆ دانیشتنەكانی پەرلەمان بهێنن، بەمەبەستی ڕاوێژ و پشتپێبەستنیان بەمۆڵەتی سەرۆك، بێ ئەوەی مافی قسەكردنیان هەبێت.

**یاسایی ئەم دارشتنەی خوارەوەی پێ پەسندە"**[١٦٤]. بەڵام لە ڕاپۆرتی دەنگدان جگە لە خستنەرووی ڕای هاوبەشی لیژنەکان و دەقی ماددەکانی پرۆژە یان پێشنیازە یاساو بڕیارەکە بۆ دەنگدان، بۆ هەر ماددەیەک ئاماژە بەوە دەکرێت کە چەند پێشنیارێک هەیە سەبارەت بەو ماددەیەو بە گوێرەی ژمارەی پێشنیاری ئەو ئەندامانەی ڕایەکانییان لەدوو ئەندامی پەرلەمان زیاتر پشتگیریان کردوون، ژمارەی ئەو پێشنیارانەش کە دەخرێنە دەنگدانەوە سەبارەت بە هەر ماددەیەک زیادو کەم دەکات. ئەگەر دوبارە سەیری کۆنوسی دانیشتنی ژمارە (٢) خولی پێنجەمی هەڵبژاردن بکەین کە لەڕۆژی پێنجشەممە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٩/٣ ئەنجامدراوە، ڕاپۆرتی دەنگدانی سەبارەت بە یاسای ماف و ئەرکەکانی نەخۆش لە هەرێمی کوردستانی تیادا تۆمارکراوە، دەبینین ئاماژە بە چەند پێشنیارێک دەکات سەبارەت بە هەر ماددەیەک، بەشێکی ئەو پێشنیارانە هی ئەندامانی پەرلەمانە کە زیاد لە دوو ئەندامی دیکەی پەرلەمان پشتگیریان کردووە. بۆ نمونە سەبارەت بە ماددەی یەکەم ئاماژە بەوە دەکات پێنج پێشنیار هەیە سەبارەت بە ماددەی یەکەم بەمشێوەیە**" سەبارەت بە ماددەی (١) پێنج پێشنیار هەیە، پێشنیاری یەکەم: ماددەکە وەک خۆی تەنیا برگەی پێنجەم بەمشێوەی لێبکرێت..، پێشنیاری دووەم: ماددەکە وەک خۆی تەنیا برگەی یازدەیەم بەمشێوەی لێبکرێت..، پێشنیاری سێیەم: ماددەکە وەک خۆی تەنیا لە برگەی سێزدەیەمدا دەستەواژی(هێزکاری تەندروستی) بگۆردرێت بۆ(پێشکەشکاری خزمەتگوزاری تەندروست)، پێشنیاری**

---

(١٦٤) بروانە بڵاوکراوەی پرۆتۆکۆلەکانی ساڵی ٢٠٢٠ی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (١١٥)، چاپی یەکەم، ساڵی ٢٠٢٢،ل ٣٨.

**چوارەم: ماددەکە وەک خۆی بەمشێوەیە.. ، پێشنیاری پێنجەم: پێشنیاری هەردوو لیژنەی تایبەتمەند.."** [١٦٥].

**٣- ئامادەکردنی راپۆرتی دەنگدان:**

یەکێک لە گرنگترین داهێنراوەکانی پەیرەوی ناوخۆی هەموارکراوی بەرکاری ساڵی٢٠١٨ راپۆرتی دەنگدان بوو، ئەم راپۆرتە جگە لە گرینگیەکەی کە لە درێژەی ئەم بەشەدا تیشکی دەخەینەسەر، پرۆسەی دەنگدانی لە پرۆسەی گفتوگۆی راپۆرتی لیژنە تایبەتمەندەکان جیا کردەوە، هەوڵدەدەین لەمیانەی دوو تەوەردا ئاماژە بە گرینگی و لێکەوتەکانی هاتنەکایەی راپۆرتی دەنگدان و چۆنیەتی ئامادەکردنی بکەین:

**أ- گرینگی و لێکەوتەکانی راپۆرتی دەنگدان :** هێنانە کایەی راپۆرتی دەنگدان لە پەیرەوی بەرکاری ساڵی ٢٠١٨ لە بۆشاییەوە نەبوو، بەڵکو بەهۆی ئەو ئاڵۆزی و گرفتانەوەبوو کە ساڵەهایەک بوو پرۆسەی یاساکاری لە پەرلەمانی کوردستان، لەقۆناغی گفتووگۆو دەنگدان بەخۆیەوە دەبینی. بۆیە هەوڵدەدەین لێرەدا گرنگترین لێکەوتەکانی هاتنە کایەی بخەینەروو:

- دابرین و لە یەکترجیاکردنەوەی پرۆسەی گفتوگۆی دەقی پرۆژە یان راپۆرتی لیژنەی تایبەتمەندو دەنگدان لەسەری، بەر لە هاتنە کایەی راپۆرتی دەنگدان، لە دانیشتنی گفتوگۆی راپۆرتی تایبەتمەند لەنێوە هۆڵی پەرلەمان ماددە بەدوای ماددەی پرۆژە یاساو رای لیژنەی تایبەتمەند دەخرایە روو، دواتر ئەندامانی ئامادەبوی کۆبونەوە رای خۆیان لەسەردەدا، دوای تەواوبونی گفتوگۆ لەسەر ئەو ماددەیە راستەوخۆ لیژنەی یاسایی لەناو هۆڵی پەرلەمان، دارشتنێکی نوێی پێشنیار دەکرد، لەسایەی ئەو راوو سەرنجانەی ئەندامان، کە

---

(١٦٥) بروانە بڵاوکراوەی پرۆتۆکۆلەکانی ساڵی ٢٠٢٠ی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (١١٥)، چاپی یەکەم، ساڵی ٢٠٢٢،ل ٢٧٥-٢٧٧.

لەهەمان کۆبونەوە دەیانخستەروو سەبارەت بەو ماددەیە، دواتر دەخرایە دەنگدانەوە[١٦٦]. ئەوەش لە راستیدا پرۆسەیەکی گەلێک ئالۆزبوو، چەندین جار گلەیی و گازاندەی ئەندامانی پەرلەمانی لێدەکەوتەوە بەوەی، راوو پێشنیارەکانیان لە دارشتنە نوێیەکەدا فەرامۆشکراوە، لەلایەکی دیکەشەوە کارێکی نیمچە ئەستەم بوو بۆ لیژنەی یاسایی، کە لەهەمان کۆبونەوەو لەناو هۆڵی پەرلەمان، راستەوخۆ دوای بەشداری چەندین ئەندام بە راوو سەرنج، کە بتوانن دارشتنەوەیەکی نوێ، بە لەبەرچاوگرتنی راوو سەرنجی بەشداربوانی گفتوگۆ ئامادە بکرێت و بخرێتە دانگدانەوە. ئەم پرۆسەیە بەمشێوە بەردەوام دەبوو تا سەرجەم ماددەکان بە ناونیشان و هۆیەکانی دەرچواندنیشەوە، گفتوگۆ دەکران و دەنگیان لەسەر دەدرا، دواتر بە تێکرا دەنگ لەسەر کۆی یاساکە دەدرا. ئەگەر سەیری کۆنوسی دانیشتنی پەرلەمان ژمارە(٥)ی خولی دووەمی هەڵبژاردن بکەین، کە لە رۆژی چارشەممە رێکەوتی ٢٠٠٧/٤/٤ ئەنجامدراوە، تایبەت بە گفتوگۆکردن لەسەر پرۆژە یاسای لێبوردنی گشتی، دەبینین لە بەرنامەی کارەکەیدا ئاماژە بەوە کراوە، یەکێک لە برگەکانی بریتیە لە خستنەروو گفتوگۆوکردنی پرۆژە یاسای لێبوردنی گشتی، بەمشێوەیە" **بەرنامەی کار، بەپێی حوکمەکانی برگە (١)ی ماددەی(٢٠) لە پێرۆی ناوخۆ ژمارە(١)ی هەمواركراوی ساڵی ١٩٩٢ی ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستان-عیراق، دەستەی سەرۆکایەتی بریاریدا دانیشتنی ژمارە(٥) خولی گرێدانی یەکەمی ساڵی سێیەمی خولی هەڵبژاردنی دووەم پەرلەمانی کوردستان-عیراق، بەرنامەی کار بەمشێوەیەبێت: ١- بەردەوام بوون لەسەرخستنەروو گفتوگۆکردنی پرۆژە یاسای لێبوردنی**

(١٦٦) پەیرەوی ناوخۆی هەڵوەشاوەی پەرلەمانی ساڵی ١٩٩٢، ماددەی (٧٤) : سەرۆک دوای تەواوبونی دواین داواکارانی قسەکردن لەوانەی ناویان نوسراوە دەرگای گفتوگۆ دادەخات و بابەتەکە دەخاتە بەر دەنگدانەوە.

**گشتی کەلەلایەن ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستان-عیراق پێشکەشکراوە"**[١٦٧]، لەدرێژەی کۆنوسەکەدا دەبینین لە هەمان دانیشتن وێرای گفتوگۆکردن لەسەر پرۆژەکە مادده بە مادده هەر لەدوای گفتوگۆکان و لە ناو هۆڵدا دوبارە دارشتنەوەیان بۆکراوە بە وەرگرتنی تێبینی و سەرنجی ئەندامانی بەشدار لە دانیشتنەکە، هەربۆیە ئاڵۆزییەکی زۆر دروست دەبێت لەنێوان ئەندامان، سەبارەت بەوەی بەرچاو رون نین دەنگ لەسەرچی بدەن، بەمشێوەیە" **بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن، ئاخیر زۆریان داوایان کرد عقوبەی ئیعدامەکە ببێتە سجنی موئەبەد، پێشنیارێک هەیە پێشنیارەکەش،تەکنیکی فەنییە،ئەو تەخفیزی ئیعدام بۆ سجنی موئەبەد ببێتە ماددەی دوو، ئینجا لەبەرئەوەی ماددەی یەک وەک خۆی هەیە، بیخوێنەوە، ئینجا کە ماددەی دووش موناقەشەی لەسەر کراوە ئەویش دەخوێنینیەوە، یەکە یەکە دەنگدانی لەسەر دەکەین، تکایە ماددەی یەک بخوێنەوە.. ، بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن، ئەو ماددەیە دەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرزبکاتەوە؟ زۆر سوپاس، تکایە ماددەی دووەم بخوێنەوە بەو ملاحەزی تازە دایان، ئەو فەقەرەیە ئیزافە بکرێتن،ئەسڵی ماددەکە بخوێنەوە یان هەر تەکمیلەی ماددەی یەکەمە، ئێستا بخوێنەوە، یەعنی ماددەی یەک لە ئەسڵی پرۆژەکە خوێندرایەوە تەقسیم کرابوو بەو شێوەی خوارەوە، ماددەی یەک خوێندرایەوە، دیسان پێشنیاری لیژنەی قانونی ناوخۆو مافی مرۆڤ بۆ تەکمیلەی ماددەی یەکی ئەسڵی، ئەو ماددەی دوو بخوێنەوە، ئەسڵەکەی بخوێنەوە... بەرێز سەرۆکی**

---

(١٦٧) بروانە بڵاوکراوەی پرۆتۆکۆلەکانی ساڵی ٢٠٠٧ی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (٣٩)، چاپی یەکەم، ساڵی ٢٠٠٧،ل ٣٤٧.

**ئەنجومەن،ئەوەشیان پێشنیاری خۆتانە دەیخەمە دەنگدانەوە،کێ لەگەڵ ئەم ماددەیە دەستی بەرزبکاتەوە؟ زۆر سوپاس،کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرزبکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا"**[١٦٨]. هەر دواى ئەم دەنگدانە ئەندامانی پەرلەمان داواى رونکردنەوە دەکەن کە دەنگیان لەسەرچی داوە؟ چونکە تێکەڵیەک لە بابەتەکە دروست بووە، بۆ نمونە**" بەرێز سۆزان شهاب نوری ، بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن، کاک کەریم بەحری کەخوێندیەوە، ئێمە مادام راپۆرتی لیژنەی یاساییمان کردوە بە ئەساسی موناقەشەکردن، ئەم بەندەی کە ئێستا ئەم خوێندیەوە بەماددەی دووی خوێندەوە،هەرچەندە سەیر دەکەم لەهیچ کووێیەکی ئەم راپۆرتەدا نییە، بەڵام لە ئەسڵی مەشروعەکە ماددەی یەکە. بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن، ئێستا خۆی سعاتێکە موناقەشە دەکەین بووە بە پێشنیار دەنگمان بۆداوە، پێشنیاری خۆتانە، لە نەتیجەی موناقەشە صیاغەمان کرد، ئەوەش تەسەلسولی واى لێهاتووە، گۆرانکاری بەسەرداهاتووە"**[١٦٩]. لەدرێژەی گفتوگۆکاندا ئاڵۆزییەکە دەگاتە ئەندازەیەک ئەندامێکی پەرلەمان داوادەکات گفتوگۆودەنگدان لەسەر ئەم پرۆژەیە دوابخرێ بۆ کاتێکی دی بەمەبەستی ئەوەی رێکبخرێتەوە تاوەکو بزانن دەنگ لەسەرچی دەدەن، بەمشێوەیە**" بەرێز صبریە غفار ئەمین، بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن،خۆی مەفروزە هەر قانونێک موناقەشە دەکرێت، دەبێت لەبەردەمی ئەندامان هەبێت بۆ ئەوەی بەراستی ئەمەشتێکی مەسیریە، چارەنوسسازە، ئەگەر دەست هەڵبرم بۆشتێک هیچی لێ حاڵی نەبم گوناهێکی گەورەیە، لەبەرئەوە پێشنیاردەکەم من سێ**

---

(١٦٨) هەمان سەرچاوەی پێشوو،ل ٣٦٧.

(١٦٩) هەمان سەرچاوەی پێشوو،ل ٣٦٨-٣٦٩.

**جۆرم لەبەردەستم دایە، کە کاک شیروان و کاک تاریقیش هاوکارن فریا ناکەوین تاکو بزانین کامیان حەقیقەتەکەیە، ساڵانمان خایاندوە، رۆژانیش بخایەنین، ئێستا یاسای وەرزش و لاوان ئامادەیە موناقەشەی ئەو بکەین، ئەوەشیان تأخیر بکەین بۆ هەفتەی داهاتوو، بۆ ئەوەی مافی حەقیقی بدەینێ لەروی زمانەوانیەوە بەکوردی و بەعەرەبیش ئامادە بکرێت، دوا پێشنیار چیە بخرێتە بەردەم ئەندامان و سوپاس"**[١٧٠].

- دەرفەتی زیاتری رەخساند بۆ ئەندامان تاوەکوو بەرونی لە پرۆسەی یاساکاریدا جێ پەنجەیان دیاربێت، بەر لە هاتنە کایەی راپۆرتی دەنگدان ئەندام لەکاتی گفتوگۆکاندا، کاتێک سەرنج و پێشنیارەکانی دەخستەروو، چونکە دەنگدان لەهەمان دانیشتنی گفتوگۆدا ئەنجام دەدرا، دەبوایە لیژنەی یاسایی و لیژنە تایبەتمەندەکان دەسبەجێ و هەندێک جار لەناوهۆڵدا دوبارە دارشتنەوە بۆ دەقی ئەو ماددەیە بکەن کە خراوەتەروو بۆ گفتوگۆکردن، بۆیە دەستەواژەیەک زۆر بەرچاو دەکەوێت لەکاتی دەنگدان بە ماددەکانی هەر پرۆژە یاسا یان بریارە یاساکانەوە ئەویش ئەوەیە**( ئەو ماددەیە دەخەینە دەنگدانەوە بەلەبەرچاوگرتنی ئەو مولاحەزاتانەی ئەندامان خستویانەتەروو لەسەر ماددەکە)**، جا لەراستیدا کارێکی ئاسان نەبوە وردبینی لەوە بکرێت داخۆ چەندە سەرنج و تێبینی ئەندامان لەبەرچاو گیراون. بەڵام لەدوای هاتنەکایەی راپۆرتی دەنگدان، لیژنەی یاسایی پابەندە رای هەر ئەندامێکی پەرلەمان لە راپۆرتی دەنگدان دەقنوس بکات، ئەگەر پشتگیری دوو ئەندامی دیکەی پەرلەمانی هەبێت، بەواتایەکی دیکە رای جیاواز لە رای لیژنەو خودی پرۆژە یان پێشنیازە یاساو بریارە

---

(١٧٠) هەمان سەرچاوەی پێشوو،ل ٣٧٠.

یاساکە، دەقنوس دەکرێت لە راپۆرتی دەنگدان، ئەگەر پشتگیری سێ ئەندامی پەرلەمانی هەبێت و دەخرێتە دەنگدانەوە[١٧١].

**-** رێکخستنەوەی پرۆسەی دوبارە دارشتنەوەی دەقی ماددەکان لەسایەی راوو سەرنجی ئەندامانی بەشداربوو لە گفتوگۆکانی ناو هۆڵی پەرلەمان، بەر لە پەیرەوی ناوخۆی هەموارکراوی بەرکاری ساڵی ٢٠١٨، چونکە دانیشتنی گفتوگۆو دەنگدان یەک بوە، جاری واهەبوە لیژنە تایبەتمەندەکان رای جیاوازیان هەبوە لەسەر ئەو ماددەیەی خراوەتەروو بۆ گفتوگۆکردن ، سەرباری ئەوان جار هەبوە ئەندامانیش رای جیاوازیان لەسەر خودی پرۆژە یاساکە یان راپۆرتی لیژنەی تایبەتمەند هەبوە، دواجار دوای کۆتاییهاتنی گفتوگۆکان کەخراوەتە دەنگدان لیژنەی یاسایی پێرانەگەیشتوە سەرلەنوێ دارشتنەوەیەکی تازە بۆ ماددەکە بکات، لەسایەی رایە جیاوازەکانی لیژنە تایبەتمەندەکان و ئەندامانی لیژنە، بەڵکو ئیکتیفا بەوە کراوە کە بەر لە خستنە دەنگدانیەوە ئاماژەوە بەوە کراوە کە ئەم ماددەیە بە سەرنجەکانی لیژنەی فلانی یان بەسەرنجەکانی ئەو ئەندامانەی پشتگیریان لە رایەکە کردوە دەخرێتە دەنگدانەوە، ئەمەش ئەگەری ئەوەی کە دوای دەنگدان دارشتنەوەی ماددەکە لەلایەن لیژنەی یاساییەوە جیاوازبێت لەوەی ئەندامان مەبەستیان بوە لەکاتی دەنگدان زۆرە، ئەمەش خوانەخواستە لەبەر کەمتەرخەمی نەبووە، بەڵکو بەراستی خودی پرۆسەکە ئاڵۆزە، رایەک و دەقی ماددەیەک دەنگی لەسەر بدرێت، دواتر لیژنەی یاسایی دارشتنەوەی بۆ بکات، ئەگەری زۆرە دەقی دوبارە دارێژراوە جیاوازی هەبێت لەگەڵ ئەوەی ئەندامان دەنگیان بۆداوە، بۆ نمونە گەر سەیری کۆنوسی دانیشتنی ژمارە(١٩)ی خولی دووەمی

[١٧١] پەیرەوی ناوخۆی هەموارکراوی بەرکاری ساڵی ٢٠١٨، ماددەی (٩١) برگەی سێیەم : لە خستنە دەنگدانی رایەکان پێویستە ئەو ڕایەی دەخرێتە دەنگدان بەلایەنی کەم (٣) سێ ئەندام پشتگیریی ڕایەکە بکات، جگە لەو (٢) دوو ئەندامەی بۆ ئاخاوتن دەکەونە ریزبەندی کۆتایی.

هەڵبژاردن بکەین، کە گفتوگۆو دەنگدان لەسەر پرۆژە یاسای پەسندکردنی پرۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستانی تێدا خراوەتەوە روو، دەبینین لیژنەی یاسایی کە ماددەی سێیەم دەخاتەروو دەقەکەی بەمشێوەیە**"بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن، ماددەی سێیەم کەپێشتر ماددەی دووەم بوو ئێستا دەبێتە ماددەی سێیەم بخوێنەوە..، بەرێز محمد صالح اسماعیل، بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن، المادة الثانية التي تصبح المادة الثالثة:يهدف هذا القانون الى تحديد طريقة اقامة دستور دائم للاقليم وفقا لاحكام المادة ١١٧-اولاوالمادة ١٢٠ من الدستور العراقي الاتحادي"**[١٧٢]. لەبەرەنجامی گفتوگۆی ئەندامان کاتێک سەرۆکی پەرلەمان دەقی ماددەکە دەخاتە دەنگدانەوە دارشتنەکەی بەمشێوەیە**"بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن،ئێستا دەمێنێتەوە سەر ئەو دوو وشەی کەهات،کە دەڵێ من پێم وایە (بوضع) یان(لوضع) باشترە،بۆچی؟ سن الدستور فەقەت پەرلەمان دەیکات وضع الدستور، پەرلەمانە،لیژنەی دانانی دەستورە، حیزبە سیاسیەکانە، میللەتە،ئیستیفتایە،هەموویەتی، لەبەرئەوە سن نییە (وضع)ە ئەوەی لەدسەتوری عیراقیدا هاتووە(وضع)ەکە راستترە، بۆیە عەرەبیەکەی دەخوێنمەوەو کوردیەکەش وای لێدەکەین،(يهدف هذا القانون الى تحديد الية لوضع دستور دائم للاقليم وفقا لاحكام المادة ١٢٠ من الدستور العراقي)و کوردیەکەش وا لێ بکەن، دەیخەمە دەنگدانەوە،کێ لەگەڵدایە دەست بەرزبکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدانییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەس د. نوری،بەزۆرینەی دەنگ**

---

(١٧٢) بروانە بڵاوکراوەی پرۆتۆکۆلەکانی ساڵی ٢٠٠٨ی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (٥٠)، چاپی یەکەم، ساڵی ٢٠٠٩،ل ٣١٩.

**وەرگیرا تکایە بۆ ماددەی چوار"**[١٧٣]، بەڵام ئەگەر سەیری هەمان دەق بکەی کە لە وەقائیعی کوردستان ژمارە(٩٥) لە بەرواری ٢٠٠٨/١٢/٣٠، بڵاوکراوەتەوە بەمشێوەیە **" یهدف هذا القانون الى تحديد الية لوضع دستور دائم للاقليم وفقا لاحكام المادة ١٢٠ من الدستور العراقي الاتحادي"**[١٧٤]. ئەگەر لەدەقی ماددەکە لەهەر سێباریدا وردبینەوە، دەبینین لە یەکجیاوازن، ئەڵبەتە ئاساییە دەقی ماددەکە کاتێک خراوەتە گفتوگۆ جیاوازبێت لەوکاتەی دەخرێتە دەنگدانەوە، بەوپێیەی دارشتنەوەی بۆکراوە لەسایەی ئەو راوو سەرنجانەی ئەنداماں هەیانبووە لەسەری، بەڵام ئەوەی ئێمە مەبەستمانە ئەوەیە چونکە پرۆسەی دارشتنەوەکە سەرپێی و لەناو هۆڵ و راستەوخۆ لەدوای کۆتاییهاتنی گفتوگۆکان بووە، ئەوەندە کات بەردەست نەبووە وردەکاری تێدابکرێت، لەوەها بارودۆخێکدا هەمیشە رودانی هەڵە یان لەبیرچون ئەگەرێکی چاوەروانکراوە، ئەوەتە لەو نمونەیەی خستومانەتە روو سەرۆکی پەرلەمان لەسایەی راوو سەرنجی ئەندامان، دەقێکی دوبارە دارێژراو دەخاتە روو کە تێیدا وشەی(الاتحادي) تێدانییە، تەنها (من الدستور العراقي) هاتوە بەڵام کە نێرداوە بۆ بڵاوکردنەوە وشەی ئیتیحادی بۆ زیاد کراوە بۆتە (من الدستور العراقي الاتحادي)، ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە لە کاتی دوبارە دارشتنەوەو خستنە دەنگدانەوە لەبیرکراوە، بۆیە دوبارە لە بلاوکردنەوەی لە وەقائیعی کوردستان بۆی زیادکراوە. رەنگە هەبێت بڵێت جا ئەوە تەنها وشەیەکە، هەببێت و نەبێت هێندە کاریگەری نییە، لەوەڵامدا دەڵێنن مەبەستی ئێمە ئەوەیە رێکخستنی پرۆسەکە بەوشێوەی پێشوو ئاڵۆزەو دەرفەتی دارشتنەوەی ماددەکە بەشێوەیکی ورد نارەخسێنێت، هەربۆیە لەبیرچونی تێهەڵکێشکردنی راوو سەرنجی ئەندامان ئەگەرێکی

---

(١٧٣) هەمان سەرچاوەی پێشوو،ل ٣٢٨.

(١٧٤) بروانە رۆژنامەی وەقائیعی کوردستان ژمارە (٩٥) کە لەبەرواری ٢٠٠٨/١٢/٣٠ بڵاوکراوەتەوە،ل٢١.

چاوەروانکراوی بەهێزەو هەندێکجار یاسادانەر ناچار بە دەستکاریکردنی ئەو دەقە دەنگ لەسەردراوە دەبێت بەر لە بلاوکردنەوەی لەوەقایعی کوردستان. ئەمەش پێچەوانەیە لەگەڵ پەیرەوو یاسا کارپێکراوەکان، کەدەبێت ئەو دەقە بڵاو بکرێتەوە کە ئەندامانی پەرلەمان دەنگیان لەسەرداوە لەناو هۆڵ بێ زیادو کەمکردن. لەدوای پەیرەوی بەرکاری ٢٠١٨، ئەم بابەتە لەرێگەی راپۆرتی دەنگدانەوەی چارەسەرکراوە، چونکە دوای کۆتایی هاتنی گفتوگۆکان هەنگاوی کۆتایی خوێندنەوەی دووەم دەست پێدەکات کە ئامادەکردنی راپۆرتی دەنگدانە، لەو راپۆرتەدا تەواوی ئەو راوو سەرنجانەی کە پشتیوانی سێ ئەندامی پەرلەمانیان هەیە دەقنوس دەکرێتەوە تەنانەت لەوەش زیاتر پەیرەوی ناوخۆی هەموارکراوی ٢٠١٨، دەسەلاتی ئەوەی داوە بە لیژنەی تایبەتمەندو لیژنەی یاسایی بە هاوبەشی پێشنیاری هاوبەش پێشنیار بکەن، بە سودوەرگرتن لە راوو سەرنجی ئەندامان، تەنانەت ئەوانەشی پشتیوانی سێ ئەندامیشی نیە، دواجار لە دانیشتنی دەنگدان کۆمەڵی پێشنیاری جیاواز بە دارشتنەوەیەکی یاسایی دەخرێنە بەردەستی ئەندامان و زۆر بە بەرچاورونیەوە دەتوانن دەنگبدەن بەو پێشنیارەی کە خۆیان بە پەسەندی دەزانن[١٧٥]. نەک هەر ئەوەندە بگرە پەیرەوی ناوخۆی ساڵی ٢٠١٨، دەرفەتی ئەوەی رەخساندوە کە ئەندام بتوانێت داوای بینینی دوا دارشتنەوەی دەقی ماددەو برگەکان و تەواوی پرۆژە یان پێشنیازە یاساو بریارە یاساکە لە سکرتێری پەرلەمان یان لیژنەی یاسایی لیژنەی تایبەتمەند بکات،

---

(١٧٥) پەیرەوی ناوخۆی هەموارکراوی بەرکاری ساڵی ٢٠١٨، ماددەی (٨٩) برگەی دووەم : لیژنەی تایبەتمەند، بە هەماهەنگیی، لەگەڵ لیژنەی یاسایی، سەرجەم پێشنیاز و رایەکان بەهەند وەردەگرن و سەرلەنوێ دارشتنەوە، بۆ ئەو ماددانە دەکەن، کە پێویستە دابرێژرێنەوە، ئەگەر پێویستی کرد روونکردنەوەش دەدەن.

بەر لە ئەنجامدانی دانیشتنی دەنگدان[١٧٦]. ئەمەش بۆخۆی بەرچاو رونییەکی تەواو دەبەخشێت بە ئەندامی پەرلەمان، تاوەکو بزانێت بەدروستی دەنگ لەسەر چی دەدات و چەندە راوو سەرنجەکانی ئەندامان لە کاتی گفتگۆکردندا لەبەرچاوگیراون.

**ب- نوسین و ئامادەکردنی راپۆرتی دەنگدان:**

یەکێک لە هەنگاوە گرینەگەکانی پرۆسەی یاساکاری لە پەرلەمانی کوردستان بریتییە لە نوسین و ئامادەکردنی راپۆرتی دەنگدان. هەروەک لە بەشەکانی دیکەی ئەم توێژینەوەیە ئاماژەمان پێدا، ئەم بابەتە لە پەیرەوی ناوخۆی ساڵی ٢٠١٨ هاتە کایەوە، هەوڵدەدەین لەم بەشەداو لە میانەی خستنەروی سێ خاڵی سەرەکیەوە تیشک بخەینە سەر وردەکارییەکانی چۆنیەتی ئامادەکردنی راپۆرتی دەنگدان، یەکەمیان ، خستنەروی ئەو لایەن یان لایەنانەیە کە تایبەتمەندن بە ئامادەکردنی راپۆرتی دەنگدان، دووەمیان ئەو ماوەیەی بەردەستە بۆ نوسین و ئامادەکردنی راپۆرتی دەنگدان، سێیەمیان چۆنیەتی نوسین و ئامادەکردنی راپۆرتی دەنگدان و سنوری ئەو دەسەڵاتەی دراوە بەو لایەنانەی راپۆرتەکە ئامادە دەکەن.

**١- لایەنی ئامادەکاری راپۆرتی دەنگدان:** هەرچەندە پەیرەوی ناوخۆی هەموارکراوی پەرلەمانی ساڵی ٢٠١٨ بەرونی ئاماژەی بەوە نەکردوە کە کێ تایبەتمەندە بە نوسین و ئامادەکردنی راپۆرتی دەنگدان، بەڵام بە وردبونەوە لە هەریەکە لە ماددەکانی(٨٩)،(٩٠)،(٩١)ی پەیرەوی ناوخۆی هەموارکراوی ٢٠١٨، بۆمان دەردەکەوێت کە لیژنەی یاسایی و لیژنەی تایبەتمەند

---

[١٧٦] پەیرەوی ناوخۆی هەموارکراوی بەرکاری ساڵی ٢٠١٨، ماددەی (٩٠) برگەی دووەم : ئەندام، لەو ماوەیەدا، دەتوانێت داوای بینینی داڕشتنەوەی کۆتایی، لە سکرتێری پەرلەمان و لیژنەی یاسایی و لیژنەی تایبەتمەند بکات.

به هەماهەنگی ئەرکی نوسینی راپۆرتی دەنگدانیان پێسپێردراو، لە برگەی دووەمی ماددەی(٨٩)دا هاتوە (لیژنەی تایبەتمەند بەهەماهەنگی لیژنەی یاسایی سەرجەم پێشنیازو رایەکان بەهەند وەردەگرن..)، هەروەها لە برگەی دووەمی ماددەی (٩٠)یشدا هاتوە ئەندام دەتوانێ داوای بینینی راپۆرتی دەنگدان بکات لە هەریەکە لە (سکرتێری پەرلەمان لیژنەی یاسایی و لیژنەی تایبەتمەند)، هەروەها لە برگەی چوارەمی ماددەی(٩١)یشدا ئاماژەی بەوە کردوە کە(لیژنەی یاسایی بە هەماهەنگی لیژنەی تایبەتمەند)دەتوان لە کۆبەندی راوو سەرنجی ئەندامان بژاردەی نوێ بۆ دەنگدان ئامادە بکەن، ئەمانە هەمویان بەیەکەوە جەخت لەوە دەکەنەوە کە لیژنەی یاسایی و لیژنە یان لیژنەکانی تایبەتمەند بە هەماهەنگی و پێکەوە ئەرکی نوسین و ئامادەکردنی راپۆرتی دەنگدانیان پێسپێردراوە. بۆ نمونە ئەگەر سەیری کۆنوسی دانیشتنی ژمارە(٥) خولی پێنجەمی هەڵبژاردن بکەین، کە دەنگدان لەسەر پێشنیازە یاسای ماف و ئەرکەکانی نەخۆش تیادا ئەنجامدراوە، لە بەرواری ٢٠٢٠/٩/١٥، دەبینین لە پێشەکی راپۆرتەکە بەرونی ئاماژە بەوە دەکرێت ئەم راپۆرتە بە هاوبەشی لەلایەن لیژنەی کاروباری یاسایی و لیژنەی کاروباری تەندروستیەوە ئامادەکراوە، بەمشێوەیە" **بەرێز بژار خالد عبدالله،بەرێز سەرۆکی پەرلەمان. ئەمە دەقی راپۆرتی هەردوو لیژنەی تایبەتمەندە، بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان، بابەت/راپۆرتی هاوبەش، لیژنەی کاروباری یاسایی، لیژنەی کاروباری تەندروستی و ژینگەو مافی بەکاربەر، رۆژی یەکشەممە رێکەوتی (٢٠٢٠/٩/١٣)، کاتژمێر (١١)ی پێشنیوەڕۆ کۆبونەوەی هاوبەشیان ئەنجامدا بۆ تاوتوێکردن و دارشتنەوەی ئەو پێشنیارانەی لەلایەن ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەشکراون،سەبارەت بە پێشنیازی یاسای ماف و ئەرکەکانی نەخۆش لەهەرێمی کوردستان-**

**عیراق،لە خوێندنەوەی دووەمدا. دوای گفتوگۆکردن و تاوتوێکردن لیژنەکان گەیشتنە ئەم ئەنجامەی خوارەوە"**[١٧٧].

**٢- ماوەی دیاریکراو بۆ ئامادەکردن و نوسینی راپۆرتی دەنگدان:** دوای کۆتاییهاتنی پرۆسە گفتوگۆکردن، سەبارەت بە تەواوی ماددەکانی پرۆژە یان پێشنیازو بریارە یاساکان، ئەرکی لیژنە هاوبەشەکان دەست پێدەکات بۆ تاوتوێکردن و کۆکردنەوەو سەرلەنوێ دارشتنەوەی تەواوی پرۆژە یان پێشنیازە یاساکە، بۆ راپەراندنی ئەم ئەرکەش پەیرەوی ناوخۆی هەموارکراوی ساڵی ٢٠١٨ بەشێوەیەکی ناراستەوخۆ ئاماژەی بەوەکردوە کە لانی زۆری تەنها یەک هەفتە دەرفەت لەبەردەست لیژنەی یاسایی و لیژنە تایبەتمەندەکاندا هەیە، تاوەکو راپۆرتی دەنگدان ئامادە بکەن، لەهەمانکات ئاماژەی بەوە کردوە کە نابێت دانیشتنی دەنگدان لە هەفتەیەک زیاتر تێپەربکات بەسەر وادەی دانیشتنی خوێندنەوەی دووەم [١٧٨]. بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجەو پێویستە لێرەدا ئاماژەی پێبکەین ئەوەیە، لە پرۆسەی یاساکاری تایبەت بە زۆرینەی پرۆژەو پێشنیازە یاساو بریارەکان، نەتوانراوە پابەندی بەو ماوەیەوە بکرێت. ئەویش رەنگە بۆ کۆمەڵێک هۆکار بگەرێتەوە، لەوانە قەبارەو زۆری ماددەکانی پرۆژەو پێشنیازە یاساو بریارەکە، هەروەها بونی ژمارەیەکی زۆری تێبینی و راوو سەرنج و پێشنیار لەلایەن ئەندامانەوە، کە لەکاتی گفتگۆکاندا خستویانەتە روو، سەرباری پشووە فەرمییەکانی هەرێم و پشووی تایبەتی پەرلەمانی. بۆ نمونە گەر سەیری پرۆسە یاساکاری تایبەت بە پێشنیازە یاسای (ماف و ئەرکی نەخۆش لە هەرێمی کوردستان بکەین دەبینین خوێندنەوەی

---

(١٧٧) بروانە بڵاوکراوەی پرۆتۆکۆلەکانی ساڵی ٢٠٢٠ی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (١١٥)، چاپی یەکەم، ساڵی ٢٠٢٢،ل ٢٧٥.

(١٧٨) پەیرەوی ناوخۆی هەموارکراوی بەرکاری ساڵی ٢٠١٨، ماددەی (٩٠) برگەی یەکەم : دانیشتنی دەنگدان، لە سەر پرۆژە، یان پێشنیازەکە، نابێت لە هەفتەیەك زیاتر لە دوای دانیشتنی خوێندنەوەی دووەم تێپەر بکات.

دووەمی تایبەت بەو پێشنیازە یاسایە لە دانیشتنی ژمارە(٢)ی ساڵی دووەمی خولی پێنجەمی پەرلەمان کە لە ٢٠٢٠/٩/٣، دەست پێدەکات بەمشێوەیە"**.. دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بریاریدا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (٢)ی ئاسایی خولی پایزەی ساڵی دووەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمان لە کاتژمێر(١٠)ی پێش نیوەرۆ رۆژی چوارشەمە رێکەوتی ٢٠٢٠/٩/٣ بەم شێوەیە بێت: یەکەم: خوێندنەوەی دووەم بۆ پێشنیازە یاسای (ماف و ئەرکی نەخۆش لە هەرێمی کوردستان) بەپێی حوکمی ماددەکانی(٨٧، ٨٨، ٨٩) لە پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان"**[١٧٩]**.** هەروەها لە دانیشتنی ژمارە (٣)ی ساڵی دووەمی خوڵی پێنجەمی هەڵبژاردن لە بەرواری ٢٠٢٠/٩/٨ بەردەوام دەبێت و کۆتایی بە خوێندنەوەی دووەم دێت بەمشێوەیە".. **دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بریاریدا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (٣)ی ئاسایی خولی پایزەی ساڵی دووەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمان لە کاتژمێر(١)ی پاش نیوەرۆ رۆژی سێ شەمە رێکەوتی ٢٠٢٠/٩/٨ بەم شێوەیە بێت: یەکەم: بەردەوام بوون لەسەر خوێندنەوەی دووەم بۆ پێشنیازە یاسای (ماف و ئەرکی نەخۆش لە هەرێمی کوردستان) بەپێی حوکمی ماددەکانی(٨٧، ٨٨، ٨٩) لە پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان"**[١٨٠]**.** کەمتر لەوماوەیەی دیاریکراوە بۆیان هەردوو لیژنەی کاروباری یاسای و لیژنەی کاروباری تەندروستی راپۆرتی دەنگدان ئامادە دەکەن، لە دانیشتنی ژمارە(٥)ی ساڵی دووەمی خولی پێنجەمی پەرلەمان کە لە ٢٠٢٠/٩/١٥ ئەنجامدراوە پرۆسەی دەنگدان بۆ ئەو پێشنیازە

---

(١٧٩) لاڤین زیاد صلیوا ، بەرنامەی کاری دانیشتنەکانی پەرلەمانی کوردستان-عیراق (خولی پێنجەمی پەرلەمان) لە ٢٠١٨/١١/١٦ تا ٢٠٢٣/٥/٢٢، ،چاپخانەی شهاب-هەولێر، چاپی یەکەم، ساڵی ٢٠٢٣،ل ٨٨.

(١٨٠) هەمان سەرچاوەی پێشوو،ل ٨٩.

یاسایە ئەنجام دەدرێت بەمشێوەیە".. **دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاریدا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (٥)ی ئاسایی خولی پایزەی ساڵی دووەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمان لە کاتژمێر(٢)ی پاش نیوەڕۆ ڕۆژی سێ شەمە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٩/١٥ بەم شێوەیە بێت: دووەم: دەنگدان لەسەر پێشنیازە یاسای (ماف و ئەرکی نەخۆش لە هەرێمی کوردستان) بەپێی حوکمی ماددەکانی(٩٠، ٩١، ٩٣، ٩٦، ٩٧) لە پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان"[١٨١].** بەڵام گەر سەیری پرۆسەی یاساکاری تایبەت بە پرۆژە یاسای (مادده هۆشبەرەکان و کارتێکارە عەقلییەکان لە هەرێمی کوردستان- عیراق) بکەین، دەبینین خوێندنەوەی دووەمی تایبەت بەو پێشنیازە یاسایە لە دانیشتنی ژمارە(١٠)ی ساڵی دووەمی خولی پێنجەمی پەرلەمان کە لە ٢٠١٩/١٢/١٦، دەست پێدەکات، بەمشێوەیە".. **دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاریدا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (١٠)ی ئاسایی خولی پایزەی ساڵی دووەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمان لە کاتژمێر(١١)ی پێش نیوەڕۆ ڕۆژی دوو شەمە ڕێکەوتی ٢٠١٩/١٢/١٦ بەم شێوەیە بێت: یەکەم: خوێندنەوەی دووەم بۆ پرۆژە یاسای (مادده هۆشبەرەکان و کارتێکارە عەقلییەکان لە هەرێمی کوردستان- عیراق) بەپێی حوکمی ماددەکانی(٨٧، ٨٨، ٨٩) لە پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان"[١٨٢].** هەروەها لە دانیشتنی ژمارە (١١)ی ساڵی دووەمی خولی پێنجەمی هەڵبژاردن لە بەرواری ٢٠١٩/١٢/١٨ بەردەوام دەبێت و کۆتایی بە خوێندنەوەی دووەم دێت بەمشێوەیە".. **دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاریدا بەرنامەی کاری دانیشتنی**

---

(١٨١) هەمان سەرچاوەی پێشوو،ل ٩١.

(١٨٢) هەمان سەرچاوەی پێشوو،ل ٥٨.

**ژمارە (١١)ی ئاسایی خولی پایزەی ساڵی دووەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمان لە کاتژمێر(١٠)ی پێش نیوەرۆ رۆژی دوو شەمە رێکەوتی ٢٠١٩/١٢/١٨ بەم شێوەیە بێت: یەکەم: خوێندنەوەی دووەم بۆ پرۆژە یاسای (مادده هۆشبەرەکان و کارتێکارە عەقلییەکان لە هەرێمی کوردستان- عیراق) بەپێی حوکمی ماددەکانی(٨٧، ٨٨، ٨٩) لە پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان"[١٨٣].** بەڵام دەنگدان بۆ ئەو پرۆژە یاسایە لە دانیشتنی ژمارە(١٣) لە رێکەوتی ٢٠٢٠/١/١٢ ئەنجام دەدرێت واتا دوای تێپەربوونی (٢٤) رۆژ بەسەر دانیشتنی خوێندنەوەی دووەم، بەمشێوەیە ".. **دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بریاریدا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (١٣)ی ئاسایی خولی پایزەی ساڵی دووەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمان لە کاتژمێر(٢)ی پاش نیوەرۆ رۆژی سێ شەممە رێکەوتی ٢٠٢٠/١/١٢ بەم شێوەیە بێت: دووەم: دەنگدان لەسەر پرۆژە یاسای (مادده هۆشبەرەکان و کارتێکارە عەقلییەکان لە هەرێمی کوردستان- عیراق) بەپێی حوکمی ماددەکانی(٩٠، ٩١، ٩٣، ٩٦، ٩٧) لە پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان"[١٨٤].**
ئەمەش بەهۆی زۆری ژمارەی ماددەکانی ئەم یاسایەو زۆری ژمارەی ئەو سەرنج و پێشنیارانەی ئەندامانی پەرلەمان خستبویانەروو لەسەر ئەو پرۆژە یاسایە، سەرباری پشوەکانی سەری ساڵیی زاینی. هەربۆیە بەرای ئێمە دەبوایە یاسادانەر بەلای زۆری زیاتر لە هەفتەیەکی دانابوایە بۆ نوسینی راپۆرتی دەنگدان چونکە رەنگە لە هەندێ بارودۆخی تایبەتدا لیژنەی یاسایی و لیژنە

---

(١٨٣) هەمان سەرچاوەی پێشوو،ل ٥٩.

(١٨٤) هەمان سەرچاوەی پێشوو،ل ٦٣.

تایبەتمەندەکان پێویستییان بە کاتی زیاتر بێت لەو ماوەیەی بۆیان دیاریکراوە بۆ ئامادەکردنی راپۆرتی دانگدان.

**٣-چۆنیەتی نوسین و ئامادەکردنی راپۆرتی دەنگدان :** بەشێوەیەکی گشتی ئەرکی لیژنەی یاسایی و لیژنە تایبەتمەندەکان لە نوسین و ئامادەکردنی راپۆرتی دەنگدان لەم چەند خاڵەدا کورتدەبێتەوە:

- کۆکردنەوەی سەرجەم ئەو راو سەرنج و پێشنیارانەی کە جیاوازن لە خودی پرۆژە یان پێشنیازە یاساو بریارەکە یان راپۆرتی لیژنەی هاوبەش و پشتیوانی سێ ئەدامی پەرلەمان یان زیاتریان هەبوبێت، جگەو لەو رایەی دوو دواهەمین ئەندامی ریزبەندی کۆتایی ئاخاوتن پشتگیری لێدەکەن[١٨٥]. هەروەها ئەگەر پێویست بکات سەرلەنوێ دارشتنەوەی بۆ دەکرێت، بەجۆرێک بنەماکانی دارشتنی یاسایی لەبەرچاو دەگیرێت، و پاشان لە راپۆرتی دەنگدان دەچەسپێندرێت وەک پێشنیارێکی سەربەخۆ بۆ دەنگدان لەسەری، لەلایەن ئەندامانی پەرلەمانەوە لە دانیشتنی دەنگدان، بەو مەرجەی، پێچەوانەی بنەماکانی دەستورو یاسا کارپێکراوەکان نەبێت تەنها ئەگەر مەبەست لە پێچەوانەبونی یاسا بەرکارەکان هەمواركردنەوەی بێت[١٨٦]. بۆ نمونە ئەگەر سەیری کۆنوسی دانیشتنی ژمارە(٧)ی خولی پێنجەمی هەڵبژاردن بکەین کەلە رێکەوتی ٢٠٢٠/٩/٢٩، سەبارەت بە دەنگدان لەسەر پرۆژە یاسای لەئەستۆگرتن لە هەرێمی کوردستان- عیراق ئەنجامدراوە، دەبینین

---

(١٨٥) پەیرەوی ناوخۆی هەموارکراوی بەرکاری ساڵی ٢٠١٨، ماددەی (٩١) برگەی سێیەم : لە خستنە دەنگدانی رایەکان پێویستە ئەو ڕایەی دەخرێتە دەنگدان بەلایەنی کەم (٣) سێ ئەندام پشتگیریی ڕایەکە بکات، جگە لەو (٢) دوو ئەندامەی بۆ ئاخاوتن دەکەونە ڕیزبەندی کۆتایی.

(١٨٦) پەیرەوی ناوخۆی هەموارکراوی بەرکاری ساڵی ٢٠١٨، ماددەی (٨٩) برگەی دووەم : لیژنەی تایبەتمەند، بە هەماهەنگیی، لەگەڵ لیژنەی یاسایی، سەرجەم پێشنیاز و ڕایەکان بەهەند وەردەگرن و سەرلەنوێ داڕشتنەوە، بۆ ئەو ماددانە دەکەن، کە پێویستە دابرێژرێنەوە، ئەگەر پێویستی کرد ڕوونکردنەوەش دەدەن.

پێشنیاری یەکەم کە جێگیر کراوە لە راپۆرتی دەنگدان بریتیە لە "**بەرێز بژار خالد، بەرێز سەرۆکی پەرلەمان..، سەبارەت بە بە ناونیشان چوار پێشنیار هەیە، پێشنیاری یەکەم: پرۆژە یاسای (لە ئەستۆکردن) لەلایەن فەرمانبەران و راسپێردراوان بەرازەی گشتی لە هەرێمی کوردستان-عیراق"**[١٨٧]. ئەگەر بگەرێینەوە بۆ کۆنوسی دانیشتنی ژمارە(٤)ی خولی پێنجەمی هەڵبژاردن بکەین کەلە رێکەوتی ٢٠٢٠/٩/٩ سەبارەت بە خوێندنەوەی دووەمی پرۆژە یاسای لەئەستۆگرتن لە هەرێمی کوردستان- عیراق ئەنجامدراوە، دەبینی ئەو پێشنیارە لەلایەن ئەندامی پەرلەمان(د. رێبوار بابکەیی) پێشنیارکراوە بەمشێوەیە" **بەرێزد. رێبوار عبدالرحیم عبدالله، بەرێز سەرۆکی پەرلەمان، دیارە هەموو ناونیشانێک پێویستە بگۆرێکی تیابێت، بۆ ئەوەی ناونیشانەکە بە نیوەچلی نەبێت، ئەم ناونیشانە هەست دەکەم بە نیوەچلی هاتووە ماناکەی بەتەواوی نابەخشێ بۆ ئەوەی مانایەکی تەواوی بدات من بگۆرێکی تری بۆ ئیزافە دەکەم ئەویش ئەوەیە، یاسای (لە ئەستۆکردن) لەلایەن فەرمانبەران و راسپێردراوان بەرازەی گشتی لە هەرێمی کوردستان-عیراق، سوپاس"**[١٨٨]. بەدوای ئەو پێشنیارکردنی ئەم ناونیشانە هەریەکە لە ئەندامانی پەرلەمان (زانا خالد، وەیسی سعید، د. هەورامان حمەسعید، زیدان رشید خان اودل، هدیە مراد، عثمان علی سمایل، شوان کریم، بدریە اسماعیل، ابوبکر عمر عبدالله) پشتگیری لە پێشنیارەکەی د. رێبوار دەکەن. بەمشێوەیە" **بەرێز زانا خالد..،پشتگیری لە رایەکەی برای بەرێز کاک د رێبوار دەکەم،بەرێز وەیسی سعید ویسی..، منیش هاورامە لەگەڵ هەردوو بەرێزان د. رێبوارو**

(١٨٧) بروانە بڵاوکراوەی پرۆتۆکۆلەکانی ساڵی ٢٠٢٠ی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (١١٦)، چاپی یەکەم، ساڵی ٢٠٢٢،ل ٢٠.

(١٨٨) بروانە بڵاوکراوەی پرۆتۆکۆلەکانی ساڵی ٢٠٢٠ی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (١١٥)، چاپی یەکەم، ساڵی ٢٠٢٢،ل ٢٢٦.

**د. زانا، بەرێز د. هەورامان(گەچێنەیی)..، بەناوی خودای بەخشندەی میهرەبان منیش پشتیوانی لە رایەکەی د. ریبوار دەکەم، بەریز زیدان رشیدخان اودل.. منیش پشتگیری لە راکەی د. ریبوار دەکەم، بەرێز هدیە مراد.. من ژی هەمان ئەو رەئیە هەبوو.. پشتگیری لە د. ریبوار دەکەم، بەرێز عثمان علی سمایل، وێراوی پشتگیریم بۆ برای بەریزمان د. ریبوار ناونیشانکەی بگۆرێت، بەرێز شـــوان کریم، پاڵپشتی لە بەرێز (د. زانا) (د. هەورامان) دەکەم، بەرێز بدریە اسماعیل محمود، پشتگیری لە قسەکانی (روپاک)خان، مامۆستا(هەورامان)، کاک(د. ریبوار) ئەکەم، بەرێز ابوبکر عمر عبدالله، پشتگیری لە قسەکانی کاک(د. ریبوار) دەکەم"[١٨٩].**

- خستنەرووی پێشنیاری هاوبەشی لیژنە ئەگەر بەپێویستیان زانی بۆهەر ماددەو برگەیەکی پرۆژە یان پێشنیازە یاساو بریارێک تەنانەت بۆ ناونیشانی یاساو هۆکارەکانی دەرچواندنیشی، لەژێر رۆشنایی ئەو سەرنج و بۆچونانەی ئەندامانی پەرلەمان لە کاتی گفتوگۆکردندا لە دانیشتنی خوێندنەوەی دووەم دەیخەنەروو، جا سەرنج و پێشنیاری ئەندامان ئەوانەبن کە سێ ئەندامی پەرلەمان پشتیوانیان لێکردوە یان دوو ئەندامی کۆتایی ریزبەندی ئاخاوتن، یان ئەو راوو سەرنجانەی کە پشتیوانی پێویستی رێژەی یاسایی ئەندامانی نەبوە کە لەسەرەوە ئاماژەمان بۆکردووە، کاتێک لیژنەی کاروباری یاسایی و لیژنەی تایبەتمەند راو پێشنیارەکە لەرووی یاساییەوە بە شایستە دەزانن پشتیوانی لێبکەن و دەیکەن بە پێشنیاری لیژنەی هاوبەش[١٩٠]. بۆ نمونە ئەگەر کۆنوسی دانیشتنی

---

(١٨٩) هەمان سەرچاوەی پێشوو،ل ٢٢٦-٢٢٩.

(١٩٠) پەیرەوی ناوخۆی هەموارکراوی بەرکاری ساڵی ٢٠١٨، ماددەی (٩١) برگەی چوارەم: جگە لەو پێشنیازانەی کە بەگوێرەی برگەی دووەمی ئەم ماددەیە بۆ دەنگدان ئامادە دەکرێن، لێژنەی یاسایی

ژمارە(٤)ی خولی پێنجەمی هەڵبژاردن بکەین کە لە ڕۆژی سێشەممە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٦/٧ سەبارەت بە خوێندنەوەی دووەم بۆ پرۆژە یاسای پێشنیازە یاسای گرتنی کاڵای قاچاغ و قەدەغەکراو لە مامەڵە پێکردن لە هەرێمی کوردستان-عیراق ئەنجامدراوە، دەبینین دارشتنی برگەی (٢) لە ماددەی دوو لە ڕاپۆرتی لیژنەی تایبەتمەندی ڕاستێنراو لەلایەن لیژنەی یاساییەوە بۆ خوێندنەوەی دووەم بەمشێوە هاتوە" **هەردوو وەزارەتی ناوخۆو کاروباری پێشمەرگەو دەزگای ئاسایشی هەرێم و بەرێوەبەرایەتی گشتی گومرگەکان دەسەڵاتیان هەیە بۆ گرتنی: ٢- کاڵای قەدەغەکراو"**[١٩١]. بەڵام ئەگەرسەیری کۆنوسی دانیشتنی ژمارە(٧)ی خولی پێنجەمی هەڵبژاردن بکەین کە لە ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٦/٢٢ سەبارەت بە دەنگدان لەسەر پرۆژە یاسای پێشنیازە یاسای گرتنی کاڵای قاچاغ و قەدەغەکراو لە مامەڵە پێکردن لە هەرێمی کوردستان-عیراق ئەنجامدراوە، دەبینین لەژێر کاریگەری ڕاوو سەرنج و پێشنیارەکانی ئەندامان لە کاتی گفتوگۆ، لیژنە تایبەتمەندەکان لە ڕاپۆرتی دەنگداندا پێشنیاری هاوبەشیان هەیە بۆ ئەو برگەیە، بەمشێوەیە" **هەردوو وەزارەتی ناوخۆو کاروباری پێشمەرگەو دەزگای ئاسایشی هەرێم و بەرێوەبەرایەتی گشتی گومرگەکان دەسەڵاتیان هەیە بۆ گرتنی: .. ٢- کاڵای قەدەغەکراو لەگەڵ ئامرازی بەکارهاتوو لە گواستنەوەیان"**[١٩٢].

- ڕێکخستن و ریزبەندیکردنی پێشنیارەکان لەڕاپۆرتی دەنگدان، بەجۆرێک ئەو پێشنیارانەی پشتیوانی سێ ئەندام و زیاتر یان دوو

---

بە هەماهەنگی لەگەڵ لیژنەی تایبەتمەند دەتوانن لە کۆبەندی ئەو بژاردانەی کەلەلایەن پەرلەمانتارانەوە دەخرێنەروو، بژاردەی تر بۆ خستنەدەنگدان ئامادە بکەن .

[١٩١] بروانە بڵاوکراوەی پرۆتۆکۆلەکانی ساڵی ٢٠٢٢ی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (١٢٦)، چاپی یەکەم، ساڵی ٢٠٢٢،ل ٢٠.

[١٩٢] بروانە بڵاوکراوەی پرۆتۆکۆلەکانی ساڵی ٢٠٢٢ی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (١٢٧)، چاپی یەکەم، ساڵی ٢٠٢٢،ل ٤٦.

ئەندامی کۆتایی ریزبەندی ئاخاوتنیان هەیە(ئەگەر هەبێت)، لەریزبەندی سەرەتای پێشنیارەکاندا لە راپۆرتی دەنگدان جێگیر دەکرێن، بەدوای ئەواندا دەقی ماددەکە وەک ئەوەی لەبنەرەتەوە کە لە پرۆژە یان پێشنیازە یاساو بریارەکەدا هاتوە بێ دەستکاریکردن، لە کۆتایی ریزبەندیەکەش پێشنیاری هاوبەشی لیژنەی کاروباری یاسایی و لیژنە تایبەتمەندەکان یان لیژنەی کاروباری یاسایی بە تەنها ئەگەر لەهەمانکاتدا خۆی بەتەنها لیژنەی تایبەتمەندیش بوو، جێگیر دەکرێت بۆ دەنگدان (ئەگەر پێشنیاریان هەبوو). بۆ نمونە ئەگەر سەیری کۆنوسی دانیشتنی ژمارە(٧)ی خولی پێنجەمی هەڵبژاردن بکەین کە لە رێکەوتی ٢٠٢٠/٩/٢٩، سەبارەت بە دەنگدان لەسەر پرۆژە یاسای لەئەستۆکرتن لە هەرێمی کوردستان-عیراق ئەنجامدراوە، دەبینین لیژنەی یاسایی کە هەرخۆیشی لیژنەی تایبەتمەندە، پێشنیارەکانی سەبارەت بە ماددە (٨)ی پرۆژە یاساکە کە ژمارەیان پێنج پێشنیارە بەمشێوە ریزبەند کردوە، سێ پێشنیاری ئەندامان هەبوە کەپشتیوانی سێ ئەندام یان زیاتریان هەبوە لە ریزبەندی یەکەم تا سێیەمی پێشنیارەکان جێگیری کردون، بەدوای ئەواندا دەقی ماددەی(٧) وەک ئەوەی لە بنەرەتدا لە پرۆژە یاساکەدا هاتوە لە ریزبەندی چوارەمدا جێگیری کردوە، ریزبەندی پێنجەم و کۆتایشی بەخشیوەتە پێشنیاری لیژنەی کاروباری یاسایی، بەمشێوەیە" **بەرێز رۆژان ابراهیم علی، بەرێز سەرۆکی پەرلەمان، ماددەی(٨) پێنج پێشنیار هەیە: پێشنیاری یەکەم: بری پارەی لەئەستۆ گیراو بەیەکجاری وەردەگیرێت. پێشنیاری دووەم: بری پارەی لە ئەستۆکراو بەیەکجاری وەرئەگیرێت، یان راستەوخۆ لەبری پاشەکەوتی موچەی فەرمانبەران و راسپێردراوان ئەبردرێ. دەسەڵاتی تایبەتمەند دەتوانێ بیکاتە قیست بۆماوەیەک لە پێنج ساڵ زیاتر نەبێت بەرامبەر بە دەستەبەرێکی گرەنتی کار یان خانوبەرەیی لەوبارەوەش نیشانەی گلدانەوەی بە حوکمی رەهن لەسەر خانوبەرەکە**

**لە فەرمانگەی تۆمارکردنی خانوبەرەی تایبەتمەند دائەنرێ. پێشنیاری سێیەم: بڕی پارەی لە ئەستۆکراو بەیەکجار وەر ئەگیرێ و دەسەڵاتی تایبەتمەند ئەتوانێ بیکاتە قیست بۆماوەیەک لە پێنج ساڵ زیاتر نەبێت. پێشنیاری چوارەم: وەک خۆی ماددەی(٨) بڕی پارەی لە ئەستۆکراو بەیەکجار وەرئەگیرێ و دەسەڵاتی تایبەتمەند ئەتوانێ بیکاتە قیست بۆماوەیەک لە پێنج ساڵ زیاتر نەبێت، بەرامبەر بە دەستەبەرێکی گرەنتی کار یان خانوبەرەیی لەوبارەوەش نیشانەی گلدانەوەی بە حوکمی رەهن لەسەر خانوبەرەکە لە فەرمانگەی تۆمارکردنی خانوبەرەی تایبەتمەند دائەنرێ. پێشنیاری پێنجەم: پێشنیاری لیژنەی کاروباری یاسایی: بڕی پارەی لە ئەستۆکراو بەیەکجار وەرئەگیرێ و وەزیری تایبەتمەند یان سەرۆکی لایەنی نەبەستراو بەوەزارەت ئەتوانێ بیکاتە قیست بۆماوەیەک لە پێنج ساڵ زیاتر نەبێت، بەرامبەر بە دەستەبەرێکی کەسی یان خانوبەرەیی، لەوبارەوەش نیشانەی گلدانەوەی بە حوکمی رەهن لەسەر خانوبەرەکە لە فەرمانگەی تۆمارکردنی خانوبەرەی تایبەتمەند دائەنرێ"[١٩٣].**

---

(١٩٣) بروانە بڵاوکراوەی پرۆتۆکۆلەکانی ساڵی ٢٠٢٠ی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (١١٦)، چاپی یەکەم، ساڵی ٢٠٢٢،ل ٣٠.

# بەشی شەشەم

# دانیشتنی دەنگدان

## دەروازە

دوا قۆناغی پرۆسەی یاساکاری لە ناو هۆڵی پەرلەمان بریتیە لە دانیشتنی دەنگدان، ئەم قۆناغەش لە دوای دەرچونی پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی ساڵی ٢٠١٨ هاتۆتە کایە، پێشتر هەر لە دانیشتنی خوێندنەوەی دووەم و دوای کۆتاییهاتنی هەر ماددەیەک راستەوخۆ دەنگدان بۆ ئەو ماددەیە دەکرا، ئەمەش ئاڵۆزیەکی بۆ پرۆسەی یاساکاری لە هەرێمدا دروست کردبوو، کە لە بەشەکانی پێشووی ئەم توێژینەوەیە ئاماژەمان پێداوە. گرینگی ئەم قۆناغە لەوەدایە کە پرۆسەی دەنگدان لەسەر ئەو راوو پێشنیارانە دەکرێت کە پشتیوانی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانیان هەیە، سەرباری دەنگدان لەسەر دەقی پرۆژە یان پێشنیازە یاساو بریارەکە، وەک ئەوەی لە بنەرەتەوە پێشکەشی پەرلەمان کراوە، هەروەها دەنگیش لەسەر پێشنیاری هاوبەشی لیژنە تایبەتمەندەکانیش دەدرێت ئەگەر هەیانبێت. کەواتە دەتوانین بڵێن دانیشتنی دەنگدان، بریتیە لە قۆناغی یەکلاکردنەوەی چارەنوسی تەواوی ئەو مشتومرانەی کە سەبارەت هەر پرۆژە یان پێشنیازە یاساو بریارێک لە لایەن ئەندامان و لیژنە تایبەتمەندەکانەوە دێنە ئاراوە. هەوڵدەدەین لەو بەشەدا، تەواوی وردەکارییەکانی چۆنیەتی رێکخستنی دانیشتنی دەنگدان لە پەیرەوی ناوخۆو پیادەکردنی بەشێوەی کرداری بخەینەروو. بۆ ئەم مەبەستە ئەم بەشە دابەش دەکەین بەسەر سێ لقدا. لە لقی یەکەمدا باس لە رێککارەکانی گرێدانی دانیشتنی دەنگدان و بەردەوام بوونی دەکەین، بەجۆرێک تایبەتمەندی و جیاوازییەکانی لەگەڵ گرێدانی دانیشتنەکانی دیکەی تایبەت بە پرۆسە یاسادان دەخەینەروو. لقی دووەمیش تەرخان دەکەین بۆ تیشک خستنە سەر چۆنیەتی پیادەکردنی پرۆسەی دەنگدانەکە، لە لقی سێیەمدا ئاماژە بەڕێکارەکانی ناردنی یاسا بۆ سەرۆکی هەرێم دەکەین لەلایەن پەرلەمانەوە.

# لقی یەکەم

## رێککارەکانی گرێدانی دانیشتنی دەنگدان

پەیرەوی ناوخۆی هەموارکراوی پەرلەمانی  ساڵی ٢٠١٨، لەرێگەی کۆمەڵێک ماددەو برگەوە رێککارەکانی گرێدانی دانیشتنی دەنگدان لەسەر راپۆرتی هاوبەشی دەنگدانی لیژنەی کاروباری یاسایی ولیژنە تایبەتمەندەکانی رێکخستوەو هەوڵدەدەین لە میانەی چەند خاڵێکدا بیانخەینەروو:

١- دانیشتنی دەنگدان لە ماوەی تەنها یەک هەفتە دوای دانیشتنی خوێندنەوەی دووەم ئەنجام دەدرێت[١٩٤]. لەراستیدا یاسادانەر لە دیاریکردنی ئەم ماوەیەدا سەرکەوتوو نەبوە بە بەڵگەی ئەوەی لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمان زۆرینەی جارەکان پەرلەمانی کوردستان لە دەرەوەی ئەم ماوەیەدا دانیشتنی ئەنجامداوە، بەمەش زیاد لە جارێک پێشێلی دەقێکی پەیرەوی کردوە، چەندبارە بونەوەی پەیرەوشکێنی لە بابەتەکێدا، مانای ئەوەیە دەقی ئەو ماددەیەی پەیرەو بەشێوەیەکی زانستی و بابەتی دانەرێژراوەو گرفت و ئاستەنگەکانی بەردەم ئەنجامدانی ئەم دانیشتنەی لەبەرچاو نەگرتوە. بۆ سەلەماندنی ئەو بۆچونەمان روپێوییەکی تەواوی کۆی پرۆسەی یاساکاریمان کردوە لە خولی پێنجەم، بۆمان دەرکەوت کە(٥٢) دانە پرۆسەی یاساکاری، هەرلە پەسندکردنی یاساو بریارە یاسا، تا دەگات بە هەموارکردنی پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمان لەم خولەدا ئەنجامدراون، لەکۆی ئەو ژمارەیە نیوەی واتا

---

[١٩٤] پەیرەوی ناوخۆی هەموارکراوی بەرکاری ساڵی ٢٠١٨، ماددەی (٩٠) برگەی یەکەم: دانیشتنی دەنگدان، لە سەر پرۆژە، یان پێشنیازەکە، نابێت لە هەفتەیەك زیاتر لە دوای دانیشتنی خوێندنەوەی دووەم تێپەر بکات.

(٢٦) دانه پرۆسی یاساکاریان دانیشتنی دەنگدانیان لە دەرەوەی ئەو ماوەیە بووە کە پەیرەو دیاریکردوە. ئەمەش ڕێژەیەکی بەرچاوەو ناکرێت لە ئایندەدا نادیدە بگیرێت، پێویستە یاسادانەر لەبری ئەوەی پێشێلی ماوە پەیرەوییەکان بکات، هەڵبستێت بە هەموارکردنەوەی ئەو برگەو ماددانەی کە ماوە پەیرەوییەکانیان دیاریکردوە، بەجۆرێک دیاریان بکات کە هەم یارای ڕێزلێگرتن بن، هەمیش زیان بە تەندروستی بەرێوەچونی پرۆسەی یاساکاری نەگەیەنن. ئەڵبەتە ئەم سەرنجە بۆ زۆرێک لە ماوەکانی دیکەی هاتوو لە پەیرەودا لە جێگەی خۆیەتی، بەتایبەتی ماوە دیاریکراوەکان بۆ نوسینی راپۆرت لە لیژنەی کاروباری یاسایی و لیژنە تایبەتمەندەکان، بەڵام هۆکاری ئەوەی کە لێرەدا ئەو سەرنجەمان خستەروو ئەوەبوو، ناکرێت پەرلەمان پابەند نەبێت بە گرێدانی دانیشتنەکانی لەو ماوە پەرەوییانەی خۆی دیاریکردوون، جا بەهەر پاساوو بیانوییەک بێت.

٢- ریژەی یاسایی بۆ گرێدانی دانیشتنی دەنگدان بە هەمانشێوەی دانیشتنەکانی دیکەی پەرلەمان ئامادەبوونی زۆرینەی رەهای ئەندامانی پەرلەمانە واتە نیوە کۆ یەکێ ژمارەی ئەندامان(٥٠+١) پێویستە[١٩٥]. بەڵام ئەوەی جیاوازە لە دانیشتنەکانی دیکە ئەوەیە، لە دانیشتنی دەنگدان رێژەی زۆرینەی رەهای ژمارەی ئەندامانی پێویستە تەنانەت لە کاتی دەنگدانیش نەک بۆ کاتی گرێدان بەتەنها[١٩٦]، بەڵام بۆ نمونە دانیشتنی خوێندنەوەی دووەم، رێژەی زۆرینەی رەهای ژمارەی ئەندامان تەنها بۆ گرێدانی کۆبونەوەکە پێویستە، لە کاتی گفتوگۆکان دەربارەی پرۆژە یان پێشنیازە یاساو

(١٩٥) پەیرەوی ناوخۆی هەموارکراوی بەرکاری ساڵی ٢٠١٨، ماددەی (٥) برگەی یەکەم: دانیشتن، بە ئامادەبوونی زۆرینەی رەهای ئەندامانی یاسایی دەبێت، یاسا و بڕیارەکان، بە زۆرینەی سادە پەسەند دەکرێن، جگە لەو یاسا و بڕیارانەی، کە پێویستیان بە زۆرینەی تایبەت هەیە، لەکاتی یەکسانبوونی دەنگەکاندا، ئەو لایەنەی دەنگی سەرۆکی لەگەڵدایە، بەزۆرینە هەژمار دەکرێت.

(١٩٦) پەیرەوی ناوخۆی هەموارکراوی بەرکاری ساڵی ٢٠١٨، ماددەی (٥) برگەی سێیەم: ئامادەبوونی رێژەی یاسایی، بۆ دروستی دەنگدان مەرجە، بەڵام کار ناکاتە سەر بەردەوامیی کۆبوونەوەکە.

بڕیارەکان ئەو ڕێژەیە پێویست نییە. هەربۆیە بەداخەوە لەکاتی گفتوگۆی پرۆژە یان پێشنیازە یاساو بڕیارەکان زۆرینەی کاتەکان ژمارەیەکی کەمی ئەندامانی پەرلەمان بەشداری کۆبونەوەکان دەکەن.

٣- دانیشتنەکە تەرخان دەکرێت بۆ دەنگدان لەسەر ڕاپۆرتی هاوبەشی لیژنەی کاروباری یاسایی و لیژنە تایبەتمەندەکان و بەهیچ شێوەیەک دەرگای گفتوگۆ ناکرێتەوە لەسەر ماددەو برگەکانی پرۆژە یان پێشنیازە یاساو بڕیارەکە[١٩٧]. ئەوەی جێگەی سەرنجەو پێویستە لێرەدا ئاماژەی پێبکەین ئەوەیە کە لەچوارچێوەیەکی سنوردار ڕێگەدراوە بە لیژنەی تایبەتمەند بە هاوکاری لیژنەی کاروباری یاسایی، ڕونکردنەوە بدەن لەسەر ئەو پێشنیارانەی کە سەبارەت بە هەر ماددەیەک ئامادەیان کردوە بۆ دەنگدان، تاوەکوو ئەندامان بەرچاو ڕون بن لەو گۆرانکاریانەی بەسەر پێشنیارەکاندا هاتوە[١٩٨].

(١٩٧) پەیڕەوی ناوخۆی هەموارکراوی بەرکاری ساڵی ٢٠١٨، ماددەی (٩٠) برگەی سێیەم: لە دانیشتنی دەنگدان، ڕێ بەگفتوگۆ یان پێشنیازی تازە نادرێت.

(١٩٨) پەیڕەوی ناوخۆی هەموارکراوی بەرکاری ساڵی ٢٠١٨، ماددەی (٨٩) برگەی دووەم: لیژنەی تایبەتمەند، بە هەماهەنگیی، لەگەڵ لیژنەی یاسایی، سەرجەم پێشنیاز و ڕایەکان بەهەند وەردەگرن و سەرلەنوێ داڕشتنەوە، بۆ ئەو ماددانە دەکەن، کە پێویستە دابڕێژرێنەوە، ئەگەر پێویستی کرد ڕوونکردنەوەش دەدەن.

# لقی دووەم

# پیادەکردنی پرۆسەی دەنگدان

یاسادانەر بەهۆی گرینگی دەنگدان لەسەر پرۆژە یان پێشنیازە یاساو بریار، بە وردەکاری زۆرەوە رێککارەکانی لەچوارچێوەی پەیرەوی ناوخۆی هەموارکراوی ساڵی ٢٠١٨ رێکخستوە، هەوڵدەدین لەمیانی پۆلێنکردنیان بۆچەندخاڵێک پێشچاویان بخەین و تیشکیان بخەینەسەر.

١- سەرەتای پرۆسەی دنگدان، بە دەنگدان لەسەر ناونیشانی یاسا دەستپێدەکات، دواتر ماددەکان یەک بەدوای یەک بەپێی ریزبەندی دەخرێنە دەنگدانەوە، دوای ئەوە دەنگدان لەسەر هۆکارەکانی دەرچواندنیش دەکرێت و لە کۆتاییدا کۆی پرۆژە یان پێشنیازە یاساو بریارەکە دەنگی لەسەر دەدرێت[١٩٩].

٢- لەکاتی بونی زیاتر لە پێشنیازێک بەپێی ریزبەندیەکی لەم چەشنە، سەرجەمیان دەنگیان لەسەر دەدەرێت، سەرەتا پێشنیازی ئەندامان کە لانیکەم سێ ئەندام، یان دوو دواهەمین ئەندام لەریزبەندی ئاخاوتن پشتیوانیان لێکردبێت، دەخرێنە دەنگدانەوە، دواتر دەقی  بنەرەتی پرۆژە یان پێشنیازە یاساو بریارەکە وەک خۆی دەنگدانی بۆ دەکرێت، لەکۆتاییدا ئەگەر هەبێت پێشنیازی هاوبەشی

(١٩٩) پەیرەوی ناوخۆی هەموارکراوی بەرکاری ساڵی ٢٠١٨، ماددەی (٩١) برگەی یەکەم: دەنگدان، لە سەر ناوی یاسا یان بریارەکە دەسپێدەکات، دواتر یەکە بە یەکەی ماددەکان و کۆتایی بە دەنگدان لە سەر هۆیەکانی دەرچواندن، دواجار گشت یاسا یان بریارەکە دەنگی لەسەر دەدرێت.

لیژنە تایبەتمەندو لیژنەی کاروباری یاسایی دەخرێتە دەنگدانەوە. کام لەو پێشنیازانە زۆرینەی دەنگی هێنا بە پەسندکراو دادەنرێت[٢٠٠].

٣- هەرچەندە بەمەرج گیراوە لە کاتی دەنگدان، دەبێت نیوە زیاتری ئەندامان ئامادەی کۆبونەوەبن هەروەک لە پێشودا ئاماژەمان پێکردوە لەم توێژینەوەیەدا، بەڵام ڕێژەی پێویست بۆ پەسندکردنی یاساکان تەنها دەنگی زۆرینەی ئەندامانی ئامادەبوی کۆبونەوەیە[٢٠١]. مەگەر یاسابەرکارەکان و پەیرەوی ناوخۆ ڕێژەیەکی دیکەیان بۆ پەسندکردنی یاسا یان بڕیارە یاسایەک بڕیارلێدابێت[٢٠٢].

٤- سەرۆکی پەرلەمان، بەپێی ئەنجامی دەنگدان بڕیاری پەرلەمان سەبارەت بە پەسندکردن یان ڕەتکردنەوەی یاساو بڕیارە یاساکان ڕادەگەیەنێت[٢٠٣].

٥- هەرچەندە پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمان، دەقێکی تایبەتی تێدانییە جەخت لەچۆنیەتی دەنگدان بکاتەوە، بەڵام وەکو نەریتێکی

---

(٢٠٠) پەیرەوی ناوخۆی هەموارکراوی بەرکاری ساڵی ٢٠١٨، ماددەی (٩١) برگەی دووەم: لەکاتی بوونی زیاتر، لە یەك پێشنیاز، هەموو پێشنیازەکان، دەخرێنە دەنگدان، کامیان زۆرینەی دەنگی هێنا بە پەسەندکراو دادەنرێت. برگەی سێیەم: لە خستنە دەنگدانی رایەکان پێویستە ئەو ڕایەی دەخرێتە دەنگدان بەلایەنی کەم (٣) سێ ئەندام پشتگیریی ڕایەکە بکات، جگە لەو (٢) دوو ئەندامەی بۆ ئاخاوتن دەکەونە ڕێزبەندی کۆتایی.

(٢٠١) پەیرەوی ناوخۆی هەموارکراوی بەرکاری ساڵی ٢٠١٨، ماددەی (٩٣) برگەی یەکەم: یاسا و بڕیارەکان، بە زۆرینەی ژمارەی ئامادەبووان، پەسەند دەکرێن، جگە لەو حاڵەتانەی پێویستییان بە زۆرینەی تایبەت هەیە. ماددەی(٥) برگەی سێیەم: ئامادەبونی ڕێژەی یاسایی، بۆ دروستی دەنگدان مەرجە بەلام کارناکاتە سەر بەردەوامی کۆبونەوەکە.

(٢٠٢) پەیرەوی ناوخۆی هەموارکراوی بەرکاری ساڵی ٢٠١٨، ماددەی (٥) برگەی یەکەم: دانیشتن، بە ئامادەبوونی زۆرینەی رەهای ئەندامانی یاسایی دەبێت، یاسا و بڕیارەکان، بە زۆرینەی سادە پەسەند دەکرێن، جگە لەو یاسا و بڕیارانەی، کە پێویستیان بە زۆرینەی تایبەت هەیە، لەکاتی یەکسانبوونی دەنگەکاندا، ئەو لایەنەی دەنگی سەرۆکی لەگەڵدایە، بەزۆرینە هەژمار دەکرێت.

(٢٠٣) پەیرەوی ناوخۆی هەموارکراوی بەرکاری ساڵی ٢٠١٨، ماددەی (٩٣) برگەی دووەم: سەرۆك بە پێی ئەنجامی دەنگدان، بڕیاری پەرلەمان بە ڕەزامەندی، یان ڕەتکردنەوە لە سەر یاسا و بڕیارەکان رادەگەیەنێت.

پەرلەمانی، لە پەرلەمانی هەرێمی کوردستان دەنگدان بە ئاشکراو شیوازی دەستهەڵبرین پیادە دەکرێت. بەرای  ئێمە نەبونی دەقێک بۆ رێکخستنی شیوازی دەنگدان کەم و کورتییەکی یاسادانانەو پێویست یاسادانەر لە داهاتوودا چارەسەرکردنی لەبەرچاو بگرێت. لە پەیرەوی ناوخۆی هەموارکراوی هەڵوەشاوەی پەرلەمانی ساڵی ١٩٩٢، دەقێکمان هەبوو کە جەختی لەوە دەکردەوە، دەنگدان بەشێوەیەکی ئاشکرا ئەنجام دەدرێت و بە بەرزکردنەوەی دەست یان بە بەکارهێنانی ئامێری ئەلیکترۆنی بەرێوەدەچێت[٢٠٤].

(٢٠٤) پەیرەوی ناوخۆی هەموارکراوی هەڵوەشاوەی پەرلەمانی کوردستان ساڵی ١٩٩٢، ماددەی (٧٥) خاڵی(١) : بەشێوەیەکی ئاشکرا دەنگدان ئەنجام دەدرێتو بەبەرزکردنەوەی دەست یان بە بەکارهێنانی ئامێری ئەلیکترۆنی بەرێوە دەچێت .

# لقی سێیەم

# ناردنی یاسا و بریارە یاسا بۆ سەرۆکایەتی هەرێم

دوای پەسندکردنی لەپەرلەمانی کوردستان، یاساو بریارە یاساکان بەرلەوەی بنێردرێن بۆ سەرۆکایەتی هەرێم بەمەستی دەرچواندنی، بەچەند پرۆسەیەکی دارشتنەوەی زمانەوانیدا تێپەردەبن، دواتر دەنێردرێن بۆ سەرۆکایەتی هەرێم، بەمشێوەیە :

١- دارشتنەوەی زمانەوانی : دوای پەسندکردنی لە پەرلەمانی کوردستان ، یاساو بریارە یاساکان پێویستە لەروی زمانەوانیەوە دارشتنەوەیان بۆ بکرێت، چونکە لیژنەی کاروباری یاسایی تەنها بەرپرسیاریەتی دارشتنەوەی یاسایی لە ئەستۆدایە، هەروەک لە درێژەی بەشەکانی دیکەی ئەم توێژینەوەیە ئاماژەمان پێکردوە. بۆ ئەم مەبەستەش پەرلەمانی کوردستان گرێبەستی لەگەڵ چەند پسپۆرێکی بواری زمانەوانی کوردی هەیەو ئەرکی ئەم دارشتنەوەیان لە ئەستۆدایە، سکرتێری پەرلەمان تایبەتمەندە بەپایان گەیاندنی ئەم پرۆسەیە[٢٠٥].

٢- وردبینی کردنی دوا دەقی یاساو بریارە یاساکان: دوای سەرلەنوێ دارشتنەوەی زمانەوانی و چاپکردنی یاساو بریارەکە بەر لەناردنی بۆ سەرۆکایەتی هەرێم، سکرتێری پەرلەمان هەڵدەستێت بە وردبینی کردن و بەراوردکردنی دوادەقی یاسا و بریارە یاسای

---

(٢٠٥) پەیرەوی ناوخۆی هەموارکراوی بەرکاری ساڵی ٢٠١٨، ماددەی (٢٠)، دەسەڵاتەکانی سکرتێری پەرلەمان، برگەی حەوتەم: سەرپەرشتی و چاپکردن و بەدواداچوونی ئەو یاسا و بڕیارانەی لە پەرلەمان دەنگیان لە سەر دەدرێت و بەراوردکردنیان، بەو دەقانەی دەنگیان لەسەر دراوە.

چاپکراو، لەگەڵ ئەو دەققەی لەناو هۆڵی پەرلەمان دەنگی لەسەردراوە، بە مەبەستی دڵنیابوون لە وەک یەکبونی دەقەکان[٢٠٦].

٣- وەرگێرانی دوا دەقی یاساو بریارە یاساکە بۆ زمانی عەرەبی ، چونکە دەبێت دەقی یاسا بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی لە رۆژنامەی فەرمی وەقائیعی کوردستان بڵاوبکرێتەوە. هەرچەندە لەکاتی نارۆشنی یان بونی دژبەری لەنێوان هەردوو دەقەکە، ئەوا دەقە کوردییەکە بە بنەماو سەرچاوە وەردەگیرێت[٢٠٧]. بەجێگەیاندنی ئەم ئەرکەش لە تایبەتمەندییەکانی سکرتێری پەرلەمانی کوردستانە[٢٠٨].

٤- ناردنی دەقی یاساو بریارە یاساکە بەهەردوو زمانی کوردی و عەرەبی بۆ سەرۆکایەتی هەرێم بەمەبەستی دەرچواندن و ناردنیان بۆ بلاوکردنەوەی لە رۆژنامەی فەرمی وەقائیعی کوردستان. بەنوسراوێکی فەرمی کە لەلایەن سەرۆکی پەرلەمانەوە واژوو دەکرێت لە ماوەی (١٥) رۆژ لە رێکەوتی پەسنکردنیان لە پەرلەمانی کوردستان[٢٠٩]. ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەوەیە پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی هەموارکراوی بەرکاری ساڵی٢٠١٨، لێکەوتەیەکی یاسایی دیاری نەکردوە بۆ پابەند نەبون بەو ماوە یاساییە کە دیاریکراوە بۆ ناردنی یاساو بریارە یاساکان بۆ سەرۆکایەتی هەرێم، هاوشێوەی ئەوەی لە یاسای سەرۆکایەتی هەرێم ئاماژەی پێکردوە،

---

(٢٠٦) هەمان سەرچاوەی پێشوو.

(٢٠٧) یاسای زمانە فەرمییەکان لە هەرێمی کوردستان-عیراق ژمارە (٦) ی ساڵی ٢٠١٤،ماددەی (٥): دەقی یاسا و بڕیارەکان لە رۆژنامەی فەرمی لە هەرێمی کوردستان بە زمانی کوردی و عەرەبی بڵاودەکرێنەوە، دەقە کوردییەکە سەرچاوە و بنەمایە.

(٢٠٨) پەیرەوی ناوخۆی هەموارکراوی بەرکاری ساڵی ٢٠١٨، ماددەی (٢٠)، دەسەڵاتەکانی سکرتێری پەرلەمان، برگەی هەشتەم: سەرپەرشتی بەئەنجام گەیاندنی وەرگێرانی پرۆژە، یان پێشنیازەکە، لە کوردی بۆ عەرەبی بە پێچەوانەشەوە، بە پشتبەستن بە شارەزایان و پسپۆرانی زمان.

(٢٠٩) پەیرەوی ناوخۆی هەموارکراوی بەرکاری ساڵی ٢٠١٨، ماددەی (٩٤): دەبێت یاسا و بڕیارەکان، لە ماوەی (١٥) پازدە رۆژدا، لە رێکەوتی پەسەندکردنیانەوە، بنێردرێن بۆ سەرۆکایەتی هەرێم، بەمەبەستی دەرچواندنیان.

که ئەگەر سەرۆکی هەرێم لەماوەی (١٥) رۆژدا یاسا یان بریارە یاساکەی دەرنەچواند ئەوا حوکمەن بەدەرچوو ئەژماردەکرێت.

# بەشی حەوتەم

# دەرچواندنی یاساو بریارە یاسا

## دەروازە

دوای پەسند کردنی یاساو بریارە یاسا لەلایەن پەرلەمانی کوردستان و ناردنی بۆ سەرۆکایەتی هەرێم، قۆناغێکی دیکەی گرنگی پرۆسەی یاساکاری دەستپێدەکات ئەویش دەرچواندنیەتی لەلایەن سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە، هەرچەندە لەنێوان شارەزایانی بواری یاسادا مشتومری زۆرهەن لەسەر ئەوەی دەرچواندن بەشێکە لە پرۆسەی یاسادانان یان کارێکی دەسەڵاتی جێبەجێکردنەو لەدەرەوەی پرۆسەی یاسادانانە، ئێمە لێرەدا خۆمان لەو مشتومرە فیقهیە دەبوێرین، چونکە ئەوەی یەکلایە لەلامان ئەوەیە، لە هەرێمی کوردستان لە تواناداا نییە یاسایەک بچێتە بواری جێبەجێکردنەوە ئەگەر دەرنەچوێنرابێت. بۆیە لەم بەشەدا هەوڵدەدەین لە میانەی دوو لقدا چۆنیەتی رێکخستن و پیادەکردنی هەریەکە لە پرۆسەی دەرچواندن و پەڵپگرتن، لەیاساو بریارە یاساو گەراندنەوەیان بخەینەروو. چونکە لە یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی ژمارە (١) ساڵی ٢٠٠٥ ی هەموارکراوو پەیرەوی ناوخۆی هەموارکراوی پەرلەمانی ساڵی ٢٠١٨ جەخت لەسەر ئەم دوو تایبەتکارییە کراوەتەوە:

# لقی یەکەم

# لایەنی تایبەتمەند بە دەرچواندنی یاساو بریارە یاسا

لەدوای پەسندکردنی یاساو بریارە یاسا لە پەرلەمانی کوردستان، دەرچواندن بە یەکێک لە قۆناغە گرنگەکانی پرۆسەی یاساکاری دادەنرێت، هەوڵدەدەین لە میانی چەند خاڵێکەوە تەواوی وردەکارییەکانی پرۆسەی دەرچواندن بخەینەروو، سەرەتا پێناسەی ئەو پرۆسەیە دەکەین لەروانگەی دیدی یاساناسانەوە، دواتر سروشت و ئاماژەکانی ئەم پرۆسەیە دەخەینەروو، دواتر ئاماژە بەوە دەکەین کێ تاتیبەتمەندی پیادەکردنی دەرچواندنی هەیەو سروشتی ئەو تایبەتمەندییە چییە، لەکۆتاییشدا ئاماژە بە جۆرەکانی دەرچواندن دەکەین.

**١- پێناسەی دەرچواندنی یاسا:** یاسای سەرۆکایەتی هەرێم ژمارە (١) ساڵی ٢٠٠٥ ی هەموارکراو هیچ پێناسەیەک بۆ دەرچواندنی یاسا لەخۆی ناگرێت، بەهەمانشێوە پەیرەوی ناوخۆی ٢٠١٨ی هەموارکراوی پەرلەمانیش خاڵییە لە پێناسەی دەرچواندن، بۆیە بە ناچاری دەچینە خزمەت نوسین و پەرتوکی شارەزایانی بواری یاساو لەروی فیقهی یاساییەوە پێناسەی دەرچواندن دەخەینەروو. دکتۆر ابراهیم عزیز شیحا بەمشێوە پێناسەی دەرچواندنی یاسای کردووە(دەرچواندنی یاسا، چالاکیەکی یاساییە سەرۆکی وڵات هەڵدەستێت بە ئەنجامدانی، لەرێگەیەوە لەدایک بوونی یاسایەکی نوێ رادەگەیەنێت)[٢١٠]. دکتۆر سلێمان الطماوی

(٢١٠) شیحا، ابراهیم عبالعزیز،النظم والقانون الدستوری،منشأة المعارف بالاسکندریة، ص ٧١١.

بەمشێوە پێناسەی کردوە( بریتیە لە فەرمان یان بروانامەیەک لەلایەن سەرۆکی وڵاتەوە بەوەی ئەم یاسایە تەواوی قۆناغە دەستورییەکانی بریوەو جێبەجێکردنی بۆتە ئەرک لە ئەستۆی ئەندامانی دەسەڵاتی جێبەجێکردن) [٢١١]. هەروەها دکتۆر میادە عبدالقادر احمد اسماعیل بەمشێوە پێناسەی کردوە، کە بریتیە لە(تۆمارکردنی لەدایکبونی یاسایی رێسایەکی یاسادانان و دوپاتکردنەوەی شیاوییەتیەتی بۆ جێبەجێکردن، وا دادەنرێت رێسایەکی یاساییە خەسڵەتی پابەندکاری وەرگرتوە) [٢١٢]. لەسایەی ئەم پێناسانەوە دەگەینە ئەم ئەنجامەی کە دەرچواندنی یاسا سێ لێکەوتەی گرنگی یاسایی دەبێت ئەوانیش:

- جاردان و داننانە بەوەی ئەم یاسایەی پەرلەمان پەسندیکردوە سەرجەم ئەو رێککارە دەستوری و یاساییانەی بریوە کەپێویست بوە رەچاوبکرێت لە قۆناغەکانی پێشنیارکردنی تادەگاتە پەسندکردن. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نابێت ئەوەمان بیربچێت دەرچواندنی یاسا لەلایەن سەرۆکی هەرێم، پارێزبەندی نادات بەو یاسایە لەبەرامبەر تێروانینی دادگای دەستووری لەوەی وردبینی دەستووری بوونی بۆ بکات، ئەگەر هاتوو تانەی لێدرا بە نادەستووری بوون، لەو بارەیەوە یاساناسان کۆکن لەسەر ئەوەی، ئەم لێکەوتەیە تەنها لەرووی رواڵەتیەوە، مانای تەندروست دەرچوونی یاساکە دەگرێتەوە لەرووی رێکارە دەستورییەکانی دەرچواندنی یاسا، نەک پێدانی پارێزبەندی بێت بەیاساکە بەوەی وادەم سەرۆک دەریچواندوە، ئەمە بەڵگەیە لەسەر تەندروستبونی لەروی بابەتییەوە.

---

(٢١١) بانيمارانى، بدرخان حسن،العملية التشريعية في الدولة الفيدرالية دراسة تحليلية مقارنة، منشورات زين الحقوقية، بيروت-لبنان، ط١،ص١٣٥.

(٢١٢) اسماعيل، مياده عبدالقادر احمد،الطبيعة القانونية لمواد اصدار القانون، بحث منشور في مجلة البحوث الفقهية والقانونية، جامعة ازهر- كلية الشريعة والقانون،ابريل ٢٠٢٢، ص٨٣٦.

- لەخۆگرتنی فەرمانە بۆ سەرجەم دەسەڵاتەکان و دامەزراوەکانی وڵات، کە ئەم یاسایە خەسڵەتی پابەندکاری وەرگرت و دەبێت هەموئەولایەنانەی پەیوەستن پێی، جێبەجێیبکەن.

- ئاشکراکردنی خواستی دەستبەرداربونە لە تایبەتمەندی پەڵپگرتن سەبارەت بەو یاسایە، کە دەستور یان یاسا بەرکارەکان بەسەرۆکی وڵاتیان بەخشیوە.

**٢- لایەنی تایبەتمەند بە دەرچواندنی یاسا لە هەرێمی کوردستان:** لە ئێستادا یاسای سەرۆکایەتی هەرێم ژمارە(١) ی ساڵی٢٠٠٥ هەموارکراو، سەرۆکی هەرێمی کوردستانی تایبەتمەند کردوە بە دەرچواندنی یاسا لە هەرێمی کوردستان[٢١٣]. بەڵام جێگەی خۆیەتی لێرەدا سەربوردەیەکی کورتی مێژویی سەبارەت بەو لایەنەی تایبەمەندی دەرچواندنی یاسای هەبوە لە هەرێمی کوردستان بخەینەروو، چونکە لە قۆناغە جیاجیاکانی (٣٢) ساڵی رابردوو، لایەنی تایبەتمەند بە دەرچواندنی یاسا چەندین گۆرانکاری بەسەردا هاتوە. سەرەتا دوای دەرکردنی یاسای هەڵبژاردنی سەرکردەی بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد ژمارە (٢)ی ساڵی ١٩٩٢ لەلایەن بەرەی کوردستانییەوە، ئەم تایبەتمەندیە درابوو بە سەرکردەی بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد[٢١٤]. بەهۆی ئەو بارودۆخەی ئەوسا هەرێمی کوردستانی پێداتێپەری، نەتوانرا سەرکردەی بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد هەڵبژێردرێت، ئەگەر بگەرێینەوە بۆ رۆژنامەی (پەرلەمان) کە ئەوکات رۆژنامەی فەرمی و

---

(٢١٣)یاسای سەرۆکایەتی هەرێم ژمارە(١) ی ساڵی٢٠٠٥ هەموارکراو ،ماددەی دەیەم، برگەی یەکەم، خاڵی(٢): سەرۆکی هەرێم ئەم ئەرک و فەرمان و دەسەڵاتانەی خوارەوەی هەیە، دەرچواندنی ئەو یاساو بریارانەی کە پەرلەمانی کوردستان دایان دەنێت لەماوەی (١٥) رۆژ دوای گەیشتنی بۆ سەرۆکایەتی هەرێم..

(٢١٤)یاسای هەڵبژاردنی سەرکردەی بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد ژمارە (٢) ساڵی ١٩٩٢، ماددەی دەیەم خاڵی(٣): دەرکردنی ئەو یاسا و پەیرەوانەی کە لە ئەنجومەنی نیشتمانی رەزامەندی لەسەر پێشان داوە.

شوێنی بڵاوکردنەوەی یاساکان بوو، دەبینین سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستان تایبەتمەندی دەرکردنی یاسای پیادە کردوە، بۆ نمونە ئەگەر سەیری یاسای وەزارەتی پەروردە بکەین کە لە ژمارە (٢)ی رۆژنامەی پەرلەمان بڵاوکراوەتەوە، دەبینین بریاری دەرکردنی ئەم یاسایە لەلایەن سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانییەوە دەرچوێنراوە، بێ ئەوەی ئاماژە بە پاڵپشتی یاسایی پیادەکردنی ئەم تایبەتمەندیە بکات، بەمشێوەیە**"لەسەر بەرژەوەندی گەلی کوردستان و بەپێی برگە(١) مادده(٥٦) یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عیراق ژمارە(١)ی ساڵی/١٩٩٢ ئەنجومەن لەرۆژی١٩٩٢/٩/١ بریاری دەرکردنی ئەم یاسایەیدا.. جوهر نامق سالم، سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان-عیراق"**[٢١٥]. لەساڵی ١٩٩٣ یاسای دەستەی سەرۆکایەتی هەرێم بە ژمارە (١٩) لە ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان (پەرلەمان) دەرچوو، بەپێی ئەم یاسایە تەواوی دەسەڵات و تایبەتمەندییەکانی سەرکردەی رزگاریخوازی کورد بە دەرچواندنی یاساشەوە گوازرانەوە بۆ دەستەی سەرۆکایەتی هەرێم، تاوەکوو خولی دووەمی هەڵبژاردنی سەرکردەی رزگاریخوازی کورد[٢١٦]. بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەوەیە کە هیچ یاسایەک بڵاو نەکراوەتەوە لە رۆژنامەی پەرلەمان کە لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتییەوە دەرچوبێت، بەڵکو لەسایەی ئەم یاسایەشدا هەر سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان یاساو بریارەکانی دەرچواندوە، بۆ نمونە گەر سەیری یاسای هەمواری یەکەمی یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی

---

[٢١٥] رۆژنامەی پەرلەمان، ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عیراق، ژمارە(٢)، تشرینی یەکەم ساڵی ١٩٩٢، ل٤.

[٢١٦]یاسای دەستەی سەرۆکایەتی هەرێم، ژمارە (١٩)ی ساڵی ١٩٩٣،ماددەی یەکەم : بەدەر لە حوکمەکانی یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی١٩٩٢ دەستەیەك دادەمەزرێ پێی دەگوترێ (دەستەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانی عێراق) و بەم دەستەڵات و ئەرکانەی کە لە یاسای ناوبراوی سەرەوەدا هاتوون جێ بەجێ دەکات تاکو قۆناغی دووەمی هەڵبژاردنی رابەری بزووتنەوەی رزگاری خوازیی کوردی تەواو دەبێت.

کوردستان ژمارە(٣)ی ساڵی ١٩٩٢ بکەین دەبینین ئەویش لەلایەن سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانەوە دەرچوێنراوە، بەمشێوەیە **" استنادا الى احكام المادة السادسة والخمسين من القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢ وبناء على ما عرضه العدد القانوني من اعظاء المجلس الوطني لكوردستان العراق وما عرضه مجلس الوزراء قرر المجلس بجلسته (١٥) المنعقدة بتأريخ ١٩٩٤/١٢/١٣ اصدار القانون الآتي .. جوهر نامق سالم، رئيس مجلس الوطني لكوردستان العراق"**[٢١٧].
دواترو لە ساڵی ١٩٩٧ یاسای وەستاندنی کار بە (یاسای هەڵبژاردنی سەرکردەی بزاڤی رزگاریخوازی کورد) بە ژمارە(١٠) دەرچوو، لەم یاسایەدا تایبەتمەندی دەرچواندنی یاسا گوازرایەوە بۆ (سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانی)[٢١٨]. لەروی کردارەکییەوە تەنها جیاوازی ئەم یاسایە هێنایە ئارا ئەوەبوو، لە بریاری دەرچواندنی یاساکاندا ئاماژە بەو پاڵپشتە یاساییە دەکات، کە خاڵی (٣) لە ماددەی دووەمی یاساکە پێی بەخشیوە. بۆ نمونە گەر سەیری بریاری دەرچواندنی یاسای بزربوەکان لە هەڵمەتەکانی لەناوبردنی بە کۆمەڵی گەلی کوردستانی عیراق ژمارە (٣) ساڵی ١٩٩٩ بکەین، دەبینین لە پێشەکی بریارەکە ئاماژە بە خاڵی(٣) ماددەی دووەمی یاسای وەستاندنی کار بە (یاسای هەڵبژاردنی سەرکردەی بزاڤی رزگاریخوازی کورد)ی ژمارە(١٠)ی ساڵی ١٩٩٧ دەکات کە تایبەتکاری دەرچواندنی یاسای بەخشیوە بە سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عیراق، بەمشێوەیە **"پشت بەو دەسەڵاتەی بە پێی برگە(٣)ی ماددە دوو لە یاسای**

---

(٢١٧) رۆژنامەی پەرلەمان، ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عیراق، ژمارە(٢٣)، کانونی یەکەم ساڵی ١٩٩٥، ل٣.

(٢١٨) یاسای وەستاندنی کار بە (یاسای هەبژاردنی سەرکردەی بزاڤی رزگاریخوازی کورد) ژمارە(١٠)ی ساڵی ١٩٩٧، ماددەی دووەم خاڵی (٣): سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق ئەم ئەرکانەی خوارەوە پیادە دەکات سەرەرای ئەنجام دانی ئەرکەکانی خۆی کە لە یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢و پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجوومەندا هاتووە،٣- دەرکردنی ئەم یاسا و بڕیار و پێرەوانەی کە ئەنجومەنی نیشتمانی رەزامەندی لەسەر داون.

**ژمارە(١٠)ی ساڵی ١٩٩٧ ڕێماندراوەو لەسەر ئەو بنەمایەی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عیراق لە دانیشتنی ڕۆژی ١٩٩٩/٤/٢٤دا یاساکاری کردوە بریاری دەرهێنانی ئەم یاسایەماندا.. جوهر نامق سالم، سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان"**[٢١٩]. ئەم بارودۆخە بەمشێوەیە بەردەوامبوو تاوەکە دەرچونی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان-عیراق ژمارە(١)ی ساڵی (٢٠٠٥). لەم یاسایەدا تایبەتمەندی دەرچواندنی یاسا بۆیەکەمجار بەخشرایە سەرۆکی هەرێم [٢٢٠]. لە ساڵی ٢٠١٧ دوای ئەوەی یاسای دابەشکردنی دەسەڵاتەکانی سەرۆکایەتی هەرێم بەسەر دامەزراوە دەستورییەکانی هەرێم ژمارە (٢) دەردەچێ، ئەم تایبەتبەتمەندییە دەگوازرێتەوە بۆ (دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان) [٢٢١]. ئەگەر سەیری یاسای بەخشین و چاندنی ئەندامەکانی لەشی مرۆڤ لەکوردستانی عیراق ژمارە (١) ساڵی ٢٠١٨ بکەین دەبینین بریاری دەرچواندنی ئەم یاسایە لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانەوە دەرکراوە، بەمشێوەیە**"پشت بە حوکمی برگە (١) لە ماددەی(٥٦) لە یاسای ژمارە(١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراوو، لەسەر داوای ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان و، ئەو یاساکارییەش کە پەرلەمان لەدانیشتنی ئاسایی ژمارە(٥)ی ڕۆژی**

---

(٢١٩) ڕۆژنامەی پەرلەمان، ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عیراق، ژمارە(٤٤)،ساڵی ١٩٩٥، ل٥.

(٢٢٠)یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان-عیراق ژمارە(١)ی ساڵی (٢٠٠٥)، ماددەی دەیەم برگەیەی (یەکەم): ئەو یاسایانەی ئەنجومەنی نیشتمانی هەرێم دایان دەنێت، ســەرۆکی هەرێم لەماوەی (١٠)دە ڕۆژ دا لە ڕۆژی دانانیەوە دەریان دەچوێنێ و، مافی ئەوەشی هەیە (تانە) لە کۆی یاساکە یان لە بەشێکی بدات و، ڕەوانەی ئەنجومەنی بکاتەوە تا چاوی پێدابخشێنێتەوە، لەم بارەدا بڕیاری ئەنجومەن بنبڕە.

(٢٢١)یاسای دابەشکردنی دەسەڵاتەکانی سەرۆکایەتی هەرێم بەسەر دامەزراوە دەستورییەکان هەرێم ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١٧، ماددەی یەکەم برگەی سێیەم: پیادەکردنی ئەرك و دەسەڵاتەکانی هاتوو لە بڕگەکانی (یەکەم/ ٢، چواردەم) لە ماددەی دەیەم لە یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ـ عێراق ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ هەموارکراو لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان دەبێت.

**٢٠١٨/١/٣٠ ئەنجامیداوەو، بەپێی ئەو دەسەڵاتەش کە لە برگەی (سێیەم)ی (ماددەی یەکەم) لە یاسای ژمارە(٢)ی ساڵی ٢٠١٧ بەدەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان دراوە،بریاری دەرکردنی ئەم یاسایەی دا..، بێگەرد دلشاد شکرالله سکرتێری پەرلەمانی کوردستان-عیراق، جعفر ابراهیم ئێمینکی جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان عیراق، یوسف محمد صادق سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان-عیراق"**[٢٢٢]. دواجارو لەدوا پرۆسەی یاساکاریدا سەبارەت بەو بابەتە تا نوسینی ئەم توێژینەوەیە، ئەم تایبەتمەندیە جارێکی دیکە لەدوای دەرچوونی یاسای کاراکردنەوەی دامەزراوەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان-عیراق و هەمواری شێوازی هەڵبژاردنی سەرۆک تا پەسندکردنی دەستوور ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٩، گوازرایەوە بۆ سەرۆکی هەرێم. ئەویش کاتێک لەو یاسایەدا، یاسای دابەشکردنی دەسەڵاتەکانی سەرۆکایەتی هەرێم بەسەر دامەزراوە دەستورییەکانی هەرێم ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١٧ هەڵدەوەشێنرێتەوەو بەوپێیەش تایبەتمەندی دەرچواندنی یاسا، جارێکی دیکە دەگوازرێتەوە بۆ سەرۆکی هەرێمی کوردستان [٢٢٣].

**٣- سنوروچوارچێوەی تایبەتکاری دەرچواندنی یاسا:** سنورو چوارچێوەی تایبەتکاری دەرچواندنی یاسا لەسەرەتای هاتنەکایەی پەرلەمانی کوردستان تا دەگات بە کاتی نوسینی ئەم توێژینەوەیە، چۆنیەک نەبووە، بەڵکو گۆرانکاری زۆری بەخۆیەوە بینیوە. لەسەرەتای دەرچوونی یاسای سەرکردەی رزگاریخوازی گەلی کورد ژمارە (٢) ساڵی ١٩٩٢ لەلایەن بەرەی کوردستانییەوە چوارچێوەی

---

(٢٢٢) رۆژنامەی وەقائیعی کوردستان، وەزارەتی داد،ژمارە(٢٢١)،ساڵی ٢٠١٨، ل٩.

(٢٢٣)یاسای کاراکردنەوەی دامەزراوەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان-عیراق و هەمواری شێوازی هەڵبژاردنی سەرۆک تا پەسندکردنی دەستور ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٩، ماددەی (٢):یاسای دابەشکردنی دەسەڵاتەکانی سەرۆکایەتی هەرێم بەسەر دامەزراوە دەستورییەکانی هەرێم ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١٧ هەڵدەوەشێتەوە.

ئەم تایبەتکارییە سنوردار کراوە بە دەرچواندنی ئەو( یاساو پەیرەوانەی) ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان ڕەزامەندیان لەسەردەدات. هەروەک لە برگە(٣)ی ماددەی دەیەمی یاساکەدا ئاماژەی بۆکردوە. لەراستیدا لێرەدا دوو سەرنج دێنە پێش و پێویست دەکات ئاماژەیان بۆ بکەین، یەکەمیان ئەوەیە روون نییە یاسادانەر مەبەستی لە پەیرەو چییە؟ لە کاتێکدا ئەنجومەنی نیشتمانی تەنها تایبەتمەندە بە دەرکردنی پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمان هەروەک لە برگە(٨) لە ماددە پەنجاوشەشەمی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ژمارە(١)ی ساڵی١٩٩٢ی هەمووارکراودا هاتوە. ئایا مەبەستەکەی دەرچواندنی پەیرەوەی ناوخۆی ئەنجومەنی نیشتمانییە؟ ئەگەر وابێت بابەتەکە ئاساییە، ئەگەر نا هیچ ڕاڤەیەکی زانستی نیە بۆ ناوهێنانی پەیرەو لەچوارچێوەی ئەم تایبەتکارییەدا. سەرنجی دووەم ئەوەیە بەدرێژایی تەمەنی خۆی لە بەرواری دروستبونییەوە، پەرلەمان پیادەی تایبەتکارییەکی کردوە ئەویش پەسندکردنی(بریارە یاسا)یە، تەواوی ئەو لایەنانەش کە تایبەتمەندبوون بە دەرچواندنی یاسا، بریارە یاسایان دەرچواندوە کەچی لە چوارچێوەی تایبەتکارییەکەدا ناوی نەهاتوە. لە دوای دەرچونی یاسای وەستاندنی کار بە (یاسای هەڵبژاردنی سەرکردەی بزاڤی رزگاریخوازی کورد) ژمارە(١٠)ی ساڵی ١٩٩٧، (بریارە یاسا) دێتە نێو ناوان، لە برگەی (٣)ی ماددەی دووەمی ئەم یاسایە چوارچێوەو سنوری تایبەتمەندییەکەی فراوان کردوەو ئاماژە بە دەرکردنی ئەو (یاساو بریارو پەیرەوانە) دەکات کە ئەنجومەنی نیشتمانی ڕەزامەندی لەسەر داون. دواتر لە یاسای سەرۆکایەتی هەرێم ژمارە (١) ی ساڵی ٢٠٠٥دا چوارچێوەو سنوری ئەم تایبەتمەندیە بەجۆرێک بەرتەسک دەکرێتەوە کە تەنها خۆی لە دەرچواندنی ئەو (یاسایانە)دا دەبینێتەوە کە ئەنجومەنی نیشتمانی دایان دەنێت، هەروەک لە برگەی یەکەمی ماددەی دەیەمی ئەم یاسایەدا ئاماژەی بۆکردوە. دوا گۆرانکاری کە بەسەر ئەم تایبەتکارییەدا هاتبێت ئەوەیە کە یاسای ژمارە(١)ی ساڵی٢٠٠٩،

یاسای هەمواری دووەمی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان-عیراق بەدوای خۆیدا هێنای، کاتێک لە ماددەی یەکەمدا برگەی دووەمی ماددەی دەیەمی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان هەموار دەکاتەوەو بەو جۆرە دایدەرێژێتەوە کە یەکێک لە ئەرکەکانی سەرۆکی هەرێم بریتیە لە دەرچواندنی ئەو (یاساو بریارانەی) ئەنجومەنی نیشتمانی عیراق دایان دەنێت[٢٢٤]. بەمەش جارێکی دیکە چوارچێوەی ئەم تایبەتکارییە گۆرانکاری بەسەردادێت ئەم جارەیان (یاساو بریارە یاسا) لەخۆ دەگرێت و لەوساوە تاکو نوسینی ئەم توێژینەوەیە گۆرانکاری دیکەی بەسەردا نەهاتووە. لێرەدا پێویستە سەرنجێکی گرینگ بخەینەروو ئەویش ئەوەیە، سنورو چوارچێوەی تایبەتکاری دەرچواندنی یاسا بەس تەنها ئەوە ناگرێتەوە داخۆ کورتکراوەتەوە لەوەی سەرۆکی هەرێم دەتوانێت چی دەربچوێنێت، بەڵکو ئەولایەنەش دەگرێتەوە کە تایبەتکارییەکە سنوردار کراوە، تەنها بە دەرچواندنی یاساو بریارە یاساکە، بێ ئەوەی مافی دەستکاریکردنی یاساو بریارە یاساکەی هەبێت، واتا پێویستە سەرۆکی هەرێم یاساکە وەک ئەوەی لە پەرلەمان هاتووەو پەسندکراوە دەربچوێنێت، بێ هیچ دەستکاریکردنێک، ئەگینا ئەوکاتە یاساکە لەکەدار دەبێت و هێزی پابەندکاری لەدەست دەدات.

**٤- ماوەی بەردەست بۆ دەرچواندنی یاسا:** یەکێکی دیکە لە رەهەندکانی پەیوەست بە تایبەتکاری دەرچواندنی یاسا، بریتیە لە ماوەی دیاریکراو بۆ پیادەکردنی ئەم تایبەتکارییە، هاوشێوەی رەهەندەکانی دیکەی تایبەتکاری دەرچواندنی یاسا، ماوەی دیاریکراو بۆدەرچواندنی یاساش لەسەرەتای دروستبونی

---

(٢٢٤) یاسای ژمارە(١)ی ساڵی٢٠٠٩، یاسای هەمواری دووەمی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان-عیراق ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥، ماددەی یەکەم : بڕگەکانی (یەکەم و دووەم و پازدەم) لە ماددەی دەیەمی یاساکە هەمواردەکرێت و بڕگەیەك لە زنجیرە (نۆزدەم) زیاد دەکرێتە سەرماددەکە و بەم شێوەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە: برگەی یەکەم ،٢- دەرچواندنی ئەو یاساو بڕیارانەی کە ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان ـ عیراق دایان دەنێت..

پەرلەمانەوە بەیەک شێواز نەبوەو لە قۆناغە جیاوازەکاندا گۆرانکاری بەسەردا هاتوە، ئەگەر سەیری یاسای هەڵبژاردنی سەرکردەی بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد ژمارە(٢)ی ساڵی ١٩٩٢ بکەین دەبینین لە برگەی (٣) لەماددەی دەیەم، ئاماژە بە کاتێکی دیاریکراو ناکات بۆ دەرچواندنی یاساو پەیرەوەکان، بەڵکو ماوەکەی بە کراوەیی هێشتۆتەوە، ئەم بارودۆخە بەمشێوەیە بەردەوام دەبێت تاوەکو دەرچونی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان-عیراق ژمارە (١)ی ساڵی٢٠٠٥، لەم یاسایەدا ماوەی دەرچواندنی یاسا دیاریدەکات، کاتێک لە برگەی یەکەمی ماددەی دەیەمی ئەم یاسایەدا ئاماژە بەوە دەکات کە سەرۆکی هەرێم لەماوەی (١٠) رۆژ، لەرۆژی دانانیانەوە لەلایەن ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان یاساکان دەردەچوێنێت. دوای دەرچونی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٩، یاسای هەمواری دووەمی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ژمارە(١)ی ساڵی٢٠٠٥ ، برگەی یەکەمی ماددەی دەیەمی یاساکە هەموار دەکاتەوە، بەجۆرێک ماوەی دەرچواندنی یاسا لەلایەن سەرۆکی هەرێمەوە دەگۆرێت بۆ (١٥) رۆژ، نەک هەر ئەوەندە بەڵکو ئاماژە بەوە دەکات کە (١٥) رۆژەکەش لە رۆژی گەیشتنی یاساو بریارەکە بە سەرۆکایەتی هەرێم دەست پێدەکات نەک وەک ئەوەی لە یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥دا هاتبوو کە(١٠) رۆژەکە لە رۆژی دانانی یاساکەوە لەلایەن ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان دەستپێدەکات. لەوساوە تاوەکو ئێستا ئەم ماوەیە هەروەکو خۆی ماوەتەوەو گۆرانکاری بەسەردا نەهاتوە.

## لقی دووەم

## شێوازەکانی دەرچواندنی یاساو بریارە یاسا

بەشێوەیەکی گشتی پیادەکردنی تایبەتکاری دەرچواندنی یاسا لەلایەن سەرۆکی هەرێم بەپێی یاسا بەرکارەکانی هەرێم و پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان لە دوو شێوازدا بەرجەستە دەبێت. ئەوانیش دەرچواندنی راشکاوانەی یاساکان لەلایەن سەرۆکی هەرێم، دوهەمیشیان بەدەرچوو هەژمارکراوی یاساکان، بەهۆی واژونەکردنی سەرۆکی هەرێم لەسەر بریاری دەرچواندنی یاساکە. هەوڵدەدەین لەم بەشەی توێژینەوەکە بەوردی تیشک بخەینە سەر چۆنیەتی رێکخستنی یاسایی هەردوو شێوازەکە لە هەرێمی کوردستاندا.

**١- دەرچواندنی یاسا بە بریار لەلایەن سەرۆکی هەرێمی کوردستان:** یەکێک لە شیوازەکانی دەرچواندنی یاسا لە هەرێم، ئەو جۆرەیانە کە سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەماوەی دیاریکراو بۆ دەرچواندنی یاسا ، بە واژوی خۆی یاساکە دەربچوێنێت، ئەمەش رەنگدانەوەی خواستی ئاشکرای سەرۆکی هەرێم نیشان دەدات بۆ دەرچواندنی یاسا. ئەگەر سەیری یاسای رێکخستنی رێکلامی بازرگانی لە هەرێمی کوردستان-عیراق ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠١٩ بکەین، دەبینین سەرۆکی هەرێم لەماوەی دیاریکراو بۆی، یاساکە بە واژوی خۆی و بە بریارێک دەردەچوێنێت بەمشێوەیە**"کۆماری عیراق، هەرێمی کوردستان، سەرۆک، بریاری ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٠، بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە برگەی (یەکەم)ی ماددەی(دەیەم) لە یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان-عیراق ژمارە(١) ساڵی ٢٠٠٥ی هەموارکراو، بریارماندا بە دەرکردنی یاسای ژمارە(٤)ی ساڵی ٢٠١٩ی پەرلەمانی کوردستان کە لە دانیشتنی ژمارە(١٠) ئاسایی رۆژی٢٠١٩/١٢/١٦ پەسندی کردووە.**

**نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان ٢٠١٩/١/١٤،"**[٢٢٥].

**٢- بەدەرچوو هەژمارکراوی یاسا :** یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان-عیراق لە خاڵی(٢)ی برگەی یەکەمی ماددەی دەیەمیدا، ئەم شێوازەی بەیەکێک لە شێوازەکانی دەرچواندنی یاسا هەژمار کردوە، کاتێک جەختی کردوە لەسەر ئەوەی لەبری واژوی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و لەدەرەوەی ماوەی دیاریکراو بۆ دەرچواندنی یاسا، بەشێوەیەکی ئیعتیباری و بە حوکمی یاسا، یاسای نێرداو بۆ سەرۆکایەتی هەرێم، بە دەرچوو هەژمار دەکرێت. ئەم شێوازە لەچەند روێکەوە جیاوزە لە دەرچواندنی یاساو بریارە یاسا لەلایەن سەرۆکی هەرێمی کوردستان، لەوانە:

**أ-** لەم شێوازەدا ئیرادەی سەرۆکی هەرێم رۆڵی نییە لە دەرچونی یاساو بریارە یاساکە، بەڵکو بە حوکمی یاسا بە دەرچوو هەژمار دەکرێت.

**ب-** یاسای بە دەرچوو هەژمارکراو، پێویستی بە دەرکردنی بریار نییە لەلایەن سەرۆکایەتی هەرێم، بەڵکو سەرۆکی پەرلەمان لەلای خۆیەوە بە هەژمارکراو دەیناسێنێت[٢٢٦]. بۆنمونە ئەگەر سەیری یاسای وەزارەتی کارەبا لە هەرێمی کوردستان-عیراق، ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٢١ بکەین، دەبینین لەلایەن پەرلەمانەوە بە دەرچوو

---

(٢٢٥) رۆژنامەی وەقائیعی کوردستان، وەزارەتی داد،ژمارە(٢٤٦)،ساڵی ٢٠١٩، ل١-٣.

(٢٢٦) - یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ژمارە(١)ی ساڵی ٢٠٠٥ هەموارکراو، ماددەی(١٠) برگەی(یەکەم)خاڵی(٢): .. ئەو یاساو بریارانەش بە دەرچوو دادەنرێت لەو حاڵەتەی کە سەرۆکی هەرێم لە ماوەی ناوبراو دەری نەچواندو نارەزایشی لەسەریان نەبووە پەرلەمان رادەسپێری لەرۆژنامەی فەرمی بڵاودەکرێتەوە.

- پەیرەوی ناوخۆی هەموارکراوی بەرکاری ساڵی ٢٠١٨، ماددەی (١٨) برگەی دەیەم : ئەرك و دەسەڵاتەکانی سەرۆك، دەیەم: هەژماردنی ئەو یاسا و بڕیارانەی، لە ماوەی دیاریکراودا، لە لایەن سەرۆکی هەرێمەوە بەیاسا و بریاری دەرکراو،دەرناچن.

هەژمارکراوە، بەمشێوەیە" **باناوی گەلەوە، پەرلەمانی کوردستان- عیراق، پاڵپشت بەحوکمی برگە(١)ی مادده(٥٦) لە یاسای ژمارە(١) ساڵی ١٩٩٢ هەموارکراوو برگەی (یەکەم)ی ماددەی(٧٧) لە پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان-عیراق،و لەسەر داوای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان، پەرلەمانی کوردستان لەدانیشتنی ئاسایی ژمارە(١٣)ی رۆژی ٢٠٢١/٥/١٨ ئەم یاسایەی پەسند کرد.. یاساکە بە دەرچوو دەژمێردرێ بەتێپەربوونی ماوەی یاسایی دەرچواندنی بەپێی حوکمی خاڵی(٢)ی برگەی(یەکەم)ی ماددەی(١٠)ی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان-عیراق، ژمارە(١)ی ساڵی ٢٠٠٥ هەموارکراو و برگەی دەیەم لە ماددەی (١٨)ی پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان-عیراق"[٢٢٧].**
پێویستە لێرەدا ئاماژە بەوە بکەین کە لەسەرەتای کاری یاسادانانی پەرلەمانی کوردستانەوە ئەم شێوازە بوونی نەبوە، بۆ نمونە لە یاسای هەڵبژاردنی سەرکردەی بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد هیچ ئاماژەیەکی تێدا نییە ئەگەر سەرکردە لە ماوەیەکی دیاریکراو یاسای دەرنەچواند بەحوکمی یاسا بەدەرچوو دادەنرێت. لە یاسای ژمارە(١٠)ی ساڵی ١٩٩٧ کە ناسراوە بە یاسای وەستاندنی کار بە یاسای هەڵبژاردنی سەرکردەی بزاڤی رزگاریخوازی کورد ژمارە(٢) ساڵی١٩٩٢. بە هەمانشێوە هیچ ئاماژەیەکی تێدا نییە بۆ بوونی ئەم شێوازە لە دەرچونی یاسا. لە یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان-عیراق ژمارە(١)ی ساڵی ٢٠٠٥ سەرەرای ئەوەی تایبەتکاری پەڵپگرتن دەبەخشێت بە سەرۆکی هەرێم لەپاڵ بوونی تایبەتکاری دەرچواندنی یاسا لە ماوەی دە رۆژدا، بەڵام بەهیچ شێوەیەک ئاماژەیەکی تێدانییە بۆ ئەوەی ئەگەر سەرۆکی هەرێم

---

(٢٢٧) رۆژنامەی وەقائیعی کوردستان، وەزارەتی داد،ژمارە(٢٧٠)،ساڵی ٢٠٢١، ل١-٧.

لەماوەی ئەو (١٠) ڕۆژە، یاساکەی دەرنەچواند ئەوا بەدەرچوو هەژمار دەکرێت[٢٢٨]. دواى ئەوە لە یاسای ژمارە(١)ی ساڵی ٢٠٠٩ کە تایبەتە بە هەمواری یەکەمی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان-عیراق ژمارە(١)ی ساڵی٢٠٠٥، بۆیەکەم جار ئەم شێوازەی دەرچواندنی یاسا لەهەرێمی کوردستان هاتە ئاراوەو تاوەکو ئێستاش بەردوامی هەیە، پەیرەوی ناوخۆی هەموارکراوی بەرکاری ساڵی ٢٠١٨ی پەرلەمانیش ،لە ماددەی (١٨) برگەی دەیەم ئاماژەی پێکردوە بەمشێوەیە: ئەرك و دەسەڵاتەکانی سەرۆك، دەیەم: هەژماردنی ئەو یاسا و بڕیارانەی، لە ماوەی دیاریکراودا، لە لایەن سەرۆکی هەرێمەوە بەیاسا و بریاری دەرکراو،دەرناچن..

**ج-** دەرچونی یاسا بەم شێوازە، دەبێت لە دەرەوەی ئەو ماوەبێت کە دیاریکراوە بۆ سەرۆکی هەرێم، تاوەکوو تیایدا یاسا دەربچوێنێت. واتا دەبێت (١٥) رۆژ تێپەربوبێت بەسەر رۆژی گەیشتنی یاساکە بە سەرۆکایەتی هەرێم، ئەوکات دەتوانرێت یاساکە بەحوکمی یاسا بە دەرچوو هەژماربکرێت.

---

(٢٢٨)یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان- عیراق، ژمارە(١)ی ساڵی٢٠٠٥ بەر لە هەموارکردنی، سەرۆکی هەرێم ئەم ئەرکوفرمان و دەسەڵاتانەی خوارەوەی هەیە: یەکەم: ئەو یاسایانەی ئەنجومەنی نیشتمانی هەرێم دایان دەنێت، ســـەرۆکی هەرێم لەماوەی (١٠)دە رۆژ دا لە رۆژی دانانیەوە دەریان دەچوێنێ و، مافی ئەوەشی هەیە (تانە) لە کۆی یاساکە یان لە بەشێکی بدات و، رەوانەی ئەنجومەنی بکاتەوە تا چاوی پێدابخشێنێتەوە، لەم بارەدا بڕیاری ئەنجومەن بنبڕە.

# لقی سێیەم

# پەڵپ گرتنی سەرۆکی هەرێم لە یاسا و بریارە یاسا

یەکێک لەو تایبەتکاریانە سەرۆکی هەرێم تایبەتمەندە بە پیادەکرتنی لە پرۆسەی یاساکاریدا لە هەرێمی کوردستان، بریتیە لە پەڵپگرتن و گەراندنەوەی یاسا بۆ پەرلەمانی کوردستان بە مەبەستی چاو پێداخشاندنەوەی. لەسەرەتا هەوڵدەدەین تیشک بخەینە سەر سروشت و ماهییەتی پەڵپگرتن، ناساندن و جۆرە باوەکانی پیادەکردنی، دواتر تیشک دەخەینەسەر هۆکارو پاڵنەرەکانی پیادەکردنی. لە کۆتا خاڵیشدا چۆنیەتی پیادەکردنی لە هەرێمی کوردستان دەخەینەروو.

**١- پێناسەی پەڵپگرتن:** نوسراوو پەرتوکی یاساناسان چەندین پێناسەی هەمەلایەن لەخۆ دەگرێت بۆ تایبەتکاری پەڵپگرتنی سەرۆکی وڵات، ئێمە لەم توێژینەوەیەدا گرنگیپێدانی خۆمان چرکردۆتەوە لە ناساندن و خستنەرووی وردەکارییەکانی پرۆسەی یاساکاری لەهەرێمی کوردستان، بۆیە خۆمان بەدوردەگرین لەهەندێ مشتومڕی یاسایی نیوان شارەزایانی بواری یاسا، هەربۆیە هەوڵدەدەین پێناسەیەکی گشتگیری پەڵپگرتن بخەینەروو، کە بەرای ئێمە بریتیە لە ( تایبەتکارییەک، دەستور یان یاسا بەرکارەکان بەخشیویانە بە سەرۆکی وڵات لە ماوەیەکی دیاریکراودا بۆ رەتکردنەوەی یاسایەک، کە لەلایەن پەرلەمانەوە پەسندکراوە، بەهۆیەوە یاساکە پەکی دەکەوێت بەشێوەیەکی یەکجاری یان بەشێوەیەکی کاتی تاوەکوو جارێکی دیکە پەرلەمان، چارەنوسی یەکلا دەکاتەوە).

**٢- مەرجەکانی پیادەکردنی پەڵپگرتن:** هەر تایبەتکارییەک کۆمەڵێک مەرجی هەیە بۆ پیادەکردنی، بەوردبونەوە لەچۆنیەتی

ڕێکخستنی ئەم تایبەتکارییە لە دەستورو یاسا کارپێکراوەکان دەگەینە ئەو ئەنجامەی بەگشتی سێ مەرجی سەرەکی هەن بۆ پیادەکردنی، ئەوانیش:

**أ-** پیادەکردنی لە ماوەی دیاریکراو: ئەم تایبەتکارییە لەرووی کاتەوە کراوە نییە، تاوەکو سەرۆکی وڵات هەرکات مەبەستی بێت و بەپێویستی بزانێت پیادەی بکات، بەڵکو کاتێکی بۆ دیاریکراوە، دەبێت لەو ماوەیەدا پیادەی بکات .

**ب-** ئەم تایبەتکارییە کەسییەو سەرۆکی وڵات، دەبێت خۆی پیادەی بکات و مافی ئەوەی نییە دەستبەرداری بێت یان بیسپێرێت بەکەسێکی دیکە پیادەی بکات، مەگەر دەقێکی دەستور یان یاسا کارپێکراوەکان ڕێگەیان پێدابێت.

**ج-** تایبەتکاری بەڵپگرتن لەیاسا لەلایەن سەرۆکەوە بەشێوەیەکی گشتی تەنها یەکجارەو دوای پیادەکردنی سەرۆکی وڵات، مافی ئەوەی نامێنێت بۆجاری دووەم پەڵپ لە هەمان یاسای گەڕێندراوە بۆ پەرلەمان بگرێت، ئەگەرچی لێرەو لەوێ هەندێک ئەزموونی شاز بوونی هەیە، کە ئەو مافەی بەخشیوەتە سەرۆک بۆ جاری دووەمیش پەڵپ لە یاسا گەڕێندراوەکە بگرێت. بۆ نمونە دەستووری عیراقی تەنها بۆ یەک خولی دوای پەسندکردنی دەستووری ساڵی٢٠٠٥ ئەو مافەی داوەتە دەستەی سەرۆکایەتی بە تێکرا، دوو جار پەڵپ لە یەک یاسا بگرن و بیگێڕنەوە بۆ ئەنجومەنی نوێنەران[٢٢٩].

(٢٢٩) الدستور العراقي لسنة٢٠٠٥، المادة (١٣٨)، الفقرة (خامسا):
أ- ترسل القوانين والقرارات التي يسنها مجلس النواب إلى مجلس الرئاسة لغرض الموافقة عليها بالإجماع واصدارها خلال عشرة ايام من تاريخ وصولها اليه، باستثناء ما ورد في المادتين (١١٨) و(١١٩) من هذا الدستور والمتعلقتين بتكوين الأقاليم.
ب- في حالة عدم موافقة مجلس الرئاسة، تعاد القوانين والقرارات إلى مجلس النواب لإعادة النظر في النواحي المعترض عليها والتصويت عليها بالأغلبية وترسل ثانية إلى مجلس الرئاسة للموافقة عليها.
ج- في حالة عدم موافقة مجلس الرئاسة على القوانين والقرارات ثانية خلال عشرة ايام من تاريخ وصولها اليه تعاد إلى مجلس النواب الذي له ان يقرها بأغلبية ثلاثة اخماس عدد اعضائه، غير قابلة للاعتراض و تعد مصادقا عليها ...

بەڵام ئەو حاڵەتانە زۆر دەگمەنن و زیاتر پەیوەستن بە باردوۆخێکی راگوزەری کە وڵاتێک پیایدا گوزەر دەکات. ئەگینا لەباری ئاساییدا لە زۆرینەی هەرەزۆری وڵاتان، مافی پیادەکردنی ئەو تایبەتکارییە تەنها بۆ یەکجار دەدەنە سەرۆک لە بەرامبەر هەر یاسایەکدا.

**د-** دەبێت هۆکارێکی رەواو رێگەپێدراوی دەستوری و یاسایی هەبێت تاوەکوو سەرۆکی وڵات بتوانێت پیادەی ئەم تایبەتکارییە بکات، هەربۆیە دەبێت لەکاتی پیادەکردنیدا ئاماژە بە هۆکاری پەڵپگرتنەکە بدات. هەرچەندە هیچ دەقێکی یاسایی ئاماژەی بە هۆکارەکان نەکردوە، بەڵام شارەزایانی بواری یاسا بەشێوەیەکی گشتی هۆکارەکانیان لەم خاڵانەدا کورتکردۆتەوە:

**-** دەرچوون لە سنوری تایبەتمەندی دیاریکراو: هەر کاتێک دەسەڵاتی یاسادانان لەسنوری تایبەتمەندی دیاریکراوی خۆی پیادەی دەسەڵاتەکانی کرد، ئەوا سەرۆکی وڵات بۆی هەیە پەڵپبگرێت لەو یاسایە. بۆ نمونە ئەگەر هاتوو پەرلەمانی کوردستان یاسایەک پەسندبکات بابەتی یاساکە یەکێک لەو بوارانەبێت ماددەی(١١٠)ی دەستوری عیراقی دیاریکردوون وەک دەسەڵاتی تەنهاوتەنهای ئتیحادی، ئەوە هۆکارێکی رەوایە بۆ سەرۆکی هەرێم تاوەکو تایبەتکاری پەڵپگرتن پیادە بکات.

**-** پابەند نەبوون بەرێکارەکانی یاساکاری : لە هەر وڵاتێک دەستوور یان یاسا کارپێکراوەکان کۆمەڵێک رێوشوێن و رێککاری داناوە بۆ چۆنیەتی پیادەکردنی پرۆسەی یاساکاری لەو وڵاتەدا، هەرکاتێک پەرلەمانی ئەو وڵاتە، پابەند نەبێت بە رەچاونەکردنی ئەو رێوشوێن و رێککارانە، ئەوا هۆکارێکی رەوا دەبێت تا سەرۆکی وڵات پەڵپ بگرێت لەو یاسایەی لەدەرەوەی رێکارە بریارلێدراوەکان پەرلەمان پەسندیکردوە. بۆ نمونە لە هەرێمی کوردستان پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمان بەمەرجی گرتووە هەر یاسایەک بارگرانی دارایی لەسەر حکومەت دروست بکات دەبێت بنێردرێت بۆ حکومەت بەمەبەستی

راوەرگرتنیان، ئەگەر هاتوو پێشنیازە یاسایەک لەلایەن ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەشکراو بارگرانی دارایی دروستکرد بۆ حکومەتی هەرێم و پەرلەمانی کوردستانیش بێ ئەوەی بینێرێت بۆ حکومەت و رای حکومەتی لەسەر وەرگرتبێ، پەسندی بکات، ئەوا هۆکارێکی رەوایە بۆ سەرۆکی هەرێم پەڵپبگرێت لەو یاسایە.

- پابەند نەبوون بە دەستوور و بنەما دەستورییەکان: دەستورو بنەما دەستورریەکان سەروەرییەتیان هەیە بەسەر یاسا ئاساییەکاندا لە زۆرینەی وڵاتاندا، ئەگەر پەرلەمان یاسایەکی پەسندکرد کە ماددەیەکی دەستوری یان بنەمایەکی دەستوری پێشێلکرد ئەوا بەهۆکارێکی رەوا هەژمار دەکرێت تاوەکو سەرۆکی وڵات پەڵپ لەو یاسایە بگرێت. لە عیراق وهەرێمی کوردستان، دەستوریساڵی٢٠٠٥ی عیراق، باڵاییان هەیە بەسەر یاسا ئاساییەکان کە لە ئەنجومەنی نوێنەران و پەرلەمانی کوردستان دەردەچن، ئەگەر هاتو پەرلەمانی کوردستان یاسایەکی پەسندکرد پێچەوانەی ماددەیەکی ئەو دەستورە یان بنەمایەکی دەستوری، بۆ نمونە ئەگەریاسایەک دەربکات رێگە بە جیاوازی بدات لە نێوان مرۆڤەکان لەسەر بنەمای ئاین یان نەتەوە یان رەگەز، ئەوا هۆکارێکی رەوا دەبێت بۆ سەرۆکی هەرێم پەڵپ لەو یاسایە بگرێت.

- بەلارێدابردنی یاسادانان: هەوڵدان بۆ کورتکردنەوەی بەلارێدابردنی تایبەتکاری یاسادانان لەلایەن دەسەڵاتی یاسادانان، لەو مەبەستەی کە بۆی دیاریکراوە لە دەستورو یاسا کارپێکراوەکان کارێکی ئاسان نییە، چونکە بابەتێکی فراوانەو پێویستی بە توێژینەوەی وردو قوڵ هەیە، بەڵام بۆ گەیاندنی ماناو مەبەستمان نمونەی پابەندبوونی دەسەڵاتی یاسادانان بە بەرژەوەندی باڵای گەل دەهێنینەوە، لە هەموو وڵاتێکدا دەسەڵاتی یاسادانان بۆ پیادەکردنی تایبەتکاری یاسادانان، دەسەڵاتێکی تەقدیری هەیە بۆ چۆنییەتی پیادەکردنی کەهەمیشە مەزەندە دەکرێت لەپێناو بەدیهێنانی بەرژەوەندی گشتی بەکاریبهێنێت، ئەگەر هاتوو

گریمانەی ئەوەکرا لەدەرەوەی بەرژەوەندی گشتی ئەو تایبەتکارییەی پیادەکرد، ئەوکاتە هۆکارێکی رەوا دەبێت بۆ سەرۆکی وڵات، پەڵپی لێ بگرێت. بۆ نمونە سەرۆک کۆماری لوبنان (سلیمان فرنجیە) یاسایەک دەربارەی بەزرکردنەوەی لانی کەمی موچەو پلەی فەرمانبەران بۆ ئەنجومەنی نوێنەرانی لوبنان دەگەرێنێتەوە، بە پاساوی رەچاونەکردنی بەرژەوەندی گشتی[٢٣٠].

**٣- جۆرو شێوازەکانی پەڵپگرتنی سەرۆک لە یاسا:**
بەشێوەیەکی گشتی دووجۆر پەڵپگرتنمان هەیە لە یاسا، ئەوانیش :

**أ-** پەڵپگرتنی کۆتایی پێهێنەر: ئەمجۆرە پەڵپگرتنە سەرەتاکانی سەرهەڵدانی دەگەرێتەوە بۆ قۆناغی وەرچەرخانی شاهەنشایەتی رەها بۆ شاهەنشایەتی کۆتوبەندکراو لە بەریتانیا، لەو سەروبەندەدا، ئیرادەی شا هاوتای ئیرادەی پەرلەمان بوە، ئەگەر پەڵپی لە یاسایەک بگرتایە ئیدی ئەو یاسایە کۆتایی پێدەهات. ئەمجۆرەیان لە سەردەمی ئێستادا پیادەکردنی لە ئاستی جیهاندا زۆرسنوردار بووە، چونکە یاساناسان پێیان وایە پێچەوانەی بنەماکانی دیموکراسیەت و سیستەمی پەرلەمانی و لێکجیایی دەسەڵاتەکانە[٢٣١]. نمونەی زیندووی پیادەکردنی ئەم شێوازە، ئەوەیە کە لە میرنشینە یەکگرتوەکانی ئیمارات پیادە دەکرێت کاتێک

---

(٢٣٠) الطيار،د روافد محمد علي،سعد محمد حسن الكندي ،الاثر القانوني لامتناع رئيس الدولة عن تصديق مشروعات القوانين في الانظمة البرلمانية-دراسة مقارنة- بحث منشور في مجلة اهل البيت، مجلة فصلية محكمة تصدر عن جامعة اهل البيت ،العدد٣٢،سنة ٢٠٢٣، ص٢٥٧.

(٢٣١) دستور الامارات المتحدة لسنة ١٩٧١ المعدل، المادة(١١٠)،الفقرة(٣/أ): اذا أدخل المجلس الوطني الاتحادي تعديلا على مشروع القانون ولم يكن هذا التعديل مقبولا لدى رئيس الاتحاد أو المجلس الأعلى ، أو اذا رفض المجلس الوطني الاتحادي المشروع ، فإن لرئيس الاتحاد أو المجلس الأعلى أن يعيده الى المجلس الوطني الاتحادي . فإذا أجرى المجلس الوطني الاتحادي في ذلك أي تعديل لم يكن مقبولا لدى رئيس الاتحاد أو المجلس الأعلى أو رأى المجلس الوطني الاتحادي رفض المشروع ، كان لرئيس الاتحاد أن يصدر القانون بعد مصادقة المجلس الأعلى عليه .

یاسایەک لە ئەنجومەنی وەزیرانەوە دەنێردرێ بۆ ئەنجومەنی نیشتیمانی، ئەگەر ئەنجومەنی نیشتیمانی پرۆژە یاساکەی هەمواركردوو سەرۆک یان ئەنجومەنی باڵا بەلایانەوە پەسند نەبێت، دەیگێرنەوە بۆ ئەنجومەنی نیشتیمانی بە مەبەستی چارەسەرکردنی، خۆئەگەر دوبارە ئەنجومەنی نیشتیمانی سوربوو لەسەر هەموارەکەی یان پرۆژە یاساکەی بەتەواوی رەتکردەوە، ئەوا سەرۆک دوای رەزامەندی ئەنجومەنی باڵا، دەتوانێت خۆی یاساکە وەک ئەوەی کە دەیهەوێت دەربچوێنێت، بەدەر لە ئیرادەی ئەنجومەنی نیشتیمانی[٢٣٢].

**ب-** پەڵپگرتنی وەستێنەری کاتی: ئەمجۆرەیان باوترینەو لە ئێستادا لە زۆرێک لە وڵاتاندا پیادە دەکرێت، پەرلەمان لەم جۆرەیاندا دەتوانێت ئاستەنگی پەڵپگرتنی سەرۆک تێپەڕێنێت، کاتێک دوبارە یاساکە پەسند دەکاتەوە. بەڵام ئەویش لەلای خۆیەو تەنها شێوازێکی نیە بۆ پیادەکردن بەڵکو سێ جۆرو شیوازی پیادەکردنی سەرەکی هەن، ئەوانیش:

- پەڵپگرتنی سادە: ئەمجۆرە پەڵپگرتنە لە زۆر وڵات پیادە دەکرێت، بەجۆرێک سەرۆکی وڵات دوای پەڵپگرتنی، یاسا دەگێرێنێتەوە بۆ پەرلەمان ، پەرلەمانیش لەلای خۆیەوە بە هەمان زۆرینەی دەنگی جاری یەکەم، دەتوانێت دوبارە یاساکە پەسند بکاتەوە، ئەمجارەشیان سەرۆک بۆی نییە پەڵپ لە یاساکە بگرێت. هەربۆیە هەندێک لە شارەزایانی یاسا لە نێویاندا(کاری دی مالبیر)، پێیان وایە ئەم جۆرە پەڵپگرتنە روکەشانەیەو زیاتر لە مۆڵەتێک دەچێت، سەرۆکی وڵات لە دەسەڵاتی یاسادانانی دەخوازێت تا چاوێک بە یاسا پەڵپلێگیراوەکەدا بخشێننەوە، ئەگینا پەرلەمان زۆر بە ئاسانی

---

(٢٣٢) الطيار،د روافد محمد علي،سعد محمد حسن الكندي ،الاثر القانوني لامتناع رئيس الدولة عن تصديق مشروعات القوانين في الانظمة البرلمانية-دراسة مقارنة- بحث منشور في مجلة اهل البيت، مجلة فصلية محكمة تصدر عن جامعة اهل البيت ،العدد٣٢،سنة ٢٠٢٣، ص٢٥٧.

دەتوانێت ئەو پەڵپگرتنە تێپەڕێنێت[٢٣٣]. وەک ئەوەی لە هەرێمی کوردستان هەیە، کە سەرۆکی هەرێم کاتێک پەڵپ لە یاسایەک دەگرێت و دەیگێرێتەوە بۆ پەرلەمان، لەلای خۆیەوە پەرلەمان هەر بە هەمان زۆرینەی سادە کە پێشتر یاساکەی پێ پەسندکردبوو، دەتوانێت پەڵپگرتنەکەی سەرۆکی هەرێم ڕەتبکاتەوەو سوربێت لەسەر رای پێشووی، هەروەک لە یاسای ژمارە(١)ی ساڵی٢٠٠٩، یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان- عیراق هەمواركراودا هاتووە .

- پەڵپگرتنی ڕێژە بۆدیاریکراو: ئەم شێوازی پەڵپگرتنەی سەرۆکی وڵات، هەروەکوو شێوازی سادە تەنها لە توانایدایە یاساکە بەشێوەیەکی کاتی بوەستێنێت، ئەگینا دەسەڵاتی یاسادانان دەتوانێت بەربەستی پەڵپگرتنەکە تێپەڕێنێت، بەڵام بە زۆرینەیەکی زیاتر لەوەی پێشتر یاساکەی پێ پەسندکردوە، وەک ئەوەی لە دەستوری ساڵی ٢٠١٤ میسری دا هاتووە، کاتێک سەرۆکی وڵات پەڵپیگرت لە یاساکە و گەڕاندیەوە بۆ ئەنجومەنی نوێنەران، ئەوا بۆ زاڵبون و تێپەڕاندنی خواستی سەرۆکی وڵات، دەبێت ئەمجارەیان ئەنجومەنی ناوبراو بە ڕێژەی دوو لەسەر سێی ئەندامەکانی، پەڵپگرتنەکە ڕەتبکاتەوەو یاساکە تێپەڕێنێت[٢٣٤].

- پەڵپگرتنی گوێزەرەوە: ئەو شێوازە، کاتێک سەرۆکی وڵات پەڵپ لە یاسایەک دەگرێت و دەسەڵاتی یاسادان بەدەنگدان پەڵپگرتنەکە ڕەتدەکەنەوەو جارێکی تر یاساکە پەسند دەکەن، ئەوکات بۆ سەرۆکی وڵات هەیە یەکلاکردنەوەی چارەنوسی یاساکە

(٢٣٣) الطيار،د روافد محمد علي،سعد محمد حسن الكندي ،المصدر نفسه، ص٢٥٢.

(٢٣٤) الدستور المصري لسنة ٢٠١٤،المادة ١٢٣: لرئيس الجمهورية حق إصدار القوانين أو الاعتراض عليها. وإذا اعترض رئيس الجمهورية على مشروع قانون أقره مجلس النواب، رده إليه خلال ثلاثين يومًا من إبلاغ المجلس إياه، فإذا لم يرد مشروع القانون فى هذا الميعاد اعتبر قانونًا وأصدر وإذا رد فى الميعاد المتقدم إلى المجلس، وأقره ثانية بأغلبية ثلثى أعضائه، اعتبر قانونًا وأصدر.

بگوێزێتەوە بۆ گەل و یاساکە بخاتە گشتپرسیەوە، وەک ئەوەی لە وڵاتی ئەڵمانیاو بەتایبەت لە دەستوری فایماری ساڵی ١٩١٩ دا هاتوە، کاتێک هەردوو ئەنجومەنی بوندسترات و بوندستداغ، بە زۆرینەی دوو لەسەرسێ یاسایەک دەربچوێنن، ئەوا سەرۆک دەتوانێ لەماوەی سێ مانگ یاساکە بخاتە گشتپرسیەوەو چارەنوسی لەلایەن گەلەوە یەکلایی دەکرێتەوە[٢٣٥].

**٤- پیادەکردنی پەڵپگرتن لە هەرێمی کوردستان:** مێژوی تایبەتکاری پەڵپگرتنی سەرۆک لە یاساو بریارە یاسا لە هەرێمی کوردستان، دەگەرێتەوە بۆ ساڵی ٢٠٠٥ و بەتایبەت بۆ ساتەوەختی دەرچونی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ژمارە(١) ی ساڵی ٢٠٠٥، لەو ساتە بەدواوە ئەم تایبەتکاریەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بونی هەیە، لەگەڵ هەموارکردنەوەی یاساکەش هەندێ گۆرانکاری یاسایی رویانداوە لەچۆنیەتی رێکخستن و پیادە کردنی. هەوڵدەدەین لەمیانەی چەند خاڵیکدا چۆنیەتی رێکخستن و پیادەکردنی ئەم تایبەتکارییە لە هەرێمدا رونبکەینەوە:

**أ- ئەم تایبەتکاریە، یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، سروشتی کەسی و پێگەیی پێداوە**، پیادەکردنی تایبەتە بە پۆست و پێگەی سەرۆکی هەرێم و ناکرێت لەلای خۆیەوە سەرۆکی هەرێم دەستبەرداریبێت، یان بیسپێرێت بەکەسێکی دیکە پیادەی بکات، مەگەر بە هێزی یاسا نەبێت. هەربۆیە لە رابردودا پیادەکردنی لەو جۆرەمان هەیە، کاتێک پێگەی سەرۆکی هەرێم چۆڵ بووە لە قۆناغێکی مێژویی هەرێمی کوردستان، نەتوانراوە بەر لە چۆڵبونەکەی پێگەی سەرۆکی هەرێم، دەستبەرداری ئەو

---

(٢٣٥) ناصر، احمد حمزة، حق رئيس الجمهورية في الاعتراض على القوانين وفق دستور العراق لعام ٢٠٠٥، بحث منشور في مجلة واسط للعلوم الانسانية، المجلد(١١)، العدد(٣٢)، سنة ٢٠١٦ ،ص ٣٥٢.

تایبەتکارییەبێت یان پیادەکردنی بسپێرێتە کەسێکی دیکە، بەڵکو بە یاسا ئەو کارە کراوە، وەک ئەوەی لە ساڵی ٢٠١٧، کاتێک پەرلەمانی کوردستان بە یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٧ خولی چوارەمی هەڵبژاردنی خۆی درێژکردەوەو، سەرۆکی هەرێم رەتیکردەوە بەردەوام بێ لە کارەکانی[٢٣٦]، ئەم تایبەتکارییەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بە یاسای دابەشکردنی دەسەڵاتەکانی سەرۆکایەتی هەرێم بەسەر دامەزراوە دەستوریەکانی هەرێم ژمارە(٢)ی ساڵی ٢٠١٧، درایە دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان پیادەی بکەن، تاوەکوو سەرۆکی هەرێم هەڵدەبژێردرێت[٢٣٧]. لەو

(٢٣٦) یاسای درێژکردنەوەی خوڵی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان ژمارە(١)ی ساڵی ٢٠١٧، ماددەی یەکەم: خولی هەڵبژاردنی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق، دوو خولی گرێدانی تر (دورتي الانعقاد) لە کاردا دەبێت لە بەرواری (٢٠١٧/١١/٦)ەوە..، هۆیەکانی دەرچواندن: بەپێی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان-عێراق ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموار کراو، و پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان-عێراق ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموار کراو، رۆژی (٢٠١٧/١١/٦) کۆتایی هاتنی ماوەی یاسایی خولی هەڵبژاردنی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان ـ عێراقە، ئەو ماوەیەش لە تەواو بوون دایە بێ ئەوەی بارودۆخێکی گونجاو بۆ گەلی کوردستان بڕەخسێ تا مافی خۆی لە ئەنجامدانی هەڵبژاردن بۆ خولی پێنجەم پیادە بکات، هەمووان بە هیوا بووین ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم کە ریفراندۆمی سەربەخۆییان تێدا ئەنجامدراوە، هەڵبژاردنی گشتی تێدا ئەنجام بدرێت، بەڵام بە داخەوە لە ئێستادا ناتوانرێت ئەمە بکرێت، بۆیە بەرقەرار بوونی ئارامی لەو ناوچانەو بەشداری پێکردنیان لە هەڵبژاردن و گشت مەسەلە چارەنووسسازەکان ئامانجێکی نەتەوەیی و نیشتمانییە، وە بە مەبەستی پاراستنی یەکریزی نیشتمانی و نزیکی لایەنە سیاسیەکان و نەترازانی ریزەکانی گەلی کوردستان و، هەروەها نوێ کردنەوەو بژار کردنی تۆماری دەنگدەران لەلایەن کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆیی هەڵبژاردن و راپرسی و ئەنجامدانی ئامادەکاری لۆجیستی بە کوالیتیەکی بەرز، بەتایبەت دوای راگەیێندراوی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆیی هەڵبژاردن و راپرسی بەراگرتنی رێو شوێنەکانی پرۆسەی هەڵبژاردن و لەبەر نەبوونی کاندید بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێم کە بەپێی ماددەی (٤) لە یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ـ عێراق ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ هەموار کراو، دەبێت دەنگدان بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم لە کات و ساتی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ئەنجام بدرێت...... ئەم یاسایە دەرکرا.

(٢٣٧) یاسای دابەشکردنی دەسەڵاتەکانی سەرۆکایەتی هەرێم بەسەر دامەزراوە دەستوریەکانی هەرێم ژمارە(٢)ی ساڵی ٢٠١٧، ماددەی یەکەم برگەی سێیەم: پیادەکردنی ئەرك و دەسەڵاتەکانی هاتوو لە بڕگەکانی (یەکەم/ ٢، چواردەم) لە ماددەی دەیەم لە یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ـ عێراق ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ هەموارکراو لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان دەبێت..، هۆیەکانی دەرچواندن: بەهۆی درێژکردنەوەی ماوەی یاسایی خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان و، رەتکردنەوەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ بەردەوام بوونی لە پۆستەکەیدا و، بەپێی ئەوەی لە ماددەی چوارەم لە یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ـ عێراق ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ هەموارکراودا هاتووە کە دەنگدان بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم لە کات و ساتی هەڵبژاردنی

ماوەیەدا کە دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان جارێک پیادەی ئەم تایبەتکارییەی کردوە، کاتێک بە بڕیاری ژمارە(١) لە بەرواری٢٠١٨/٣/٤، چەند ماددەو برگەیەکی لە یاسای چاکسازی لە خانەنشینی و موچەو دەرماڵەو بەخشین و ئیمتیازەکانیتر لەهەرێمی کوردستان ژمارە(٤)ی ساڵی ٢٠١٨ کە لەلایەن پەرلەمانی کوردستان پەسند کرابوو، ڕەتکردەوەو گەراندیەوە بۆ پەرلەمانی هەرێمی کوردستان، بەمشێوەیە" **پشت بەحوکمی برگەی(سێیەم)ی ماددەی(یەکەم) لە یاسای ژمارە(٢)ی ساڵی ٢٠١٧ (یاسای دابەشکردنی دەسەڵاتەکانی سەرۆکایەتی هەرێم بەسەر دامەزراوە دەستوریەکانی هەرێم )و ئەو دەسەڵاتەی بە دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان دراوە،و بەمەبەستی پێداچونەوەی زیاتری یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠١٨یاسای(چاکسازی لە خانەنشینی و موچەو دەرماڵەو بەخشین و ئیمتیازەکانیتر لەهەرێمی کوردستان) ئەم بڕیارەی خوارەوەماندا: یەکەم: گێرانەوەی برگەکانی (دووەم، سێیەم،چوارەم، پێنجەم،شەشەم،حەوتەم)لە ماددەی(٣) و برگەی(دووەم) لە ماددەی (٨) و خاڵی(٢) لە برگەی(یەکەم) لە ماددەی (١١) یاسای ژمارە (٤) ساڵی ٢٠١٨یاسای(چاکسازی لە خانەنشینی و موچەو دەرماڵەو بەخشین و ئیمتیازەکانیتر لەهەرێمی کوردستان).. بێگەرد دلشاد شکراللە، سکرتێرێ پەرلەمانی کوردستان-عیراق، جعفر ابراهیم ئێمینکی، جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان-عیراق، یوسف محمد صادق، سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان-عیراق"[٢٣٨].**

---

پەرلەمانی کوردستان ئەنجام دەدرێت و لەبەر نەبوونی کاندید بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێم و بەمەبەستی دروست نەبوونی بۆشایی یاسایی لە دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێم، ئەم یاسایە دەرکرا.

(٢٣٨) ڕۆژنامەی وەقائیعی کوردستان، وەزارەتی داد ،ساڵی حەڤدەهەم ٢٠١٧ ،ژمارە(٢٢٢)، ل٨.

**ب- ماوەی دیاریکراو بۆ پیادەکردنی:** سەبارەت بە ماوەی دیاریکراو بۆ پیادەکردنی ئەم تایبەتکارییە لە گشت قۆناغەکانی بوونیدا وەک یەک نەبووە، لەسەرەتاداو لە یاسای ژمارە(١)ی ساڵی ٢٠٠٥، ماوەی دیاریکراو بۆ پیادەکردنی ئەم تایباتکارییە تەنها(١٠) رۆژبووە لە بەرواری پەسندکردنی یاساکەوە لە پەرلەمانی کوردستان[٢٣٩]. کە لەراستیدا جێگەی پرسیارە چونکە ئەو ماوەیە زۆر کەمە بۆ ئەو رێوشوێنانەی دوای پەسندکردن، پەرلەمان دەیگرێتە بەر بۆ پاک و پوختە کردنی یاسا پەسندکراوەکە لە رووی زمانەوانی و هەروەها وەرگێرانی بۆسەر زمانی عەرەبی، بەر لەوەی بۆ سەرۆکایەتی هەرێم بنێردرێت، (١٠) رۆژ ماوەیەکی زۆر کورتەو بوار نادات ئەم وردەکاریانە بۆ یاساکە بەشێوەیەکی تەندروست ئەنجام بدرێت، تاوەکو ئامادەبێت بۆ سەرۆکی هەرێم تا لەلای خۆیەوە دیراسەتی یاساکە بکات، بە مەبەستی دەرچواندن یان پەڵپلێگرتنی. هەربۆیە لە سۆنگەی ئەم راستیانەوە لە هەمواری دووەمی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، بە یاسای ژمارە(١)ی ساڵی٢٠٠٩ ئەم ماوەیە هەم درێژکرا بۆ(١٥) رۆژ، هەمیش پازدە رۆژەکە لە دوای گەیشتنی بە سەرۆکایەتی هەرێم دەستپێدەکات نەک لە بەرواری پەسندکردنی یاساکە لە پەرلەمان[٢٤٠].

---

(٢٣٩)یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان- عیراق، ژمارە(١)ی ساڵی٢٠٠٥ ، برگەی (دوەوەم) ، ماددەی دەیەم: سەرۆکی هەرێم ئەم ئەرکوفرمان و دەسەڵاتانەی خوارەوەی هەیە: یەکەم: ئەو یاسایانەی ئەنجومەنی نیشتمانی هەرێم دایان دەنێت، سەرۆکی هەرێم لەماوەی (١٠)دە رۆژ دا لە رۆژی دانانیەوە دەریان دەچوێنێ و، مافی ئەوەشی هەیە (تانە) لە کۆی یاساکە یان لە بەشێکی بدات و، رەوانەی ئەنجومەنی بکاتەوە تا چاوی پێدابخشێنێتەوە، لەم بارەدا بڕیاری ئەنجومەن بنبڕە.

(٢٤٠) یاسای هەمواری دووەمی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان- عیراق ، ژمارە(١)ی ساڵی٢٠٠٩ ، خاڵی(٢) لە برگەی (یەکەم) ، ماددەی یەکەم: دەرچواندنی ئەو یاساو بڕیارانەی کە ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان ـ عیراق دایان دەنێت، لە ماوەی پانزە ڕۆژدا لە بەرواری گەیشتنی بۆ سەرۆکایەتی هەرێم، سەرۆکی هەرێم بۆی هەیە لەو ماوەیەدا نارەزایی لەسەر هەموو یان هەندێك لەو یاساو بڕیارانەی دەرببڕێت. و گەڕاندنەوەی بۆ ئەنجومەنی نیشتمانی بۆ چاو پێخشاندنەوەیان و بڕیاری ئەنجومەنی نیشتمانی لەسەریان بنبڕ دەبێت. و ئەو یاساو بڕیارانەش بە دەرچوو دادەنرێت لەو حاڵەتەی

**ج- پەڵپگرتنی سەرۆکی هەرێم بە بریارێکی فەرمی دەبێت،** بەجۆرێک لە بریارەکەدا وێرای ئاماژەدان بەو برگەو ماددانەی کە سەرۆکی هەرێم رەتیان دەکاتەوە، ئەگەر رەتکرددنەوەکە تەنها بۆ بەشێکی بوو نەک کۆی یاساکە، لە هەمانکات ئاماژە بۆهۆکارو پاڵنەرەکانی پەڵپگرتن و رەتکردنەوەکە دەکات. بۆ نمونە سەرۆکی هەرێم لە ساڵی ٢٠٢٢ بە بریارێک یاسای (گرتنی کاڵای قاچاغ و قەدەغەکراو لەمامەڵە پێکردن لە هەرێمی کوردستان-عیراق) بەشێوەیەکی (جزئی) دەگێرێتەوە بۆ پەرلەمان بە پاساوی ناکۆکبونی چەند برگەیەکی یاساکە لەگەڵ دەستووری عیراق، بەمشێوەیەی خوارەوە" **بریار، ژمارە(١٥)ی ساڵی ٢٠٢٢، بەپێی ئەو دەسەڵاتەی کە پێمان دراوە لە برگەی (یەکەم)ی ماددەی(دەیەم) لە یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ژمارە(١)ی ساڵی ٢٠٠٥ی هەموارکراو، بریارماندا بە گەراندنەوەی یاسای ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠٢٢، یاسای گرتنی کاڵای قاچاغ و قەدەغەکراو لەمامەڵەپێکردن لە هەرێمی کوردستان-عیراق، بەشێوەیەکی (جزئی)، بۆ چاوپێخشاندنەوە بە: یەکەم: خاڵی(٧) لە برگەی دووەمی ماددەی(٣) یاساکەو هەڵگرتنی ئەم رستەیە(لە راگرتن ئازاد ناکرێن تاوەکو حوکمێکی بنبڕ لە داواکەیاندا دەرنەچێت) بەهۆی ناکۆکی لەگەڵ دەقەکانی دەستوور. دووەم: هەڵگرتنی برگەی(سێیەم) لە ماددەی(٣) بەهۆی ناکۆکی لەگەڵ دەقەکانی دەستور. نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان".** هەر لەو میانەیەدا پەڵپگرتنی سەرۆکی هەرێم، بەدی دەکرێت کە لەسەر داوای دەسەڵاتی دادوەری بوە بە پاساوی پێشێلکردنی بنەمای لێکجیایی دەسەڵاتەکان، بەمشێوەیە" **بریار ژمارە(١)ی ساڵی ٢٠٢٣، بەپێی ئەو**

---

کە سەرۆکی هەرێم لەماوەی ناوبراو دەری نەچوواند و ناڕەزایشی لەسەریان نەبووە ئەنجومەنی نیشتمانی رادەسپێری و لە ڕۆژنامەی فەرمی بڵاو دەکرێتەوە.

**دەسەڵاتەی پێماندراوە لە برگەی(یەکەم)ی ماددەی(دەیەم) لە یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ژمارە(١)ی ساڵی٢٠٠٥ی هەموارکراو، لەسەر داوای ئەنجومەنی دادوەری  بە نوسراویان ژمارە(١٠) لە ٢٠٢٣/١/١٣، بریارماندا بە گەڕاندنەوەی یاسای ژمارە(١٧)ی ساڵی ٢٠٢٢ یاسای هەمواری یەکەمی یاسای ئەنجومەنی شورای هەرێمی کوردستان –عیراق، ژمارە (١٤)ی ساڵی ٢٠٠٨ بەشێوەی جزئی بۆ چاوپێخشاندنەوە بە ماددەی(١٣) برگەی(پێنجەم)ی یاساکە بەشێوەیەک کە بگونجێت لەگەڵ یاسای دەسەڵاتی دادوەری لە هەرێمی کوردستان. نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان".**

**د- لێکەوتەکانی پەڵپگرتنی سەرۆکی هەرێمی کوردستان:**
پەڵپگرتنی سەرۆکی هەرێم لە هەر یاساو بریارە یاسایەک سێ لێکەوتەی گرنگی دەبێت:

- یەکەمیان، دەرچواندنی یاساکە بەشێوەیەکی کاتی دەوەستێنرێت، تاوەکوو لەلایەن پەرلەمانەوە چارەنوسی پەڵپگرتنەکە یەکلادەکرێتەوە، بە قەبوڵکردنی پەڵپگرتنەکە یان ڕەتکردنەوەی. هەرچەندە بەهۆی ئەوەی پەرلەمان لەکاتی گونجاودا چاوینەخشاندۆتەوە بە پەڵپگرتنی سەرۆکی هەرێم، لە هەرێمی کوردستاندا یاسا هەیە دوای گەڕاندنەوەی بۆ پەرلەمان، تاوەکو ئێستاش دەرنەچوێندراوەو چارەنوسی پەراوێزخستن و پشگوێخستن بووە، بۆ نمونە یاسای هەمواری یەکەمی یاسای ڕێکخستنی خۆپیشاندان ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠١٤، لە دانیشتنی ژمارە (١٥) لە ٢٠١٤/٧/٩ لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە دانرا، سەرۆکی هەرێم بەهۆکاری پاراستنی ئاسایش، بە بڕیاری ژمارە (٦) ی ساڵی ٢٠١٤ و بەنوسراوی ژمارە (د-٤٩٧ لە ٢٠١٤/٨/٢٤)، یاسەکەی گەڕاندەوە بۆ پەرلەمان. تا نوسینی ئەم توێژینەوەیەش

واتا دوای تێپەربونی زیاتر لە (١٠) ساڵ، پەرلەمانی کوردستان پێداچونەوەی بەیاساکەدا نەکردووە.

- دووەمیان، گەڕاندنەوەی یاسا و بریارە یاساکە بۆ پەرلەمان بەمەبەستی چاوپێداخشاندنەوەی.

- سێهەمیان، بریاری پەرلەمان لەبارەی یەکلاکردنەوەی چارەنوسی پەڵپگرتنەکە بنبرەو، سەرۆکی هەرێم دەبێت یاساکە دەربچوێنێت، بە واتایەکی دیکە نابێت سەرۆکی هەرێم، یاسا گەرێنراوەکە دوای پەسندکردنەوەی لەلایەن پەرلەمانەوە واژوو نەکات، هەروەها ناتوانێت بۆجاری دووەم پەڵپی لێبگرێت.

**٥- چاوپێداخشاندنەوە بەیاسای پەڵپلێگیراو لەلایەن پەرلەمانی کوردستان:** پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان چۆنیەتی مامەڵەکردنی پەرلەمانی لەگەڵ پەڵپگرتنی سەرۆکی هەرێم و گەڕاندنەوەی یاساکە بۆ پەرلەمان رێکخستوە ئەویش لەمیانەی چەند رێکارێکدا بەمشێوەیە[٢٤١] :

- دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بریاری پەڵپگرتنی سەرۆکی هەرێم لە یاسا یان بریارە یاساکە ئاراستەی لیژنەی تایبەتمەند دەکات، لیژنەش دەبێت لە ماوەی (١٥) رۆژ، راپۆرتێک ئامادە بکات سەبارەت بە بریاری پەڵپگرتنەکە. بۆنمونە لیژنەی یاسایی لە دانیشتنی ژمارە(٨)ی پەرلەمانی کوردستان کە لەبەرواری ٢٠١٩/١٢/٤ ئەنجامدراوە، راپۆرتی خۆی سەبارەت بە پەڵپگرتنی

---

(٢٤١) پەیرەوی ناوخۆی هەمواركراوی پەرلەمانی كوردستان ساڵی ٢٠١٨ لە ماددەی (٩٥) برگەی(یەكەم)دا هاتووە: ئەگەر سەرۆكایەتی هەرێم، لە ماوەی ئەو (١٥) پازدە رۆژەدا، بە پێی یاسای سەرۆكایەتی هەرێم ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ی هەمواركراو، یاسا یان بڕیارەكەی بەشێوەیەكی گشتی (كلي) یان بەشێك (جزئي) رەتكردەوە، لەو كاتە، دەبێ لیژنەی تایبەتمەند لە ماوەی (١٥) پازدە رۆژدا، راپۆرتی خۆی بنوسێت، پاشان لە یەكەمین دانیشتنی دوای تەواوكردنی راپۆرتەكە، دێتە ناو پەرلەمان و بریاری پەرلەمان لەوبارەوە، یەكلاكەرەوە دەبێت، یان بە رای سەرۆكی هەرێم وەردەگرێت و راپۆرتی لیژنەی تایبەتمەند تاوتویێ دەكریت یان بەدەنگی زۆرینەی ئەندامان پێداگیری لەسەر رای خۆی دەكات و ئەم جارەش رای پەرلەمان رەتناكرێتەوە.

سەرۆکی هەرێم و گەڕاندنەوەی یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی٢٠١٩، یاسای بەخاوەنکردنی ئەو زەویانەی لەسنوری شارەوانییەکان زێدەڕۆیی لەسەرکراوە ، بەمشێوەیە دەخاتەڕوو **" بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان/ بابەت ڕاپۆرتی لیژنە، لیژنەی کاروباری یاسایی ڕۆژی دووشەممەرێکەوتی٢٠١٩/١٢/٢ کاتژمێر(١٢)ی نیوەڕۆ کۆبونەوەی خۆی ئەنجامدا بۆ تاوتوێکردنی نوسراوی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ژمارە(دە٧٤٥)لە(٢٠١٩/١١/٢٨) کە ئاراستەی پەرلەمانی کوردستان کراوە، تایبەت بە ڕاوو تێبینییەکانی سەرۆکایەتی هەرێم لەسەر یاسای ژمارە (٣)ی ساڵ٢٠١٩ یاسای بەخاوەنکردنی ئەو زەویانەی لەسنوری شارەوانییەکان زێدەڕۆیی لەسەکراوە، دوای گەڕانەوەی لەلایەن سەرۆکایەتی هەرێمەوە، دوای گفتوگۆکردن و تاوتوێکردن، لیژنە گەیشتە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە: ١- بەپێی ماددەی(٩٥) برگەی (یەکەم) لە پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمان، یاساکە وەک خۆی دەخرێتە دەنگدان ئەگەر دەنگی پێویستی بەدەست هێنایەوە ئەوا یاساکە بەدەرچوو دادەنرێت و ڕای پەرلەمان ڕەتناکرێتەوە. ٢- ئەگەر پەرلەمان پێداگری لەسەر ڕای خۆی نەکات و یاساکە وەک خۆی دەنگی پێویستی بەدەست نەهێنا ئەوا داواکارییەکەی سەرۆکی هەرێم بۆ پێداچونەوە بەوشێوەیە خوارەوە تاوتوێ دەکرێت و برگە بە برگە دەخرێتە دەنگدان"**[٢٤٢].

- بەر لەوەی گفتوگۆ لەسەر پەڵپگرتنی سەرۆکی هەرێم و تێبینی و ڕایەکانی بکرێت، یاساکە وەک خۆی دەخرێتە دەنگدانەوە، ئەگەر یاساکە دەنگی پێویستی هێنا ئەوە بەدەرچوو هەژمار دەکرێت و ڕای پەرلەمان لەوبارەیەوە بنبڕەو یارای پەڵپپێگرتنەوە نییە جارێکی دیکە

---

(٢٤٢) بروانە بڵاوکراوەی پرۆتۆکۆلەکانی ساڵی ٢٠١٩ی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (١١١)، چاپی یەکەم، ساڵی ٢٠٢١،ل ٤٠١-٤٠٢.

لەلایەن سەرۆکی هەرێم، خۆ ئەگەر یاساکە وەک خۆی دەنگی پێویستی نەهێنا، ئەوە هەنگاوی دواتر دەستپێدەکات، کە گفتوگۆکردنی راوو سەرنجەکانی سەرۆکی هەرێمە. بۆ نمونە سەرۆکی پەرلەمان هەر لەو دانیشتنەی لە خاڵی پێشوو ئامەژەمان پێدا، دوای خستنەرووی راپۆرتی لیژنەی یاسایی، یاساکە دەخاتە دەنگدانەوە بەمشێوەیە**"بەرێز د. رێواز فائق حسن، سەرۆکی پەرلەمان، ئێمە یەکەمجار با یەکەم دانە بخەینە دەنگدان، بەرێزان ئەندامانی پەرلەمان بەگوێرەی ماددەی(٩٥) لە پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان کاتێک کە سەرۆکی هەرێم یاسایەک بەشێوەی(كلي) یان(جزئي) رەتبکاتەوە، بەرێزان لە پەرلەمانی کوردستان دەسەڵاتتان هەیە یاساکە وەکو خۆی جارێکی دیکە دەنگی پێبدەنەوە، ئەو بۆچونانە وەرنەگرن کە لەسەرۆکایەتی هەرێمەوە هاتووە، ئەگەر دەنگتان پێدا ئەوا یەکلاکەرەوە دەبێت، یاساکە وەک خۆی دەروات، ئەگەر دەنگتان پێ نەداو دەنگی پێویستی نەهێنا دەچینە سەر مەرحەلەی دووەم کە یەک یەک تاوتوێ کردنی ئەو برگانەیە کە داوای پێداچونەوەی کراوە، لەبەر ئەوە یەکەمجار ئەو بابەتە دەخەینە دەنگدان چەند ئەندامی بەرێزی پەرلەمان لەگەڵ ئەوەیە یاساکە وەکو خۆی کە لە پەرلەمانی کوردستان دەرچووە بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئەو پێداچونەوانەی کە بەرێز سەرۆکی هەرێم داوای کردوون لەسەر داوای وەزارەتی شارەوانی، یاساکە وەکوخۆی پەسند بکرێت با دەست بەرزبکاتەوە، (٨) ئەندامی بەرێزی پەرلەمان لەگەڵ ئەوەیە کە یاساکە وەکو خۆی بێت. دەچینە قۆناغی دووەم قۆناغی پێداچونەوەی**

**ئەو ماددانەیە کە بەڕێز سەرۆکی هەرێم داوای کردوون پێداچونەوەیان پێدابکرێت فەرموون یەکەم بخوێننەوە"[٢٤٣].**

- دوای ئەوەی یاساکە وەک خۆی خرایەوە دەنگدان وەک ئاماژەیەک بۆ رەتکردنەوەی پەڵپگرتنی سەرۆکی هەرێم و دەنگی پێویستی ئەندامانی پەرلەمانی بەدەست نەهێنا، ئەوکاتە قۆناغی تاوتوێکردنی سەرنج و رایەکانی سەرۆکی هەرێم دەستپێدەکات و برگە بە برگە سەرنج و رایەکانی دەخرێنە گفتووگۆو دواتر دەنگیان لەسەر دەدرێت. بۆ نمونە پەرلەمان لە هەمان ئەو دانیشتنەی لە دووخاڵی پێشوو ئاماژەمان پێدا، دوای ئەوەی یاسا رەتکراوەکە لەلایەن سەرۆکی هەرێم جارێکی دیکە وەک خۆی خرایەوە دەنگدان، بەڵام دەنگی پێویستی نەهێنا، وەک ئاماژەیەک بۆ قەبولکردنی رەتکردنەوەی سەرۆکی هەرێم ، دەست دەکات بە تاوتوێکردنی سەرنج و رایەکانی سەرۆکی هەرێم و دەنگیان لەسەر دەدات بەمشێوەیە،

**" فەرموون یەکەم بخوێننەوە کاک بژار، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، خاڵی(١) ماددەی (١) برگەی(یەکەم) وشەی (زێدەڕۆ) بکرێت بە(زێدەڕۆکار). بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن سەرۆکی پەرلەمان، بەڵێ کێ قسەی هەیە لەسەر ئەوە؟ دەیخەینە دەنگدان چەند ئەندامی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ ئەوەیە لە ماددەی (١) برگەی(یەکەم) وشەی (زێدەڕۆ) بکرێتە (زێدەڕۆکار) بادەست بەرز بکاتەوە، بەڵێ زۆر سوپاس بەدەنگی(٦٧) ئەندامی پەرلەمان پەسندکرا"[٢٤٤].**

(٢٤٣) بروانە بڵاوکراوەی پرۆتۆکۆلەکانی ساڵی ٢٠١٩ی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (١١١)، چاپی یەکەم، ساڵی ٢٠٢١،ل ٤٠٢.

(٢٤٤) هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٠٢-٤٠٣.

# بەشی هەشتەم

# بڵاوکردنەوەی یاساو بریارە یاسا

## دەروازە

هەرچەند لە نێو یاساناساندا مشتومری زۆر هەیە سەبارەت بە سروشتی یاسایی ڕێککاری بڵاوکردنەوەی یاساکان لەرۆژنامەی فەرمی وڵاتدا، داخۆ بە یەکێک لە قۆناغەکانی پرۆسەی یاسادانان دادەنرێت یاخود نا؟ ئێمە لەم توێژینەوەیەماندا خۆمان دەبوێرین لە رۆچون لەو بابەتە، چونکە ئەوەی بەلای ئێمەوە گرنگە بۆ خوێنەرانی بخەینەروو ئەوەیە کە لەعیراق و هەرێمی کوردستان لەسەروی ئەو مشتومرە فقهییانەوە، پابەندییەکی دەستوری و یاساییمان هەیە کە دەبێت یاساکان لە رۆژنامەی فەرمیدا بلاوبکرێنەوە، بۆ نمونە دەستوری عیراقی لە ماددەی (١٢٩)یدا بەرِوونی ئاماژە بەوە دەکات کە دەبێت یاساکان لە رۆژنامەی فەرمی بڵاو بکرێنەوە[٢٤٥]، یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ژمارە(١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو جەخت لەوەدەکاتەوە یاساو بریارەکانی پەرلەمان لە رۆژنامەیەکی فەرمی کەخۆی دەریدەکات بڵاو دەکاتەوە[٢٤٦]، دواتریش یاسای بڵاوکردنەوە لە رۆژنامەی رەسمیدا ژمارە(٤)ی ساڵی ١٩٩٩ لە ماددەی(١) خاڵی(٢)یدا جەختی لەوە کردۆتەوە، کە رۆژنامەی وەقایعی کوردستان تایبەتمەندە بەبڵاوکردنەوەی یاساو بریارەکانی پەرلەمانی کوردستان[٢٤٧]، هەربۆیە ناکرێت و ناشێت لە باسی پرۆسەی یاساکاریدا لە عیراق و هەرێمی کوردستان ئاماژە بە

---

(٢٤٥) الدستور العراقي لسنة ٢٠٠٥، المادة ١٢٩: تنشر القوانين في الجريدة الرسمية، ويعمل بها من تأريخ نشرها مالم ينص على خلاف ذلك.

(٢٤٦) یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ژمارە(١) ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو، ماددەی شەست و چوارەم: ئەو یاسایانەی کە لە پەرلەمان دەردەچن لەرۆژنامەی تایبەتی بڵاودەکرێنەوە کەخۆی دەری دەکات و لەرۆژی بڵاوکردنەوەشیان جێبەجێ دەکرێن ئەگەر مێژوویەکی دی بۆ دەستنیشان نەکرابێت .

(٢٤٧) یاسای بڵاوکردنەوە لە رۆژنامەی رەسمیدا ژمارە(٤)ی ساڵی ١٩٩٩، ماددەی(١)، خاڵی(٢):(وەقایعی کوردستان) تایبەتمەند دەبێت بە بڵاو کردنەوەی ئەمانەی خوارەوە:١-یاساو بڕیارەکانی ئەنجومەنی نیشتمانی هەرێمی کوردستانی عێراق و ئەوەی بە هاوپێچەکانیان حیساب دەکرێن یان ئەوەی تیایدا دەقی گرتووە بۆ بڵاوکردنەوەی.

قۆناغی بڵاوکردنەوەی یاساکان نەکرێت لە رۆژنامەی فەرمیدا، وەک یەکێک لە قۆناغەکانی پرۆسەی یاساکاری. لەو سۆنگەیەوە دوا قۆناغی پرۆسەی یاساکاری لە هەرێمی کوردستان خۆی لە بڵاوکردنەوەی یاسای دەرچوێنراو لە رۆژنامەی فەرمی لە هەرێمی کوردستاندا دەبینێتەوە ئەویش لە ئێستادا رۆژنامەی (وەقایعی کوردستان)ە. هەوڵدەدەین لە میانی چەند تەوەرەیەکدا، چۆنیەتی رێکخستن و پیادەکردنی لە هەرێمی کوردستان بخەینەروو.

# لقی یەکەم

# گرنگی بڵاوکردنەوەی یاسا

لە رۆژگاری ئەمرۆدا، بڵاوکردنەوەی یاساکان لە رۆژنامەی فەرمی وڵاتدا لەزۆرینەی هەرە زۆری وڵاتاندا پەیرەو دەکرێت، بێگومان ئەمەش لە بۆشاییەوە نەهاتوە، بەڵکوو پێویستییەک لەپشتی ئەو پیادەکردنە بەربڵاوەیەوە، هەوڵدەدین لێرەدا لەمیانی چەند گۆشنیگایەکەوە، گرنگی بڵاوکردنەوەی یاساکان لەرۆژنامەی فەرمیدا بۆ خوێنەران بخەینەروو.

**١- زانینی خەڵک بۆ یاسا** : رێسایەکی گشتی لەبواری یاسادا هەیە کە نەزانراو پابەندی دروست ناکات، واتا ناکرێت مرۆڤەکان بە نەزانراوێک پابەندبکرێن، هەروەک فەقیهی ناوداری فەرەنسی(پۆرتالیز) ئاماژەی بۆ دەکات[٢٤٨]، هەربۆیە لە پێناو زانینی گشتی خەڵک بە یاساکان لەقۆناغە جیاوازەکانی مێژوی یاسادانان پەنابراوەتە بەر چەندین ئامرازو شێواز، هەر لە هەڵواسینی یاساکان لەشوێنە گشتییەکانی شارەوە بگرە تا دەگات بە بلاوکردنەوەیان لە رۆژنامە فەرمییەکاندا. بۆ نمونە بەپێی مەرسومێکی مەندوبی سامی لە لوبنان لە ساڵی ١٩٢٥، رێگەی داوە لە هەندێ بارودۆخی تایبەتدا، یاساکان لەجیاتی بڵاوکردنەوە لە شوێنە گشتییەکان هەڵبواسرێن، یاخود بانگیان بۆ راهێڵدرێت[٢٤٩]. ئەوەی لەسەردەمی ئەمرۆدا باوە ئەوەیە، زۆرینەی وڵاتانی دونیا بۆ زانینی گشتی خەڵک

---

(٢٤٨) ذهبية حامق،نشر القوانين كوسيلة لضمان الوصول اليه، بحث منشور في مجلة الجزائرية للعلوم القانونية والسياسية،المجلد (٥٢)، العدد(١) ،لسنة ٢٠١٥،الصفحة١٣.

(٢٤٩) اللحام وسام،النشر في النظام القانوني اللبناني، بحث منشور في موقع الاليكتروني(المفكرة القانونية)،لسنة ٢٠١٨، https://legal-agenda.com/ .

به یاساکان، شێوازی بڵاوکردنەوەی یاساکانە لە بڵاوکراوەی فەرمی وڵاتدا، وەک ئاماژەیەک بۆ زانینی گشتی خەڵک بە یاساکان. هەربۆیە لە دوای بڵاوکردنەوەی یاساکان لە رۆژنامەی فەرمیدا، بیانوو هێنانەوە بە نەزانینی یاسا لەهیچ کەس قەبوڵ ناکرێت.

**٢- پابەندکاری بەروی گشتیدا:** دوای بڵاوکردنەوەی یاسا لە رۆژنامەی فەرمی، رەگەزی زانین بە یاسا دێتەدی، لەو سۆنگەیەوە پابەندکاری دروست دەکات، بۆ هەموو ئەو کەس و لایەنانەی کە پەیوەندیدارن بە یاساکە، هەرچەندە زۆربەی یاساناسان لەسەر ئەوە کۆکن کە رێکاری دەرچواندنی یاسا بنیاتنەری پابەندکاری یاسایە، نەک بڵاوکردنەوەی لەرۆژنامەی فەرمی، بەڵام هەمویان کۆکن لەسەر ئەوە کە زانین بەڵگەی پابەندکاری بەروی گشتیدا دەستەبەردەکات، زانینیش هەروەک لەخاڵی پێشوو ئاماژەمان پێکرد بە بڵاوکردنەوەی یاسا لەرۆژنامەی فەرمی بەدیدێت.

**٣- چونە بواری جێبەجێکردنەوە:** وەک رێسایەکی گشتی دەستوری عێراقی و یاسا بەرکارەکان جەختیان لەوە کردۆتەوە، کە یاساکان لە رۆژی بڵاوکردنەوەیان لە رۆژنامەی فەرمی دەچنە بواری جێبەجێکردنەوە، مەگەر یاسادانەر رۆژێکی دیکە دیاریبکات بۆ چونە بواری جێبەجێکردنیەوە[٢٥٠]. هەربۆیە لەهەرێمی کوردستان و لە کۆتا ماددەی زۆرینەی یاساکان، دەقێکی گشتی بەرچاو دەکەوێت ئەویش ئەوەیە، (ئەم یاسایە لەرۆژی بڵاوکردنەوەی لەرۆژنامەی وەقایعی کوردستان جێبەجێ دەکرێت). مەگەر یاسادانەر لەبەر

---

(٢٥٠) - الدستور العراقي لسنة ٢٠٠٥، المادة ١٢٩: تنشر القوانين في الجريدة الرسمية، ويعمل بها من تأريخ نشرها مالم ينص على خلاف ذلك.
- یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ژمارە(١)ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو، ماددەی شەست و چوارەم: ئەو یاسایانەی کە لە پەرلەمان دەردەچن لەرۆژنامەی تایبەتی بڵاودەکرێنەوە کەخۆی دەری دەکات و لەرۆژی بڵاوکردنەوەشیان جێبەجێ دەکرێن ئەگەر مێژوویەکی دی بۆ دەستنیشان نەکرابێت .
- یاسای بڵاوکردنەوە لەرۆژنامەی رەسمیدا، ژمارە(٤)ی ساڵی ١٩٩٩، ماددەی سێیەم: ئەوەی لە (وەقایعی کوردستان)دا بڵاودەکرێتەوە بە دەقی رەسمی باوەر پێکراوە دەژمێردرێ و لە رۆژی بڵاوبوننەوەیەوە کاری پێ دەکرێ و ئەگەر دەقێکی تیا نەهاتبێ کە پێچەوانەی ئەوە بێ

بەرژەوەندی گشتی و تایبەتمەندیەتی هەندێک یاسا، بەرواری چونە بواری جێبەجێکردنی بگۆڕێت. لەوبارەیەوە هەندێک مشتومری یاسایی بونی هەیە کە یاسادانەر دەتوانێت بەرواری پەسندکردنی یاسا لە پەرلەمان بکاتە بەرواری چونە بواری جێبەجێکردنی یاساکە، لەوکاتەدا ئەو رێسا گشتییە چی بەسەردێت کە نەزانراو یارای جێەجێکردن نییەو لە عیراق و هەرێمی کوردستانیش، بەپێی دەستورو یاسا کارپێکراوەکان، ئامرازی دەستەبەرکردنی زانینی خەڵکی گشتی بەیاساکان بڵاوکردنەوەیانە لە بڵاوکراوەی فەرمی وڵاتدا، بەڵام دادگای ئیتیحادی لەرێگەی بریارێکیەوە کۆتایی بەو مشتومرە هێناوە، کاتێک تانە بە نادەستوریبوون لە یاسایەکی عیراقی دراوە بەوەی لە رێککارەکانی دەرچواندنی لە ئەنجومەنی نوێنەران ئاماژەی بەوە کردوە لەرۆژی دەنگپێدانی لە ئەنجومەنی نوێنەران ئەم یاسایە دەچێتە بواری جێبەجێکردنەوە، لەوەڵامی ئەو تانەیە دادگای باڵای ئیتیحادی لە عیراق ئەوە بە مافی یاسادانەر دادەنێت، بەپێی ماددەکانی (١٩/ نۆیەم) و (١٢٩) لە دەستوری عیراقی**[٢٥١]**. هەر بۆیە ئەگەر سەیری یاساکان بکەین دەبینین بەرواوری جیاواز جیاواز بەرچاو دەکەون، بۆ چونەبواری جێبەجیکردنەوە، یاسامان هەیە بەرواری جێبەجێکردنەکەی گەراندۆتەوە بۆ پێش وادەی پەسندکردنی یاساکە، لە پەرلەمانیش بۆ نمونە گەر سەیری یاسای بودجەی هەرێمی کوردستان ژمارە(١)ی ساڵی ١٩٩٧ بکەین، دەبینین ئەم یاسایە پەسندکردنی لە پەرلەمان لە بەرواری ١٩٩٧/٣/١٩ بوە، کەچی لە ماددەی یازدەیەمیدا هاتوە **" ئەم یاسایە لە رۆژنامەی رەسمیدا بڵاو دەکرێتەوەو لەرۆژی (١٩٩٧/١/١)ەوەو جێبەجێ دەکرێت"**[٢٥٢]. هەروەها یاسامان هەیە بەرواری جێبەجێکردنەکەی

---

(٢٥١) بروانە بریاری دادگای بەڵای ئیتیحادی ژمارە(٩٩) ، (١٠٤)، (١٠٦)ی ئیتیحادی لە ساڵی ٢٠١٨، ttps://www.iraqfsc.iq/krarid/99_fed_2018.pdf .

(٢٥٢) بروانە رۆژنامەی(پەرلەمان) ژمارە(٢٧) ساڵی ١٩٩٧.

کراوەتە رۆژی دەرچواندنی بۆ نمونە گەر سەیری یاسای کاراکردنەوەی دامەزراوەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان-عیراق و هەمواری شێوازی هەڵبژاردنی سەرۆک، تاپەسندکردنی دەستور ژمارە (١) ساڵی ٢٠١٩ بکەین، دەبینین رۆژی دەرچواندنی یاساکە کراوەتە بەرواری چونە بواری جێبەجێکردنەوە، هەروەک لە ماددەی (٨) ئاماژەی پێکردوە **" ئەم یاسایە لەرۆژی دەرچواندنیەوە جێبەجێ دەکرێت و لەرۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان)دا بڵاو دەکرێتەوە"**[٢٥٣]، لە هەمانکات یاسامان هەیە بەرواری چوونەبواری جێبەجێ کردنی هەمان رۆژی بڵاوکردنەوەیەتی لە رۆژنامەی فەرمی، بۆ نمونە گەر سەیری یاسای سەندیکای پزیشکانی ددان لە هەرێمی کوردستان ژمارە (٤٥)ی ساڵی ٢٠٠٤ بکەین، دەبینین چونە بواری جێبەجێکردنی یاساکە، هەمان رۆژی بڵاوکردنەوەیەتی وەک لە ماددەی(چل) ئاماژەی پێکردوە**"ئەم یاسایە لەرۆژی بڵاوکردنەوەی لە وەقایعی کوردستان دەخرێتە بەرکار"**[٢٥٤].لەپاڵ ئەمانەشدا یاسامان هەیە بەرواری چونە بواری جێبەجێکردنی بۆ ماوەیک دوای بڵاوکردنەوە لە رۆژنامەی وەقایعی کوردستان دواخراوە، گەر سەیری یاسای پاراستنی پرۆژەو تۆڕەکانی ئاوو ئاوەرۆ لەهەرێمی کوردستان ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٢١ بکەین، دەبینین یاسادانەر ماوەی مانگێک دوای بڵاوکردنەوەی یاساکەی لە رۆژنامەی وەقایعی کوردستان دیاریکردوە، تا بچێتە بواری جێبەجێ کردنەوە، هەروەک لە ماددەی(٢٨) دا هاتوە**"ئەم یاسایە لەدوای(٣٠) رۆژ لەرێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە رۆژنامەی فەرمی(وەقایعی کوردستان)دا جێبەجێ دەکرێت"**[٢٥٥].

---

(٢٥٣) بروانە رۆژنامەی(وەقایعی کوردستان)، ژمارە (٢٢٦)،ساڵی ٢٠١٩، ل٣.

(٢٥٤) بروانە رۆژنامەی(وەقایعی کوردستان)، ژمارە (٥٣)،ساڵی ٢٠٠٤، ل٤.

(٢٥٥) بروانە رۆژنامەی(وەقایعی کوردستان)، ژمارە (٢٦٩)،ساڵی ٢٠٢١، ل٤.

# لقی دووەم

## پیادەکردنی بڵاوکردنەوەی یاسا لەرۆژنامەی فەرمی لە هەرێمی کوردستان

بڵاوکردنەوەی یاسا لەرۆژنامەی فەرمی لە هەرێمی کوردستان، رێکارێکە بەر لە دامەزراندنی پەرلەمانی کوردستان و لەسەردەمی بەرەی کوردستانییەوە بونی هەیەو پیادە کراوە، هەربۆیە بەجیاوازی قۆناغەکانی کاری بەرەی کوردستانی و دواتریش لەسەردەمی پەرلەمانی کوردستان، پیادەکردنی ئەم رێکارە جیاوازبووەو بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین بەسەر چوار قۆناغدا دابەشی بکەین، بەمشێوەیە:

**١- بڵاوکردنەوەی یاسا و بریارەکان لە رۆژنامەی بەرەی کوردستانی:** بەوپێیەی بەرەی کوردستانی رابەرایەتی راپەرینی خەڵکی کوردستانی کرد، لەدژی رژێمی لەناوچوی بەعس، دوای کشانەوەی ئیدارە لەلایەن دەسەڵاتی ناوەندی ئەوسای عیراق لە هەرسێ پارێزگای هەولێرو دهۆک لە ساڵی ١٩٩١، لەرووی کردارییەوە بەرەی کوردستانی ئەو بۆشاییەی پرکردەوەو، پاڵپشت بە تیۆرەی رەوایەتی شۆرشگێری و دیفاکتۆ، حوکمرانی ئەو ناوچە کوردستانییانەی دەکرد کە لەدەرەوەی دەسەڵاتی ناوەندی ئەوسای عیراق بوون. ئەوەبوو چەن یاساو بریارێکیان دەرکرد بۆ گواستنەوەی دەسەڵات لە رەوایەتی شۆرشگێرییەوە بۆ رەوایەتی هەڵبژاردن، لە گرنگترین ئەو یاسایانەی دەریکردن هەردوو یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان ژمارە(١)ی ساڵی ١٩٩٢ و یاسای هەڵبژاردنی سەرکردەی بزوتنەوەی رزگاریخوازی

کورد ژمارە(٢)ی ساڵی ١٩٩٢ بوو، ئەم دوو یاسایە بەپێی مادده کۆتاییەکانیان بریاردراوە لە رۆژنامەی (بەرەی کوردستانی) بلاو بکرێنەوە، هەروەک لە یاسای هەلبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ ماددەی (شەست و یەکەم)یدا هاتووە **" ئەم یاسایە لەرۆژی بڵاوکردنەوەی لە رۆژنامەی(بەرەی کوردستانی)دا جێبەجێ دەکرێ"**[٢٥٦]. هەروەها لە یاسای هەڵبژاردنی سەرکردەی بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد ژمارە(٢)ی ساڵی ١٩٩٢ ماددەی(پانزدەیەمدا) هاتووە**"ئەم یاسایە لەرۆژنامەی بەرەی کوردستانیدا بڵاو دەکرێتەوە لەرۆژی بڵاوکردنەوەیەوە کاری پێدەکرێت"**[٢٥٧].

**٢- بڵاوکردنەوەی یاساو بریارە یاسا لە رۆژنامەی (پەرلەمان):** سەرەتای پیادەکردنی رێکاری بلاوکردنەوەی یاساکان لە هەرێمی کوردستان بە بڵاوکردنەوەی یاساکان لە رۆژنامەی فەرمی (پەرلەمان) دەستی پێکرد ئەگەرچی یەکەم ژمارەی ناوی رۆژنامەی(ئەنجومەن) بوو ، دواترو لە ژمارە(٢) بەدواوە ناوەکەی گۆردرا بۆ رۆژنامەی (پەرلەمان). لێرەدا جێگەی خۆیەتی ئاماژە بەوە بکەین کە هەرچەندە هەردوو یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان ژمارە(١) ساڵی ١٩٩٢، یاسای رابەری بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد ژمارە(٢) ی ساڵی ١٩٩٢، لەلایەن بەرەی کوردستانییەوە، پێش هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، لە رۆژنامەی (بەرەی کوردستانی) بڵاوکراونەتەوە، بەڵام پەرلەمانی کوردستان جارێکی دیکە لەژمارە(١)ی رۆژنامەی(ئەجومەن) بڵاوی کردنەوە[٢٥٨]. بەمەبەستی زیاتر ناساندنی تایبەتمەندییەکانی

---

(٢٥٦) بروانە رۆژنامەی(بەرەی کوردستانی)، ژمارە (٢)،ساڵی ١٩٩٢، ل٤.

(٢٥٧) بروانە رۆژنامەی(بەرەی کوردستانی)، ژمارە (٣)،ساڵی ١٩٩٢.

(٢٥٨)بروانە رۆژنامەی(ئەنجومەن) ژمارە(١) ساڵی ١٩٩٢.

بڵاوکردنەوەی یاسا لەم قۆناغەدا، لیرەدا ئاماژە بە چەند خەسڵەتێکی جیاکەرەوەی دەکەین:

**أ-** ئەم قۆناغە لە ساڵی ١٩٩٢ دەستپێدەکات، لەگەڵ دەرچونی یەکەم ژمارەی (ئەنجومەن) و دواتر (پەرلەمان)، لەرووی یاساییەوە تا ساڵی ١٩٩٩ بەدەرچونی یاسای بڵاوکردنەوە لە رۆژنامەی رەسمی ژمارە(٤)ی ساڵی ١٩٩٤ کۆتایی دێت، ئەمە لەرووی یاساییەوە، چونکە لەم یاسایەدا بەرونی ئاماژە بە تایبەتمەندبوونی رۆژنامەی (وەقایعی کوردستان )دەکات بۆ بلاوکردنەوەی یاساو بریارەکانی پەرلەمان ، بەڵام لەرووی کردەییەوە تا ساڵی ٢٠٠٠ درێژ دەبێتەوە چونکە یەکەم رۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) لە مانگی ئایاری ساڵی ٢٠٠٠ دەردەچێت.

**ب-** رۆژنامەی (ئەنجومەن) و دواتر (پەرلەمان) لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە دەردەچوێندران، چونکە لە ماددە(٦٠)ی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی ژمارە(١)ی ساڵی ١٩٩٢، بەر لە هەموارکردنەوەی، ئاماژە بەوە دەکات، ئەنجومەن یاسا و بریارەکانی لە رۆژنامەیەکی فەرمی، کەخۆی دەریدەکات بڵاودەکاتەوە.

**ج-** لە هەموو بارێکدا سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانی خۆی یاساو بریارەکانی ناردوە بۆ بڵاوکردنەوە ، چونکە لەلایەکەوە یاساو بریارەکان لەلایەن خۆیەوە دەرچوێنراون، لەلایەکی دیکەشەوە رۆژنامەکەش ئەنجومەنی نیشتمانی دەریکردوە. واتە دەسەڵاتی جێبەجێکردن هیچ رۆڵێکیان تیایدا نەبووە.

**د –** رۆژنامەی (ئەنجومەن) و دواتر (پەرلەمان)، تەنها یاساو پەیرەوی ناوخۆ و بریارەکانی ئەنجومەنی نیشتمانی تیادا بڵاوکراوەتەوە. بەو مانایەی هیچ پەیرەوو رێنمایی و بریارێکی دەسەڵاتی جێبەجێکردنی تیادا بڵاو نەکراوەتەوە.

**٥-** دارشتنی ئەو مادەیەی پابەندی بڵاوکردنەوەی یاساو بڕیارە یاساکان ڕێک دەخات، لەو قۆناغەدا لەزۆرترین جارەکاندا بەمشێوەبووە**"ئەم یاسایە لە ڕۆژی بڵاوبونەوەی لە ڕۆژنامەی رەسمی کاری پێدەکرێت"**، یان بەمشێوەیەبوە**" ئەم یاسایە لە مێژووی دەرهێنانییەوە جێبەجی دەکرێت و لە ڕۆژنامەی رەسمیدا بڵاو دەکرێتەوە"**. واتە کەمتر ناوی ڕۆژنامەکە هاتوە مەگەربەدەگمەن نەبێت، بەڵکو هەر ئاماژە بەوەکراوە لە ڕۆژنامەی رەسمی بڵاودەکرێتەوە.

**٣- بڵاوکردنەوەی یاساو بڕیارە یاساکان لە هەردوو ڕۆژنامەی (پەرلەمان) و (وەقایعی کوردستان):** هەرچەند وەک لە خاڵی پێشوو ئاماژەمان پێدا، یاسای بڵاوکردنەوە لەڕۆژنامەی رەسمی ژمارە (٤) لەساڵی ١٩٩٩ لە ئەنجومەنی نیشتیمانی دەرچوو، بەڵام بەشێوەیەکی کردەیی، یەکەم ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان، لە ئایاری ساڵی٢٠٠٠ دەرچوو، هەربۆیە دەتوانین بڵێین قۆناغی دووەم لەساڵی ٢٠٠٠ ەوە بەدەرکردنی یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان دەست پێدەکات و بە دەرچونی دواین ژمارەی ڕۆژنامەی (پەرلەمان) لەساڵی ٢٠٠٢ کۆتایی دێت. بۆ ناسینەوەی ڕێکاری بڵاوکردنەوەی یاسا لەو قۆناغە، هەوڵدەدەین ڕەگەزە جیاوازەکانی ئەم قۆناغە بخەینە ڕوو، بەمشێوەیە:

**أ-** لەم قۆناغەدا یاسا و بڕیارەکانی پەرلەمان لە هەردوو ڕۆژنامەی(پەرلەمان) و (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرانەوە، سەرەرای ئەوەی یاساو بڕیارەکان هەر لەلایەن سەرۆکی پەرلەمانەوە دەردەچوێنران. بۆ نمونە یاسای سەندیکای ئابوریناسانی هەرێمی کوردستان ژمارە (١٢)ی ساڵی٢٠٠٠، لە ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان ژمارە(٧) لە ٢٠٠٠/١٢/٢٤ بڵاوکراوەتەوە، کەچی هەمان یاسا لە ڕۆژنامەی(پەرلەمان) ژمارە(٦٢) لە ٢٠٠١/٢/٥ بڵاوکراوەتەوە. بەهەمانشێوە یاسای دیوانی ڕەقابەی دارایی هەرێمی کوردستان ژمارە (١٤)ی ساڵی

٢٠٠٠، لەهەریەک لەو دووژمارەی سەرەوەی رۆژنامەی(پەرلەمان) و (وەقایعی کوردستان) بڵاوکرانەتەوە[٢٥٩].

**ب-** رۆژنامەی وەقایعی کوردستان جگە لە یاساو بریارەکانی پەرلەمان، پەیرەوو رێنمایی و بریارەکانی ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەت و دامەزراوەکانی دیکەی حکومەتی هەرێمیشی بڵاوکردۆتەوە، بەڵام رۆژنامەی (پەرلەمان) لەو قۆناغەشدا تەنها یاساو بریارەکانی پەرلەمانی بڵاوکردۆتەوە.

**ج-** رۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) هەروەک لە یاسای بڵاوکردنەوە لە رۆژنامەی رسمیدا ژمارە (٤)ی ساڵی ١٩٩٩دا هاتوە، لەلایەن وەزارەتی دادەوە دەرچوێنراوە، بەڵام رۆژنامەی (پەرلەمان) لەلایەن دیوانی پەرلەمانەوە دەرچوێنراوە.

**د-** دارشتنی ئەو ماددەیەی پابەندی بڵاوکردنەوەی یاساکانی لە رۆژنامەی رەسمیدا رێکدەخست، گۆرانکاری بەسەرداهات و بەمشیوەی لێهات **" ئەم یاسایە لەرۆژنامەی وەقایعی کوردستان بڵاودەکرێتەوە"**، یان**" لەرۆژی بڵاوکردنەوەی لەرۆژنامەی وەقایعی کوردستان کار بەم یاسایە دەکرێت"**. واتا دەستەواژەی رۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) جێگەی (رۆژنامەی رەسمی) لە دارشتنی یاساکاندا گرتەوە.

**ه-** لەو قۆناغەدا، بەدیاریکراوی لە ساڵی ٢٠٠١، بەهۆی دوو ئیدارەییەوە ،وەزارەتی دادی ئیدارەی سلێمانی، ئەویش لەلای خۆیەوە رۆژنامەی وەقایعی کوردستانی بەجیا دەرکردووە، جگە لە پەیرەوو رێنمایی و بریارەکانی ئەنجومەنی وەزیرانی سلێمانی و وەزارەت و دامەزراوەکانی دیکەی سەر بەحکومەت، هەندێک بریارو

---

(٢٥٩) بروانە رۆژنامەی(وەقایعی کوردستان)، ژمارە (٧)، لە ٢٠٠٠/١٢/٢٤. هەروەها رۆژنامەی (پەرلەمان).ژمارە(٦٢)، لە ٢٠٠١/٢/٥.

تەنانەت مەراسیمی هەرێمیشی بڵاو دەکردەوە کە هێزی یاسایان پێدرابوو ، کەلەلایەن بەرێز (مام جلال تاڵەبانی) دەردەکران، کە بەسیفەتی سەرۆکی هەرێم واژوی لەسەر دەکردن.

**٤- بڵاوکردنەوەی یاساو بریارە یاساکان لە رۆژنامەی(وەقایعی کوردستان):** ئەم قۆناغە لە ساڵی ٢٠٠٥وە دەستیپێکرد، بەدیاریکراوی دوای دەرچونی یاسای سەرۆکایەتی هەرێم و هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم لەلایەن پەرلەمانی کوردستان و تا نوسینی ئەم توێژینەوەیەش بەردەوامە، هەوڵدەدەین دیارترین روخسارو تایبەتمەندییەکانی ئەم قۆناغە لە چەند خاڵێکدا کورتبکەینەوە، بەمشێوەیە:

**أ-** لەم قۆناغەدا یاساو بریارە یاساکانی پەرلەمانی کوردستان، تەنها لە رۆژنامەی فەرمی وەقایعی کورستان بڵاو دەکرانەوە، رۆژنامەی(پەرلەمان) بەهەڵبژاردنی خوولی دووەمی پەرلەمان لە ساڵی ٢٠٠٥ کۆتایی پێهات و راگیرا لەدەرچوون، بەهۆی دروستبونەوەی حکومەتێکی یەکگرتوو لەسەرتاسەری کوردستان، رۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) کە لەوەزارەتی دادی ئیدارەی سلێمانی دەردەچوو ئەویش لەدەرچوون راگیرا.

**ب-** هەرچەندە لە قۆناغەکانی پێشووتریش یاساو بریارەکان بەهەردوو زمانی عەرەبی کوردی جاپ و بڵاودەکرانەوە، لە رۆژنامی(پەرلەمان) و لە رۆژنامەی(وەقایعی کوردستان)یش، بەڵام لەو قۆناغەداو بەتایبەتی دوای دەرچوونی یاسای زمانە فەرمییەکان، دوو گۆرانکاریی بنەرەتی لەو بابەتە هاتە ئاراوە، ئەوانیش ئەوەبوون، یەکەمیان لەدوای دەرچوونی ئەم یاسایە بڵاوکردنەوەی یاساو بریارە یاساکان بەهەردوو زمانی کوردی و عەرەبی گۆرا بۆ پابەندییەکی یاسایی، چونکە لەو یاسایەدا جەخت لەوە دەکاتەوە دەبێت بە هەردوو زمان بڵاو بکرێنەوە. لەپێش دەرچوونی ئەم یاسایە، تەنها پێویستی، هۆکارو پاڵنەربوو نەک پابەندییەکی یاسایی. دووهەمیان

بریتی بوو لەوەی ئەگەر نارۆشنی یان تێکگیرانبون لەنێوان دقی یاسا بڵاوکراوەکە بەزمانی عەرەبی لەگەڵ دەقی بڵاوکراوە بە زمانی کوردی رویدابا، ئەوا دەقە عەرەبییەکە بە بنەما وەردەگیرا، چونکە لە نێو هۆڵی پەرلەمان، گفتوگۆ لەسەر دەقە عەرەبییەکە دەکرا، بەڵام دوای دەرچونی ئەم یاسایە پێچەوانەبۆوە، هەم پەرلەمانی پابەند کرد بەوەی یاساو بریارەکان بە کوردی ئامادە بکرێن و دەربکرێن، لەهەمان کات جەختی لەسەر ئەوە کردوە لە کاتی تێکگیربوندا، دەقی یاسا بڵاوکراوەکە بەزمانی کوردی دەبێتە بنەما[٢٦٠].

**ج-** لەم قۆناغەدا ناردنی یاساو بریارەکان بۆ بڵاوکردنەوەیان لەو بارانەی کە سەرۆکی هەرێم واژوی یاساکە بکات و دەریبچوێنێت ئەوا هەر لەلایەن سەرۆکایەتی هەرێمەوە دەنێردرێت بۆ بڵاوکردنەوە لە رۆژنامەی وەقایعی کوردستان، بەڵام ئەگەر سەرۆکی هەرێم یاساو بریارە یاساکەی واژوو نەکرد لەماوی (١٥) رۆژ، نەشیگەراندەوە بۆ پەرلەمان، ئەوکاتە پەرلەمان بەپێی یاسای

(٢٦٠) یاسای زمانە فەرمییەکان، ژمارە(٦)ی ساڵی ٢٠١٤، ماددەی(٤): پرۆژە یاساو بریارو پەیرەوو رێنماییەکان لە هەرێمیدا بەزمانی کوردی ئامادە دەکرێن و دەردەکرێن. ماددەی(٥): دەقی یاساو بریارەکان لە رۆژنامەی فەرمی لە هەرێمی کوردستان بەزمانی کوردی و عەرەبی بڵاودەکرێنەوە، دەقە کوردییەکە سەرچاوەو بنەمایە.

سەرۆکایەتی هەرێم ژمارە(١)ی ساڵی ٢٠٠٥ و پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمان ئەرکی بڵاوکردنەوەی یاساکە لە ئەستۆ دەگرێت[٢٦١].

---

(٢٦١) - یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانژمارە(١)ی ساڵی ٢٠٠٥ی هەموارکراو، ماددەی(١٠) برگەی(یەکەم)خاڵی(٢): .. ئەو یاساو بریارانەش بە دەرچوو دادەنرێت لەو حاڵەتەی کە سەرۆکی هەرێم لە ماوەی ناوبراو دەری نەچواندو نارەزایشی لەسەریان نەبووە پەرلەمان رادەسپێری لەرۆژنامە فەرمی بڵاودەکرێتەوە.

- پەیرەوی ناوخۆی هەموارکراوی بەرکاری ساڵی ٢٠١٨، ماددەی (١٨) برگەی دەیەم : ئەرك و دەسەڵاتەکانی سەرۆك، دەیەم: هەژماردنی ئەو یاسا و بڕیارانەی، لە ماوەی دیاریکراودا، لە لایەن سەرۆکی هەرێمەوە بەیاسا و بریاری دەرکراو،دەرناچن.

## کۆتایی و بەرەنجامگیری

لە کۆتایی نوسینی ئەم توێژینەوەیەدا بە گرینگی دەزانم سەرنجی خوێنەران بۆ چەند خاڵێک رابکێشین کە لە بەرەنجامی وردبونەوەو سەرنجدان لەو بابەتانەی کە لە بەشەکانی ئەم توێژینەوەیە بۆمان دروست بوون و بەپێویستی دەزانین پێشچاوی خوێنەرانی بخەین، ئەوانیش:

١- ئەم توێژینەوەیە بەرهەمی گەنگەشەو شەن و کەو کردنی ماددەو برگە یاساییەکانی دەستوورو یاسا کارپێکراوەکان و پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستانە، لەژێر رۆشنایی بنەما فیقهییە دەستووری و یاساییەکان، لە هەمانکات تێکهەڵکێشە بە ئەزمونێکی کرداری کەڵەکەبووی چەندین ساڵەی نووسەر لە ناو پرۆسەی یاساکاری لە پەرلەمانی کوردستان و بە تایبەت کارکردنی لە لیژنەی یاسایی، بۆیە بە یەکێک لەو نوسین و توێژینەوانە دادەنرێت کە بەو تایبەتمەندییانەوە لە بواری پرۆسەی یاساکاریدا نوسراپێت، ئەمەش گرینگی زۆر هەیە و سەنگ و بەهای زیاتر دەدات بە توێژینەوەکە، چونکە پێشتر بە گستی توێژینەوەکان تەنها لەروانگەو گۆشەنیگای فیقهی یاسایی و دەقی ماددەو برگەکانی یاسا کارپێکراوەکان و پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمان نوسراون و کەمتر ئەزمونی کردارەکی پرۆسەی یاسادانان لە پەرلەمانی کوردستان، کەرەستەو ئامرازی سودلێبینراوی توێژینەوەکان بووە.

٢- لەم توێژینەوەیەدا میتۆدی بنکۆڵکاری و بەرواردکاری دەقی یاسای جیاوازی وڵاتان لەلایەک و یاسا جیاوازەکانی هەرێم لە قۆناغە جیاوازەکان لەلایەکی دیکەوە، بە وردی کاری لەسەر کراوە، وایکردوە توێژینەوەکە تەنها سنوردارو کورتکراوە نەبێت بە خستنەرووی قۆناغ و رێککارەکانی پرۆسەی یاسادانان لەهەرێمی کوردستان، بەڵکو شرۆڤەو شەن و کەو کردنی هەر قۆناغێکی کردوە، لەبەرمەبنای ئەو بنکۆڵکاری و بەراوردکردنانەوە، سەرەرای

ئەوەش ڕەهەندی کردارەکی ئەو دەق و برگە یاساییانەو چۆنیەتی پیادەکردنیان لە قۆناغە جیاوازەکان، وایکردوە توێژینەوەکە ببێتە ئاوێنەیەک، زۆر بە وردی کەم و کورتی و لاسەنگییەکانی پرۆسەکە بخاتەڕوو، لەهەمانکات تەنها بەخستنەڕووی ئەو کەم و کورتیانە گوزەرمان نەکردووە، بەڵکو وێرای دەستنیشانکردن و هێڵ بەژێر داهێنانیان، پێشنیاری چارەسەریشمان بۆ دانە بەدانەی خستۆتەڕوو.

٣- سوود وەرگرتن لە کۆنوسی دانیشتنەکانی پەرلەمان و ئەو ڕۆژنامە فەرمییانەی یاساو بڕیارە یاساکانی پەرلەمانی کوردستانییان تیادا بڵاوکراوەتەوە، بەجۆرێکی وەها بەربڵاو بەکارهێنراون، کە ڕەنگە ڕێگە بەخۆمان بدەین بڵێین، یەکەمجارە بەو ڕاددەیە سوودیان لێ وەرگیرابێت بۆ توێژینەوەیەکی زانستی، بەڕای ئێمە، ئەمەش دوو سوودی زۆر گرینگی گەیاندووە، یەکەمیان بۆتە فاکتەرێکی گرینگ لەوەی ڕەهەندی کردارەکی چۆنیەتی پیادەکردنی پرۆسەی یاسادانانی لە هەرێمی کوردستان پێشچاو خستووە، کە تا ئێستا ئەم ڕەهەندە کەمتر تیشکی خراوەتە سەر، دووهەمیان، لالێکردنەوەیەکی گرینگ و پێویستی بە ئەنجامگەیاندووە، بۆ کۆنوسی دانیشتنەکانی پەرلەمان، کە وەک گەنجینەیەکی پڕ زانیاری سوود لێ نەبینراو، ساڵانێکە تۆزیان لەسەر نیشتووە لە کوچی کتێبخانەی پەرلەمان. هەر خوێنەرێک ئەم توێژینەوەیە بخوێنێتەوە، گومانمان نییە لەوەی، گرینگی و پڕ بایەخی کۆنوسی دانیشتنەکانی پەرلەمانی زیاتر بۆ ڕوون دەبێتەوە، لە یارمەتیدانی بۆ تێگەیشتنی زیاترو وردتری ڕەوتی پرۆسەی یاسادانان لە هەرێمی کوردستان، شانازی دەکەین ئەگەر ئەو خزمەتە بچووک و خاکیەمان کردبێت بەو گەنجینە پڕ لە زانیاری و گەوهەرەی کە تا ئێستاش وەک پێویست لای لێنەکراوەتەوەو توێژەران و تەنانەت یاسادانەرانی قۆناغە جیاوازەکانیش وەک پێویست لێی بە ئاگا نین.

٤- گشتگیری توێژینەوەکە بەجۆرێکە، تەواوی بابەت و قۆناغ و ڕێککارەکانی پرۆسەی یاسادانانی لەهەرێمی کوردستان، وەک بیبیلۆگرافیایەک بۆ خوێنەر بەرچاوخستووە، لە ڕێکخستن و سەرەتای هاتنە ئارای یاسادانان لە هەرێمی کوردستانرا بگرە، تا دەگات بە قۆناغەکانی بڵاوکردنەوەی یاسا لە ڕۆژنامەی فەرمی بەجیاوازی قۆناغە جیاوازەکان و تایبەتمەندی و سروشتی جیاکەرەوەی هەر قۆناغێک، ئەمەش وایکردووە، خوێنەر بە خوێندنەوەی ئەم توێژینەوەیە، وێنایەکی تا ئەندازەیەک پراوپری پرۆسەی یاسادانانی لە هەرێمی کوردستان لەبیرو ئەندێشەیدا دروست بێت و ئاشنابێت بە وردەکارییەکانی پرۆسەکە.

٥- یەکێکی دیکە لە تایبەتمەندییەکانی ئەو توێژینەوەیە، لاکردنەوەبووە لە نوسینی ڕاپۆرتی لیژنەکان لەسەر پرۆژە یاساو بریارە یاساکان، بەتایبەت لیژنەی یاسایی، کە ڕۆڵێکی یەکجار گرینگ و هەستیار دەگێرن لە پرۆسەی یاسادانان لە هەرێمی کوردستان. لەم ڕووەوە وردەکاری چۆنییەتی ئیشکردنی لیژنەکان و بەتایبەتی لیژنەی یاساییمان خسۆتە ڕوو، لە پرۆسەی یاساکاریداو، پشتبەستوو بەو ئەزمونە کردارییەی هەمانبووە، چەندین بنەماو پرەنسیپمان هەڵگۆزییوە، کە بوونەتە نەریتێکی پەرلەمانی و لە پاڵ دەقی ماددەو برگە یاساییەکان و پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمان، ڕۆڵی گرینگیان گێراوەو دەگێرن، لە ڕێکخستنی کاری ڕاپۆرت نوسینی لیژنەکان لەبواری یاساکارییدا، بەجۆرێک ئەم بابەتە خراوەتە ڕوو، ئەگەر ئەندامێکی پەرلەمان لەسەرەتای خولێکی تازەی کاری پەرلەمانی، ئەم توێژینەوەیە بخوێنێتەوە، ئەندازەیەکی باش لە زانیاری و مەعریفەی لەلا گەڵاڵە دەبێت، وەک ئەوەی پاشخانێکی ئەزموونی و کرداری هەبوبێت لەو بوارەدا. ڕەنگە پێشتر زۆر بە دەگمەن ڕێ نەکەوتبێت تیشکخرابێتە سەر ئەو وردەکاریيانەی ناو لیژنەکان بە تایبەت لیژنەی یاسایی لە بواری یاسادانان پیادە دەکرێن.

له کۆتاییدا هیواداریین ئەم توێژینەوەیە خزمەتێکی خاکییانەی بچووک پێشکەش بە یاسادانەران لە هەرێمی کوردستان و ئەو توێژەرانەش بکات، کە کاری پەرلەمانی و پرۆسەی یاسادانان بۆیان جێگەی بایەخ و گرینگی پێدانە، بۆ ئێمەش بەجێگەیاندنی لانی کەمی بەرپرسیارییەتیمان بێت بەرامبەر بەو ئەرک و بەرپرسیارییەتییەی لەو بوارەدا لە ئەستۆماندایە بەرامبەر بەخوای گەورە و گەلەکەمان و بەرامبەر بەو دامەزراوە گرینگ و جێ شانازییەی کە ساڵانێکە کاری تێدا دەکەین.

# سەرچاوەکان

## پەرتوک:


- د. ماجد راغب الحلو، القانون الدستوري، دار الجامعة الجديدة، الاسكندرية،٢٠٠٦.
- -د. على حسين نجيدة ، مبادئ الشريعة الاسلامية المرجع الرئيسى للتشريع فى مصر، دار النهضة القاهرة، ١٩٩٠.
- د.فاروق احمد خماس، الرقابة على اعمال الادارة، دار الكتب، الموصل،١٩٨٨.
- د.محمد عبدالجواد، بحوث في الشريعة الاسلامية والقانون، منشأة المعارف، الاسكندرية،١٩٩١.
- د.مهدي سالح عيدان التميمي، التشريع وطغيان السلطة، منشأة المعارف، الاسكندرية،٢٠١٩.
- د.منذر الشاوي، دولة القانون، دار الذاكرة للنشر والتوزيع،بغداد،ط١، سنة ٢٠١٣.
- لاڤين زیاد صلیوا، بەرنامەی کاری دانیشتنەکانی پەرلەمانی کوردستان-عیراق (خولی پێنجەمی پەرلەمان) لە ٢٠١٨/١١/١٦ تا ٢٠٢٣/٥/٢٢، ،چاپخانەی شهاب-هەولێر، چاپی یەکەم، ساڵی ٢٠٢٣.
- شيحا، ابراهيم عبالعزيز، النظم السياسية والقانون الدستورى، منشأة المعارف بالاسكندرية.
- بانیمارانی، بدرخان حسن، العملية التشريعية في الدولة الفيدرالية دراسة تحليلية مقارنة، منشورات زين الحقوقية، بيروت-لبنان، ط١.
- المبادئ القانونية في قرارات وفتاوى مجلس شورى اقليم كوردستان لعام ٢٠١١، منشورات مجلس شورى اقليم كوردستان-العراق، مطبعة الحاج هاشم، ط١، اربيل ٢٠١٢.


## توێژینەوە:

- مياده عبدالقادر احمد اسماعيل، الطبيعة القانونية لمواد اصدار القانون، بحث منشور في مجلة البحوث الفقهية والقانونية، جامعة ازهر- كلية الشريعة والقانون،ابريل ٢٠٢٢.
- د. روافد محمد علي الطيار ،سعد محمد حسن الكندي، الاثر القانوني لامتناع رئيس الدولة عن تصديق مشروعات القوانين في الانظمة البرلمانية-دراسة مقارنة- بحث منشور في مجلة اهل البيت، مجلة فصلية محكمة تصدر عن جامعة اهل البيت ،العدد٣٢،سنة ٢٠٢٣.
- احمد حمزة ناصر، حق رئيس الجمهورية في الاعتراض على القوانين وفق دستور العراق لعام ٢٠٠٥، بحث منشور في مجلة واسط للعلوم الانسانية، المجلد(١١)، العدد(٣٢)، سنة ٢٠١٦ ،ص ٣٥٢.
- حامق ذهبية، نشر القوانين كوسيلة لضمان الوصول اليه، بحث منشور في مجلة الجزائرية للعلوم القانونية والسياسية،المجلد (٥٢) ، العدد (١) ،لسنة ٢٠١٥.
- وسام اللحام، النشر في النظام القانوني اللبناني، بحث منشور في موقع الاليكتروني(المفكرة القانونية)،لسنة ٢٠١٨، https://legal-agenda.com/.

## دەستوور:

- الدستور العراقي لسنة ٢٠٠٥.
- الدستور العراقي لسنة ١٩٧٠.
- قانون ادارة الدولة للمرحلة الانتقالية.
- دستور الامارات المتحدة لسنة ١٩٧١ المعدل.
- الدستور المصري لسنة ٢٠١٤.

## یاساکان:

- یاسای سەرۆکایەتی هەرێم ژمارە (١) ساڵی ٢٠٠٥ هەموارکراو.
- یاسای دەستەی سەرۆکایەتی هەرێم ژمارە (١٩)ی ساڵی ١٩٩٣.
- -یاسای ژمارە(١)ی ساڵی٢٠٠٩، یاسای هەمواری دووەمی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان-عیراق ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥.
- یاسای دابەشکردنی دەسەڵاتەکانی سەرۆکایەتی هەرێم بەسەر دامەزراوە دەستورییەکان هەرێم ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١٧.
- یاسای کاراکردنەوەی دامەزراوەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان-عیراق و هەمواری شێوازی هەڵبژاردنی سەرۆک تا پەسندکردنی دەستور ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٩.
- یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتیمانی ژمارە(١)ی ساڵی ١٩٩٢.
- یاسای درێژکردنەوەی خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان ژمارە(١)ی ساڵی ٢٠١٧.
- یاسای هەڵبژاردنی سەرکردەی بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد ژمارە (٢) ساڵی ١٩٩٢.
- یاسای وەستاندنی کار بە (یاسای هەبژاردنی سەرکردەی بزاڤی رزگاریخوازی کورد) ژمارە(١٠)ی ساڵی ١٩٩٧.
- یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان-عیراق ، هەموارکراو، ژمارە(٣)ی ساڵی ١٩٩٢.
- یاسای دەستەی دەسپاکی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣) ساڵی ٢٠١١ی هەموارکراو.
- یاسای کۆمسیۆنی بالای سەربەخۆی هەڵبژاردن و راپرسی ژمارە (٤) ساڵی ٢٠١٤ی هەموارکراو.

- یاسای زمانە فەرمییەکان لە هەرێمی کوردستان-عێراق ژمارە(٦) ساڵی ٢٠١٤.
- یاسای ئەنجومەنی شورای هەرێمی کوردستان-عیراق هەموارکراوی ژمارە(١٤) ساڵی ٢٠٠٨.
- یاسای بڵاوکردنەوە لە رۆژنامەی رەسمیدا ژمارە(٤)ی ساڵی ١٩٩٩.
- یاسای ناوچەی ئۆتۆنۆمی کوردستان ژمارە (٣٣) ساڵی ١٩٧٤.

## پەیرەوی ناوخۆ:

- پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق ساڵی ٢٠٢٢.
- پەیرەوی ناوخۆی هەموارکراوی پەرلەمانی کوردستان ساڵی٢٠١٨.

## بریاری دادگا:

- بریاری دادگای باڵای ئیتیحادی ژمارە (٨٣) لە ٢٠٢٤/٢/٢١.
- بریاری دادگای باڵای ئیتیحادی ژمارە(٩٩) ، (١٠٤)، (١٠٦)ی ئیتیحادی لە ساڵی ٢٠١٨.
- بڕیاری دادگای باڵای ئیتیحادی ١٧٨ – ئیتیحادی – ٢٠٢٣.
- رای ئەنجومەنی شورای هەرێمی کوردستان ژمارە(٣٦)، ساڵی ٢٠١١.
- رای ئەنجومەنی شورای هەرێمی کوردستان ژمارە(٣٧)، ساڵی ٢٠١١.

## بڵاوکراوەی پرۆتۆکۆلی پەرلەمان:

- پرۆتۆکۆلەکانی ساڵی ١٩٩٧ی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (١٤)، چاپی یەکەم، ساڵی ١٩٩٨.
- پرۆتۆکۆلەکانی ساڵی ٢٠٠٢ی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (٣٠)، چاپی یەکەم، ساڵی ٢٠٠٢.
- پرۆتۆکۆلەکانی ساڵی ٢٠٠٧ی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (٣٩)، چاپی یەکەم، ساڵی ٢٠٠٧.
- پرۆتۆکۆلەکانی ساڵی ٢٠٠٧ی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (٤٤)، چاپی یەکەم، ساڵی ٢٠٠٨.
- پرۆتۆکۆلەکانی ساڵی ٢٠٠٨ی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (٤٧)، چاپی یەکەم، ساڵی ٢٠٠٨.
- پرۆتۆکۆلەکانی ساڵی ٢٠٠٨ی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (٥٠)، چاپی یەکەم، ساڵی ٢٠٠٩.
- پرۆتۆکۆلەکانی ساڵی ٢٠٠٩ی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (٥١)، چاپی یەکەم، ساڵی ٢٠٠٩.
- پرۆتۆکۆلەکانی ساڵی ٢٠١٠ی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (٥٨)، چاپی یەکەم، ساڵی ٢٠١٠.
- پرۆتۆکۆلەکانی ساڵی ٢٠١١ی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (٦٧)، چاپی یەکەم، ساڵی ٢٠١١.
- پرۆتۆکۆلەکانی ساڵی ٢٠١١ی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (٦٩)، چاپی یەکەم، ساڵی ٢٠١١.
- پرۆتۆکۆلەکانی ساڵی ٢٠١٢ی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (٨٥)، چاپی یەکەم، ساڵی ٢٠١٣.
- پرۆتۆکۆلەکانی ساڵی ٢٠١٤ی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (٩٤)، چاپی یەکەم، ساڵی ٢٠١٤.
- پرۆتۆکۆلەکانی ساڵی ٢٠١٤ی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (١٠١)،چاپی یەکەم ساڵی ٢٠١٩.

- پرۆتۆکۆلەکانی ساڵی ٢٠١٩ی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (١١١)، چاپی یەکەم، ساڵی ٢٠٢١.
- پرۆتۆکۆلەکانی ساڵی ٢٠١٩ی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (١١٢)، چاپی یەکەم، ساڵی ٢٠٢٢.
- پرۆتۆکۆلەکانی ساڵی ٢٠٢٠ی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (١١٤)، چاپی یەکەم ساڵی ٢٠٢٢.
- پرۆتۆکۆلەکانی ساڵی ٢٠٢٠ی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (١١٥)، چاپی یەکەم، ساڵی ٢٠٢٢.
- پرۆتۆکۆلەکانی ساڵی ٢٠٢٠ی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (١١٦)، چاپی یەکەم، ساڵی ٢٠٢٢.
- پرۆتۆکۆلەکانی ساڵی ٢٠٢٠ی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (١١٧)، چاپی یەکەم، ساڵی ٢٠٢١.
- پرۆتۆکۆلەکانی ساڵی ٢٠٢١ی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (١٢٢)، چاپی یەکەم، ساڵی ٢٠٢٣.
- پرۆتۆکۆلەکانی ساڵی ٢٠٢٢ی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (١٢٦)، چاپی یەکەم، ساڵی ٢٠٢٢.
- پرۆتۆکۆلەکانی ساڵی ٢٠٢٢ی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (١٢٧)، چاپی یەکەم، ساڵی ٢٠٢٢.

## ڕۆژنامە:


- ڕۆژنامەی (بەرەی کوردستانی)، ژمارە (٢)،ساڵی ١٩٩٢.
- ڕۆژنامەی (بەرەی کوردستانی)، ژمارە (٣)،ساڵی ١٩٩٢.
- ڕۆژنامەی(ئەنجومەن) ژمارە (١) ساڵی ١٩٩٢.
- ڕۆژنامەی پەرلەمان، ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عیراق، ژمارە (٢)، تشرینی یەکەم ساڵی ١٩٩٢.
- ڕۆژنامەی پەرلەمان، ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عیراق، ژمارە (٢٣)، کانونی یەکەم ساڵی ١٩٩٥.
- ڕۆژنامەی(پەرلەمان) ژمارە(٢٧) ساڵی ١٩٩٧.
- ڕۆژنامەی پەرلەمان، ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عیراق، ژمارە(٤٤)،ساڵی ١٩٩٥.
- ڕۆژنامەی (پەرلەمان).ژمارە(٦٢)، لە ٢٠٠١/٢/٥.
- ڕۆژنامەی(وەقایعی کوردستان)، ژمارە (٧)، لە ٢٠٠٠/١٢/٢٤.
- ڕۆژنامەی وەقائیعی کوردستان ژمارە (٩٥) ی ساڵی ٢٠٠٨.
- ڕۆژنامەی وەقائیعی کوردستان، وەزارەتی داد، ژمارە(٢٢١)،ساڵی ٢٠١٨.
- ڕۆژنامەی(وەقایعی کوردستان)، ژمارە (٥٣)،ساڵی ٢٠٠٤.
- ڕۆژنامەی وەقائیعی کوردستان، وەزارەتی داد ، ژمارە(٢٢٢)،ساڵی حەڤدەهەم ٢٠١٧.
- ڕۆژنامەی(وەقایعی کوردستان)، ژمارە (٢٢٦)،ساڵی ٢٠١٩.
- ڕۆژنامەی وەقائیعی کوردستان، وەزارەتی داد،ژمارە(٢٤٦)،ساڵی ٢٠١٩.
- ڕۆژنامەی(وەقایعی کوردستان)، ژمارە (٢٦٩)،ساڵی ٢٠٢١.
- ڕۆژنامەی وەقائیعی کوردستان، وەزارەتی داد،ژمارە(٢٧٠)،ساڵی ٢٠٢١.

**وێب سایت:**

-وێبسایتی پەرلەمان،
https://www.parliament.krd/news/posts/2022/august/drewaz-sarparshtye-ko-h-lkshtukal-u-lsharawani-dakat.